


کوردستان: کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتی

د. نیسمایل بەشکُچی

وەرگێزانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردیی

خوێدنەوەی: هاوژین زبیا


کوردستان: کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتی
نیسماعیل بەشکچی



کوردستان: کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتی

د. ئیسمایل بەشکچی


وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
ڕێبوار ڕەشید




تێبینی:

* هەموو ئەو پارانەی لە شێوەی کڕین و فرۆشتن و پیتاک و کۆمەکی ئەم کتێبەدا کۆدەبێتەوە، بە هیچ شێوەیەک بۆ نووسەر و وەرگێڕ نیە.

* ئەو ڕوونکردنەوانەی کە وەرگێڕی تورکیەکە، بۆ دەستنووسە ئینگلیزیەکەی دیاریکردووە، تەنها بە ووشەی وەرگێڕ نیشانەکراوە. ئەو ڕوونکردنەوانەی من لە کوردیەکەدا دەستنیشانم کردوون ئەستێرە(*)یەکم خستۆتە پێش ووشەی وەرگێڕکەوە. واتە: ڕوونکردنەوەی وەرگێڕی دەستنووسە کوردیەکە.



پێشکەشە:
بەرانەی هەردەم لە پێناوی وەدیهێنانی مافەکانی مرۆڤدا خەبات دەکەن.



دەتوانرێت هەر بەشێک، یا کۆپیلەیەکی ئەم نووسراوەیە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و خوێندن، لە فۆرمی دروست و تەواوی خۆیدا، بەکاربهێنرێت! بێ ئەوەی ڕەزامەندیی نووسەر، وەرگێڕ یاخود بڵاوکەرەوەکەی داوابکرێت.

Copyright by KIC and Dr I. Besikci
ISBN No: 0-646-00582-0

کوردستان:
کۆڵۆنیەکی نێودەوڵەتیی

د. ئیسمایل بێشکچی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ڕێبوار ڕەشید

پێداچوونەوە و هەڵەچنین بۆ چاپی دووەم بە پی دی ئێف PDF (گوڵانی ٢٠٢٥):

هاوژین زیبا

خوێندنەوەی بۆ کتێبی دەنگیی (گوڵانی ٢٠٢٥):

هاوژین زیبا

تێبینیی (چاپی یەکەم ١٩٩١):

- هەموو ئەو پارانەی لە شێوەی کڕین و فرۆشتن و پیتاک و کۆمەکی ئەم کتێبەدا کۆدەبێتەوە، بە هیچ شێوەیەک بۆ نووسەر و وەرگێڕ نییە.
- ئەو ڕوونکردنەوانەی کە وەرگێڕی تورکیەکە بۆ ئینگلیزیەکەی دیاری کردووە، تەنها بە وشەی وەرگێڕ نیشانە کراوە، ئەو ڕوونکردنەوانەی من لە کوردیەکەدا دەستنیشانم کردوون ئەستێرەیەکم (*) خستووەتە پێش وشەی وەرگێڕەکەوە، واتە: ڕوون کردنەوەی وەرگێڕی دەستنووسە کوردیەکە.

پێشکەش:

بە ئەوانەی هەردەم لە پێناوی وەدیهێنانی مافەکانی مرۆڤدا خەبات دەکەن!

تێبینی وەرگێڕدراوە ئینگلیزیەکە، چاپی ١٩٩١:

- دەتوانرێت هەر بە شێک یان کۆپلەیەکی ئەم نووسراوەیە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و خوێندن، لە فۆرمی دروست و تەواوی خۆیدا، بە کار بهێنرێت؛ بێ ئەوەی ڕەزامەندیی نووسەر، وەرگێڕ یاخود بنکەی وەشاندن داوا بکرێت.

Copyright by KIC and Dr. I. Besikci

ISBN No: 0-646-00852-0

تێبینی بۆ چاپی دووەمی وەرگێڕدراوە کوردییەکە (گوڵانی ٢٠٢٥):

- دەتوانرێت هەر بە شێک یان کۆپلەیەکی ئەم نووسراوەیە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و خوێندن، لە فۆرمی دروست و تەواوی خۆیدا، بە کار بهێنرێت؛ بێ ئەوەی ڕەزامەندیی نووسەر و وەرگێڕ داوا بکرێت.

کورتەیەک لە ژیانی ئیسمایل بێشکچی:

ئیسمایل بێشکچی ساڵ ١٩٣٢لە باژێڕی "چۆرم" ناوچەی "ئیسکیل" لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٢ کۆلێژی زانستی سیاسیی لە زانکۆی ئەنکارا تەواو کردووە. لە دەمێکی کورتدا لە کوردستان فەرمانبەر بووە. ئەرکی سەربازیی لە بەتلیس لە کوردستان تەواو کردوە. لە ماوەی سەربازیەکەیدا بۆ یەکەم جار خەڵکی کورد دەناسێت. ساڵی ١٩٦٤ لە باژێڕی ئەرزڕوم لە "زانکۆی ئەتاتورک" وەک یارمەتیدەری پرۆفیسۆر کار دەکات. لە ئەو کاتەدا هەم لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیی دەکات و هەم وانەش دەڵێتەوە. ساڵی ١٩٦٧ دکتۆرا لە سۆسیۆلۆژییدا وەردەگرێت.

لە ئەو ساڵەدا لە کوردستان لە گەلێک شوێن خۆپیشاندان دەکرا. بێشکچی یەکێک بوو لە بەشداریکارانی ئەو خۆپیشاندانانە و بۆ یەکەم جار لە ڕووانگای سۆسیۆلۆژییەوە لە ئەو خۆپیشاندانە دەکۆڵێتەوە. کارێکی لە سەر سۆسیۆ- ئابووریی نەتەوەی کورد بە ناوی "سازمانی خۆرهەڵات" بە شێوەی پەڕتووکێک نوسیووە. لە سەر ئەو پەڕتووکە لە زانکۆی ئەرزڕووم دەرکراوە.

ساڵی ١٩٧١ لە ئانکارا لە بەشی زانستی سیاسیی لە زانکۆ دەستی کردوەتەوە بە کار. لە هەمان ساڵدا لە کاتێکدا هێزی سوپای تورک بە سەرۆکایەتیی جەنڕاڵەکان کودەتایان کرد و دەستیان بە سەر ڕژێمدا گرتەوە، بێشکچی گیرا و زیاتر لە ٣ ساڵ لە زیندانداا مایەوە. ساڵی ١٩٧٤ بەر لێبووردنێکی گشتیی دەوڵەتی تورکیا کەوت، بەڵام زانکۆی ئەنکارا هەر مۆڵەتیان پێ نەدایەوە و نەیانهێشت بگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی.

پاش ماوەیەک لە سەر کارێک بە ناوی "میتۆدی زانستیی و تورکیا" و "چۆنیەتیی بەکارهێنانی زانست لە تورکیا" چەند کتێبێک بە چاپ دەگەیەنێت کە دەبن بە هۆی شینبوونەوەی سزا کۆنەکانی. ئەوە بوو ساڵی ١٩٧٩ جارێکی تر کەوتەوە زیندان.

ساڵی ١٩٨٠ لە زیندانەوە نامەیەکی بۆ سەرۆکی یەکیەتیی نووسەرانی سویسرا نارد. لە ئەو نامەیەدا باسی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان دەکات، هەروەها چۆنیەتیی ئازاردان و ئەشکەنجەدانی گەلی کورد. کۆپیەکی نامەکە دەست کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا دەکەوێت. ساڵی ١٩٨١ سزای کتێبەکانی تەواو دەبێت، بەڵام تەنها دوو مانگ لە ئازادیدا دەژی کە هەمدیسان بە دەستووری دادگای بڵند، لە سەر نامەکەی، دەگیرێتەوە.

لە ئەم گرتنەیدا سزای هەموو پەرتووکەکانی بۆ دەخردرێتە سەر یەک. بێشکچی لە زیندانەوە بە بەردەوامیی هەر خەبات دەکات و ئیتر دەوڵەتی تورکیا ناچار دەبێت لە سالی ١٩٨٧ دا ئازادی بکات.

لە ساڵی ١٩٨٧ ـەوە تا ئێستا (١٩٩٢) بە بەردەوایی لە گرتن و ئازاد کردندا بووە.

لە ئەم دووایییەدا کە پشتگیریی و کۆمەکی جیهانیی و ناوەکیی بۆ کوردستان لە زیاد بووندایە و پارتی کرێکارانی کوردستان پشتگیریی دەکات، دەوڵەتی تورکیا ناچار بووە لە بریتیی زیندانیکردن سزای پارەی بدات. بە حیسابی دەوڵەتی تورکیا تا ئێستا بێشکچی یەک ملیارد لیرەی تورکیی قەرزدارە. سزادانی بێشکچی بە پارە هەر بەردەوامە. دەوڵەتی تورکیا بە تەمایە ئەم جارە بە بیانووی پارەوە بێشکچی زیندانی بکات بۆ ئەوەی سەرنجی جەماوەر لە پرسی سیاسەت دوور بخاتەوە. بێشکچی دەڵێت: "من هەر دەنووسم، هیچ شتێک هێندەی ڕاستیی خۆش نییە کە مرۆڤ پێوەی خەریک بێت".

لە ئێستادا لە باژێڕی ئەنکارا دەژی و هەر لە سەر لێکۆڵینەوە بەردەوامە. ئەو کتێبانەی تا ئێستا بێشکچی نوسیوونی هەموو لە سەر کوردن و دژ بە ئایدیۆلۆژیی ڕەسیی دەوڵەتی تورکن.

ئەمانە بەشێک لە ئەو کتێبانەن:

١. لێکۆڵینەوەی خۆپیشاندانی خۆرهەڵات، ساڵی ١٩٦٧ ئەرزڕوم.
٢. خێڵە کۆچکەرەکانی کوردستان و پێوەندییەکانیان، ١٩٦٨ ئەرزڕوم.
٣. گۆڕانکارییەکانی خۆرهەڵات و گیروگرفتە بەرچاوەکان و خێڵی ئالیکان، ١٩٦٩ ئانکارا.
٤. سازمانی خۆرهەڵات و بنکەی کۆمەڵایەتیی – ئابووریی – نەتەوەیی. ١٩٦٩ ئیستانبول.
٥. میتۆدی زانستیی" '؟!'، ١٩٦٧ ئیستانبول، چاپی دووەم ١٩٩١.
٦. میتۆدی زانستیی و چۆنیەتیی بەکارهێنانی لە تورکیا و ڕاگوێزانی کوردان. ١٩٧٧ ئیستانبول، چاپی دووەم ١٩٩١
٧. زانست و چۆنیەتی کارتێکردنی لە سەر مێژوو و تیۆری ڕۆژ و زمان و کێشەی کورد. ١٩٧٨ ئیستانبول، چاپی دووەم ١٩٧٧.
٨. پێکهاتنی میتۆدی زانستیی لە تورکیا و یاسای دەرسیمی تایبەتیی ساڵی ١٩٣٥ و قڕکردنی دەرسیم، ئیستانبول، مانگی ١٠ی ١٩٩١.
٩. پێکهاتنی میتۆدی زانستیی لە تورکیا و دەستووری تیپی کۆماریی لە تورکیا (١٩٧٧) و کێشەی کوردستان. ١٩٨٧ ئیستانبول، چاپی دووەم ١٩٩١.

١٠. پێکهاتنی میتۆدی زانستیی له تورکیا و کارەساتی جەنراڵ موخلاقی و ٣٣ گوللە. ١٩٩١ ئیستانبول[1].
١١. پێکهاتنی میتۆدی زانستیی له تورکیا و بەرنامەی "پارتی گەل" و کێشەی کورد (١٩٣٩). ١٩٩١ ئەستەنبول.
١٢. کوردستان: کۆڵۆنیەکی نێودەوڵەتی. ١٩٩٠ ئیستانبول.
١٣. ئایدیۆلۆژیای زانستیی ڕەسمی دەوڵەت و دیموکراسیی و کێشەی کورد. ١٩٩٠ ئیستانبول.
١٤. ڕووناکبیرێک، یەک ڕێکخستن و کێشەی کورد. ١٩٩٠ ئیستانبول.
١٥. پاراستن. ١٩٩١ ئیستانبول.
١٦. ڕامان له سەر پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەڵتەرناتیڤی ئازادیی. ١٩٩٢ ئیستانبول.
١٧. ترسی بنکە سەربازییەکان له مێشکی خۆتاندا تووڕ بدەن. ١٩٩١ ئیستانبول.
١٨. مەرجەکانی سەرهەلدان. ١٩٩١ ئیستانبول.
١٩. نامەیەک بۆ یۆنسکۆ. ١٩٩١ ئیستانبول
٢٠. ڕامان له سە رووناکبیری کورد. ١٩٩١ ئیستانبول.
٢١. تیرۆری دەوڵەتان له خۆرهەڵاتی ناوەندا. ١٩٩١ ئیستانبول[2].

بێشکچی هەروەها خاوەنی دەیان وتار و کورتە نووسینی سیاسیی و جڤین و سیمینار و هتد. کە ناوبردنیان کارێکی تایبەتیی و هەمەلایەنەی پێویستە.

سەبارەت بە ئەم بابەتە کورتە وتارێکی "ڕیکۆ سارت" شایانی دووپات نووسینەوەیە:

جێگای باوەڕ نییە، بەڵام ڕاستیەکی تاڵە د. ئیسمایل بێشچی سۆسیۆلۆژ تەنها له سەر نامەیەک کە ناردبووی بۆ یەکیەتیی نووسەران له سویسرا له ١٩٨٠/٨/١٤ دا دە (١٠) ساڵ زیندانیی بە سەردا سەپێندرا.

[1] "کارەساتی ٣٣ گوللە" ئەو بەکۆمەڵکوشتنەیە کە جەنراڵ موخلاقی له گوندێکی سەر سنووری ئێران-تورکیا، بێ هیچ بیانوویەک، خەڵکی گوندەکە دەستڕێژ دەکەن و له ئەنجامدا ٣٣ کەس له گوندەکە دەکوژن. یەکێکیان بە بریندارپی دەمێنێتەوە و خۆی دەرباز دەکات و دەچێت بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان، بەڵام بە داخەوە له خۆرهەڵات گیان دەسپێرێت. نووسەرێکی کوردی نیشتیمانپەروەر بە ناوی "گونی ئەسڵەن" ساڵی ١٩٨٩/١٩٩٠ کتێبێکی بە ناوی" ٣٣ گوللە" نوسیووە و هێزە دیموکراسیخوازەکانی ئەڵمان "خەڵاتی نووسین" ی پێ دراوە.

[2] وشەی ئیستانبول کە تورکەکان له دەنگە عەرەبیەکەوە وەریانگرتووە، پیتی س بە ئێس/ ئیس دەخوێندرێتەوە و پ بیش بە ب، له ڕاستییدا ستانپۆڵ (شاری گەورە/ زلهشار). بە هەر حاڵ، ئەو شارە بە ناوبانگەی تورکیایە کە له ڕاستییدا ناوی کۆنستانتینۆپۆلیس . بوو، بەڵام له ١٩٣٠/٣/٢٨ کرا بە ئیستانبول. کۆنستانتینۆپۆل پایتەختی خۆرهەڵاتی ڕۆما بوو، ساڵی ١٤٥٣ کەوتە دەست عوسمانییەکان.

ئەو نامەیە بە کورتیی سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەتی تورکیایە (کەمالیزم) کە تیایدا هەموو بوونەوەرێکی نەتەوەی کورد نکۆڵی لێ دەکرێت کە بێگومان زمانی زگماکیشیان دەگرێتەوە. هەمان ئایدیۆلۆژیی پێ دادەگرێت کە گوایا هەموو ئەو مرۆڤانەی لە تورکیادا دەژین تورکن و دەبێت ئەمە مایەی کامەرانیان بێت. ئیسمایل بێشکچی هەروەها لە نامەکەیدا ئەوەش باس دەکات کە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەتی تورکیا ڕەگەزپەرستانە و کۆلۆنیالیستیانەیە و دژ بە کوردە.

لە ئەمەش بترازێت، ئیسمایل بێشکچی دەڵێت: هەموو پارتە سیاسییە تورکیەکان و دەستگای ڕاگەیاندن و تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و قووتابخانە و زانکۆکان بە ئەم ئایدیۆلۆژیایە قایلن و پارێزگاریشی لێ دەکەن. لە هەمان کاتیشدا ئەم لایەنانە بەرامبەر شۆڕشی ڕۆژاوایی و ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لە سەنگەری دژایەتیدان و بە نزمییەوە لێی دەڕوانن.

ئەم لایەنانە پارێزەری ڕەسمیی دەوڵەتی تورکیان و هەموو یەک ئامانجی دیار و ئاشکرایان هەیە ئەویش پەرتەوازەکردن و گۆشەگیرکردنی ئەو کەسانەیە کە ئارەزوومەندییان بۆ زانیین لە سەر کێشەی کورد هەیە.

ئیسمایل بێشکچی هەروەها ئەوەیش ڕوون دەکاتەوە کە دەوڵەتی تورکیا مافە نەتەوەییەکانی کورد لە تورکیادا پێشێل دەکات و چەوساندنەوە و ڕێگاگرتن لە سەربەستیی بیرکردنەوە ڕێگا لە گەشەپێدانی زانستیی دەگرێت.

گیروگرفتی سەرەکیی بریتییە لە کیشەی سەربەخۆیی گەلی کورد و پێشێلکردنی مافە مرۆڤایەتیەکانیان، کە کوردستان لە ناو چەند دەوڵەتێکدا بەش کراوە و کە کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتییە. ئاستی ژیانی نەتەوەیی کورد زۆر خراپترە لە ئاستی ژیانی نەتەوەیەکی بەکۆلێنکراو، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە بوونی نەتەوەی کورد لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە نکۆڵی لێ دەکرێت.

لە تورکیادا مرۆڤ تەنها لە کاتێکدا مافی کارکردن و مافەکای تری پێ دەشێت کە خۆی بە تورک بزانێت و نکۆڵی لە ناسنامەی نەتەوەیی کوردیی خۆی بکات، دەنا زیندان، ئەشکەنجە و ڕاگوێزان ... هتد چارەنووسیانە.

دکتۆر ئیسمایل بێشکچی ١٤ ساڵی ئەم ٢٠ ساڵەی دووایی ژیانی خۆیی لە زیدانەکانی تورکیادا بە سەر بردووە. بێگومان تەنها لە بەر بۆچوون و هەڵوێستەکانی. بێشکچی لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەمیشە لە ژێر فشاری ئازاردان و چەوساندنەوە و هەڕەشەی کوشتندا بووە هەر لە سەر هەمان باوەڕی سیاسیی ماوەتەوە و لە دادگاکانی ئاسایشی دەوڵەتی تورکیادا پارێزگاریی لە خۆی کردووە. بێشکچی لە زانکۆ کە وەک یارمەتیدەرێک کاری دەکرد دەر کرا، تەنها لە بەر شێوازی بیر کردنەوە و بۆچوونەکانی.

سالّی ١٩٦١ بوو، کاتێک که له ناوچەیەکی کوردستان له باژێڕی "ئێلازیک" له زانکۆ خەریکی پراکتیک بوو، بۆ یەکەم جار لەگەڵ مەسەلەی کورددا یەکانگیر بوو.

بێشکچی خۆی به ژیانی کورد ئاشنا کرد و به چاوی خۆی کوردی دەبینی که له زمانی تورکیی تێ نەدەگەیشتن و تەنها به یارمەتیی وەرگێڕ دەیانتوانی له زمانی تورکیی تێ بگەن. له نێوان سالانی ١٩٦٥ و ١٩٧١ دا له زانکۆی ئەرزرۆم کار له سەر دکتۆراکەی دەکات و له ئەو کاتەدا کتێبێک به ناوی "خۆرهەڵاتی ئەناتۆلیا" دەنووسێت. نووسینی ئەم کتێبە دەبێت به هۆی ئەوەی بخرێتە بەر دەم دادگای لێپرسینەوە و له ئاکامیشدا له زانکۆ دەر بکرێت. له سالّی ١٩٧١ دا دەخرێتە زیندانەوە و سالّی ١٩٧٤ به هۆی لێبووردنێکی گشتییەوە ئازاد دەبێت.

سالّی ١٩٧٦ وەک نووسەرێک دەست به کار دەکات و دوو کتێب دەنووسێت و دەخاتە بەر دەستی خوێنەر. یەکەمیان "میتۆدی زانستیی و ڕاگوێزانی کوردەکان" و دووەمیان "تێزە مێژوویی تورکیەکان و کێشەی کورد". له بەر نووسینی ئەم دوو کتێبە ٣ سالّ زیندانیی دەکرێت و له ١٩٨١/٤/١٢ له زیندان دێتە دەرەوە.

له بەر نووسین و ناردنی ئەو نامەیەی له سەرەوە باسمان کرد، که بۆ نووسەرانی سویسرای ناردبوو، جارێکی تریش سزای زیندانیی دەدرێتەوە. ئەم جارەیان له نێوان سالّانی ١٩٨١ و ١٩٨٧ دا. له دووای سالی ١٩٨٧ەوە که له زیندان هاتووەتە دەرەوە به بەردەوامیی پێیەکی له زیندان و پێیەکی له دەرەوەیە، و هەمیشە به ڕێگای دادگاوە بووە، بێگومان تەنها له بەر بۆچوون و هەڵوێستەکانی.

دەوڵەتی تورکیا هەناوی ڕەخنەکانی بێشکچی ـیان نییە.

ئیسمایل بێشکچی له ناو توێژی ڕووناکبیرانی تورکدا هەڵکەوتوویەکی دانسقەیە که له پێناوی دیموکراتیی و دادوەریی له کۆمەڵگای تورکدا دەستی به خەباتێکی سەخت کردووە. دکتۆر بێشکچی تەمەنی ٥٣ ساڵە و گەلێک دادگاییکردن له سەر ڕێگای ژیانیایەتی. له ئەو دادگایانەدا دەبێت ڕوونی بکاتەوە بۆچی پارێزگاریی له مافەکانی نەتەوەی کورد دەکات که خۆی تورکە.

له ئازاری سالّی ١٩٩٢ بێشکچی بۆ نوێنەری ئینستیتیوتی کوردیی له ئیستانبول هەڵبژێردرا. هەر هەمان ڕۆژ ئینستیتیوتەکە کرایەوە پۆلیس ئەو تابلۆیەیان لابرد که به کوردیی له سەری نوسرابوو: "ئینستیتیوتی کوردیی".

ڕیکۆ سارت

کوردستان: کۆڵۆنیەکی نێودەوڵەتیی

هەندێک ڕووانگە لە مەڕ پێناسەی کورد و کوردستان

پێشەکی:

لە ساڵانی ١٩٧٠ دا بەکۆمەڵگرتن و بەکۆمەڵێپرسینەوە لە خۆرهەڵاتدا ڕووی دا (خۆرهەڵات: کوردستان).

ڕێکخراوی "د د ک و"[3] و پارتی دیموکراتی کوردستان – تورکیا هەرە گەورەترین ڕێکخراو بوون کە نوێنەرایەتیی جەماوەرێکی بەرین و فراوانیان دەکرد.

لە بنکە هێشتنەوە دادگاییە سەربازییەکاندا لە هەموو جۆرە خەڵکێکی لە کۆمەڵگای کوردیی تیادا بوو.

ئەو خەڵکانە بریتیی بوون لە خوێندکار، گوندیی، دووکاندار، کارگەر، مووچەخۆری گشتیی پلە نزم، خاوەن زەویوزار، شێخ و سەرۆک هۆز و ... تاد.

پارێزەرە گشتییە سەربازییەکان لە دادگا شەڕ و سەربازیەکاندا لە ویلایەتەکانی سێرت و دیاربەکر، تاوانباربیان لە سەر کورد و زمانی کوردیی ساز دەکرد، کە بە ئاکار و خەسڵەتی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت کە لە هەمووان ئاشکران، گەڵاڵە کرابوون و پێچرا بوونەوە.

ئەو پارێزەرە گشتیانە ئەوانەیشیان هەر بە تورک دادەنا و پلێن دەکرد کە تەنانەت یەک وشەی تورکیشیان نە دەزانی.

سەرەڕای بوونی وەرگێڕی زمانیش لە نێوان تۆمەتبارەکان و پارێزەرە گشتییەکاندا، یاخود سەکۆی دادگادا، کارمەندانی دەوڵەت هێشتا وا پێیان دا دەگرت کە زمانێک بە ناوی زمانی کوردیی نییە و ئەو زمانەی بە ئەو ناوەوە ناسراوە تەنها زاراوەیەکی تورکیە.

پرۆفیسۆر و زانکۆکان بە پیر ئەم بۆچوون و پێداگرتنانەوە دەچوون و پشتڕاستیان دەکردنەوە.

ئەم لایەنانە دەیانگوت کە ئەم پێداگرتنانە هەموو بۆچوونی زانستیانەن و دووا‌ترین توێژینەوەی زانستیی ڕاستایەتیی ئەم ڕووانگانەی سەلماندووە.

---

[3] (د.د.ک.و DDKO کۆمەڵەی کولتوریی شۆڕشگێڕی خۆرهەڵات- وەرگێڕ)

کۆنترادیکتی زەق و ناتەبا لە نێوان ئەم پێداگرتنانە و فاکتەکانی ژیاندا یەکێک لە هەرە ڕەهەندە بنچینەییەکانی دادگاکانی ١٩٧١ بوون.

لە بەر ئەوە دادگاکانی ساڵی ١٩٧١ قۆناخێکی فرە گرنگیان لە مێژووی خەڵکی کورددا ساخ کردەوە.

لە کاتی دادگاییکردنەکاندا خەڵکە کوردەکە لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان و لە سەر کۆمەڵگای کورد و زمانی کوردیی و کولتوری کوردیی و لە سەر کوردستان سوور بوون.

پرۆسەی تێگەیشتن و بایەخ پێدان و هەروەها دەمەتەقێ سەبارەت بە ئەم مەسەلەیە تەنانەت دووای هێشتنەوە و حوکمدان و زیندانیکردنیش هەر لە ئەو ئاستە بەرز و گەرموگوڕییەدا بەردەوام بوو.

لە نیوەی ١٩٧٠ کاندا ئەم پرۆسەیە بە نرختڕین بەرهەمی خۆی بە دەستەوە دا.

پێشکەوتنی کوردەکان سەبارەت بە دۆزی بەکۆڵۆنیکردنی کورد و کوردستان بە تووندیی بە ئەم پرۆسەیەوە بەندە.

ئەو ڕووانگانەی کە کوردستان بە خاکێکی کۆڵۆنیی و کورد بە نەتەوەیەکی بەکۆڵۆنیکراو دادەنێن، بە تایبەتیی لە ساڵانی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ ەوە لە هەردوو لایەنی کورد و هەندێک ڕێکخراوی تورکەوە، بازاڕیان بۆ پەیدا بوو.

هەموو ڕێکخراوە کوردیەکان و هەندێکی تورکیی، خزمەتی خۆیان بۆ پێشخستنی ئەم دۆزە پێشکەش کرد.

ئەم ڕووانگانە لە زۆر مرۆڤدا تیشکیان دایەوە، بە تایبەتیی لە دەستەی لاوانی کۆمەڵگای کوردیدا. هەموو لایەنەکان، بە شێوازی جۆراوجۆر و لە ڕێگای ڕووناکبیریی و باوەڕ بەخۆکردنەوە، دەستیان بە پێناسین و بەرگریکردن لە ناسنامەی کوردبوونی کرد.

بە تەواویش دەزانرێت کە لە ١٩٨٠ کاندا پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاریی لە بارەی کۆمەڵگای کوردستانەوە بە شێوە و لە بازنەیەکی فراوانتر و مەزنتردا پێش کەوت.

ئەم پرۆسەیە کاری لە سەر ژێرخانی بیر، هەروەها لە سەر هەڵسوکەوت و ڕەووشتی کورد، کردووە.

بۆ نموونە، لە کاتی دادگاییکردنەکانی ١٩٧١ دا کوردەکان لە پێناوی ئەوەدا کە ڕوونی بکەنەوە زمانی کوردیی زمانی تورکیی نییە، بەڵکو زمانێکی جیاواز و تایبەتە، ژیانی خۆیانیان دەبەخشی.

کوردەکان لە ١٩٨٠ کاندا زمانی خۆیان بە کار دەهێنا و لە دادگاکاندا بە هەوڵی مەردانە و باوەڕ بەخۆبوون بەرگرییان لە خۆیان و لە زمانەکەیان دەکرد.

ئەم هەوڵانە بە ئەو ئامانجانە ئاراستە کرابوون کە لە ناو تورکیا و هەروەها لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باقی جیهانیشدا سەرنجی نزیکتر بۆ ئەم دۆزە ڕابکێشرێت.

کاتێک لە ئەم ڕووانگایەوە لە کوردستان دەڕووانرێت بە ئاشکرا و بە ڕوونیی دیار دەبێت کە کەسایەتی کوردستان تەنانەت لە کەسایەتی و ئاستی "کۆڵۆنییەک" نزمترە، و کەسایەتی و ئاستی نەتەوەی کوردیش لە کەسایەتی و ئاستی نەتەوەیەکی "بە کۆڵۆنیکراو" کەمترە.

لە ئێرەدا مەبەست لە ڕوونکردنەوەی ئەو هۆیانە نیین کە چۆن کوردستان کراوە بەکۆڵۆنیی و چۆن نەتەوەی کورد بەکۆڵۆنیی کراوە، یاخود چۆ کەوتوون بۆ ناو ئاستێکی نزمتر و کەمتر لە کەسایەتییەکی بەکۆڵۆنیکراو کە تەنانەت ناشتوانرێت بەکۆڵۆنیکراو پێناسە بکرێن.

بێگومان ئەمانە کۆمەڵێک بابەتن کە دەبێت و پێویستە لێیان بتوێژرێتەوە و لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت.

لە ئێرەدا، ئامانجی ئێمە زیاتر ئەوەیە کە هەندێک لایەن و ڕەهەندی بابەتەکان بخەینە ژێر تەزووی سەرنجەوە و چەند پرسیارێک قوت بکەینەوە.

سەرهەڵدانی کۆڵۆنییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا:

بە مێژوو کۆڵۆنییەکان لە ناو دوو شێوەی گرووپ دان: کۆڵۆنییەکان و نیمچەکۆڵۆنییەکان.

کۆڵۆنییەکان ئەو کۆمەڵگایانەن کە هێشتا هێندە پێش نەکەوتبن[4] کە فۆرمی دەوڵەتێکی نەتەوەییان گرتبێت.

دەوڵەتێکی بە هێز لە پێناوی بەرفراوانکردنی سنووری ئیمپراتۆریی خۆیدا باری ئابووریی کۆمەڵگایەکی نەریتیی دەکات بە کۆڵەکە و داردەست و لە هەمانکاتیشدا ناسەربەخۆی دەکات تا پشت بە باری ئابووریی ئەم ببەستێت.

[4] مەبەست لە دۆخی ئازادییدا – وەرگێڕ

ئەم وڵاتە هێزدارە بۆ هاسانکردن و زەمینەخۆشکردنی دادۆشینە ئابووریەکەی لە ڕووانگەیەکی سیاسییەوە لە ئەو وڵاتە بەکۆڵۆنیکراوەدا دێت و بنکەیەکی بەڕێوەبەریی سیاسی[5] دادەمەزرێنێت. ئەم بنکە بەڕێوەبەریە کتومت بەرهەمی دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستەکانە.

هەموو لایەن و بەشێکی سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی، سەربازی، ئابووری و کولتووری ئەم بنکە بەڕێوەبەریانە لە لایەن کۆڵۆنیالیستەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن.

لە ڕێگای ئەم بنکە بەڕێوەبەریانەوەیە کە کۆڵۆنیالیستەکان ئامێر و شتومەکی بازرگانیی خۆیان بە کۆمەڵگا کۆڵۆنیراوەکان دەگەیەنن.

گرنگترین دەستە و سەرانی بەڕێوەبردن و جڵەوگیر بریتین لە جەنڕال – خاوەنشکۆ، جێگری خاوەنشکۆ. کۆمیسەر و جەنڕاڵی سەربازیی.

بەڵام ئەم بنکە سیاسییە بەڕێوەبەرییە، سەربەخۆیی خۆی لە سنووردێکی تایبەتیی و دیاریکراودا پیادە دەکات.

لەبەرئەوە جێی خۆیەتی ناوی "دەوڵەتی بەکۆڵۆنیکراو" لە ئەم سیستەمە سیاسییە بنێین.

بەریتانیەکان ئەم چەشنە سیستەمەیان لە وڵاتانی ئاسیادا هەبوو، وەک: هیندوستان، سایلۆن، مالیسیا و بورما و تاد. لە وڵاتەکانی ئەفەریقادا، وەک کینیا، ئۆگەندا، بوتسوانە، سودان و تانزانیا. هەروەها لە هوندوراسی ئەمەریکا و وڵاتی دەریایی نیوزلەندا.

فەڕەنساش بە هەمان شێوە، وەک مەراکیش، جەزائیر، تونس، سەنیگاڵ، گانا، مۆریتانیا، ڤۆڵتای ژووروو و داهۆمی.

بەلجیکاش: زائیر. پورتوگال: لە ئەنگۆلا و مۆچەنبیک و گینیابیسا. هۆڵەنداش لە ئیندونیسیا.

[5] ئەمە Political Infrastructure بنکەیەکی بەڕێوەبەریی تەواو و ئامادەی سیاسیی و سەربازییە کە لە هەموو لایەنەکانی ڕاگەیاندن و سەربازیی و بڵاوکردنەوە و ... تاد پێک هاتووە. دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستەکان دەتوانن ئەم بنکە بەڕێوەبەریانە وەک دەستگایەکی بەڕێوەبەریی ناو پاکەت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوێزنەوە. ئەم بنکە بەڕێوەبەرییانە هەروەها بە جۆرێک دامەزرێندراون کە گۆڕانکاریی بە پەلە و ئاسانیان تیادا بکرێت.

پێداویستیەتیی بە بوونی مووچەخۆر و فەرامبەر و کادێری ناوخۆیی هەبوو بۆ پڕکردنەوەی کارگوزاریی و بەڕێوەبردنی ئەو دامودەستگا ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کولتوریی و تەنانەت ئایینیانەی کە کۆڵۆنیالیستەکان دایان مەزراندبوون.

بەڵام ئەم فەرمانبەرانە دەبووایە بە پێی ئاکار و ڕەووشتی نەریتیی خۆراواییانە گوێش بکرانایە و فێر بکرانایە.

ئەم فەرمانبەرانە بە شێوەیەک فێر دەکرێن و مەشقیان پێ دەکرێت کە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی زاڵ بهێڵنەوە و بیشیان پارێزن.

لە ئەم بوارەدا ئەم فەرمانبەرانە هەروەک، یاخود، تەواوکاری، کۆڵۆنیالیستەکان بوون.

نیمچە کۆڵۆنیەکانیش ئەوانەن کە لە سەرەتاوە خاوەنی "میریی" یان "دەوڵەتێک" ی خۆیانن.

ئەم نیمچەکۆڵۆنیانە بە درێژایی سەرئەنجامی کۆمەڵێک بەها و نرخی نەریتییدا دەمەزرابوون و مێژوویەکی کۆنیان هەبوو.

چین، ئیمپراتۆری فارس و ئیمپراتۆری عوسمانیی هەموو نیمچەکۆڵۆنی بوون.

وڵاتە نیمچەکۆڵۆنیەکانییش لەگەڵ بەڕووداهاتنەوەیاندا بەرامبەر بە گەورەبوون و زاڵیەتیی بەرفراوانی دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستەکان هەستیان بە ئەوە کرد کە پێویستیان بە مەشق پێکردن و ڕاهێنانی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتیی خۆیان و هەروەها دووبارە ڕێکخستنەوەی دامودەستگا سەربازیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتوریەکانی خۆیانە.

کەسایەتیی، یاخود پلەی کۆمەڵایەتیی کوردستان و نەتەوەی کورد

کوردستان وڵاتێکە خاوەنی پلەیەکە کە لە پلەی وڵاتێکی کۆڵۆنی نزمترە.

کورد نەتەوەیەکە خاوەنی پلەیەکە کە لە پلەی خەڵکی بەکۆڵۆنیکراو نزمترە. وڵاتێکی بێ ناسنامە و نەتەوەیەکی بێ ناسنامە.

پلەی کۆمەڵایەتیی کوردستان لەگەڵ پلەی کۆمەڵایەتیی وڵاتە کۆڵۆنی و نیمچەکۆڵۆنیەکاندا جێی بەراوورد نییە.

کوردستان تەنانەت پلەی کۆمەڵایەتیی کۆڵۆنیشی پێ ڕەوا نەبینراوە.

نەتەوەی کورد تەنانەت بە پلەی خەڵکی بەکۆڵۆنیکراویش نەگەیشتووە.

پلەی کۆمەڵایەتی کوردستان و نەتەوەی کورد لە پلەی کۆمەڵایەتی وڵاتێکی کۆڵۆنیی زۆر نزمترە.

بە بەردەوامیی هەوڵی تەواو و توند بۆ خنکاندنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەدرێت، هەروەها بۆ کردنیان بە کۆیلە و ئینجا سڕینەوەی نازناو و کولتور و شارستانیی و زمانیان لە سەر پەڕەی مێژوو و سەر ڕووی زەمین.

ئامانج تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردە.

نەتەوەی کورد دژ بە ئەم پلە زۆر نزمە کۆمەڵایەتییە، یاخود ڕاستتر، دژ بە نەبوونی هیچ جۆرە پلەیەکی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشن کە لە لایەن سەرانی کۆڵۆنیالیستی جیهان و پیاوەکانیانەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە سەریاندا سەپێندراوە.

تێکۆشانی کوردەکان لە یەکەم چارەکی سەدەی بیستەمەوە هەموو جۆرە ئامێر و شێوازێکی خەباتی گرتووەتەوە.

لە ئەوانەش خەباتی چەکداری، ئەویش لە پێناوی دڵنیاکردنی ئازادییدا.

لە ئێرەدا پێویستە لە سەر دوو پۆلی "هێزە کۆلۆنیالەکان" و "هاوکارەکانیان" لەنگەر بگرین و هەڵوێستە بکەین.

ئەو دەوڵەتانەی هاوکارێی لەگەڵ هێزە کۆلۆنیالیستەکان دەکەن بە ئەو مەبەستەی کورد و کوردستان لە ناو ببەن، لە هەمانکاتیشدا خۆیان داگیرکارن.

دەوڵەتانی جیاواز دەتوانن لەگەڵ هێزە کۆلۆنیالیستەکاندا بە مەبەست و لە بواری هەمەجۆردا هاوکارێی بکەن.

بەشداربیکردن، یاخود چوونە ژوورەوە لە هاوپەیمانیەتیەکی سەربازیانەدا، نموونەیەکە لە ئەم جۆرە هاوکاریانە.

بەڵام هاوکارێی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا لەگەڵ یەکتر وەک "داگیرکردن" ساخ دەبێتەوە.

ئەم دەوڵەتانە کوردستانیان داگیر کردووە و لکاندوویانە بە خۆیانەوە و خستوویانەتە سەر خۆیان.

بەکارهێنانی ناوچە بەکۆڵۆنیکراوەکان بە مەبەستی دادۆشین و چەوساندنەوەی سامانە سرووشتییەکان، وەک: پیترۆڵ، کانی مس، خەڵووزی بەردین، فۆسفات، زەوی، دارستان و سەرچاوەکانی ئاو، هەروەها بەکارهێنانی ئەو ناوچەیە وەک بازارێک بۆ شتومەکی بەرهەمهێنراو، بە بێ هیچ گومانێک کوردستانیش دەگرێتەوە.

بەڵام لە کوردستاندا فاکتەری وا هەن کە لە هیچ کۆڵۆنیەکی نەریتییدا نەبینراوە، کە ڕۆڵی جیاکردنەوە یان تایبەتمەندیەتی وەردەرگرن.

ئەو فاکتەرانە ئەوانەن کە لە کۆڵۆنیەکاندا نابینرێن، بەڵام لە کوردستاندا دەبینرێن و بوون بە هۆی ئەوەی کە پلەی کۆمەڵایەتی کوردستان لە ئەوانەی کۆڵۆنیەکان نزمتر بێت.

هەر چەندە لە پێشەوە ڕوونمان کردەوە، بەڵام دووبارە باسکردنەوەی سوودبەخشە.

بۆ نموونە، با لە پێوەندیی نێوان ئینگیلتەرا و ئۆگەندا بڕوانین.

وڵاتێک بە ناوی "ئۆگەندا" هەبوو.

ئۆگەندا وڵاتێکی بەکۆڵۆنیکراو بوو بە سنووری دیاریکراوەوە. خەڵکانێک لە ئەو وڵاتەدا دەژیان کە ئینگلیز نەبوون.

خاکی ئۆگەندا وەک خاکێکی ئینگلیز یاخود بە خاکی ئینگلیز دانەدەنرا.

هەوڵیش لە ئارادا نەبوو بۆ بە ئینگلیزکردنی خەڵکی ئۆگەندا.

ئەم خاڵانە چ لە ئینگلیزەکان و چ لە ئۆگەندەییەکانیش ئاشکرا بوو.

لە ١٩٦٠ کاندا لە سەرئەنجامی گفتوگۆ و ئاخافتنێکی کۆنستیتیوتیەوە ئۆگەندا بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و سنووورەکانی نەگۆڕدرا.

ئۆگەندا لە ناو هەموو سنووورێکدا سەربەخۆ بوو.

پێوەندیی ئینگیلتەرا لەگەڵ هیندوستان، نیوزلەند. گینیا، سۆمالیا و بوتسووانا هەر بە هەمان شێوە بووە.

تا ڕادەیەک شیاوە کە هەمان پێوەندیی سەبارەت بە فەرەنسا لەگەڵ وڵاتەکانی تونس و جەزائیر و مەراکیش دا دەبینرێت.

ئەو خەڵکانەی لە ئەو وڵاتانەی دەژین فەرەنسیی نیین و هەوڵیش بۆ بەفەرەنسیکردنیان نەدراوە.

ئەم ڕاستیانەش چ بۆ هاونیشتیمانیانی ئەم وڵاتانە و چ بۆ فەرەنسیەکانیش ڕوون بووە.

دەتوانرێت هەمان شتیش سەبارەت بە پورتوگال دەرهەق ئەنگۆلا و مۆچەنبیک بگوترێت.

ڕەوشەکە لە کوردستاندا بە هیچ شێوەیەک بە ئەم شێوەیە نییە.

کوردەکان لە هیچ شوێنێک وەک "کورد" سەیر ناکرێن.

لە تورکیا بە زۆر دەکرێن بە تورک، لە ئێران بە فارس، لە عێراق و سووریا بە عەرەب.

بێگومان ئەمەش وەک تورک و فارس و عەرەبی پلە دوو.

هەوڵ و کۆششێکی بێ پایان بۆ بە تورککردن و بە فارسکردن و بە عارەبکردنیان دەدرێت و بە کەللەڕەقیەوە نکۆڵی لە ناسنامەی نەتەوەی کورد و کوردستان دەکرێت.

ئەو مافانەی کوردەکان لە ئەنجامی خەباتی چەکداریدا لە ئێران و عێراق وەدەستیان هێناوە، بێگومان باسێکی ترن کە دەبێت لێیان بتوێژرێتەوە.

پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، واتە پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیی، دەوڵەتی وەک عێراق، ئوردن، فەلەستین و لوبنان بە شێوەی کۆڵۆنیی سەربەڕشت[6] دامەزرێنران.

بەڵام دەوڵەتێکی کوردستان دانەمەزرێنرا.

بۆ نموونە: کوردستان کە لە لایەن ئینگیلتەراوە داگیر کرابوو، نە بوو بە دەوڵەتێک.

نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان دابەشکراو و لەت لەت کراو پێچرایەوە بە ئەو هیواو و خواستەی کە ئیدی لە سەر لێو و پەڕەی مێژوو بسڕدرێتەوە.

پارچەیەکی کوردستان لە ژێر سەربەڕشتیی ئینگیلتەرادا بۆ عێراق بەجێهێڵرا.

پارچەیەک لە ژێر سەربەڕشتیی فەرەنسادا بە سووریا درا و هەروەها پارچەیەکیش بە تورکیا خۆی درا.

---

[6] (سەربەڕشت/ ماندەیت Mandate)

خۆرهەڵاتی کوردستان هەر لە ناوەڕاستی سەدەی هەڤدەوە لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی ئێراندا بووە.

لە بەرەو ڕووداهاتنەوەی ئەم بارەدا خەباتی نەتەوەی کورد لە پێناوی ئازادیی و سەربەخۆییدا، هەروەها لە پێناوی دابینکردنی مافە نەتەوەییەکاندا، هەمیشە لە خوێندا گەوزێراوە.

بۆ نموونە، لە باشووری کوردستاندا خەباتی شێخ مەحمودی بەرزنجی و لە دووایيشدا مەلا مستەفا بارزانی.

لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە ژێر ڕابەرایەتیی سمکۆ و قازی محەمەددا . لە باکووری کوردستانییش خەباتی کۆچگەریی، ئەوانەی شێخ سەعیدی پیران، ئیحسان نوری پاشا و سەید ڕەزا، دەتوانرێت ناویان بهێنرێت.

هەموو ئەم سەرهەڵدانانە لە خوێندا نوقم کراون.

هەمووی بە ڕەزامەندیی و لە ئەنجامی چالاکی هاوبەشی کۆلۆنیالیستی ئینگیلتەرا و هاوکارەکانی ناوخۆی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیاندا.

سنوورەکانی کوردستان بە تەواوی دەستنیشان نەکراون.

ئەو دەوڵەتانەی کوردستان وەک کۆلۆنیەکی هاوبەش بە کار دەهێنن زۆر گۆڕانکاریی بنەڕەتییان لە دانیشتووان و سنوورە سروشتییەکانی ئەم خاکەدا کردووە.

لە ڕێگای دوورخستنەوەی ناوەکیی و دەرەکییەوە، لە ڕێگای نیشتەجێی زۆرەملێ و بەکۆمەڵسەربڕین و بەکۆمەڵکوشتنەوە، هەروەها لە ڕێگای سیاسەتی نیشتەجێکردنی پەناهێندەکانی تورکی ئەفغان و تورکی بولگاریاوە لە کوردستاندا.

هەوڵی شێتانە و بەتین بۆ بە تورککردن و بە عەرەبکردن و بەفارسکردنی نەتەوەی کورد دەدرێت.

ڕاگوێزانی کوردەکان بە زۆرەملێ لە نیشتیمانی باپیرەیان و نیشتەجێکردنی تورک و عەرەب و فارس لە جێگایان، بە کارهێنانی بەپیت و فەرتڕین زەوی کوردستان وەک کێڵگەی وەبەرهەمهێنانی دەوڵەتی و بنکەی سەربازیی بریتیین لە سیاسەتی توند و ڕەق و بە کۆششی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستان وەک کۆلۆنیەکی هاوبەش بەکاردەهێنن.

لە بیرنەکردنی ئەو ڕاستییەش گرنگە کە هەروەها پارچەیەکی بچکۆلەی کوردستان لە ناو یەکیەتی سۆڤیەتیش هەیە کە دەکەوێتە ناو سنوورەکانی کۆماری ئەرمینیاوە.

سیاسەتی نیشتەجێکردنی بە زۆرەملێ هەروەها لە ئەوێندەرێش پیادە کراوە. کوردەکان لە ساڵی ١٩٤٤ دا بە کۆمەڵ بۆ ناوەندی ئاسیا ڕاگوێزراون.

ئەو هەلانەی بە سیاسەتی "پەرت بکە و زاڵ بە" بۆ کۆڵۆنیالیستەکان ڕەخسێندراوە:

سیاسەتی "پەرت بکە و زاڵ بە" زۆر چەشن هەل بۆ ئەو لایەنانە دەڕەخسێنێت کە بەکاری دەهێنن.

ئەمەش بە تەواوی ئاشکرایە کە پیادەکردنی ئەم ڕێبازە ئاسانتر دەبێت کاتێک بەرامبەر و دژ بە یەک وڵات بەکاردەهێنرێت لە پێناوی بەرژەوەندیی هاوبەشی چەند دەوڵەتێکدا، هەروەها کاتێک کە خزمەت و سوود تێکڕا بە بەرژەوەندیی هاوبەشیان دەگەیەنێت.

کە کۆمەڵێک دەوڵەت پێکەوە هەر یەکەی پارچەیەکی جیاوازی وڵاتێک زەوت دەکەن ناکۆکی و شەڕەدەندووکیان کەم دەبێتەوە.

خاوان داواکان لە بەر خاتری پارێزگارییکردن لە بەرژەوەندیی خۆیان پێ دەنێنە ناو قۆناخی هاوکاریی نزیکەوە و زۆر بە گەرمیی بە دووای شێوازی جۆراوجۆردا بۆ کەم کردنەوەی جیاوازیی و ناتەباییەکانیان دەگەڕێن.

پێداویستیی هێشتنەوەی بەشەکانیان، هۆی سەرەکیی و بنچینەیی دامەزراندن و هێنانەکایەی پێوەندیی هاوڕێیانەی ئەم دەوڵەتانەیە.

لە نێوان ساڵانی ١٩١٥ – ١٩٢٥ دا ململانێیەکی کۆڵۆنیالیی لە سەر کوردستان هەبوو.

ئەوانەی داوای خاوەندارێتییان لە سەر کوردستان هەبوو لەگەڵ ئەوانەدا کە هەل و دەرفەتیان لە کوردستاندا دەبینی، کەوتنە ناو ململانێیەکی گەرم و ئاشکراوە، هەر یەکەی لە پێناوی زامنکردنی قوتاندنی بەشێکی گەورەتری کوردستاندا.

کەرەکتار و ناوەرۆکی سەرەکیی ئەم قۆناخە لە نێوان داگیرکارانی کوردستاندا دەبووایە بریتیی بووایە لە ناکۆکیی و شەڕی سەربازییانە.

بەڵام لە کۆتایی ئەم قۆناخەدا، ئەو دەوڵەتانە لە ناوخۆیاندا ڕێگای سازشیان هەڵ بژارد.

ئەو سازشەش بوو بە هۆی لەت کردن و بەش کردنی کوردستان.

ئینجا ناوەرۆکی سەرەکیی کە بوو بە کەرەکتاری پاش ئەم قۆناخە بریتیی بوو لە هاوکاریی.

ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لەت کرد و بە کرد و لوول دا، دەیانزانی کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لە سەریان پێویستە هاوکاریکردنەکانیان لەگەڵ یەکدا بەهێزتر بکەن.

بەراووردکردنی ئەو شێوازە سیاسییەی کە ئیسرائیل بەرامبەر بە فەلەستین هەیەتی لەگەڵ ئەوەدا کە ئێران و عێراق و تورکیا و سووریا سەبارەت بە کورد هەیانە سەرە داوی سوودبەخش بە دەستەوە دەدات.

بۆ نموونە؛ لە سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی ١٩٨٨، لە تورکیا لە لایەن دەستگای پەخشی ت ڕ ت[7]، زمانحاڵی ڕەسمیی دەوڵەت، و هەروەها لە لایەن دەستگای بڵاوکردنەوە و دەنگوباسی گشتییەوە قورسایی و نرخ و گرنگیەکی تۆند بە ململانێی نێوان فەلەستینیەکان و هێزی پاراستنی ئیسرائیل، دراوە.

وێنەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان، هەروەها ئەوانەی سەر شاشەی تەلەڤیزیۆن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەنگی ئەو ڕووداوانە دەدەنەوە.

خۆپێشاندان بۆ بە تاوانبارکردنی ئاکار و هەڵسوکەوتی ئیسرائیل دەرهەق بە فەلەستینیەکان دەکرێت، جڤین و کۆبوونەوە و دەمەتەقێ و گفتوگۆی ئاشکرا و بێ سنوور ڕێک دەخرێت.

ڕۆژنامەکان و تەواوی ت ڕ ت سەبارەت بە ئەم ڕووداو و چالاکیانە بە هەست و نەستن.

لە ئێرەدا ئەمە خاڵی مەبەست نییە.

خاڵی مەبەست لە بینینی ئەو ڕووداوانەوە پێ هەڵ دەگرێت کە لە سووچێکی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە ڕوو دەدەن.

لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ١٩٨٨ دا شاری هەڵەبجە لە باشووری کوردستان لە شەڕێکی هاوبەشیدا لەگەڵ هێزەکانی ئێران کەوتە دەست گەریلای کوردەوە. دەوڵەتی عێراق کۆلۆنیال بۆ ئەوەی شارەکە بگەڕێنێتەوە بۆ ژێر دەستی خۆی هەموو هێزێکی بە کار هێنا. بەڵام لە کاتی پاشەکشێیدا شارەکەی بە بۆمبا گازباران کرد.

بە پێی هەواڵنێرە نێونەتەوەییەکان لە ئەو شارەدا پێنج هەزار مرۆڤی کورد گیانیان سپارد و زیاتر لە دە هەزاریش بریندار بوون.

سەرچاوە کوردییەکان وای دادەنێن کە لە ڕاستییدا ئەم زیانانە زۆر گەورەتر و بەربڵاوترن.

گومان لە ئەوەدا نییە کە ئەم کارە بەکۆمەڵکوشتنێکی تەواوە.

[7] ت ڕ ت TRT: دەسەڵاتی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی تورکیی/ دامودەستگای پەخشی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی نەتەوەیی تورک

لە ئەم بەکۆمەڵکوشتنەدا منداڵ و ژنان و خەڵکی بەسادەڵداچوو لە ئەوانە بووە کە گیانیان سپارد.

لە ڕووانگای ئەم بەڕیەڕێتیەوە ئاکار و ڕەووشتی دەوڵەتی تورکیا، پارتە سیاسییەکان، زانکۆکان، نووسەران، دەستگای بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن و ت ڕ ت TRT، شایانی لێ کۆڵینەوەن.

ئەم دام و دەستگایانە کە زۆر بە تووندیی ناڕەزایی خۆیان سەبارەت بە کوشتنی یەک فەلەستینیی دەردەبڕن و کۆمەڵ گشت تێ دەگەیەنن لێی، بە لایانەوە باشتر بوو کە لە ئاست ئەو تاوانکارییە بەکۆمەڵکوشتنەی هەڵەبجە لە باشووری کوردستان بێ دەنگ بمێننەوە کە پێنج هەزار مرۆڤی کوردی تیادا کوژرا و زیاتر لە دە هەزاریشی تیادا بریندار بوو.

ئەم دام و دەستگایانە وا خۆیان نیشان دەدا گوایا ئاگایان لە ئەم باسە نییە و بێ هەواڵن.

ئەمە چەق مەبەستی خاڵەکەیە.

ئەمەریکا لە تووانایدا نەبوو گازی کیمیاوی دژ بە ڤیەتنام بە کار بهێنێت. یەکیەتیی سۆڤیەت نەیتوانی لە ئەفغانستان بە کاری بهێنێت و ئیسرائیلیش ناتوانێت چەکێکی وا دژ بە فەلەستینیەکان بە کار بهێنێت. بە هەر شێوەیەک، ڕەنگە ئیسرائیل بەرامبەر بە فەلەستینیەکان و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین تووڕە و داخ لە دڵ بێت، بەڵام ناتوانێت ئەم جۆرە چەکانە بە کار بهێنێت.

تەنانەت ئەگەر ئیسرائیل ئارەزوومەندی ئەو کارەش بێت ئەوا هەر لە واقیعدا ناتوانێت پیادەی بکات.

بە تەواوی ئاشکرا و بێ ئەم لا و ئەو لایە کە ئیسرائیل زاتی ئەوە ناکات چەکێکی وا بە کار بهێنێت.

ئەویش لە ترسی کاردانەوە و گرژبوونی جیهانی ئیسلام، لە ترسی دەوڵەتانی عەرەبیی و وڵاتە دەراوسێکانی و هەروەها هەڵوێستی جەماوەری جیهانییش.

لە هەموو ئەمانەش بنچینەییتر، ئیسرائیل لە ترسی کاردانەوە و هەڵوێستی خەڵکی خۆی ناتوانێت چەکی کیمیاوی بە کار بهێنێت.

زۆر گرنگە کە سروشتی دیموکراتیی کۆمەڵگای ئیسرائیل لە یاد نەکرێت.

بەڵام لە ئەم لاوە سەددام حوسەین زۆر بە ئاسانیی دەتوانێت گازی کیمیاوی بە کار بهێنێت.

کاتێک سەددام حوسەین گازی کیمیاوی دژ بە نەتەوەی کورد بە کار دەهێنێت دەزانێت کە لە لایەن دەوڵەتە دەراوسێکانەوە، لە لایەن دەوڵەتانی عەرەبەوە، دەوڵەتی تورکیا یان دەوڵەتانی ئیسلامییەوە تاوانبار ناکرێت.

جا کە سەددام حوسەین کارێکی ئاوا پڕ تاوانکاریی لە باشووری کوردستان[8] بە ئەنجام دەگەیەنیەت و لە بەکۆمەڵکوشتنێکی وا دا دەستی دەبێت، ئەوا هۆیە سەرەکیەکەی نەبوونی کاردانەوەی بە جێ و لە بارە.

لە ڕاستییدا، لە کاتی جەنگی ئێران - عێراقدا، هەر دوولایان گازی کیمیاویان دژ بە نەتەوەی کورد بە کار هێنا، ئەو نەتەوەیەی کە سەرگەرمی خەباتی ئازادیخوازانەی خۆیەتی.

بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لە لایەن ڕژێمی عێراقی فاشیست و کۆڵۆنیالیستەوە ڕێککەوتی ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ بوو.

کۆنفەرانسی باڵای ئیسلامیی لە مێژووی ٢٠ی ئازاردا بوو.

ئەو کۆنفەرانسە زۆر بە وردیی بە شێوەی ڕاپۆرت گفتوگۆی لە سەر هەموو ئەو بابەتانە کرد کە پێوەندییان بە ناوچەکەوە هەیە.

هەر لە مەسەلەی ئەفغانەوە تا مەسەلەی فەلەستین و لە ئەوێوە بۆ جەنگی ئێران – عێراق و لە ئەوێشەوە بۆ هێنانە دی مافەکانی تورکی بولگاریا، ئینجا بڕیاریشی لە سەر دان.

بەڵام بەکۆمەڵکوشتنی کورد بە پلەی باس کردن نەگەیشت و لە سەری نەکۆڵرایەوە.

لە ئەو کۆنفرانسەدا یەکیەتیی سۆڤیەت لە بەر بوونی لە ئەفغانستاندا تاوانبار کرا.

ئیسرائیل لە بەر شێوازە سیاسییەکەی سەبارەت بە فەلەستینیەکان تاوانبار کرا.

بولگاریا ناوی خرایە ناوناوان و ناوی زڕێندرا. ئەویش هەر لە بەر شێوازی سیاسەتی سەبارەت بە بولگگاریکردنی "ناوی" تورکی ڕەسەن.

[8] لە ئەدەبیاتی سیاسیی بێشکچیدا کە لە پ ک ک نزیک بوو دەستەواژەی "باشووری کوردستان" بە کار دەبات چونکە کوردستان وەک یەکەیەی سەربەخۆ دەبینێت.

بەڵام هیچ کەسێک بیری لە تاوانبار کردن یاخود تەنانەت ناوبردنی سەددام حوسەین نەکردەوە کە دروستکار و بەئەنجامگەیەندەری ئەو بەکۆمەڵکوشتنە بوو کە دەستبەجێ زیاتر لە پێنج هەزار منداڵ و ژن و پیاوی پیری کوردی کوشت و زیاتر لە دە هەزاریشی بریندار کرد.

هۆ سەرەکییەکە ئا لە ئێرەدایە کە سەددام حوسەین بە لایەوە ئاسان بێت بەکۆمەڵکوشتنێک بە ئەنجام بگەیەنێت.

لە بەر کردنی ئەم کارە سەددام حوسەین لە لایەن کۆنفەرانسی باڵای ئیسلامیی و دام و دەستگای عەرەبییەوە ناوی نازرێنرێت و بۆ پێش مێزی دادگا ناهێنرێت.

سەددام حوسەین هەروەها ئەوەش دەزانێت کە ئەم مەسەلەیە، هەروەک بەڵێن دراوە، بە ڕێکخراوە جیهانییەکان ناگەیەندرێت.

هەر چۆنێەک بێت لە کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوانەدا بە توندیی دژ بە بەشداربیکردنی کوردەکان و ئامادەبوونیان دەوەستێتەوە.

ئەمانە ئەو بەهرە و هەل و بۆلوواندنانەن کە لە لایەن سیاسەتی "پەرت بکە و زاڵ بە" ەوە بۆ کۆڵۆنیالیستەکان دەڕەخسێن و فەراهەم دەبن.

تێگەیشتن لە ئەم پێوەندییانە لە ڕووانگە و دیدی چەمکی "چەوساندنەوەی کوردەکان وەک کۆڵۆنییەکی هاوبەش"، هەروەها "قەبڵاندنی کوردستان وەک کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتیی" زۆر پێویست دەبێت.

جیاوازیی زۆر گرنگ و بنچینەیی لە نێوان بەکۆڵینیکردن و دابەشکردنی ئەفریقا لە لایەن و لە نێوان کۆڵۆنیالیستەکانی وەک ئینگلتەرا، فەڕەنسا، بەلجیکا، هۆڵەندە، پورتوگال، ئیسپانیا و ئەڵمانیادا هەیە، لە بەراوورددا لەگەڵ جیاکردنەوە و لەت کردن و بەشکردنی کوردستاندا لە یەکەم چارەکی سەدەی بیستەمدا لە لایەن کۆڵۆنیالیستە ئەنگلۆ-فەڕەنسیەکان بە هاوکاریی لەگەڵ تورکە کەمالیستەکان[9] و ئێران.

ئەمڕۆ نزیکەی پەنجا (٥٠) دەوڵەتی سەربەخۆ لە ئەفەریقا هەن.

[9] تورکەکەمالیستەکان ئەو تورکانەن کە لە سەر ڕێبازی مستەفا کەمال ئەتاتورک دەڕۆن و لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣ و مردنیدا (١٩٣٨) بە دەستێکی ئاسنین تورکیایان بەڕێوە برد. دیارە ئەو ڕێبازە ئایدیۆلۆژییە ڕەگەزپەرستییە هەر لە لایەن دەوڵەتەوە پێڕەو دەکرێت و ئێتستاش هەر وایە.

هەموشیان سەربەخۆیی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو سنوورانەدا بە دەست هێنا کە لە ساڵی ١٨٨٥ دا لە لایەن ئەو هێزە کۆڵۆنیستانەی لە سەرەوە ناومان بردن، کێشرابوون.

نەتەوەی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی لە سی (٣٠) میلیۆن مرۆڤێک زیاتر دەدات.

ئەم نەتەوەیە پەسارێکی سیاسیی نییە کە پڕ بە پێست و بارستایی خۆی بێت.

لە پێناوی پاراستنی ناسنامەی خۆی و پووچکردنەوەی چارەسەری ڕەگەزپەرستیانە و سیاسەتی دادۆشین و کۆڵۆنیالیستانەدا دووچاری خەباتێکی چەکداریی بووە.

لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هێزە کۆڵۆنیالیستەکان هەروەها نەتەوەی عەرەبیشیان دابەش کرد، بەڵام لە هەمانکاتدا زامنی سەرهەڵدانی نەتەوەی عەرەبیان لە شێوەی دەوڵەتی سەربەخۆ و ماندااتی کۆڵۆنییدا کرد.

لە ئەم ڕووانگایەوە جیاوازیی زۆر پڕ بایەخ و بنچینەیی لە بەراووردی نێوان لەتکردنی خاکی عەرەبەکان و لەتکردن و دابەشکردنی کوردستاندا، هەن.

دابەشکردنی ئەڵمانیا، کۆریا و ڤیەتنام هەروەها دەتوانرێت لە ژێر تیشکی هەمان ڕووانگای سەرەوەدا سەیر بکرێت.

هەموو ئەم دابەشکردنانە لە ئاکامدا بە شێوەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ گیرسانەوە.

بەڵام لە ئەم لاوە ،کوردستان لەت کراو بە مەبەست و خواستی سڕینەوە و لە ناوبردنی ناسنامەی تایبەتمەندیی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان لە نێوان ئەو دەوڵەتانە بەش کرا کە لەگەڵ و لە دووای ڕمانی ئمپراتۆری عوسمانییدا دروست بوون.

کوردستان: کۆڵۆنیەکی هاوبەش

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆمەڵێک لێکجیاوازیی قوول و ڕەگیی لە نێوان مەسەلەی فەلەستین و کورددا هەن.
نەتەوەی کورد چواردەوری لە لایەن هێزی دوژمنکارەوە تەنراوە.
هەروەک لە دۆخێکی سروستیی ڕاستەقینەدا بن.
نەتەوەی کورد بۆ پاراستنی خۆیی و هێشتنەوەی بوونیدا لە تەقەڵای بەردەوام دایە.

بەڵام لە ئەم لاوە هەموو هێزەکانی چواردەوری فەلەسینیەکان یان هێزی هاوڕێ و دۆستن یاخود شتێک لە ئەو بابەتەن.

فەلەستین تەنها یەک دوژمنی هەیە ئەویش ئیسرائیلە. بەڵام فەلەستین لە دوژمنایەتیی ئیسرائیلدا یاخود بە لایەنی کەمەوە لە "نا" هاوڕێیەتیدا بەرامبەر بە ئیسرائیل، بە تەنها نییە. بەڵکو هەروەها ٢٢ دەوڵەتی عەرەبیی و ٤٢ دەوڵەتی ئیلامییش هەیە.

لەتکردن و دابەشکردن و بەشکردنی کوردستان دوژمنانی بۆ کورد بە ئەژمار کردووە و بە بێ دۆست هێشتوونیەتیەوە.

لە ئەم ساڵانەی دووایيدا دەرکەوتنی نەتەوەی ئاکاردۆست بەرامبەر بە کورد لە ئارادایە و ژمارەیان بەرەو زیادبوون دەڕووات.

بەڵام شوێنگای جوگرافیایان لە کوردستانەوە دوورە دەستە.

فەلەستینیەکان لە شەڕەکەیاندا دژ بە ئیسرائیل هەموو کاتێک پشتگیریی و هاریکاریی سیاسیی و ڕەووشتیی و شتومەکیی و ئازووخەییان لە لایەن دەوڵەتە عەرەبە دەراوسێکانەوە دەکرێت.

لە کاتی خەباتکردندا کاتێک تاویان بۆ دێت یاخود کاتێک دەوڵەتی ئیسرائیل فشاری خۆی زیاد و قورس دەکات دەتوانن پەنا بۆ بەر یەکێک لە ئەم دەوڵەتە عەرەبیانە ببەن و دەتوانن لە ئەوێ درێژە بە خەباتیان بدەن.

فەلەستینیەکان دەتوانن برۆن بۆ میسر، ئوردن، سووریا، لوبنان، عێراق، تونس، کوەیت، سەعودی عەرەبی، جەزائیر، یەمەن و تاد.

بە لایەنی کەمەوە بە تیۆرێی ئاوایە، ئیتر پێوەندیی ئێستاییان لەگەڵ هەر یەک لە ئەم دەوڵەتانەدا هەر چۆنییەک بێت.

ئەم دەوڵەتانە بۆ ڕازیکردنی کۆمەڵانی خەڵکی خۆیان لە سەریان پێویستە یارمەتیی فەلەستینیەکان و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە بواری سیاسیی و دەروونیی و شتومەکییدا بکەن.

ئەمەش ئاوایە، ئیتر ئەم دەوڵەتانە سیاسەتی ئەو ڕۆژ و کاتەی فەلەستینیەکانیان سەبارەت بە ئیسرائیل یان هەر وڵاتێکی تر بە دڵ بێت یان نا.

ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرایە ئەو کوردانەی لە باشووری کوردستانەوە لە مەرگ هەڵ دێن و بە مەبەستی ڕزگارکردنی گیانیان لە ژێر هێرشی بەکارهێنانی گازی کیمیاویدا دەچن بۆ باکووری کوردستانی ژێر چەپۆکی تورکیا، لە بنکەی سەربازیی تایبەتیی بە درکەزێ تەنراودا دەهێڵرێنەوە.

زیاتر لە ئەمە، گیروگرفتی زۆر لە سەر ڕێگای ئەم مرۆڤانەدا قوت دەبووەوە کاتێک کە هەوڵیان دەدا بچنە ناو سنووری تورکیاوە.

زۆر ئاساییە بۆ تورکیا هاریکاریی عێراق بکات.

پێشخستن و نیشاندانی ئاکار و هەڵسوکەوت دژ بە نەتەوەی کورد بووە بە ڕاستیەکی خەوشهەڵنەگری زەق.

لە لایەکی ترەوە، ئاکامەکانی پەرتکردن و بەشکردن هەروەها لە سیاسەتی نێونەتەوەییانەشدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە مەسەلەی فەلەستین وەک مەسەلەیەی عەرەبیی ساخ بووەتەوە.

هەر لە بەر ئەوە ئەو دەوڵەتانەی دەخوازن پێوەندیی باش لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیی چێ بکەن ناچار دەبن بە جیدی پشتگیریی لە فەلەستینیەکان و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بکەن.

ئەم دەوڵەتانە وەک پێویستییەک هەست بە پێویستیی پیادەکردنی ئەم ئەرکە دەکەن.

بەڵام مەسەلەی کورد وەک بزووتنەوەیەکی دژ بە عەرەب دەر دەکەوێت.

کاتێک کە دەوڵەتان دەخوازن پێوەندیی باش لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیی دروست بکەن هەست دەکەن لە سەریان پێویستە پشتگیریی لە عەرەب بکەن، لە بەر ئەوە پێوەندیی لەگەڵ عێراق و سووریا دەگرن و هاوکارییان دەکەن دژ بە کورد.

ئەم دەوڵەتانە وای نیشان دەدەن کە گوایا لە مەسەلەی کورد بێ ئاگان، بە لا چاو و لە نێوان پەنجەکانیانەوە لە هەوڵی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد و خەباتەکەیان دەڕوانن کە لە پێناوی مانەوەیان دایە.

دەوڵەتانی عەرەب هەروەها لە نەوتیشدا دەوڵەمەندن.

پێشخستنی بازرگانیی و ئاڵوگۆڕ لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبدا، زیادکردنی ناردنەدەرەوەی شتومەک بۆ ئەم دەوڵەتە عەرەبیانە، خستنەگەڕی پارە و سەرمایە لە ناویاندا، مامەڵەی سەرکەوتوو، ناردنی سەرمایە و دەستمایە، هەموو ئەمانە دەبن بە کۆمەڵێک چالاکیی بە بایەخی سیاسیی و ئابووریی.

لە ئەمانەش بترازێت، خەباتی نەتەوەیی کورد هەر بە تەنها وەک دژ بە عەرەب دەرناکەوێت، بەڵکو هەروەها دژ بە تورک و دژ بە فارسیش دەردەکەوێت.

هەر لە بەر ئەوە ئەو دەوڵەتانەی کە ئارەزوومەندی پێوەندیی باشن لەگەڵ ئێران و تورکیادا، ئەوانیش هەروەها خۆیان بێ ئاگا لە مەسەلەی کورد نیشان دەدەن و بە لاچاو لە کێشەی نەتەوەیی کورد دەڕووانن.

ئەم دەوڵەتانە لایەنگریەتیی ڕەگەزپەرستیی و سیاسەتی کۆڵۆنیالیستیی ئێرانیی و تورکیی دەکەن.

پێشخستنی بازرگانیی و ئاڵوگۆڕ پاڵی بە ڕوو و بە بوونی هەندێک بەهای کاتیی و بەهای جیهانییەوە ڕووەو دوواوە نا کە وەک مافی مرۆڤ و یەکسانیەتیی نەتەوەکان هەبوون.

دەوڵەتانی وەک ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا ئامراز و شێوازی چاک دەزانن و شک دەبەن لە بەکارهێنانی پسپۆڕانەی تووانا و تاقەتی بازرگانیی و ئاڵوگۆڕی دەرەکیی و خستنەگەڕی پارە و هەروەها مامەڵەدا، وەک بارمتە و دەستیاو.

"ئەگەر ئێوە بڕیارێک سەبارەت بە ئەم مەسەلەیە و ئەو مەسەلەیە دژ بە ئێمە بدەن، یاخود ئەگەر ئێوە لە ئاستێکی نێونەتەوەییدا لە دەرکردنی بڕیارێکدا سەبارەت بە کەڵکەیاندن بە کێشەی کورد دەستی یارمەتیتان هەبێت، ئەوا لە ئەم مامەڵەیە و ئەو مامەڵەیە بێ بەش دەبن".

ئەگەر ئێوە ئەمە یاخود ئەمە دژ بە ئێمە و تورکیا نەکەن ئەوا ئێمە ڕەوێک فرۆکەی جەنگیتان لێ دەکڕین. .... تاد".

لە بەر هەموو ئەم هۆیانە فەلەستینیەکان لە لایەن دەنگدانێکی نێونەتەوەییەوە، هەروەها لە لایەن دامودەستگا ئینتەرناسیونالیەکانەوە بە شێوەیەکی گەرم و شێلگیرانە پشتگیریان لێ دەکردرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە کێشەی کورد هەر وەک ئەم کێشەیەی فەلەستینیەکان ڕەوایە کەچی ئەمان بێ هیچ جۆرە پشتگیریی و یارمەتییەک بە جێ دەهێڵرێن.

هاوار و نالەیان هەمیشە و بە بەردەوامیی پشتگوێ دەخرێت.

بۆ نموونە، خەباتی گەلی فەلەستین دژ بە دەوڵەتی ئیسرائیل لە نیوەی ١٩٦٠ کاندا سەری هەڵ دا.

بەڵام لە کاتێکی بە ڕێژە کەمدا بوون بە چاودێریکار و لە دامودەستگا نێونەتەوەییەکانی وەک ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆنفەرانسی ئیسلامییدا نوێنەرایەتیان کرا.

فەلەستینیەکان پشتگیریکاریان زۆرە و هەموو ئەمانەش لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و دامودەستگا نێونەتەوەییەکاندا چالاکن.

بەڵام لە ئەم لاوە کوردەکان دوژمنیان زۆرە.

پشتگیریکارەکانیان کە لە دوژمنانی کورد بە ئاگان، لە یارمەتیاندا سەبارەت بە مافی ڕەوای کورد، خۆیان لە هەموو چالاکیەکی جەسوور و شێلگیرانە دەپارێزن.

ئەمەش بێگومان سەبارەت بە دەوڵەتەکان و بیچمە ئینتەرناسیونالیەکانیش ڕاستە.

ئاشکرایە کە هەڵوێستی جەماوەری دیموکراتی جیهانیی لە نزیکەوە پشتگیریی لە گەلی کورد دەکات و ئەو پشتگیریەیان بە بەردەوامیی قووڵتر دەبێتەوە و پشت ئەستوورتر دەبێت.

دەوڵەتانی وەک یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەمەریکا، هەروەها ڕێکخراوەکانی وەک کۆمەڵگای ئەورووپایی، سیاسەتی خۆیان هەر لە ئەو چوارچێوەیەدا پیادە دەکەن کە لێیان دووابن. ئەم دەوڵەتانە هێزی کڕین و هەل بۆ ڕەخساوی پیشەسازیی سەد میلیۆن عەرەب لەگەڵ کورددا دەگۆڕنەوە.

هەروەها سەبارەت بە ئێران و بە تورکیاش هەر لە ئەم ڕووانگایەوە لە کورد دەڕووانن.

سیاسەتی وڵاتە سۆشیالیستیی و کۆمۆنیستەکانیش، کەم یان زۆر، هەر لە ناو هەمان سنووردا خۆی ساخ دەکاتەوە.

بینینی ئەم مەسەلەیە لە ڕووانگای یەکێک لە هەرە پرینسیپە بنچینەییەکانی سۆشیالیزمەوە کە هەموو نەتەوەیەک مافی بڕیاردانی لە سەر چارەنووسی خۆی بە خواستی خۆی هەیە، مرۆڤ بە هەڵهێنجانی کۆمەڵێک سەرئەنجامی ناڕەزوومەند دەگەیەنێت.

بە تێڕووانین لە ڕووداو و ژیانی ڕاستەقینە هیچ جۆرە جیاوازییەکی بنچینەیی ئەوتۆ لە نێوان سیاسەتی بلۆکی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بەدی ناکرێت.

لە ڕاستییدا، کە دێتە سەر مەسەلەی خۆگێلکردن و خۆبێئاگاکردن، ئەوا ئەم دەوڵەتە سۆشیالیستیی و کۆمۆنیستیانە، لە ئەو بوارەدا زۆر سەرکەوتوون.

بۆ نموونە، لە بەر و لە ئەنجامی بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لە باشووری کوردستان، دەوڵەتی عێراق لە لایەن ئەمەریکا و چەندین وڵات لە کۆمەڵەی ئەورووپایی بە نیوەدڵیی و بە خواستی مەبەستەوە تاوانبار کرا، بەڵام

هیچ دەنگێک، بۆ ئەو مەبەستە، نووزەش نە لە یەکیەتیی سۆڤیەت و نە لە هیچ یەکێک لە بلۆکەکانی دەوڵەتانی سۆشیالیستەوە نەهات.
ڕێکخراوی ڕزگاریخوازانەی فەلەستینیش هیچ جۆرە دەنگێکی دەربڕینی بە مەبەستی ناڕەزایی یان تاوانبار کردنەوە لێ نەهاتە دەرەوە.
ئەمەش جێی داخە.
هەموو ئەو لایەنانە وا هەڵسوکەوت دەکەن هەروەک گشتیان بە تاوانەکان و بە هەوڵدان بۆ بەکۆمەڵکوشتن، بە ئاکاری کۆڵۆنیالیی و فاشیستیی سەددام حوسەین، ڕازی بن. هەموشیان ڕێگا بۆ هەنگاو و کردارە بەکۆمەڵکوشتنەکانی سەددام حوسەین دژ بە کورد خۆش و فەراهەم دەکەن.

هەموویان هاندان و هەستی دڵنیایی پێشکەش بە فاشیزم و بەکۆڵۆنیالیزم دەکەن. لە چەق قورسایی هەموو ئەمانەدا ئەو فاکتە چڕۆ دەکات کە کوردستان لە لایەن کۆمەڵێک دەوڵەتی کۆڵۆنیالی هاوبەشەوە دەچەوسێنرێتەوە و دادەدۆشرێت، کە ئاکاری کۆڵۆنیالیی نێودەوڵەتیی پیادە دەکردرێت.

ئێمەلە سەرەوە ئەو ڕاستیەمان سەلماند کە ئیسرائیل لە تووانایدا نییە گازی کیمیاوی و چەکی بایۆلۆژی دژ بە فەلەستینیەکان بە کار بهێنێت. تەنانەت ئەگەرچی شیاوکاریەکانیش زۆر نزمن، بەڵام با بۆ چاوترووکاندنێک گریمان بکەین کە دەوڵەتی ئیسرائیل ئەو چەکانەی بە کار هێناوە.

ئایا ئەو کاتە چی ڕوو دەدات؟

لە هەموو لایەکەوە ناڕەزایی چەکەرە دەکات و دەنگ بەرز دەبێتەوە. لە وڵاتە عەرەبیەکان، لە وڵاتە ئیسلامییەکان و لە پارچەکانی تری جیهاندا، لە دەستە نێونەتەوەییەکاندا جڤین و کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن ساز دەکرێن، ناڕەزایی دەردەبڕدرێت و بە ڕۆژان و هەفتە و مانگانیش بەردەوام دەبێت.
کۆبوونەوە و کۆنفەرانس و گردبوونەوە ڕێک دەخرێن.
ئیسرائیل تاوانبار دەکرێت و دەکرێت بە جێی شەرم و داخ.
بڕیار و یاسا لە پارڵەمانە نێونەتەوەییەکاندا دەردەکردرێن.

پرسی کورد پرسی کەمایەتییەک نییە

لە ئێرەدا پێویستە ئەوە بخەینە ژێر چەق ڕوونکردنەوەوە کە کورد کەمایەتیی نییە. کوردەکان لە کوردستان لە ناو خاکی خۆیاندا دەژین، لە ناو وڵاتی خۆیاندا. کوردەکان دانیشتووانی ڕاستەقینە و ڕەسەنی ئەم خاکەن و لە هیچ شوێنێکەوە کۆچ یان باریان بۆ ئەم خاکە نەکردووە.

بە پێچەوانەوە، هاتنی تورکەکان بۆ ئەناتۆلیا دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی سەدەی پانزدەهەم.

کوردەکان، هەروەک فارس و عەرەب، دانیشتووان و خەڵکی ڕەسەنی خۆرهەڵاتی ناوین، بەڵام کوردەکان لە سەرئەنجام و بە سیاسەتی کۆڵۆنیالیستیی دابەش کراون و لوول دراون و بەش کراون.

ئەم دابەشکردنە بێگومان بووە بە هۆی ئەوەی کورد لە ناو هەموو ئەم سنووڕە سیاسیانەی ئەم دەوڵەتانەدا بچووک بنوێنن. ناشێت پانزە میلیۆن مرۆڤی کورد لە ناو سنووری تورکیادا کەمایەتیی بن.

چەمکی کەمایەتیی جیاوازە!

لە ئەم دووایيەدا، هەندێک ڕەگەزپەرست و سیاسیکاری کۆڵۆنیالیستی تورک وەک "بوڵێنت ئەجەویت[10]" بانگەواز دەکات کە گوایا کوردەکان کەمایەتیی نیین، بەڵکو هەر وەک تورک زۆرینەیەکن کە دەستی یارمەتییان لە دامەزراندنی کۆماری تورکیادا هەبووە. ئەو جۆرە کەس و لایەنانە دەڵێن، لە بەر ئەوە، پێویست ناکات کوردەکان داواخوازی مافی دیموکراتیی، نەتەوەیی، کولتووریی و زمان بن. ئەگەر کوردەکان لە سەر ئەو مافانە بهاتنایەتە گۆ ئەوا خۆیان بە کار و چالاکیی جیاوازخوازیی و تاکڕەویەتیەوە خەریک دەکرد. ئەو لایەنانە هەروەها دەڵێن، چونکە کوردەکان، هەر وەک تورک، ئەو خەڵکەن کە کۆماری تورکیایان دامەزراندووە.

پێویستە دەست بە ڕووی ئەم ڕستە فریودەرانەشەوە بنێین، لەبەر ئەوەی کێ دەتوانێت "زۆرینەیەک" ببینێت کە ناتوانێت بە بچووکترین لە ئەو مافانە شاد بێت کە کەمایەتیەکانی وەکو ئەرمەن، یۆنانی یاخود جوولەکە ... تاد لە تورکیادا پێی شادن؟

تورکیا ڕێگای نکۆڵیکردنی لە هەبوونی کورد هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی مافە دیموکراتیی و نەتەوەییەکانی کورد نەدات، کە نکۆڵیی لێ بکات و بڵێت: "خەڵکێک لە ناو تورکیادا نییە کە ناویان کورد بێت، هەموو کەسیک تورکە".

بە واتایەکی تر، دەوڵەتی تورکیا نکۆڵیی لە هەبوونی کورد دەکات و لە پاشاندا دەڵێت: "ئێمە ناتوانین داواخوازی ماف بۆ خەڵکانێک یان نەتەوەیەک بین کە نییە".

[10] بولێنت ئەجەویت (Mustafa Bülent Ecevit) (بە کوردیی بڵند. ئەجەویت/ لە جەوادی عەرەبییەوە بە مانای کامڵ، زۆر باش دێت) چەندین جار سەرۆک وەزیرانی تورکیا بووە و بە نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەوان دانراوە. بە ڕەچەڵەک خۆی و ژنەکەی کورد بوون، بەڵام لە گەورەترین دوژمنانی کورد و کوردستان بوون. هەردووکیان ئەندامی پارتی ج هـ پ، پارتی کۆماریی تورکیا CHP، پارتەکەی ئەتاتورک بوون.

هەندێک ڕەگەزپەرست و ڕووناکبیر و سیاسەتکاری کۆڵۆنیالیستی تورک وەک کاک "بولێنت ئەجەویت" دووای ئەو هێڵە کەوتوون گوایا کورد بەشێک لە زۆربایەتییە و بە ئەو شێوەیە نکۆڵی لە مافە نەتەوەیی و دیموکراتیکیەکانی کورد دەکەن.

ئەم بەیت و بالۆرانە تۆزێک بە ئاستەم لەگەڵ بەیت و بالۆرەی ئایدیۆلۆژی ڕەسمیی دەوڵەتدا جیاوازن. ئەمانە ناشێت بەرهەمی نەتەوەی تورک و مێشکی تورک و ئەو تورکانە بن کە لە دیموکراسیی تێ گەیشتوون.

تەنها مێشکی ڕەگەزپەرست و کۆڵۆنیالیست بەرهەمهێنەری ئەم جۆرە دیموکراسیەیە.

کەچی ئەم جۆرە خەڵکانە هەر کاتێک شتێک لە دەمی هەواڵنێرێکەوە لە بولگاریا سەبارەت بە تورکەکانی ئەوێ ببیستن ئەوا زۆر زۆر بە تونديیەوە دێنە وەڵام: "ئەگەر بولگاری فێر نەبووبن ئەوا تاوانی تورکەکان نییە، بەڵکو تاوانی دەوڵەتی بولگاریایە کە نەیتووانیوە فێری بولگاریان بکات".

ئەم خەڵکانە وا بانگەواز دەکەن کە فێربوون و دووانەن بە زمانی تورکی مافێکی بنەڕەتییە. لە کاتێکەیدا ئەمە ڕەگەزپەرستییە. داواکردنی مافی کولتووریی و زمان بۆ هاوڕەگەزی خۆ، بەڵام نکۆڵیکردن لە هەمان ئەم مافانە بۆ ناهاوڕەگەزێک، یان نەتەوەیەکی دیکە. ئەم جۆرە مێشکە کۆڵۆنیالیستی و ڕەگەزپەرستییە وا لە خەڵک دەکات کە جۆرێک لە شێوازی دووڕوویی و بانێکە و دوو هەوا لە ئاکار و ڕەووشت و لە پیادەکردنی یاساکاندا هەبێت.

سیاسەتمەداران و ڕووناکبیرانی تورکیی وەک کاک بولێنت ئەجەویت ڕژێمەکانی خۆرئاوا و هەڵوێستی جەماوەری خۆرئاوا بە ئەوە تاوانبار دەکەن کە بە ئەنقەست بە بڕووای پێویست ناڕەزایی خۆیان دژ بە چەوساندنەوەی تورک لە بولگاریا دەر نابڕن.

ئەم جۆرە کەسانە لە تووانایاندا نییە خواستی ڕاستەقینەی مەبەستی خۆیان بشارنەوە تەنانەت لە ئەو کاتەشدا کە بە ئەو تاوانکارییە هەڵ دەستن. چونکە چەوساندنەوەی کوردەکان لە تورکیادا چەندین جار لە چەوساندنەوەی تورکەکان لە بولگاریادا دژوارترە. ئەو کەس و لایەنانە هەتا چەوساندنەوەی دەوڵەتی خۆیان دەرهەق بە کورد تاوانبار نەکەن، هەتا دژ بە ئاکاری ڕەگەزپەرستی و کۆڵۆنیالیستی دەوڵەتەکانی خۆیان نەوەستنەوە، تا خەبات دژ بە کردنی ئەم کارانە نەکەن، و تا بە دڵەوە لەگەڵ ئەم جۆرە ڕەووشت و ئاکارانەدا بن، تا ڕەووشتی بانێکە و دوو هەوا پیادە بکەن، ئەوا داواکاریی سیاسەتمەداران و ڕووناکبیرانی تورک لە لایەن خۆرئاواوە بە دڵەوە پێشوازیی لێ ناکردرێت و گوێی لێ ناگیرێت.

لە ئەم ساڵانەی دووایيدا خۆرئاواییەکان جۆرێک لە باشتر تێگەیشتن بەرامبەر بە دۆزی کورد دەنوێنن.

ئارەزوومەندیەتیی دامودەستگا دیموکراتیەکانی خۆرئاوا و هەڵوێستی جەماوەریی سەبارەت بە هاوکاریکردن لە پشتگیریی لە کێشەی کوردیدا ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرزبوونەوە و زۆربوون دایە و بەرەو پەرەسەندن هەنگاو دەنێت.

کێشەی کورد کێشەی کەمایەتییەک نییە. مەسەلەی مافی کەمایەتییەک نییە. لە بناخەی مەسەلەی کوردیدا دا بەشکردن، بەشکردن و پێچاندنەوەی کورد و خاکی کوردستان هەیە، هەروەها زەوتکردنی مافی بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە گەلی کورد لە ئارادایە کە لە لایەن کۆڵۆنیالیستەکان و هاوکارانی ناوچەکەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

لە سەر ئەم بابەتە، هەروەها پێویستە هەوڵی ڕاکێشانی سەرنج بۆ ئەو مەسەلەیەش بدرێت کە لە ئەم دووایییەدا خراوەتە ژێر تیشکی تێڕامانەوە، ئەویش ئەو کەسانەن کە لێکچوو و هاودەنگی کۆڵۆنیالیست و ڕەگەزپەرستی تورکن. وەک کاک "ئیردال ئینینیۆ[11]" ی سەرۆکی پارتی سۆشیالدیموکرات.

ئەم کەسانە دەستیان بە باسکردنی چەمکێک کردووە کە ناویان ناوە "پان – کوردیزم".

کاک "ئیردال ئینینیۆ" دەڵێت: ئێمە هیچ مەسەلەیەکی کورد ناخەینە پەیڕەو و پرۆگرامەکەمانەوە چونکە ئەگەر بێت و وا بکەین ئەوا دەبێت بە جوداخوازیی و لێکپچڕاندن. ئەو ڕەگەزپەرست و کۆڵۆنیالیست و سیاسەتکار و نووسەرە تورکانەی کە سەبارەت بە دابەشکردنی کوردستان لە لایەن هێزە کۆڵۆنییە ئەنگلۆ-فەڕەنسیەکانەوە هیچ شتێک نالێن، بەڵکو نەتەوەی کورد تاوانبار دەکەن کە لە هەوڵی بەگەڕخستنی بزووتنەوەیەکدایە.

دۆزینەوەی یەک لە دووای یەکی بیانووی "پان – کوردیزم" وانەیەکە لە یاد نەکرێت.

کۆیلەیەتیی ئەو کەسایەتییەیە کە ئەم جۆرە کەسانە بە باڵای کورددا دەیبڕن.

هەر لە بەر ئەوەش بوو ٧ ئەندامی پەڕلەمانی بە ڕەگەز کوردیان لە پارتی سۆشیالدیموکرات وەدەرنا، چونکە بەشداریان لە کۆنفەرانسێکدا کردبوو کە ناوی "کوردەکان: مافە مرۆڤایەتییەکان و پێناسەی کولتوریی" بوو و لە ١٩٨٩/١٠/١٤ لە پاریس گیرابوو.

[11] ئێردال ئینینیۆ Erdal İnönü کە چەند جارێک سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیران بووە و سەرۆکی پارتی سۆشیالدیموکراتی تورکیا SHP بوو، و کوڕی ئیسمەت ئینینیۆ دووەم سەرۆک کۆماری تورکیا بوو کە فاشیست و ڕەگەزپەرست بوو. ئێردال لە سەردەمی ئەجەویت دا ئۆپۆزیسیۆن بوو.

پێش ئەمەش پەرلەمێنتارێکی تری بە ڕەگەز کوردیان لە بەر ئەوە دەر کردبوو کە لە نوێنەرایەتیەکی هاوبەشی تورک و ئەوروپاییدا وتارێکی بە ناوی کوردەوە خوێندبووەوە.

ئاکاری پارتی سۆشیالدیموکرات (SHP) کە درێژبوونەوە و بەردەوامبوونی دروشمی ڕەگەزپەرستیی تورک و کۆڵۆنیالیزمی پارتی گەلی کۆماری (CHP) یە، بە هیچ شێوەیەک وەک کتوپڕییەک و سەرسوورمێنەرییەک نەبوو.

ئەم پارتە پێڕەو و پرۆگرامی خۆی لەگەڵ و بۆ خواست و ئارەزووەکانی جەماوەر دانەهێناوە، بەڵکو پرۆگرامەکەیان بە پێی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەت دارشتووە، بە پێی خواست و ئارەزووی بازنە ناسکەکان[12].

لە ڕاستییدا ئەمە دەق ئەو خاڵەیە کە دەیەوێت بڵێت: "نەک تەنها ٧ کەس، تەنانەت ئەگەر ٥٧ نوێنەر وەک ڕەزامەندییەک پارتەکە بەجێ بهێڵن، و تەنانەت ئەگەر پارتەکە تەنیا یەک دانە نوێنەریشی لە ئەو ناوچەیە بۆ نەمێنێتەوە، ئەوا دەرکردنیان لە پارتەکە زۆر پێویستە. ئەمە دۆزێکی نەتەوەییە".

بە کارهێنانی کورد خۆی بۆ پیادەکردنی ئەم جۆرە ڕەگەزپەرستیی و پرۆگرامە کۆڵۆنیالیانە، ڕازی بوونی هەندێک کورد لە بە ئەم ڕەگەزپەرستیی و کۆڵۆنیالیزمە بە دڵەوە "بە ڕاستیی" ئابڕوو چوونە، ئاکار و ڕەووشتی هەندێک نوێنەری پارتی سۆشیالدیموکرات کە وەک میوان لە سەرەتای مانگی ١٢ی ١٩٨٩ دا لە بروکسل بەشداربیان لە کۆنفەرانسی پارلەمانە ئەوروپیەکاندا کرد، نموونەیەکی موچڕک پیاهێنەرە. کۆنفەرانسەکە لە ژێر ناوی "لە ئەو ولاتەدا کە تیایدا دەژین کوردەکان پێویستە ئۆتۆنۆمیی بەڕێوەبەرایەتیی و کولتوریی خۆیان هەبێت" بڕیارێکی دەر کرد. وەفدەکەی پارتی سۆشیالدیموکرات (SHP) دژ بە ئەم بڕیارە وەستان و هەوڵیان دا بیکوژێننەوە. گوتیان: "ئێمە زۆر کامەرانین لە تورکیا و ئۆتۆنۆمیمان ناوێت".

پارلەمێنتارە ئەوروپییەکان زۆر بە نزمییەوە لە ئەم ئەندامانەی پارتی سۆشیالدیموکراتی تورکیان دەڕووانیی کە گوایا کوردن و کە دەیانگوت: "ئێمە ئۆتۆنۆمیش ناخوازین و دەمانەوێت وەک کۆیلە بمێنینەوە".

[12] "بازنە ناسکەکان" یان"سەرە بەهەستەکان" مەبەست لە ئەو جەنڕاڵە تورکانەن کە دڵخوازانە خۆیان کردووە بە دژ کورد و بە پارێزەری ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت.

ئەم کوردانە (هەر بە ڕاستی!) پشتگوێ نەخران و بەڵکو بە بەردەوامیی گوێ لە وانە وتنەوەکانیان گیرا کە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی و دیموکراسیی بوون لە تورکیا. (ڕۆژنامەی "جمهوریەت" ١٩٨٩/١٢/٦).

کاتێک پارتی سۆشیالدیموکرات وەفدی خۆی لە ئەو کەسانە دەنێرێت بۆ ئەو جۆرە کۆبوونەوە و جڤین و دیدارانە کە بە ڕەسەن کوردن، بریتیە لە سیاسەتێکی ورد و بەئاگا و حیساب بۆکراو، بریتیە لە بانگەوازێکی ناشیرینی کۆڵۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستیی تورکیی.

ئەم پارتە، ئەو کەسانە لە پارتەکە دەر دەکات کە دەڵێن "کوردەکان دەبێت ئۆتۆنۆمیان هەبێت و کە بەشدارین لە ئەو جۆرە کۆنفەرانسانەدا دەکەن کە شتی وایان تیادا دەگوترێت. کەچی لە ئەولاوە، ئەو جۆرە کەسانە بۆ ئەو جۆرە جڤینانە دەنێرێت کە تیایاندا گفتوگۆ لە سەر مەسەلەی کورد دەکرێت و کە دەڵێن "ئێمە ئۆتۆنۆمی ناخوازین! ئێمە دەمانەوێت لە ئەو 'پێکەوەلکاندنەدا' بمێنینەوە".

لە ئەوەش بترازێت، دەوڵەت دەیەوێت کە پارتی سۆشیالدیموکرات ئەو کار و ئەرکە بخاتە سەر شانی خۆی، بە تایبەتیی چونکە وەک سۆشیالدیموکرات خۆی ساخ دەکاتەوە.

دووانەنێکی بەرکوڵیی لە ئێرەدا لە سەر مەسەلەی ڕەگەزپەرستیی سوودبەخش دەبێت.

مرۆڤ نابێت ڕەگەزپەرستیەتیی لە ڕووانگای ناوچەی پشتگوێخراو و دووا‌کەوتووەوە، یاخود لە خوێندنگا و چێشتخانەی گشتیی و ... تاد سەیر بکات، هەروەک ئەمرۆ لە ئەمەریکا و لە خواروو‌ی ئەفەریقادا هەیە.

مۆدێلی ڕەگەزپەرستیی تورکیی بە ئەم شێوەیەیە:

دەوڵەتی تورکیا بۆ لەناوبردنی کورد پەنا بۆ تیرۆر دەبات، کولتوریی کورد و زمان و فەرهەنگی کورد لە کورد قەدەخە دەکات تا نکۆڵی لە بوونی حاشاهەڵنەگری زمان و نەتەوەکەی بکات و پێ دابگرێت کە هەموو کەسێک لە تورکیا ڕەچەڵەکی تورکە.

لە سەرانسەری جیهاندا هیچ جۆرە ڕەگەزپەرستییەکی لە ئەم جۆرە نییە.

ئەم جۆرە ڕەگەزپەرستییە زۆر ڕووخێنەرتر و وێرانکارترە، بۆ نموونە لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی خواروو‌ی ئەفەریقا.

ئەم شێوازە ڕەگەزپەرستییە بەشێک و پارچەیەکە لە ئەو سیاسەتە کۆڵۆنیالیستیە تورکیەی لە کوردستاندا پیادە دەکرێت.

پووکاندنەوەی کۆڵۆنییە نەریتییەکان و کوردستان

یەک جیاوازیی بە بایەختر لە نێوان کۆڵۆنیە نەریتیەکان و کوردستاندا هەیە. لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا کاتێک کە کۆڵۆنییەکان دروست کران، یان ڕاستتر بڵێین کە کەسایەتیی نوێی کۆڵۆنیی لە ژێر ناوی "هاوپەیمانیی نەتەوەکان[13]"دا پێناسێندرا ، مەبەست لە ئەوە نەبوو کە ئەم جۆرە پێکهاتنە نوێیە هەتاهەتایە بمێنێت. هێزە کۆڵۆنیالیەکان مەبەستیان ئەوە بوو بنکە بەڕێوەبەرایەتییە ئابووریی و سیاسییەکانی خۆیان توند بکەن و لە پاشاندا ددان بە ئەو کۆڵۆنیانەدا وەک دەوڵەتی سەربەخۆ بنێن و ئینجا بکشێنە دوواوە. گوایا لە ژێر ئەم پرۆسەیەشدا ئەرکی خۆیان لە بە "شارستانیکردنی" دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو ناوچانەدا بە جێ دەهێنن و لە پاش خۆیان دانیشتووانێکی بە "شارستانیی" بەجێ دەهێڵن.

بۆ نموونە، ئەو وڵاتانەی لە ئەفەریقادا کە سەربەستیی خۆیان بە خەباتی چەکداریی سەند هەر چەند دانەیەکن: سەربەخۆیی لە ئەفەریقادا هەمیشە لە ڕێگای کۆنفەرانسی کۆنستیتیوتیەوە بە دەست هێنراوە.

کەچی نەتەوەی کورد خرایە ناو دۆخێکەوە کە تیایدا مەبەست ئەوە بوو ژێردەستیەکەی هەتاهەتایی بێت. وا مەبەست بوو نەتەوەی کورد تا هەتایە بەشکراو و لەتکراو و پێچراوە و دوور لە یەک و لەیەکترازاو و بێ ناسنامە بمێنێتەوە.

لە ئەم ڕووانگایەوە کەسایەتیی و پلەی کوردستان لە کەسایەتیی و پلەی کۆڵۆنییەک زۆر نزمترە. کوردستان تەنانەت کۆڵۆنییش نییە.

نە نەتەوەی کورد خاوەنی کەسایەتیی و ناسنامەیە و نە کوردستان.

هۆیەکانی بەکۆڵۆنیکردنی کوردستان هەمان ئەو هۆیانە بوون کە لە پشت بەکۆڵۆنیکردنی کۆڵۆنییە نەریتییەکانەوە بوون. هەمان ئەو هۆیانە لە پشت بەکۆڵۆنیکردنی کوردستانیشەوە بوون.

بە هەر شێوەیەک، ئەو هۆیانە شتێک نین کە دۆزی کورد و کوردستان بپێناسێنێت. ئەوەی کە دۆزی کورد و کوردستان دەپێناسێنێت ئەو ڕاستییەیە کە کوردستان بە زۆر گیروگرفتی گرانتر و ئاڵۆزتر‌ەوە بە جێ هێڵرا.

با بڕووانینە سەدەن نۆزدەیەم.

---

[13] "هاوپەیمانیی نەتەوەکان/ یەکیەتیی نەتەوەکان/ عصبة الامم The League of Nations ". بریتیی بوو لە شێوەیەک لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩١٩ دا لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دامەزرێندرا و تا ساڵی ١٩٤٦ بەردەوام بوو.

هۆیە سەرەکیەکانی بەکۆڵۆنیکردن ئەمانەن: دەوڵەتە پیشەسازییەکان پێویستیان بە کەرەستەی خاو بوو، وەک پیترۆڵ، ئاسنی بەردین و کرۆم و لاستیک و ... تاد، ئەمانەش بە پلەی یەکەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای خواروو و ئەمەریکای لاتین بە ناوەند و خواروویەوە و ئەفەریقادا دەست دەکەوێت.

باش بێت یان خراپ، بوونی ئەم کەرەستە خاوانە دەبن بە مایەی سەرنج ڕاکێشان و شیرینکردنی ئەم ناوچانە، هەروەها لە هەمانکاتدا بازاڕێکیش بۆ ساخکردنەوەی ئەو شتومەکە بەرهەمهێنراوانەی کە بۆ دەوڵەتە ئەوروپاییە پیشەییەکان پێویستە. ئەو ناوچانەی لە کەرەستەی خاودا دەوڵەمەندن، هەروەها وەک بازاڕێکیش لێیان دەڕووانرا.

کێبڕکێی بە هێز لە نێوان ئەو دەوڵەتە پیشەسازییانەدا لە سەر چۆنیەتیی گەیشتن بە ئەم ناوچانە دروست بوو. دروشمی "ئەگەر من نەیگەمێ، یەکێکی تر دەیبات" لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا کرا بە قیبلە.

لە بەر ئەوە، ئەم دەوڵەتانە دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە سەر دۆزینەوەی ڕێگای بەستنەوەی باری ئابووریی ئەم ناوچانەوە بە ئابووریی خۆیانەوە کرد کە لە کورتترین ماوەدا بشێت بە ئەنجامی بگەیەنن.

ئینجا دەستیان بە ناردنی تەکنیککار و بەڕێوەبەر و مەشقکاری مامەڵە و بانگهێژانی مەسیحیی و هێزی ئاساییشیی و داپڵۆسێنەر و ... تاد کرد.

لە ئێرەدا هۆیەکی تر لە سەرهەڵدانی کۆڵۆنیالیزمدا دەرووازە لە سەر خۆی دەکاتەوە. پاراستنی خەڵکی خۆیان لە دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە، بڵێین لە "مرۆڤە گۆشتخۆر و درندەکان" و لە مرۆڤە پێستسوورەکان (؟) دەبێت بە ڕاستییەکی گومان لێنەکراو کە خۆی لە خۆیدا دەبێت بە هۆی زۆرترکردنی ژمارەی هێزی دڵنیایی و داپڵۆسێنەری دەوڵەتە پیشەییەکان.

لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە، هەندێک هۆی ستراتیژییش ڕۆڵێکی گەورەیان لە بەکۆڵۆنیکردنی ناوچەیەکدا هەیە، یاخود لە بەکێشکردنیاندا بۆ ژێر باڵی زاڵیەتیی خۆیان. بۆ نموونە، زۆر جێگای خۆیەتی لە ڕووانگای ئەم خاڵەوە لە پێوەندیی نێوان ئەمەریکا و ڤیەتنام بڕووانیین.

لە ئێرەدا دادۆشینی سامانە سروشتییەکان و بەکارهێنانی ناوچەکە وەک بازاڕێک مەبەستی سەرەکیی نییە، مەبەستی بنەڕەتیی ستراتیژییە.

ئەو هێزەی کە ڤیەتنام کۆنترۆڵ دەکات، هەڵی بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو ئاسیای خواروو بۆ دەڕەخسێت. لەکیسدانی کۆنترۆڵکردنی ڤیەتنام لە لایەن هێزێکەوە دەبێت بە مایەی لاوازکردنی دەسەڵات و باڵزاڵیەتیی ئەو هێزە لە هەموو ناوچەکەدا.

ئەم سیاسەتە لە فەرهەنگی سیاسیی دەرەوەی ئەمەریکادا بە "تیۆریی دۆمینە" ناسراوە.

ئەگەر شۆڕشگێڕەکان یان کۆمۆنیستەکان لە یەکێک لە ئەو وڵاتانەی ئاسیای خواروودا دەسەڵات بە دەستەوە بگرن ئەوا وڵاتەکانی تریش هەمان ڕێچکە دەبەستن و هەمان ڕێگا دەگرنە بەر.

بە ئەوەش سیاسەتی ئەمەریکا لە خواروووی ئاسیادا زیانی لێدەکەوێت.

ئەم خەسڵەتانە، هەروەها دەتوانرێت لە مەڕ بە کۆنترۆڵکردنی کوردستاندا لە بەر چاو بگیرێن.

"ئەگەر من بانگهێشتی خۆبەخاوەنزانینی چاڵە نەوتەکان، سەرچاوە ئاوەکان، مس، فۆسفات، خەڵووزی بەردین و سامانە سروشتییەکانی تری کوردستان نەکەم، ئەوا یەکێکی تر دەیکات"، ئەم هزرە، هەروەها هزری "من خەڵکی خۆم لە ئەم ناوچەیەدا دەپارێزم" لە پرۆسەی کۆڵۆنیالیزەکردنیدا ڕستەی بناخەیی خاڵی دەستپێکردنن. بەڵام ئەمانە ئەو تایبەتمەندییانە نین کە ئەمڕۆ دۆزی کوردستان دەپێناسێنن.

ئەوەی دۆزی کورد دەپێناسێنێت بریتییە لە مەسەلەی دابەشکردن، لەتکردن و ئینجا لوولدانی کوردستان.

ئەم کارە بەکۆڵۆنیکردن و پیادەکردنی هەنگاوی کۆڵۆنیالیستیانەیە لە لایەن چەند دەوڵەتێکەوە، هەروەها لەگەڵ چاوەڕووانیکردنیان لە سوودێکی ستراتیژیی لە ڕێگا و لە سەرئەنجامی ئەم کارەوە.

پیادەکردنی هەنگاوی کۆڵۆنیالیانە لە لایەن چەند دەوڵەتێکەوە لە جیاتی یەک دەوڵەت مەسەلەیەکە کە هەرگیز نابێت وەک مەسەلەی "ژمارە" تێی بڕووانرێت.

کاتێک کۆڵۆنیالیزم لە لایەن چوار دەوڵەتەوە پێک دێت، هەروەک لە کوردستان دروست بووە، ئەو کاتە ئەو هاوکێشەیە دەبێت بە گۆڕانی بناخەیی لە پێوەندییەکانی نێوان بەکۆڵۆنیکراو و کۆڵۆنیالەکاندا.

ئێمە لە ئێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو چەمکە لە ئەو ڕووانگایەوە ڕوون بکەینەوە: "وڵاتێک کە تەنانەت کۆڵۆنییش نییە" و "نەتەوەیەک کە تەنانەت بەکۆڵۆنیکراویش نییە". هەروەها زۆر پێویستە کە دۆزی "بە بولگاریکردن" لەگەڵ کرداری دابەشکردن و لەتکردن و ئینجا پێچانەوەی کوردستاندا تێکەڵاو نەکەین.

"بە بولگاریکردن" یش هەروەها شێوەیەکە لە سیاسەتی "پەرت بکە و زاڵ بە"، لە ئێرەدا دوو نەتەوە کراون بە دوژمنی یەکتر و کۆڵۆنیالەکان لە ڕووی سیاسییەوە ئەو ناوچەیەیان لەرزۆک کردووەکە ئەم نەتەوانە تیایدا دەژین. ئەم نەتەوانە کۆمەڵە خەڵکێکن کە تێکەڵاوی یەکتر بوون و لەگەڵ یەکتردا دەژین، دوژمنایەتیی لەگەڵ ئەم خەڵکانەدا دروست کراوە و بە تەواوەتییش قووڵ کراوەتەوە و خەڵکیان بەرامبەر بە یەک خراپ و دڵکڕێ کردووە.

لە ڕاستییدا ئەم کارە مانیفێستی مللانێی بەرژەوەندیی زلهێزەکانە.

ئێمە لە مەسەلەی دابەشکردن و لەتکردن و لوولدانی کوردستاندا بە تەواوی پێچەوانەی ئەم کارە دەبینین.

ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەکۆڵۆنیی کردووە پێویستە لە سەریان هاریکاریی یەکتر بکەن تا بتوانن دۆخەکە بە ئەو شێوەیە بهێڵنەوە کە لە قازانجیان دایە.

کاتێک لە نێوان هێزێکی نەتەوەیی کوردیی و یەکێک لە ئەم دەوڵەتە کۆڵۆنیالیانەدا ململانێ پەیدا دەبێت ئەوا ناسەقامگیریی پەیدا دەبێت.

ئەوەی ڕوو دەدات ناسەقامگیرییە، ئیدی گرنگ نییە دەوڵەتە کۆڵۆنیالەکان چۆن بیر دەکەنەوە و چی ناو دەنێن.

بەرەی کۆڵۆنیالیی بۆ دابەشکردنی کوردستان ١٩١٥ – ١٩٢٥

سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە، بێگومان سیاسەتی دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستەکانە، بەڵام ئەوەی لە یەکەم چارەکی سەدەی بیستەمدا دابەش کرا کوردستان بوو، نەتەوەی کورد بوو کە لوول درا و پێچرایەوە.

یەکێک لە هەرە ڕووە بنەڕەتییەکانی ڕێککەوتننامەی لۆزان (١٩٢٣) برتییە لە ڕێککەوتن لە سەر دابەشکردنی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان. لە بەر ئەوە ڕێککەوتننامەکەی لۆزان دوو مانای بە تەواوی لێک جودا بۆ کورد و تورک دەگەیەنێت.

بۆ تورکەکان ئەو ڕێککەوتننامەیە مانای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە. بریتییە لە گەرانتی و زامنی ددان پێدانانی کۆمەڵی نێونەتەوەیی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی تورکییدا.

لە لایەکی ترەوە، ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ کوردەکان مانای پێکەوەلکاندنە، مانای بە دامودەستگاکردنی و کۆیلەیەتی و بەکۆڵۆنیکردنە. ئەم ڕێککەوتننامەیە بریتییە لە دامەزراندنی سیستەمێکی کۆڵۆنیالیستی نێودەوڵەتی.

بە تێڕووانین بە تەنها لە ڕووانگا و دیدی خەباتی چینایەتییەوە و پشتگوێخستنی ویست و خواست و ئارەزوومەندیەتی گرووپی ئەتنیکی هەموو کاتێک وەڵامە پێویستەکان ناخاتە بەردەست.

لێڕووانین لە مێژوو، لە ڕووانگای ویست و خواست و ئارەزوومەندیەتی گرووپە نەتەوەییەکانیشەوە، هەروەها زۆر پێویست دەبێت.

بۆ نموونە: تورکەکان و یۆنانیەکان، هەردووکیان بە شێوەیەکی تەواو جیاواز لە جەنگی تورک – یۆنان دەڕوانن. تورکەکان و عەرەبەکان، هەر یەکەی بە شێوەیەکی جیاواز لە ئیمپراتۆریی عوسمانیی دەدوێن.

هەروەها دەشزانرێت کە بۆچوونی تورکەکان و ئەرمەنییەکان هەردووک لێک جیاوازن.

هەر بە هەمان شێوە، مێژوونووسە بولگاریی و ڕۆمانییەکان، لەگەڵ مێژوونووسە تورکەکاندا هەر یەکە و لە ژێر تیشکێکی تایبەتییدا ئیمپراتۆریی عوسمانیی دەبینن.

هەروەها ڕاستییەکی ئاشکرایە کە ئێرانییەکان و عەرەبەکان لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی جیاوازیان سەبارەت بە جەنگی عێراق-ئێران هەیە.

لەبەرئەوە کوردەکان خۆیان دەبێت لە مێژووی خۆیان بکۆڵنەوە و بتوێژنەوە و لێکی بدەنەوە.

مێژووی کوردەکان ناکرێت و ناشێت لە لایەن زانکۆ تورکیەکان و ڕۆژنامە تورکیەکان و دەستگا فێرکردنە دەوڵەتییەکان و ڕووناکبیرانی تورکەوە بنووسرێتەوە.

زانکۆ تورکیەکان و نووسەرە تورکەکان تەنها دەتوانن لە پێناوی هێشتنەوەی کۆڵۆنیالیزم و بە یاساکردندا بنووسن، هەر وەک چۆن بە درێژایی مێژوو کردویانە و کوردەکانیان بە تورک لە قەڵەم داوە.

با مۆڵەت بدەین و لە خاڵی ڕووانگای گرووپە نەتەوەییەکانەوە بە بایەخیەتی تێڕوانین لە ڕووداوە مێژووییەکان بخەینە بەر دەست.

کاتێک بە هێمنی و وردییەوە تێی دەڕوانرێت، ئەو ڕاستیە دەبینرێت کە هەر لایە و بە شێوەیەک مێژوو و ڕووداوەکان هەڵ دەسەنگێنێت.

بۆ نموونە؛ تورکە مارکسیەکان کە لە سەر ئەوە پێ دادەگرن گوایا لە ڕووانگای چینایەتییەوە لە ڕووداوەکان دەڕوانن، لە ڕاستییدا وەک "مارکسیی تورکی" لێی دەڕوانن. لە ئەوەش بترازێت، پێداویستی تێڕوانین لە ڕووداوەکان لە ڕووانگایەکی چینایەتییەوە نابێت ببێت (یاخود بکرێت بە) سڕینەوە و پشتگوێخستنی پێداویستی تێڕوانین لە ڕووانگای ناسنامەی نەتەوەیی کوردەوە.

پێویستە ئەمانەش سەبارە بە سیاسەتی پەرت بە و زال بە بگوترێت، بوون بە نێچیرێی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە گەورەترین نەگبەتیی و تووشییە کە بە سەر گەلێکدا بێت، چونکە سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە مێشکی نەتەوە تێک دەدات و کەللەی سەری تێک دەشکێنێت.
نەتەوەیەک کە بەر لێشاوێکی وا گەورەوگران دەکەوێت هەر وا بە ئاسانیی جڵەوی کۆنترۆڵی ناکەوێتەوە ناو دەست.
نەتەوەی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەدا تووشی نەگبەتیەکی وا بوو.
لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەم نەهاتییە زۆر گەورەتر و ماڵوێرانکارتر بوو.
ئەوە حەفتا (٧٠) ساڵە کوردەکان لە ئەو هەڵپەیەدان بە سەر ئەو زیانانەدا زاڵ بن کە سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە پێی گەیاندوون. کوردەکان بە بەردەوامیی هەوڵ دەدەن کە هێزە دیموکراتیەکانی جیهان لە ناڕەواییەتی ئەم سیاسەتە ئاگادار بکەنەوە، هەروەها لە بناخەی دۆزی ئەرمەنییشدا هەمان دابەشکردن و لوولدان هەیە.

ئەرمەنییەکانیش هەروەها نەتەوەیەکن کە یەکەم جار لە نێوان ئیمپراتۆری ئێرانیی و عوسمانییدا بەش کران و دووایش لە نێوان ڕووسیای قەیسەریی و ئیمپراتۆری ئێرانییدا دووبارە ئێخسیر کرانەوە.

بە هەر شێوەیەک، لە نێوان جەنگی تورک-یۆنان هەروەها تورک-ئەرمەنیی دا لە ساڵانی ١٩٢٠ دا کێشەی کەمالیستەکان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا لە ڕاستییدا لە سەر زەوتکردنی پارچەیەکی گەورەتری کوردستان بوو.
ئەو کێشەیە کێشەیەکی کۆڵۆنیالیی بوو.
ئەو کێشەیە لە مەڕ بە تورککۆڵۆنیکردنی کوردستانەوە بوو.
کێشەی کەمالیستەکان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا هیچ ناوەڕۆکێکی دژ-کۆڵۆنیالیستیی و دژ-ئیمپریالیستیی نەبوو.
چی لە نەگبەتیی و نەهامەتییەک بۆ نەتەوەیەک گەورەتر لە ئەوە زیاتر کە ببێت بە نیشانەخۆشەی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە؟!

ڕەنگە بوومەلەرزەیەکی بەهێز کە ببێت بە هۆی کوشتنی ٢٠ تا ٣٠ میلیۆن مرۆڤ ڕوو بدات، ڕەنگە خەڵک لە ژێر کارتێکردنی هێزێکی دەرەکیی فیزیکیدا، هەر وەک لە ناوەند و لە خواروویی ئەمەریکا لە سەرەتای سەدەی ١٦ دا، یاخود لە ئەمەریکای سەروو لە سەدەی ١٨ و ١٩ ڕووی دا، لە ناودا بچن و ون بن.

کۆڵۆنیالیستە پورتوگالیی و ئیسپانییەکان و ئەوروپاییەکانی تر بە ئەو هەموو هێزە بارووتییەی لەگەڵ خۆیاندا بردبوویان بە ئەو ناوچانە گەیشتن، هیندیە ئەمەریکاییەکانیان لە ناو برد. هەروەها خەڵکی ئازتێک و ئینکا و مایا و شارستانیەکانیان لە ناو بردن، بێگومان گەیشتنی ئەم کۆڵۆنیالیستانە بۆ ئەم ناوچانە "گەورەترین" نەگبەتیی و نەهامەتیی بوون کە ئەو خەڵکانە تا ئەو کاتە تووشی هاتبن.

بەڵام بوون بە نێچیری سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە هەروەها بە لایەنی کەمەوە هەمان ئاکامی ماڵوێرانکار و خاپوورکردن لە خۆ دەگرێت.

لە مێژووی کوردستاندا خاڵی بادانەوەی زۆر گرینگ هەن، زۆر پێویستە توێژینەوە لە سەر پێوەندییەکانی نێوان گۆڕی-ئاشووریەکان و میدیا-فارسەکان بکرێت. مێژووی تۆمارکراوی گۆڕیەکان هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ٣١٠٠ ساڵ پێش زایین. گۆڕییەکان یەکێکن لە هەرە دانیشتووانی ڕەسەنی میسۆپۆتامیا.

ئاشووریەکان وڵاتی کوردەکانیان داگیر کرد. ئەم ڕووداوە لە سەر تابلۆیەکی قوڕین نووسراوە: "وڵاتی گۆڕییەکان کە لە نێوان سنووری ئارارات و هاراندایە بە خوێن سوور کراوە". ئەمە ڕووداوێکی شایان باسە.

لە دەوروبەری ٦٠٠ پێش زایینداا میدییەکان کۆتاییان بە داگیرکارییەکانی ئاشووریەکان هێنا.

سەدەی ٧ خاڵێکی بادانەوەی بە بایەخە لە مێژووی نەتەوەی کورددا، ئەمەش ئەو خاڵەیە کە کوردەکان بە موسڵمان کران. وەک دەزانرێت، کوردەکان لە دەوروبەری ٦٤٠ ی زایینی لە سەردەمی خەلیفە عومەردا بە گژ لەشکری موسڵمانەکاندا چوونەتەوە. ئەوەیش دەزانرێت کە ئەم بە گژداچوونەوەیە خوێناوی بووە.

لە بەر ئەوە دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون بکرێنەوە و لێک بدرێنەوە:

ئایا کوردەکان تا سەدەی حەوتەم چ جۆرە ڕێکخستنێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیان پیادە کردووە؟ ئایا باری ئابووریی ژیانیان چۆن بووە؟ چییان چاندووە و چییان دریوەتەوە؟ چۆن چاندوویانە و چۆن دریویانەتەوە؟ چ جۆرە هێزێکی بەرهەمهێنان و تەکنیکیان هەبووە؟ ئایا پێش ئەوەی بە ئیسلام بکرێن چ جۆرە ئایینێکیان پێڕەو کردووە؟ ئایا پێش ئەوەی بە موسڵمان بکرێن چ جۆرە دامودەستگایەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیان هەبووە؟ داخۆ ئیسلام چۆن ئەو دامودەستگایانەی گۆڕیوە؟

هەموو ئەمانە بابەتی زۆر گرینگن کە دەبێت توێژینەوەیان لە سەر بکردرێت.

سەدەی پازدەش لە مێژووی کوردستاندا هەروەها خاڵی بادانەوەیە، چونکە لە نیوەی دووەمی سەدەی پانزدەوە کوردەکان لەگەڵ تورکە ئۆغوزەکان دا کە لە ناوەندی ئاسیاوە هاتبوون کەوتوونەتە ململانێ.

لێتوێژینەوە لە چۆنیەتیی سەرهەڵدان و یەک کاڵابوونەوەی ئەم ململانێیە زۆر گرینگە.

ئایا تا سەرهەڵدانی ئەم ململانێیە کوردەکان چ جۆرە دامودەستگایەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتییان هەبوو؟ ژیانی ئایینیان چۆن بوو؟ ململانێکەیان لەگەڵ تورکەکاندا چۆن ئەم شێوازی ژیانەیانی گۆڕی؟ و ... تاد.

سەدەی ١٣ و ١٤ لە مێژووی کوردستاندا هەروەها دوو خاڵی بادانەوەی گرینگن. ئەم جارە کوردەکان لەگەڵ هێرشی مەغۆل و تەیموورلەنگەکاندا یەکانگیر بوونەوە. هەروەها لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم ڕووداوە و سەرئەنجامەکایان لە سەر نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان جێی بایەخە.

ئەو ڕووداوانەش کە لە یەکەم جارەکی سەدەی شانزەدا ڕوویان دا ، سەبارەت بە مێژووی کورد گرینگن. ئەم کاتە بریتییە لە ئەو سەردەمەی کە بەشێکی گەورەی کوردستان بوو بە پارچەیەک لە ئیمپراتۆری عوسمانیی.

لە کۆتایی ساڵی ١٥١٤ دا لە شەڕی چاڵدێرانی نێوان ئیمپراتۆری عوسمانیی و ئێرانییەکاندا ژمارەیەکی گەورە لە کوردەکان هاوڕا لەگەڵ ڕووانگا و کردارەکانی "ئیدریسی بەتلیسی[14]" دا، ددانیان بە سەربەخۆیی و دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانییدا نا کە "یاڤوز" ی خوێنڕێژ بوو.

سەدەی ١٧ یش لە مێژووی کوردەکاندا هەروەها خاڵێکی بادانەوەی گرینگە، چونکە لە نیوەی سەدەی ١٧ دا کوردستان لە لایەن ئیمپراتۆری عوسمانیی و فارسییەوە بەش کرا.

لە پاش ئەمەوە دابەشکردنی کوردستان قوونڵتر بووەتەوە.

ئایا هۆیەکانی ئەم دابەشکردنە چی بوون؟ ئایا ئەو کەسانە کێ بوون کە بە دەستپێکردن و پیادەکردنی ئەم دابەشکردنە هەستان؟ ئایا دابەشکردن و لوولدانەکە چۆن هاتە کایەوە؟ ئایا ئەم دابەشکردن و لەتکردن و لوولدانە بە چ شێوەیەک سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانیی و فارسیی دەپێناسێنێت؟ ئایا خاڵە لاوازەکانی نەتەوەی کورد کامانەن؟

ئایا لە پیادەکردنی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە دا دوژمنانی کورد سوودیان لە چ خاڵێکی لاوازی کورد وەرگرتووە و ... تاد؟

[14] ئیدریسی بەدلیسی، ئیدریسی کوڕی مەولانا شێخ حوسامەدین عەلی بەدلیسییە و چەندین پلە و پۆستی لە سەردەمی عوسمانییدا هەبووە، لە ئەوانە وەکو ڕاوێژکاری سوڵتان. خەڵکی شاری بەدلیس بووە. لە تورکییدا لە زۆر حاڵەتدا پیێ د دەکرێت بە ت، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە "بەتلیس" یشێ پێ دەگوترێت.
وەرگێڕە ئینگلیزیەکە ئیدریسی بەدلیسی لێ بووە بە شەرەفخان کوڕی شەمسەدین کە شازادەیەکی کورد و نووسەری کتێبی "شەرەفنامە"یە کە لە سەر مێژووی میرنشینەکوردیەکانە لە سەرەتای سەدەی ١٥ دا. شەرەفخان یش هەر خەڵکی شاری بەدلیس بە، شەرەفخانی بەدلیسی. ڕەنگە هۆی تێکەڵ کردنەکە ئەوە بێت. مێژووی نێوانیان نزیکەی سەد ساڵ دەبێت، شەرەفخان سەد ساڵێک دوای ئیدریسی بەدلیسی ژیاوە.

لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا دەبینین ئەو پارچەیەی کوردستانی ژێر چینگی ئێرانیەکان، بووە بە دوو بەش. ئەویش لە ئاکامی ئەو جەنگانەی کە لە نێوان ڕووسەکان و ئێرانیەکاندا ڕوویان داوە. دەبینین کە پارچەیەکی گەورە لە خاکی باکووری خۆرئاوای کوردستان بە ئیمپراتۆری ڕووسیاوە لکێندراوە.

لە سەرتاسەری سەدەی نۆزدەدا ململانێی نێوان کوردەکان و ئیمپراتۆری عوسمانیی جمەی هاتووە. لە ڕووانگای ئەم خاڵەوە ئەو شتانەش کە لە ئەم سەردەمەدا ڕوویان داوە لە مێژووی کوردستاندا گرینگن.

هەرچەندە ئەو خاڵی بادانەوانەی بە کورتیی لێیان دووابن زۆر گرینگن، بەڵام لە ڕاستییدا ئەو ڕووداوانەی کە ئەم دۆخ و ڕەوشەی ئێستایان لە کوردستاندا فۆرماندووە لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ڕوویان دا.

کە ئەمڕۆ کێشەی کورد هەیە یاخود ئەگەر کێشەی کورد بۆ سەردەمی ئێمە درێژەی کێشا بێت ئەوا ئەو ڕووداوانەی بەرامبەر ئەم دۆزە لێپرسراون کاتی ڕووداوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵانی ١٩١٥ – ١٩٢٥.

ئەم کاتە ئەو کاتەیە کە هەڵپەی کۆڵۆنیالیەکانی لە پێناوی دابەشکردنی کوردستاندا تیادا دەستی پێ کرد و هەروەها دابەشکردنەکان سەریان گرت.

دەگوترێت ئاشکرا نییە، داخۆ کوردەکان خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوون یان نا. ئەوەش ئەو گوتەیەیە کە دەیڵێت: "کوردەکان ئەو کاتە دەوڵەتێکی کوردییان نەبوو" یاخود "کوردەکان هەرگیز خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبوون".

ئێمە دەزانین لە ساڵی ١٨٨٥ دا کیشوەری ئەفەریقا لە لایەن هێزە کۆڵۆنیالیستە خۆرئاواییەکانەوە پێچرایەوە و کۆڵۆنیالیزم وەک داموودەستگا ڕەگی داکوتا، بەڵام ئەم داگیرکارییە وا نەکەوتەوە و بە ئەو شێوەیە ساخ نەبووەوە کە لە ڕێگای بوون و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا لە ئەفەریقا ببن کۆسپ.

کۆڵۆنیالیزم بە سەر کۆمەڵێک کۆمەڵگای نەریتییدا داسەپێنرا کە بە قۆناخی دروستکردن و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی نەگەیشتبوون. سنوورەکان بە خەتکێش کێشران. تەنانەت دووا کیلۆمەتری چوارگۆشەیی خاکی ئەفەریقا بەش کرا.

دەرخستنی ئەم پرسیارانە و گەڕان بە دووای وەڵامەکانیاندا دەبن بە ئەرک و لێپرسراویەتیی گەورە.

ئایا خاڵی لاوازی کوردەکان کوامانە بوون کە بە هۆیەوە لە یەکەم چارەکی سەدەی بیستەمدا ببن بە نیشانەخۆشەی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە ی وێرانکاریی کۆڵۆنیالیزم؟

کێ بە ئەم سیاسەتە هەستا؟ چۆن پیادە کرا؟ ئەو دەوڵەتانە کامانەن کە لە پیادەکردنی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بەدا لە کوردستان سوودیان وەرگرتووە؟

ئایا لە بەر چی بوو کە کوردستانیش هەر وەک عێراق و ئوردن و سووریا نە کرا بە دەوڵەتێکی کۆڵۆنیی؟

ئایا بۆچی بە پێچەوانەوە، کوردستان پێچرایەوە و لوول درا و لکێنرا بە دەوڵەتە کۆڵۆنییە تازە دروستکراوەکانەوە، وەک عێراق و سووریا لە لایەکەوە، و لە لایەکی تریشەوە بە دەوڵەتەکە کۆنەکانەوە وەک ئێران و تورکیا (تورکیا وەک بەردەوامبوونی دەوڵەتی عوسمانیی)؟

ئایا خاڵی لاوازی نەتەوەی کورد چی بوو کە ئاوا ببێت بە نێچیری سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە؟

با لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیست بڕووانین.

ئیمپراتۆری عوسمانیی لە سەر لێواری هەڵوەشاندنەوەدایە، نەتەوەکانی وەک عەرەب، ئەلبانیی، بولگار، ئەرمەن و کورد لە سەر ڕێگای مافی خۆنووسین و سەربەخۆبیدان. هێزە کۆڵۆنیالە ئەنگلۆ-فەڕەنسییەکان بەرژەوەندیی زۆر گەورەیان لە ناوچەکەدا هەیە. ئەڵمان و ئیتاڵیەکانیش بۆ هەل و دەرفەتی نوێ دەگەڕێن. ڕووسیای قەیسەر بەرژەوەندییەکی گەورەی لە ئەو ململانێیانەدا هەیە.

لە گەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دا جیهان بە شێوەیەکی توند گۆڕا. لە ئێرەوە دەبێت لە ڕووانگای تەرازووی هێزەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە جیهانی دەرەوەیدا لە دۆزی کورد بڕووانرێت.

ئایا لە کاتی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانییدا دۆزی کورد لە ناوەڕاست و لە ناو پێوەندیی عەرەب و یۆنانیی و ئەرمەنیی و جوولەکە و بولگاردا، لەگەڵ کۆڵۆنیالیزمی ئینگلیز و فەڕەنسا و ئەڵمان و ئیتاڵیا، هەروەها قەیسەری ڕووس و شۆڕشی بەلشەڤیک و حیزبی ئیتیحاد و تەرەقی ئەنوەر پاشا، مستەفا کەمال و هێزی نەتەوەیی و پێکەوەلکاندندا لە چ دۆخێکدا بوو ... هتد؟

زۆر پێویستە هەتا بشێت بە وردەکاریی و فاکتی تەواوە لە هەموو ئەم پێوەندیانە بکۆڵرێتەوە و لێکبدرێنەوە. بە تەنها خوێندن و لێکۆڵینەوەی پێوەندیی هێزی نەتەوەیی لەگەڵ ئینگلیز یان فەڕەنسا یان بپلشەڤیکەکاندا بەس نییە. لە هەمانکاتدا زۆر پێویستە لە پێوەندیی نێوان بۆلشەڤیکەکان و سەرئەنجامی ئەم پێوەندیانەش بکۆڵینەوە.

لە تورکیا لە دۆکۆمێنتی ڕەسمییدا، لە ڕۆژنامەکاندا، لە لایەن نووسەرانەوە، لە کاری پارتە سیاسیەکاندا وشەی "کورد" بەکار ناهێنرێت.

لە جیاتی وشەی "کورد" هەمیشە وشەی "بوونی نامۆ" بەکاردەهێنرێت. ئەمەش دەتوانرێت وەک هەوڵدانێک بۆ چاوبەستنی خەڵک ببینرێت کە لە پیادەکردن و سەرئەنجامەکانی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە تێ نەگات کە لە سەر کورد پیادە کرا و لە کوردستاندا پێڕەو کراوە.

لە یەکەم چارەکی سەدەی بیستەمدا ئەوەی بەش کرا کوردستان بوو. ئەوەی لەت کرا و لوول درا نەتەوەی کورد بوو. ئەوانەی ئەم دابەشکردنەیان بە ئەنجام گەیاند بریتین لە هێزە کۆڵۆنیالە ئینگلیزیی و فەڕەنسییەکان، کەمالیستەکان، شای ئێران و ئەو عەرەبانەی کە هاوکاری هێزە هاوبەشە کۆڵۆنیالە ئەنگلۆ-فەڕەنسیەکانیان دەکرد.

ئێمە لە سەرەوە باسی ئەوەمان کرد کە بەشی باکووری خۆرهەڵاتی کوردستان لە کۆتایی جەنگەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا بەر قیسەری ڕووسیا کەوت.

بانگهێژانی وەک: "ویستیان تورکیا دابەش و پارچە پارچە بکەن، ویستیان تورکەکان بکوژن و ناوی تورک لە مێژوودا بسڕنەوە، ویستیان نەتەوەی تورک بکەن بە کۆیلە، ویستیان نەتەوەی تورک کە چەندین سەدە سەربەخۆ بووە تووشی پێکەوەلکاندن بکەن" لە لایەن دەوڵەت و سەرۆک کۆمار و پارتە سیاسییەکانەوە لە ساڵرۆژە نەتەوەییەکاندا لە تورکیا تەنها بە ئەو مەبەستە دەگوترێن کە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە ی تیادا بشاردرێتەوە و حەشار بدرێت کە دژی گەلی کورد بە ئەنجام گەیەندرا.

ئەو پروپاگەندانە بە ئەو مەبەستە دەگوترێن ڕێگا لە خەڵک بگرن تا ڕاستیەکان نەزانن، تا ڕێگا لە مرۆڤی کورد بگرن کە ئەرکە تایبەتیی و گرینگ و بنەڕەتییەکان لە یاد بکەن و خۆیانی پێوە خەریک نەکەن.

ئەو دروشمەی کە بە بەردەوامیی دەگوترێتەوە "سەربەخۆیی و سیادەی دەوڵەت بە خاک و خەڵکی تیا ڕووا دا" هەر لە پێناوی هەمان مەبەست دایە. واتای ئەم دروشمە ئەوەیە کە دابەشکردن و لەتکردن و لوولدانی کوردستان هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت.

مەبەستی ئەو دروشمە هەمیشە دووپاتکراوەیە ئەمەیە: شاردنەوەی پیادەکردن و سەرئەنجامەکانی سیاسەتی "پەرت بکە و زاڵ بە و وێران بکە" لە کوردستاندا.

ئیمپراتۆری عوسمانیی لە کۆمەڵێک نەتەوەی جیاواز پێک هاتبوو، وەک تورک، عەرەب، یۆنان، ئەرمەن، کرواتیی، ڕۆمانیی، بولگاریی، کورد، چەرکەس و لاز و ... هتد. ئەم ئیمپراتۆرە وەک ئیمپراتۆرێکی کۆسمۆپۆلیتیی ناسرابوو.

ئایا کۆماری تورکیا کە بە لایەنی کەمەوە دووان لە ئەم نەتەوانەی لە خۆی گرتووە چۆن بووە بە پێکهاتەیەکی یەک توخم (هۆمۆژن)؟ بە چ شێوەیەک ئەوانە گەیشتوون بە ئەو سەرئەنجامەی کە "تورک + کورد = تورک؟"

ئایا کۆی "تورک + کورد هەر یەکسان نابێت بە "تورک + کورد "؟

لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، واتە پاش ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانیی و شەڕی تورک و یۆنان، تورک و ئەرمەن، تورک و کورد لە شەڕی کۆچگەرییدا و شەڕی کورد و ئینگلیز لە باشووری کوردستان، کوردستان لەت کرا و دابەش کرا و پێچرایەوە.

ئەو کاتە دەوڵەتەکانی وەک تورکیا، ئێران، ئینگلستان (عێراق)، فەرەنسا (سووریا) هەر یەکەی بوون بە خاوەنی کوردستانێکی خۆیان.
پێشتر ئەوەمان باس کرد کە هەندێک لە ئەم دەوڵەتانە خۆیان کۆڵۆنیی بوون، واتە ماندانی دەوڵەتێکی کۆڵۆنیال بوون.
بۆچی کوردستان بەش کرا و پێچرایەوە؟
بۆچی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە بە سەر کوردستاندا ئەنجام درا؟
ئایا پیادەکردنی ئەم جۆرە سیاسەتە چ جۆرە سەرئەنجامێکی لێ کەوتەوە؟
زۆر پێویستە ئەم ڕووداوە مێژوویانە لێک بدرێنەوە.
لە سەرەتادا باسم کرد مەبەستی من لە ئێرەدا ئەوەیە کە سەرنج بە لای هەندێک "لا" دا ڕابکێشم و هەندێک پرسیاریش قوت بکەمەوە.

چەقی ناوەڕۆکی دۆزی کورد:

دابەشکردن و لوولدان و بەشکردنی خاکی کوردستان و پیادەکردنی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە و وێران بکە، لە سەر نەتەوەی کورد پرۆسەیەکی تایبەتییە.

کوردستان لە دڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دایە. دابەشکردن و لوولدان و بەشکردنی وڵاتێک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووداوێکی پڕ مانایە.

لە ئێمە پەنهان نییە بۆچی کوردستان دابەش کرا و پارچەپارچە کرا و بەش کرا و سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە لە سەر نەتەوەی کورد پیادە کرا. کەم یان زۆر، ئێمە ئەو هۆیانە دەزانین کە بوون بە هۆی پیادەکردنی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە لە کوردستاندا، کە یەکێکیان سەرچاوەکانی نەوتە.

لە ئەم ڕووانگایەوە، سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە، کە لە سەر کۆڵۆنییە نەریتییەکان پیادە دەکرا، بە شێوەی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە و "وێران بکە" بە سەر کوردستاندا ئەنجام درا.

ئەو شتانەی کە لە ناو دەبردرێن و خراونەتە بەر پەلاماری بە "کۆمەڵ لەناوبردنەوە" بریتیین لە: ئەو بوونانەی کە بوون بە هۆکاری دروستبوون و مانەوەی نەتەوەی کورد، واتا مافی هەبوونی کۆمەڵگایەکی کوردیی، ناسنامەی کورد و کوردستان، ناسنامە و بەها نەتەوەییەکانی کورد.

سەرەڕای هەموو تیرۆرە دەوڵەتیەکان و سیاسەتی فشاربردنەسەردا، ئەگەر کوردەکان هێشتا هەر دەستەمۆ نەکرێن و بە کۆیلە نەکرێن و بەردەوامیی بە داوا کارییە نەتەوەییەکانیان بدەن، ئەوا دەوڵەتەکان دەست بۆ بەر لەناوبردنی فیزیکیی و بنبڕکردنی خەڵکەکە دەبەن. ئەو کەسانەی لە پێناوی ئەو مافانەدا خەبات دەکەن هەموو بە کۆمەڵێک شێواز و کرداری هەمەچەشنە و تیرۆری دەوڵەتیی لە ناو دەبردرێن.

هەرچەندە سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە سیاسەتی کۆڵۆنیالەکانە، بەڵام سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە و "وێران بکە" سیاسەتی کۆڵۆنیالەکان نییە، بەڵکو سیاسەتی دەوڵەتە هاوپەیمانە ناوخۆییەکانە کە کوردستانیان دابەش کردووە.

کۆڵۆنیالیستەکان خەڵک و کولتوری ئەو خاکە تەفروتونا ناکەن کە داگیریان کردوون.

ئەگەر کۆڵۆنیالیستەکان لە هەڵپە و دۆزینەوەی کەرەستەی خاو و بازاڕی نوێدا بۆ ساخکردنەوەی شتومەکەکانیان هانی پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی کولتور و نەریت و خوی ناوخۆیی نەدەن، ئەوا لە ناویشیان نابەن، تەنها پشتگوێی دەخەن.

لە ئەمەش بترازێت، مرۆڤ دەوێرێت ئەوەیش بڵێت: کە کۆڵۆنیالیستەکان لە هەندێک بواردا خزمەتی باشیشیان کردووە. بۆ نموونە، ئینگلیزەکان خوێندنگایان بۆ کوردەکان دەکردەوە و زمانی خوێندن تیایاندا بە کوردیی بوو. فەرەنسیەکان لە سووریادا دژی بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنی کوردیی نەبوون و لە بەردەم ڕێگای هەوڵ و کۆششدا بۆ پێشخستن و گەشەی کولتور و کەلەپوری کوردیی نەدەبوون بە کۆسپ.

لە لایەکی تریشەوە، هەڵپەکردن بە دووای بنبڕکردنی گەلێک لە ڕێگای بەکارهێنانی گازی کیمیاویی و بایۆلۆژییەوە، هەروەها سیاسەتی کۆڵۆنیالیستەکان نییە، بەڵکو سیاسەتی هاوپەیمانە ناوخۆییەکانە.

لە کۆمەڵگای مێژووپی تورکییدا، ساڵی ١٩٣٠ مستەفا کەمال بۆچوونی خۆی لە سەر دۆزی خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەی گەلانی بەڵکان دەبێژێت کە دژی ئیمپراتۆری عوسمانیی بوون و دەپرسێت: "ئایا بۆچی ئێمە وڵاتەکانی بەڵکانمان لە کیس چوو؟". خۆی وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە و ئاوا بە ئەم شێوەیە تیشک دەخاتە سەر باسەکە و دەڵێت: چونکە وڵاتانی بەڵکان داموودەستگای لێکۆڵینەوەی سلاڤییان دامەزراند. ئەم وڵاتانە لێتوێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بە بایەخیان لە سەر زمان و کولتور و وێژە و مێژووی خۆیان دەکرد.

مستەفا کەمال لە دووایيدا دەڵێت: "ئەم لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوە بە بایەخ و پڕ وردەکارییانە لە ئاکامدا بوون بە هۆکاری بەئاگاهێنانەوەی خەڵکەکە و زیادکردنی هەستی نەتەوایەتییان و لە سەرئەنجامیشدا ئەمانە بوون بە مایەی بە گژداهاتنەوە و یاخیبوونیان دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانیی[15]".

زۆر پێویستە لە سەرخۆ پاچەکۆڵە لە سەر بیروبۆچوونی مستەفا کەمال سەبارەت بە زمان و کولتور و هۆشیاربوونەوەی نەتەوەیی و ... تاد بکرێت. هەروەها پێویستە لە سەر ئەو ڕووانگا و بۆچوونانەی سەرەوەیشی لێکۆڵینەوە بکرێت.

سەبارەت بە ئەو ڕووانگا و بۆچوونانەی سەرەوە، مرۆڤ دەتوانێت بە دوو سەرئەنجام بگات: یەکەمیان سەبارەت بە ئەو مرۆڤانەن کە نایانەوێت لە پێکەوەلکاندنی زۆرەملێدا بژین و دەخوزان سەربەخۆ و سەربەست و وێژدان ئازاد بژین و لەگەڵ مرۆڤی تردا هاوماف بن. ئەم جۆرە مرۆڤانە دەبێت لە سەر خاوەندارییەتیی خۆیان سەبارەت بە مێژوو و زمان و کولتور و وێژە و هونەری گەلەکەیان پێ دابگرن.

مستەفا کەمال پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا ئەم پرۆسەیەی بۆ نەتەوەی تورک ڕەخساند. ئەلفوبێی نوێی تورکیی بە دروستکردن درا، ڕێکخراوی لێتوێژینەوەش، وەک "کۆمەڵەی مێژووی تورکیی" و "کۆمەڵەی زمانی تورکیی" دامەزرێندران.

خوێندنگا و داموودەستگا و ناوەندی جۆراوجۆر لە زانکۆ تورکیەکاندا بۆ لێکۆڵینەوە و بۆ خوێندنی زمان و کولتور و مێژوو و وێژە و هونەری تورک خرانە کار. نەوەی نوێی ئەو کاتە بە ئەم جۆرە سیاسەت و گۆشکردنە کولتوورییە بە خێو کرا.

بە یارمەتیی سەرچاوە دەوڵەتییەکان بۆ بەرفراوانکردنی خوێندنەکان و لێکۆڵینەوە لە ئەم بوارانەدا خوێندکاران ڕەوانەی دەرەوە کران. ڕێباز و پرۆگرام خرانە بەردەست ڕاگەیاندنی تورک و بەڕێوەبەرایەتییەکان. هەروەها دەشێت سەرئەنجامی تریش لە ئەم وتارە و لە وتارە لێکچووەکانی تر هەڵ بهێنجێندرێت. ئەویش

[15] سەرچاوە: Utan Kocatuk, The Thoughts and Views of Atatürk, Turhan Publishing House, Ankara 1984, P. 149

ئەوەیە: ئەگەر دەتەوێت خەڵک بە دەستەمۆیی بهێڵیتەوە، ئەگەر دەتەوێت خەڵک لە پێکەوەلکاندنێکدا بە بێ ناسنامە بهێڵیتەوە، ئەگەر دەتەوێت کۆڵۆنیالیزم بە بەردەوامیی لە ناوچەکەدا ڕۆژی خۆی بێت و گەمەی بێت، ئەگەر ئەمانە بە لای تۆوە بابەتە سەرەکیی و گرینگەکانن ئەوا پێویستە ئەو نەتەوەیە بێ ئەلفوبێ بکەیت. ئەو کاتە زمان و کولتور و کەلەپوری ئەو خەڵکە، ئەو نەتەوەیە دەپێچیتەوە.

پێویستە پەنا بۆ هەر جۆرە شێوازێک بۆ ڕێگاگرتن لە زمان و کولتوری ئەو نەتەوەیە ببردرێت. بە کورتیەکەی نابێت بهێڵیت ئەو نەتەوەیە ئاگا و هۆشمەندیی نەتەوایەتیی بە بەر خۆیدا بێتەوە، چونکە ئەگەر ئاگای نەتەوەیی لای خۆی بێت ئەوا دەشخوازێت ژیانی ئازادیی خۆی هەبێت، ڕادەوەستێت و بە گژدا دێتەوە.

چونکە ئەو نەتەوەیەی لە پێچراوەیی و لە تابوویی زمانەکەی خۆی بێ ئاگایە نەتەوەیەکی دەستەمۆیە، بەنج و کۆیلەیە. کاتێک ئەم جۆرە خەڵکە دانیشتووانی ووڵاتێک بن ئەوا هەموو جۆرە دادۆشین و چەوساندنەوەیەکی ئابووریی و سیاسیی دەکرێت و دەلوێت.

کاتێک لە نزیکەوە لە ڕەهەندە گیانییەکانی[16] پێچانەوە و قەدەخەکردنی زمانێک دەڕووانین، دەتوانین بڵێین کە قەدەخەکردنی زمانی مرۆڤێک وەک بڕینی زمانی ئەو مرۆڤە وایە. قەدەخەکردنی زمان دەبێت بە هۆی لێکپچڕاندنی تەواویەتیی و یەکایەتیی گیانیی و کۆمەڵییان، هەروەها فیزیکیشیان.

ئەم نەتەوەیە دەبێت بە کۆمەڵێک مرۆڤی ناساخ، نەخۆش، لاواز و بێ بایەخ. دەبێت بە مرۆڤێکی جیاواز کە نزم لە خۆی دەڕووانێت و پیاوانی دەوڵەت بە بوونێکی یەکجار مەزن دێنە بەر چاوی.

ئەو کۆمەڵگایانەی ئەم جۆرە مرۆڤانە دای دەمەزرێنن و پێکی دەهێنن ناساخ و لاوازن. خستنەژێر و لێغاوکردنی ئەم کۆمەڵگایانە زۆر ئاسانە.

لە ڕێگای فشار و هەڕەشە و لێدانەوە بە ئاسانیی دەکرێت ئەم کۆمەڵگایانە هەموو جۆرە کارێکیان پێ ئەنجام بدرێت.

بە هەوڵدانێکی کەم، دەتوانێت ئەم خەڵکانە بە هەموو شێوەیەک ئاراستە و کەناڵ بکرێن.

تەنها ڕێگا بۆ دووبارە ژیانەوەی ئەم کۆمەڵگایانە بەئاگاهاتنەوە و هەستکردنیانە بە بوونی ئەو قەدەغەکاریانەی وا لە سەریانە و ئینجا دەستپێکردنیانە بە "لێکۆڵینەوە" لە ناسنامەی خۆیان.

[16] ڕەهەندی گیانیی Spiritual Deminision، ئەوەی پێوەندیی بە مەبەستی ژیان، بەها بنچینەییەکان و باوەڕ و ناسنامە و دونیابینییەوە بێت.

ئەوەی کە لە هەموو شتێک زیاتر سیستەمی کۆڵۆنیالیزم ڕادەتەکێنێت، قووڵبوونەوە و تەشەنەسەندنی ئەو "لێکۆڵینەوە" یەیە.

لەبەر ئەوە زۆر پێویستە لە ئەم ڕووانگایە و چوارچێوە سیاسییەوە قەدەغەکردن و دەست بەسەرداگرتنی بەکارهێنانی زمان و کولتوری کوردیی هەڵ بسەنگێندرێت، هەروەها هەڵ سەنگاندنی کۆسپی سەرەڕێی خوێندن و لێکۆڵینەوەی زمان و کولتور و وێژە و مێژووی کورد. دەبێت هەموو شتێک لە لایەن دەوڵەتەوە لە پێناوی ئەوەدا بکرێت کە کوردەکان هۆشی نەتەوەییان بە بەرخۆیاندا نەیەتەوە. دەبێت هەموو ئامراز و شێوازێکی ڕێگر بخرێتە کار، دەبێت هەموو دەروازەیەک تاق بکرێتەوە. نابێت ڕێگا بە بوونی هیچ شوێنپێیەکی زمانی کوردیی، وێژە، کولتور، مێژوو و شێوازی ژیانی کورد بدرێت کە هەناسەی ژیانی تیادا بێت.

سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە، بێگومان سیاسەتی کۆڵۆنیالییە و سوود بە کۆڵۆنیال دەگەیەنێت. سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە باشترین دۆخی لە بار بۆ بەکۆڵۆنیکردن دەڕەخسێنێت. کوردستان لە ناو جەرگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دابەش کرا و پارچەپارچە کرا و بەش کرا. لە بەر ئەم مەبەستە دەسەڵاتدارانی تورک و عەرەب و فارس هاوکارییان لەگەڵ کۆڵۆنیالە ئەنگلۆفەڕەنسییەکاندا کردووە.

ئەم فاکتە لە لایەکی ترەوە بووە بە هۆی خەملاندنی شێوازی پێکهاتنی سیاسیی و سەربازیی و ئابووریی بە لایەنی کەمەوە چوار دەوڵەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا شان بە شانی بەرژەوەندییەکانی هێزە کۆڵۆنیالیەکان. ئەمەش بریتیی بوو لە ڕێگاگرتن لە ئەو بیرە نوێیانەی کە شۆڕشی بۆلشەڤیکی ساڵی ١٩١٧ لەگەڵ خۆیدا لە ناو سنووورەکانی ڕووسیای قەیسەرەوە هێنا بووی.

هەروەها بریتیی بوو لە هیندوستانی کۆڵۆنیی ئینگلیستان و ڕێگا بۆ بەردەوام پاراستنی.

کوردستان لە کاتێکدا لوول درا کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە پێی پرینسیپی مافی هەموو نەتەوەیەک بۆ بڕیاردان لە سەر چارەی خۆنووسین بووبوو بە ژیلەمۆ. لە ڕێگای پیادەکردنی کۆمەڵێک سیاسەتی هاوبەشی چەند دەوڵەتێکەوە کوردستان ژێر چەپۆک نرا.

کە بۆلشەڤیکەکان سەریان لە ئەم کارە دەرنەکرد و لێی تێ نەگەیشتن یاخود نەیانتووانی دەست بخەنە ناو ئەو مەسەلەیەوە بریتییە لە یەکێک لە گەورەترین لاوازیەتیی بۆلشەڤیکەکان. ئەم ڕیالیزمە هەروەها کۆنترادیکتێکی گەورە دەخاتە ڕوو لە نێوان پرینسیپە داڕێژراوەکانی سۆشیالیزم لە مەڕ مافی گەلان لە مافی بڕیاردانی چارەنووسیاندا بە خواستی خۆیان و سۆشیالیزم لە کار و پراکتیکدا.

هەوڵدانی سۆڤیەتە ڕەسمییەکان لە دەستنیشانکردنی ئەو سۆشیالیزمەدا کە بە تەواویی دژی سۆشیالیزمی تیۆریی بوو، لە هەمانکاتدا پێگوتنێکیش بوو بە هەموو کەس و هەموو دامودەستگایەک کە: "ئەمە

سۆشیالیزمە، ئەمە ڕێگای ڕۆیشتن بەرەو سۆشیالیزمە"، و وایان لێ بکات کە بە شێواندنی بیرەکانی سۆشیالیزم ڕازی بن و لە هەمانکاتدا باوەڕی خەڵک لە سەر ئەو پرینسیپانە لەرزۆک بکەن.

بێگومان پێویست بوو لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ بکرێت و بزانرێت داخۆ بۆچی دەبێت هێندە کۆنترادیکت لە نێوان تیۆڕیی و پراکتیکدا هەبێت؟ هەروەها لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ لە سەر چۆنییەتی تووڕدانی ئەم کۆنترادیکتانە بە هۆی بەڵگەی دروست و کۆنکرێت و ڕیئالیستەوە. لە ئەم ڕووانگایەوە، تەنها بەس نییە لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوە لە سەر پێوەندیی کەمالیستەکان بە ئینگلیزەکانەوە، یاخود کەمالیستەکان بە بۆڵشەڤیکەکانەوە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم و لە کاتی جەنگەکانی تورک-یۆنان، تورک-ئەرمەنیی و سەردەمی قووڵبوونەوەی جەنگی کورد-ئینگلیز و خەباتی کورد دژی تورک بکرێت، بەڵکو هەروەها پێویستە توێژینەوە لە سەر تەشەنەکردنی پێوەندیی نێوان بەڵشەڤیکەکان و ئینگلیزەکان، یاخود بەڵشەڤیکەکان و فەڕەنسییەکانیش بکرێت.

کوردستان: کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتیی

یەکێک لە هەرە ڕووداوە تراژیدییە دڵتەزێنەکان لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان لە یەکەم چارەکی سەدەی بیستەمدا بریتییە لە بەئەنجامگەیاندنی سیستەمی کۆڵۆنیالی نێودەوڵەتیی لە کوردستاندا.

ئەمە تراژیدیایەکی ڕاستەقینەیە.

تراژیدیایەک لە بۆکرووزی جگەری ئەو خەڵکانەوە کە بە گژ ئەو چارەنووسە ناهەمووارەدا دەچنەوە دێتە دەر کە بە زۆر بە سەریاندا سەپێندراوە و ئامادەشن لە پێناوی گۆڕینییدا بجەنگن.

لە یەکەم چارەکی ئەم سەدەیەوە گەلی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافەکانییدا دژی گەورەترین هێزی کۆڵۆنیالی جیهانیی و هاوپەیمانە ناوخۆییەکان کەوتووتە ناو خەباتێکی بێهووچانی نێوان مان و مەرگەوە.

ئێمە دەتوانین سووریەتیی و کۆڵنەدان و هەڵپەی جەسووری کورد دژی چەکی کیمیاویی و بایۆلۆژیی تەنها بە "تراژیدیایەک" وەسف بکەین. ئەم جۆرە جەسووریەتیی و شێلگیرییە بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبێت.

لە ئێرەوە کۆمەڵێک ڕەهەندی نوێ لە نێوان هۆیەکانی بە کۆڵۆنیکردنی وڵاتێکدا دەبینین، ئەویش بەرژەوەندیی ستراتیژیی و جیۆپۆلیتیکە.

بەڵگەیەکی بێ خەوشە کە دابەشکردن و لەتکردن و بەشکردنی کوردستان دەبێت بە مایەی ڕەخساندنی پێوەندیی لە نێوان ئەو چوار دەوڵەتە باسکراوە و هێزە کۆڵۆنیالیەکاندا، چونکە ئەوەیش فاکتێکی بەرچاوە کە کوردەکانیش هەر ئەوەندەی هەلیان بۆ هەڵ بکەوێت لە پێناوی ئازادیی و سەربەخۆییدا قۆڵی خەباتی لێ

هەڵ دەماڵن. هیچ نەتەوەیەک بە دڵخوازی خۆی بە بەزۆرپێکەوەلکاندن و هەست بریندارکردن ڕازی نابێت. بۆ درێژە دان بە چەوساندنەوەی گەلی کورد و تێکشکاندنی ئەو هەوڵ و تەقەڵایانەی کە لە پێناوی سەربەخۆیی و ئازادییدا دەیدەن، ئەم دەوڵەتانەی ناوچەکە هانا بۆ هێزە کۆڵۆنیالییەکان دەبەن و داوای یارمەتیی و کۆمەکیان لێ دەکەن.

لە ڕاستییدا، هەموو بزووتنەوە کوردییەکان لە باشوور و خۆرهەڵاتدا بە یارمەتیی و هاوکاریی ئینگلیزەکان دامرکێنراونەتەوە.

فریودان و دەستبڕینێکی گەورەیە کە ئینگلیزەکان یارمەتی "شێخ سەعیدیان" دەدا هاوکات دژ بە کوردەکانی باشووری کوردستان لە ناو ململانێی جەنگێکی خوێناوییدا بوون.

لە ئەوەش بترازێت، ئەو یەکە سوپاییە تورکیانەی کە سەرهەڵدانەکەیان تێک دەشکاند هەموو لە ڕێگای هێڵی شەمەندەفەر لە ناو سووریاوە بۆ ئەوێندەرێ بە ڕێ دەکران. پێویستە ئەوەمان لە بیر نەچێت کە ئەو کاتە سووریا کۆڵۆنیی فەرەنسا بوو، ئەگەر فەرەنسییەکان بە ڕەوانەکردن و بردنی سوپای تورکیی لە خاکی سوریاوە ڕازی نەبوونایە ئەوا ئەو سەرهەڵدانەش ئاراستە و سەرئەنجامێکی تری وەردەگرت، یاخود هەر بە لایەنی کەمەوە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە ئاکامێکی تری دەبوو.

لە لایەکی ترەوە، هەردوو ململانێی نێوان هێزە کۆڵۆنیالەکان خۆیان و هێزە کۆڵۆنیالەکان و هاوپەیمانە ناوخۆییەکانیان هەموو لە کوردستاندا ڕوو دەدەن.

مەبەستی ململانێکەش لە سەر ئەوە بوو هەر یەکێکیان بتوانێت پارچەیەکی گەورەتر لە کوردستان بۆ خۆی ببات. پرۆسەی دامەزراندنی سیستەمێکی کۆڵۆنیالی لە کوردستان لە قۆناخی یەکەمدا ئەو ململانێیەی نێوان ئەو هێزە داگیرکارانەی گۆڕی بۆ سازش و لە قۆناخی دووەمیشدا گۆڕی بۆ هاوکارییکردن. ئەم هاوکارییکردنەی یەکتری هێزە داگیرکارەکان بوو بە هۆی بە دامودەستگاکردنی سیستەمی کۆڵۆنیالی نێودەوڵەتی لە کوردستان.

دروشمەکانی کەمالیزم

سەبارەت بە ئەو هەموو هاوکاریکردنە گیانبەگیانییەی کەمالیستەکان لەگەڵ هێزە کۆڵۆنیالیەکاندا لە سیاسەتی دابەشکردن و لەتکردن و لوولدانی کوردداندا هێشتا کەمالیستەکان بە بەردەوامیی دەیانگوت: "ئێمەی تورک یەکەمین خەباتی ئازادیخوازانەمان دژی ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالیزم دەست پێ کرد. ئێمە ڕێگامان بۆ نەتەوە کۆڵۆنیراوەکانی خۆرهەڵات پاک کردەوە و سیستەمی کۆڵۆنیالیمان بۆ لە بار بردن. ئیمە گیانی سەرفەرازیی نەتەوەییمان پێ بەخشین ...".

کەمالیستەکان هەرگیز نایانەوێت کوردیان بهێنرێتەوە یاد. کەمالیستەکان زۆر بە ئاگایانە خۆیان لە هەموو جۆرە ئاخافتن و گفتوگۆیەک لا دەدەن کە لە مەڕ ئەم دۆزەوە بێت. بە تاک و تەنیا تەسلیم بە پۆلیس و پارێزەرە گشتییەکانی دەوڵەتت دەکەن. لە هەمانکاتدا لە سەر ئاوازی خۆیان بەردەوام دەبن: "ئێمە یەکەمین خەباتی ئازادیخوازانەمان دژی ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالیزم دەست پێ کرد".

کەمالیستەکان لە ڕێگای دانە دەست پۆلیس و هێشتنەوە لە زیندانیدا هەوڵی بێ دەنگکردنی خەڵک دەدەن.

بە بەردەوامی لە بارەی خۆیانەوە لە ڕاگەیاندنەدا، لە سەر تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ، لە دەمودەستگای فێرگاکاندا، لە کوچە و بازاڕەکاندا، لە مزگەوتەکاندا، لە هەموو شوێنێک دەیڵێن و دەیڵێنەوە و وەک گۆرانی دەیچڕن.

ئەو کۆنترادیکتانەی کە لە نێوان نووسینەکانی مستەفا کەمال و ئەو پێداگرتنانە و باری ڕیئالیزمدا کەڵەکە دەبێت بە دڵنیاییەوە چەندین وانەیان لە دامێن دەکەونە خوارەوە کە هەموویان سەرچاوەی لێ فێر بوونن.

ڕێگایەکی تری شێوازی کەمالیزم بۆ پەردە بەسەردادان و شاردنەوەی ڕەگەزپەرستیی و کۆڵۆنیالیستیی تورکیی کە دژ بە نەتەوەی کورد پیادە کراوە و دەکرێت بریتییە لە تاوانبارکردنی کوردەکان خۆیان بە ڕەگەزپەرستیی.

قەدەغەکردن و ڕاپێچانی زمان و کولتووریی و سەپاندنی زمان و کولتوری تورکیی بە سەر گەلی کورددا بە چەندین جۆر لە ڕێگای جیاواز، پیادەکردنی سیاسەتی دەستی قورس، تەنانەت گۆڕینی ناوی مرۆڤی کورد و گوندی کورد، دۆزینەوە و پاکسازکردنی ئەوانەی بە کوردیی دەدوێن، کوژاندنەوەی هەموو پزیسکێکی شوێنەوار لە کورد و لە کولتوری کوردیی، کۆمەڵێک هەنگاون کە کەمالیستەکان بە پێشکەوتووخواز و دیموکراسیی پێناسەی دەکەن. ئەو کوردانەی کە داوای ئازادکردنی مافە دیموکراتیی و نەتەوەییە ڕفێندراوەکانیان دەکەن، ئەوانەی کاری ڕێکخستن بە مەبەستی دڵنیاکردنی ئەو مافانە دەکەن ئەوا مۆری ڕەگەزپەرستیی و شۆڤێنیەتیان لێ دەدرێت.

لە لایەکی تردە، ئەگەر تورکەکان لە بولگاریا داوای مافە نەتەوەیی و دیموکراتیکەکانیان بکەن و لە پێناوی دڵنیاکردنی ئەو مافانەدا کاری ڕێکخستن بکەن ئەوا بۆیاخی پێشکەوتنخوازیان تێ هەڵ دەسووێندرێت و وەک یاخیبوویەک دژ بە ڕەگەزپەرستیی و کۆڵۆنیالیزم و فاشیزم و کاری نامرۆڤانە، نیشان دەدرێن.

لە وڵاتێکی وەکو کوردستاندا کە دابەش کراوە و لەت کراوە و هەر پارچەیەکی لە لایەن رژێمێکی جیاوازەوە بەڕێوە دەبردرێت، ئایا بە چ شێوەیەک دەستگاکانی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا کە کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتییە، کار دەکات؟

ئایا چەمک و ناوەڕۆکی مافی مرۆڤ لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگایەکدا چییە کە خرابێتە ژێر ئاگری سیاسەتی "پەرت بکە و زاڵ بە و وێران بکە" و ئەمەش بە هەولدانی بە دڵ، بە کێڵگەی بە مین ڕێژراو، بە پەرژینی درکەزێ چنراو، بە قەڵای بە سوپا دەورە دراو، بەکێڵگەی پان و بەرینی ڕەخسێنراو بۆ ترازاندن و دوورخستنەوەیان لە یەکتر، توند و قایم کرابێت؟

با ئێستا لە ئەم بابەتە ورد ببینەوە.

کورد و مافەکانی مرۆڤ

لە تورکیا نەتەوەی کورد هێندەی نکۆڵی لە بوونی خۆیی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بکات ئەوەندەش دەتوانێت بە ئازادییە لاوەکییەکان شاد ببێت و سوود لە پرینسیپی مامەڵەی یەکسان وەربگرێت.

ئەم کاری نکۆڵیکردنە کراوە بە مەرجی دەست پێکردنی ژیان. کە پێش ئەوەی کوردەکان بە لاوەکیترین چەمکی سەرەتایی دیموکراسیی شاد بن، پێش ئەوەی بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان و مافە کۆمەڵایەتیی و ئابووریییەکان شاد بن، ئەوا پێویستە نکۆڵی لە کەلەپوری خۆیان و نکۆڵی لە ناسنامەی کوردبوونی خۆیان بکەن.

ئەم کارە بە دڵنیاییەوە بێگاریی و زۆر بۆهێنانە، ئەم کارە لە ڕێگای فشار و چەوساندنەوە و ئازاراندا لە بنکەکانی جەندرمە و بارەگاکانی پۆلیس و لە زیندانەکاندا دەردەبڕدرێت و لە ڕاگەیاندن و لە دادگاکاندا بانگەواز دەکرێت.

دەستگای ڕاگەیاندن، تەلەڤیزیۆن، ڕادیۆ، بیروکراسیی خزمەتگوزاریی گشتیی و تاد هەموو بە ئەم بیرە چەکدار کراون تا ئەم مێشك و هزرە داگیرکارییە زاڵ و بە دەسەڵات بکەن.

هەمان کار و کردار سەبارەت بە دەستگاکانی فێرکردن و ئاینییش ڕاستە.

ئەو کوردانەی نکۆڵی لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، کە نکۆڵی لە ناسنامەی کوردبوونی خۆیان دەکەن، کە کراون بە تورک و دەڵێن: "ڕووسوورم چونکە تورکم"، دەتوانن هەموو جۆرە ڕشتەیەک هەڵبژێرن، ئیتر کرێکاریی بێت یان هەر کار و پیشەیەکی تر بێت وەک چاوەشیی، دەرگاوانیی، پەڕلەمێنتاریی خوێندکار، وەرزشکار، بەڕێوەبەری شارەوانیی، والیی، قازیی، کاسبکار، سەربازیی، مامۆستایی، شالیاری دەوڵەت و پرۆفیسۆر و تاد. ئەو کوردانەش کە دەیانەوێت ناسنامەی ئیتنیکیی خۆیان بپارێزن، کە کەلەپوریی نەتەوەیی خۆیان بهێڵنەوە و لە سەر دڵنیاکردن و وەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤی کورد بێنە دەم، ئەوا هیچ کارێکیان دەست ناکەوێت و ناتوانن هیچ هەڵبژێرن. ئەم کوردانە تەنها بۆ یەک شت دەبن: گیراو و تاوانبار.

نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی کەسێک واتە بەندەیەتیی و کۆیلەیەتیی، نەک دەستکەوت و شانازیی. بە تەواوی ئاشکرایە ئەوانەی دەکرێن بە کۆیلە چاوترساو، بێ بڕیار و بێچەوسەڵە و شەڕفرۆش دەبن.

باشە، ئەو کەسانە ئەو بێچەوسەڵەیی و شەڕفرۆشیەیان ئاراستەی کێ دەکەن لە کاتێکدا کە وا بە دۆشداماوی و چاوترساو، گوێ لە مشتی دەسەڵاتدارانی کۆڵۆنیال بن؟ بێگومان ئاراستەی خزم و کەسوکار و هاوڕێکانی خۆیانی دەکەن. بە کوردیەکەی و بە کورتیەکەی ئەو خەڵکانە ئاگر بە سەر چواردەوری خۆیاندا دەبارێنن.

دوودیویەتیی "بانێکە و دوو هەوایی" سەبارەت بە پرینسیپی "یەکسانیی"

زۆرکردن لە مرۆڤ بۆ نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی و کولتوریی خۆی وەک مەرجێکی پێویست تاکو بتوانێت بە ئازادییە سەرەتاییەکان و بە مافەکانی مرۆڤ شاد بێت و بۆ ئەوەی لە بواری کۆمەڵایەتیی و ئابووریەکاندا هەڵی یەکسانی دەست بکەوێت، هەروەها بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەوا دەستی بە خزمەت و کارگوزاریەکانی گشتییەکان بگات، بریتییە لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستیەتیی.

ئەم سیاسەتە لە سەداسەد بریتییە لە سەرپێچی کردن لە یاسا نێونەتەوەییەکان و لە ئەو ئامراز و هەنگاوانەی لە پێناوی پاراستن و گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤدا ساز کراون. هەروەها سەرپێچیکردن و شکاندنی بانگەوازی جیهانیی ڕێکخراوی نەتەوەکانە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، دژی بەڵێننامەی ئەوروپایە بۆ مافەکانی مرۆڤ و دژی دەستوورنامەی هێلسنکیی یە.

ئەم جۆرە دەربڕینانە لە لایەن سەرانی تورک و سیاسەتمەداران و زانکۆ و دەستگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیاوە چەندین جار دەگوترێنەوە و پەنجەی ئاماژە بۆ مەحکومکردنیان و بۆ گۆڕینی سیاسەتی زۆرەملێ و بەکۆمەڵکوشتن بۆ ڕادەکێشرێت.

سیاسەتمەدارە تورکەکان و پیرەپیاوانی دەوڵەت و ڕاگەیاندنی تورکیی و زانکۆ تورکیەکان لە ڕێگای ئەم جۆرە بانگەوازانە و ناڕەزایی دەربڕین دژ بە سەرپێچیکردن و شکاندنیان لە لایەن بولگاریاوە پارێزگاریی لە مافە کولتوریی و نەتەوەییەکانی تورکە کەمایەتییەکانی بولگاریا دەکەن.

لە تورکیا، لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا سەرانی تورک و ڕاگەیاندنەکان و زانکۆکان و تاد لە ڕێگای ئەو چەمکانەوە سەرانی بولگاریا تاوانبار دەکەن.

لە ئێرەدا ئێمە دوودیویەتیی/ دووڕوویی لە بیر و کردارِدا دەبینین:

تاوانبارکردنی شێوازی سیاسەتی زۆرەملێ و بەکۆمەڵکوشتن کە لە بولگاریا پیادە دەکرێت، بەڵام زیاترکردن و قووڵکردنەوە و بەرفراوانکردنی هەمان شێوازی سیاسیی و بە سیستەماتیک کردنیشیان بۆ چەندین ساڵی دوورودرێژ دژی کوردەکان لە ناو وڵاتی خۆیاندا.

ڕاوەستان دژی سیاسەتی زۆرەملێ کە لە دژی تورکەکان لە بولگاریادا دەکرێت، بەڵام ڕازیبوون و سەرلەقاندن بۆ هەمان سیاسەت و تیرۆری دەوڵەتیی کە لە لایەن دەوڵەت و ڕژێمی تورکیاوە دژی کوردەکان دەکرێت.

ئەو دەربڕینانەی کە دەڵێن: "لە تورکیادا هەموو کەسێک یەکسانە، جیاوازکاریەتیی نییە، هەموو کەسێک سەرەڕای جیاوازیی ڕەگەز و زمان، مافی بۆ مامەڵەی یەکسان هەیە" هەمیشە لە لایەن سیاسەتمەدارە تورکەکان و پیاوانی دەوڵەت و زانکۆ و ڕاگەیاندن و نووسەرەکانەوە وەک خەڕەک لێ دەدرێنەوە، کەچی هەر لە لێکدانەوەی ئەم جۆرە پێداگرتنانەیشدا دووڕوویی هەیە. دەگوترێت: "لە تورکیادا یەکسانیەتیی ئایین هەیە"، ئەمە دەبێت ئەو واتایە ببەخشێت کە موسڵمان و مەسیحیی لە پەرستنکاریدا سەربەستن، یۆنانی و ئەرمەنییەکان کڵێسەی خۆیان هەبێت و جوولەکەکانیش سیناگۆگی خۆیان، واتە هەموو کەسێک لە هەڵبژاردنی پەرستگای خۆیدا سەربەست بێت.

هەروەک دەبینرێت چەمکی یەکسانیی لە ئایینیدا لە خاڵی ناوبردنی ئایینە جیاوازەکانەوە دەست پێ دەکات و یەکسانیەتیی لە نێوانیاندا دەردەبڕدرێت.

ئەو پێداگرتنە کە دەڵێت: "لە تورکیادا هەموو کەسێک یەکسانە، جیاوازکارییەتی بە هۆی زمان و ئایینەوە نییە"، بە شێوەیەکی تر لێک دەدرێتەوە.

لە تورکیادا هەموو کەسێک تورکە. هەموو تورکەکان یەکسانن. دەڵێن: جیاوازکاریی بە هۆی زمانەوە نییە.

بەڵام لە ئێرەدا جیاوازیی لە زمانەکاندا دڵانی پیادا نەنراوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە وا نیشان دەدرێت کە هەموو کەسێک تورکە و هەموو تورکێکیش یەکسانە.

کەواتە لە ئێرەدا واتا سەرەکییەکە ئەوەیە کە بوون بە "تورک" کراوە بە مەرج بۆ "یەکسانیەتیی".

دەگوترێت: "ئەوانەی کە خۆیان بە تورک دەزانن وەک تورک دەبینرێن". لە یەکەم نیگادا ئەم ڕستەیە پرشنگیی لێ دەبێتەوە. ڕەنگە مرۆڤ تووشی فریوخواردن ببێت و وا بیر بکاتەوە کە ئەمە مانای دڵگەورەیی و دڵان بە خۆداگرتن بێت بەرامبەر بە ئەو کەسانەی کە خۆیان بە تورک نازانن.

بە دڵنیاییەوە، ئەمە ڕاستییەکە نییە.

هیچ دڵنیابەخۆداگرتنێکی ئاوا لە ئەم جۆرە لە تورکیادا نییە. بە پێی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەتی تورک، تورکبوون ئاساییە، بەڵام کوردبوون تاوانە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٨١ و ١٩٨٤ دا تەنها لە زیندانەکانی ئامەددا زیاتر لە چل (٤٠) مرۆڤی نیشتیمانپەروەری کورد کە ڕەدییان دەکردەوە بڵێن "ڕووسوورم، چونکە تورکم" و لە بەر ئەوەی کە لە سەر هێشتنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان سوور بوون، هەموو لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژران.

ئەو نیشتیمانپەروەرانە نرخێکی گەورەیان لە پێناوی گەیاندنی ئەو "پێگوتنەدا" دا کە دەیانخواست بە جەماوەری خەڵکی بگەیەنن. ئەو نرخە ژیانیان بوو.

یاخود ئەو مرۆڤانەی ناڕەزایی خۆیانیان دژی تیرۆری دەوڵەت بە مەزنترین قوربانیی دەردەبڕی: خۆکوژییان کرد.

زانراویشە کە ژمارەی ئەو قوربانیانە لە ڕاستییدا زۆر لە چل (٤٠) مرۆڤ زیاترە.

دروشمی "یەکیەتی و پێکەوەبوون"

یەکێک لە هەرە دروشمە بەکارهێنراوەکان لە تورکیا، سەبارەت بە چەمکی یەکیەتی و پێکەوەبوونە. سەرانی دەوڵەت و ڕژێم و پارتە سیاسییەکان دەڵێن: "تورک و کورد بران، ناتوانرێت لێک جیابکرێنەوە. هەر وەک چۆن گۆشت و ئێسک پێکەوە بەندن، کورد و تورکیش ئاوا پێکەوەن. هەزاران ساڵە پێکەوە بە هەڤڕا لە سەر ئەم پارچە زەمینە دەژین، هاوئایینین، برای ئایینی یەکین، ئێمە موسڵمانیین. هیچ جیاوازییەک لە نێوانماندا نییە. هەردوو پێکەوە ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبەین".

بێگومان ئەم دەربڕینانە بە ڕەسمیی لە لایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەت خۆیانەوە ناگوترێن. دەسەڵاتدارانی دەوڵەت، پیاوانی سیاسەتمەداری ناوخۆ و دەستگاکانی ڕاگەیاندن ئەم پروپاگەندانە دەکەن بۆ ئەوەی لە ئەم جۆرە قسانە بگوترێن.

هەموو یەکە سیاسییەکان، کەم یان زۆر، لە ئەوانە پارتی کرداری نەتەوەیی[17]، بێجگە لە CHP و SHP، ئیتر هەر هەموویان لە برایەتیی کورد و تورک دەدوێن.

[17] پارتی کرداری نەتەوەیی، هەرە باڵی ڕاستە، پارتێکی فاشیستی شەڕانگێز. پارتی کۆماریی گەل و پارتی سۆشیال دیموکرات

لە ئێرەوە ئەم پرسیارانە قوت دەبنەوە: ئایا لە سەدەی ١٧ دا چی ڕوویدا و چۆن کوردستان بەش کرا؟ ئایا ئەم یەکەیەتییە تۆکمەیە چۆن لە ساڵانی ١٩٢٠ ـەکاندا بەش کرا؟ ئایا بۆچی ئەمڕۆ کوردستانێکی ئێران هەیە؟ ئایا چۆن عێراق پارچەیەکی "خۆی" لە کوردستان وەرگرت؟ ئایا بۆچی تورکیا کوردستانێکی خۆیی هەیە؟ ئەی ئایا کوردستانی سووریا مانای چی؟ ئایا بۆچی کەمالیستەکان بۆ پیادەکردنی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە لە دابەشکردن و لەتکردن و بەشکردنی کوردستاندا هاوکاریی هێزە کۆڵۆنیالە ئەنگلۆفەڕەنسیەکانیان کرد؟

کاتێک کە لە ئەم ڕاستییانە دەڕووانین دەبینین کە ئەم دروشمانەی لایەنەکانی تورکیا بە هیچ شێوەیەک هاوێنەی ڕیائالیزم نیین و ڕاستگۆییان تیادا نییە، لەبەرئەوە ئەم دروشمانە وا ڕەخسێنراون و سازکراون کە ببن بە پەردە و بە سەر ئەو تیرۆر و چەوساندنەوە و ناڕەوایەتییانەدا دەدرێن کە دەرهەق نەتەوەی کورد دەکرێن. "ئێمە پێکەوەین، ئێمە لە خۆشی و ناخۆشییدا هاوبەشین، ئێمە لە پاشەڕۆژ و چارەنووسدا هاوبەشین"، هەروەها دەڵێن "ئێمە لە قوبرس پێکەوە دژی یۆنانییەکان جەنگاین. لە قوبرس هەموو شتێکمان پێکەوە ئەنجام دا".

فاکتەکانی ژیان هەروەها ئەم دروشمانەش بە درۆ دەخەنەوە.

با یادی ڕووداوەکەی بەهاری ١٩٨٨ ی هەڵەبجە لە باشووری کوردستان بکەینەوە.

زیاتر لە پێنج هەزار مرۆڤ، پیاو، ئافرەت، منداڵ، لاو و پیر لە لایەن ڕژێمی عێراقی کۆڵۆنیال و ڕەگەزپەرستەوە لە هەڵپەیەکی بەکۆمەڵکوشتندا لە ناو بران. ئایا ئەم ڕووداوە هیچ پزیسکێکی ناڕەزایی، هیچ پرسیار، و هیچ کاردانەوەیەکی ناڕەزایی لە لایەن دەوڵەتی تورک و سەرانی ڕژێمی تورکیاوە لێکەوتەوە؟

لە کاتی ئەم ڕووداوەدا سەرۆک کۆماری دەوڵەتی تورکیا "ئەفرین[18]" لە کۆنفەرانسی باڵای ئیسلامیی لە کوێت بەشدار بوو. ئایا ئەفرین لە ئەو کۆنفەرانسەدا لە مەڕ ئەو ڕووداوەی هەڵەبجە دەمی کردەوە؟

[18] ئەحمەد کەنعان ئیڤرین Ahmet Kenan Evren ئەفسەری سوپای تورک کە لە ١٩٨٠ دا کودەتای کرد و هەتا ساڵی ١٩٨٩ سەرۆک کۆماری تورک بوو. وەک هەموو ئەوانەی تر دژە کورد بوو و کوردی بە "تورکی شاخاوی" دا دەنا و دەیگوت دەنگی وشەی کورد لە خرمەخرمی ڕۆیشتن لە ناو بەفردا دروست دەبێت بە دەنگی "کورت، کورت، کورت". ساڵی ٢٠٠٧ کە تەمەنی ٨٨ ساڵ بوو داوای لە سەر تۆمار کرا چونکە پێشنیاری ڕەواندنەوەی کەمێک دەسەڵاتی ناوەند و دەسەڵاتی زیاتری بۆ ویلایەتەکان کرد. دەوڵەتیش پێی وا بوو ئەم پێشنیارە نادروستە و بە قازانجی کورد دەشکێتەوە و ئەمیش دەیگوت من مەبەستم لە بەهێزکردنی کورد نییە. داواکە لە لایەن حیزبەکەی ئا ک پ AKP ئەردۆغانەوە کرا کە تازە، پاش ڕۆیشتنی ئەحمەت نەجدەت، پۆستی سەرۆک کۆماریان دەست کەوتبوو و عەبدوڵا گوڵ بوو بە سەرۆک کۆمار. لە سەرەتای ٢٠٠٧ دا خەڵکێکی زۆر لە تورک ناڕەزایەتیان دەردەبڕی و دەیانگوت نامانەوێت مەلایەک سەرۆک کۆمارمان بێت.

ئایا ئەمە بریتییە لە هاوبەشیەتی لە خۆشی و ناخۆشی و لە پاشەڕۆژ و چارەنووسدا؟

ئینجا بۆ کولاندنەوەی بریتی ناسۆر و بۆ خوێکردن بە برینەکەوە، تورگوت ئۆزاڵ[19] ی سەرۆک وەزیران هەر پاش دوو هەفتە دووای ئەم ڕووداوە، لە سەرەتای بەهاردا، سەردانی بۆ بەغدادی پایتەخت کرد و پیرۆزبایی لە کۆڵۆنیالیستە عێراقییەکان کرد.

بەڵام لە هەموومان ئاشکرایە بۆ نموونە، چۆن هاوار و نالەی فەلەستینییەکان بە شێوەیەکی تراژیدیایی بە وشە دەردەبڕدرێن و ڕیزدەکرێن.

دەوڵەتی تورکیا تەنانەت یەک لە هەزاری ئەو پاڵپشتییەی بۆ کورد دەرنەبڕی کە بۆ فەلەستینیەکانی دەکرد. بە پێچەوانەوە، لە ڕێگای ئەو بۆمبارانەوە کە جارجار دەیباتە سەر باشووری کوردستان هەوڵ دەدات سەرکەوتنەکانیان لە بار ببات.

لە ئەوەش بترازێت، بە هیچ شێوەیەک ناکرێت ئەو هاوهەستییەی تورکیا بەرامبەر بە تورکی قوبرس و تورکی بولگاریا هەیەتی لەگەڵ مەسەلەی کورددا لە بەراووردکردن بێت. لە کاتێکدا تورکیا لە هەڵپەی ئەوەدا بوو تورکە ئەفغانییەکان لە باشترین جێگای بەرهەمهێنەردا لە ناو کوردستاندا نیشتەجێ بکات، لە هەمان کاتدا بۆ ڕاگوێزان و دوورخستنەوەی کوردەکان ڕێگا و شێوازی جۆربەجۆری پیادە دەکرد.

سەرباری هەموو ئەمانەش هێشتا هەر دروشمی "ئێمە لە خۆشی و ناخۆشی و پاشەڕۆژ و چارەنووسدا هاوبەشین" دەنگی چەقەنەی ئاش ئاسایی هەر دووبارە دەبێتەوە.

بە تەواوی ئاشکرا و دیارە ئەم دروشمە چەند بۆش و بێ مانا و فریودەرە.

لە لایەکی ترەوە، هەموو سەرکەوتنێک کە کوردەکانی باشوور دژی ڕژێمی کۆڵۆنیالیستی عێراق وەدەستی بهێنن، دەبێت بە مایەی کامەرانیی زیاتر و زیاتری کوردەکانی باکوور، لە هەمان کاتیشدا زەندەقی دەسەڵاتدارانی تورک دەبەن.

[19] خەلیل تورگوت ئۆزاڵ Halil Turgut Özal لە ١٩٨٩ ـەوە، پاش ئەڤرین، لە سەرۆک وەزیرانەوە بوو بە سەرۆک کۆمار. ئۆزاڵ دامەزرێنەری پارتی دایکی نیشتیمان بوو Anavatan partisi. ئەمیش یەکێک کە کوردە بە تورکبووەکانە کە بە هۆی پێشخزمەتیی بۆ دەوڵەتی تورکیا و لە سەر حیسابی نەتەوەکەی تا پلەی سەرۆک کۆمارپی ڕۆیشت.

ئینجا لە پێناوی خەفەکردنی ئەو سەرکەوتنانەدا، لە پێناوی لە باربردنی دەستکەوتی زیاتردا دەوڵەتی تورکیا بە بەردەوامیی فڕۆکەی بۆمبهاوێژ بۆ بۆردوومانکردنی خواروو‌ی کوردستان دەنێرێت لە ژێر بڕووبیانووی وەکو: "ئیمە وەدووی تاوانباران و ئەوانە دەکەوین کە سەرپێچی لە یاسا دەکەن".

دەوڵەتی تورکیا بۆ لە ناوبردن و وەستاندنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد لەگەڵ ڕژێمی عێراق لە هاوکاری سوور و توند دایە.

ئاکاری دەستگای ڕاگەیاندن و پارتە سیاسیەکان و سەندیکاکان و زانکۆکان، کەم تا زۆر، هەمان ئاکاری دەوڵەتی تورکیان. ڕەووشت و هەڵسوکەوتیان پڕ بە پڕی ئەو چوارچێوەیەیە. بۆ نموونە، هیچ کاردانەوەیەکیان سەبارەت بەکۆمەڵکوشتنەکەی هەڵەبجە نەبوو، کەچی کاردانەوەی تووندوتۆڵی هەمیشە گەرمیان سەبارەت بە تورکەکانی بولگاریا ڕاستیەکە بۆ هەمووان ئاشکرایە.

هەموو ئەمانە بە بێ خەوشی دەیسەلمێنن کە دروشمی "ئێمە لە خۆشی و ناخۆشیی و پاشەڕۆژ و چارەنووسدا هاوبەشێن" چەند درۆ و فریودەرانەیە.

کاتێک دەڵێن: "ئێمە لە قوبروس پێکەوە دژ بە یۆنانییەکان جەنگاین لە ئەوێدا جیاوازکارێی نەبوو"، تەنها ساختەچێتییە. تەنها تێڕکردن و ڕاپێچردنی گەلی کوردە بۆ ناو جەنگێک کە لە پێناوی داخوازیی و مەبەستە ڕەگەزپەرستیی و کۆڵۆنیالیستەکانی دەوڵەتی تورکیادایە.

ئەوەیش ڕاستییەکە کە گێرمە و کێشە لە نێوان کورد و یۆنانیەکاندا نییە چونکە هەردوولایان لە یەکتری "وەردەگرن" و بە یەکتر "دەبەخشن".

ئەوانەی کوردستانیان داگیر کردووە یۆنانی نیین. کوردستان لە لایەن یۆنانیەکانەوە داگیر نەکراوە. لە ئەم ڕووانگایەوە بوختان و بانگەوازکردن کە گوایا تورک و کورد پێکەوە شەڕی یۆنانیان کردووە تەنها جۆرێکی تڕە لە مانیفێستی ڕەگەزپەرستیی و کۆڵۆنیالیستیی.

ئەگەر یۆنانییەکان لەگەڵ ئینگلیزەکان لە دابەشکردن و لوولدان و بەشکردنی کورستاندا هاوکارێی یەکتریان بکردایە ئەوا جەنگێک لە نێوان کورد و یۆناندا مانایەکی دەبەخشی، بەڵام ئێمە دەزانین ڕاستییەکە بە ئەم جۆرە نییە.

لە ئەم بوارەدا خاڵی سەرەکیی ئەمەیە: ئایا ئێوە وەکو تورک دەخوازن شانبەشانی کوردەکان دژی کۆڵۆنیالیستی عێراق بجەنگن؟

بەڵام ئێمە ئەوەش دەزانین کە مەسەلەکە نەک هەر وا نییە، بەڵکو تەنانەت ئێوە وەک تورک لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا دژ بە نەتەوەی کورد هاوکاریی دەکەن.

لەبەر ئەوە "هاوبەشیەتیی لە خۆشیی و ناخۆشیی و پاشەڕۆژ و چارەنووسدا" هیچ مانایەک نابەخشێت ئەوە نەبێت کە درۆ و فریودانە و لە پێناوی شاردنەوە و حەشاردانی دووڕوویەتیی و سیاسەتی زاڵبوونداید.

بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە کە چۆن باوەشی بەخێرهێنان بۆ تورکە بولگارییەکان کرایەوە کە پەسپۆرتیان پێ درابوو و ناچار کرابوون وڵاتی بولگاریا بەجێ بهێڵن.

"مرۆڤ ڕەگەزی ئێمە"، "١٣٠ مرۆڤ تر لە ڕەگەزی ئێمە گەیشتنە ناو تورکیا"، "باوەشی بەخێرهێنانمان بۆ مرۆڤە هاوڕەگەزەکانمان کردەوە"، "ژمارەی هاوڕەگەزەکانمان گەیشتن بە زیاتر لە ٣٥ هەزار مرۆڤ".

بەڵێ، بەخێرهێنانی گەرم و گوڕ، پێشوازیی و خەندەی بە هەست پێشکەش کران!

بەڵام هەرگیز لە یاد ناچێت چۆن ئەو کوردانەی لە دەست چەکی بایۆلۆژیی و کیمیاویی سەددام حوسەین هەڵهاتبوون بە چ دەردێک بە هەکاری گەیشتن.

ئەو کوردانە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە سەر سنوور هێڵرانەوە. ئەو کوردانەی لە سەر بڕینی سنوور بۆ ئەم دیو گیانبازییان دەکرد یا ئەوە بوو بە دەسەڵاتدارانی ڕژێمی عێراق دەدرانەوە یاخود هەر لە شوێنی خۆیان تەقەیا لێ دەکرا.

کەچی دووایی لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژانەدا هەمیشە باسەکە ئەمە بوو: "ئەوانەی لە عێراقەوە خۆیان خزاندبووە ئێرە بوون بە بار بە سەر شانمانەوە"، "ئەوانەی لە عێراقەوە هاتوون، بوون بە سەرئێشە بۆمان"، "پێشمەرگە بوون بە گیروگرفت بۆ ئێمە"، "پێویستە یان ڕەوایە بە زووترین کات ڕەوانە بکرێنەوە".

ئەم بۆڵەبۆڵە هەر لەگەڵ گەیشتنی کوردەکاندا دەستی پێ کرد.

پیاو و ژن، منداڵ و پیر، هەموو خزێندرانە پشت تەلبەندی دڕکەزێوە. لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە هەوڵێکی زۆر بۆ دۆزینەوەی کۆسپ درا تا پێداویستییە سەرەکیەکانیان بۆ ناشیاو بکرێت.

دەست بە سەر هەموو ئەو هەوڵ و شتومەکانەدا گیرا کە بۆ یارمەتیی و هاوکارییان دەکران و دەدران. وەک لەشەڕداگیراو و بارمتەی جەنگ و تاوانبارێک مامەڵە لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستاندا دەکرا. دەوڵەتی تورکیا پۆستی سەربازیی لە سەر دەروازە و شوێنی هاتنوچوونی پەناگاکە دا نا، ئامرازی کۆسپ و تەگەرە لەگەڵ وایەری تەلبەندی دڕکەزێدا خرانە کار.

دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورکیا بە ڕۆژان و هەفتە و مانگ بانگەوازیان دەکرد کە گوایا ئەو ژمارە گەورەیەی کورد کە چل تا پەنجا هەزارێک دەبن و بوون بە بار بە سەر شانیانەوە کار لە سەر بودجەی دەوڵەت دەکەن و دەبێت لە لایەن دەوڵەتە ئەوروپاییە خۆرئاواییەکانەوە بەخێو بکرێن. لە هەموو هەل و دەرفەتێکدا بۆیان هەڵ بکەوتایە ئەمەیان وەبیر دەوڵەتانی خۆرئاوا دەهێنایەوە.

بەڵام کاتێک کە مەسەلەی تورکی بولگاریی لە ئارادا بێت ئەوا دەوڵەتی تورکیا دەڵێت: "ئێمە تەنانەت میلیۆنێک مرۆڤی هاوڕەگەز لە خۆمان دەگرین ئەگەر بێن بۆ تورکیا. تورکیا وڵاتێکی گەورە و دەوڵەمەندە".

ئەو دەسەڵاتدارە دەوڵەتیانەی تورک کە کوردی باشووری کوردستانیان لە پشت خێمەی تەلبەندکراوی دڕکەزێوە کۆکردبووەوە، کە هەموو جۆرە پێوەندیی و دەستبەیەکگەیشتنێکی خزم و دۆستایەتیی و کوسوکارییان لەگەڵ کوردەکانی باکووردا لێک دەبڕی و دەپچڕاند، کە دەستیان بە سەر هەموو جۆرە یارمەتیی و هاودەنگییەکدا دەگرت کە بۆیان دەهات، هەر ئەوان بوون هەوڵیان دەدا تورکە بولگارییەکان بە هەموو خزم و کەسێکیان بگەن و بگەیەنن، ئەگەر هەیان بووایە.

کاتێک دۆخێک ئاوا ڕوون و ئاشکرا و لە بەر چاو بێت، چۆن کەسێک دەتوانێت لە مەڕ "هاوبەشیەتیی لە خۆشیی و ناخۆشیی و پاشەڕۆژ و چارەنووسدا" بدوێت؟!

ئایا کێ بڕووای پێ دەکات؟

ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەتی تورک دەخوازێت وا لە خەڵک بکات باوەڕ بە ئەم دروشمە بکەن و ئەوانەش کە بڕووا ناهێنن و باوەڕی پێ ناکەن بە ڕەسمیی بە تاوانبار ببینرێن.

لە بەر ئەوە پێویستە کوردەکان ڕووانگا و خواستی خۆیان ون نەکەن. کوردەکان پێویستە هەرگیزا و هەرگیز ئەم شتانە لە یاد نەکەن کە لە ئێرەدا بە کورتیی باس کراون. لە مانگی ٣ی ١٩٨٨ دا کوردەکانی باشوور ناچار کران پەنا بۆ پەناهێندەیی لە تورکیا ببەن، بەڵام ژمارەیەک لە تورکە کەمایەتیەکانی بولگاریا بە زۆرەملێ لە مانگی ٦ی ١٩٨٩ دا پەسپۆرتیان پێ درا و دەرکران.

دەگوترێت، گوایا لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، کوردەکان و تورکەکان شانبەشانی یەک دژ بە یەک دوژمنی هاوبەش جەنگاون. لە لایەکەوە لە شەڕەکانی تورک – یۆنان لە خۆرئاواوە و لە لایەکی ترەوە لە شەڕەکانی تورک-ئەرمەندا لە خۆرهەڵاتەوە پێکەوە بوون: "ئێمە پێکەوە دژ بە دوژمنی هاوبەش جەنگاین. ئێمە وڵاتەکەمان پاراست، گەلەکەمان پاراست".

باشە ئەو دوژمنە هاوبەشانە کێن؟

داخۆ بۆچی ئەرمەن و یۆنانییەکان دوژمنی کورد بن؟

لەگەل هەموو ئەمانەشدا پێویستە بگوترێت ئایا کوردەکان چ جۆرە سوودێکیان لە ئەو جەنگانە دژ بە "دوژمنی هاوبەش" وەرگرت؟

ئایا بۆچی کوردستان دابەش کرا و لوول درا و بەش کرا؟ ئایا ئەی بۆچی هاوکاریی لەگەڵ هێزە کۆڵۆنیالیستەکاندا کرا؟

ئەمانە بابەتێکن پێویستە لێیان بتوێژرێتەوە.

با بێینە سەر دروشمی: "ئێمە جیاوازکاریەتیی ناکەین. ئێمە پێکەوە وڵات بەڕێوە دەبەین. تورکیا وڵاتی هەموو ئەوانەیە کە خۆیان بە تورک دەزانن".

ئێمە لە سەرەتادا لە ئەمانە دووباین، بەڵام دووبارە لێکدانەوە و پێداچوونەوەیان هەر سوودبەخشە.

کوردەکان دەشێت و بۆیان دەبێت لە هەموو جۆرە چالاکییە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و کولتوریی و سیاسییەکاندا بەشداریی بکەن کاتێک کە نکۆڵی لە بوونی کەلەپور و شارستانیەتیی و کوردستانیبوونی خۆیان بکەن.

ئەو جۆرە مرۆڤانە کە فێری ئەو نکۆڵییە دەبن و دەچنە ژێر باری ئەو نکۆڵیکردنە لە خۆیان دەتوانن بەشداریی لە کارگوزاریی گشتییدا بکەن، تەنانەت لە هەموو جۆرە ڕشتەیەکیشدا پێشبکەون، بەڵام وەک کورد کە ناسنامەی کوردایەتیی خۆیان بپارێزن، کە مافە دیموکراتیی و نەتەوەییەکان بە گەلی خۆیان ڕەوا و ڕاست بزانن، ئەوا بە هیچ شوێنێک ناگەن. ئەو جۆرە مرۆڤە کوردانە لە تورکیا تەنها یەک چارەنووس چاوەڕوانیانە: تۆمەتبار و تاوانبار.

هەموو کوردیک دەتوانێت بەشداریی لە خوێندن و لێکۆڵینەوەی زمانی تورکییدا بکات. لە ئەم بوارەدا زۆر بە باشیی هان دەدرێن و هەلیان بۆ دەڕەخسێندرێت. ئەمە هاوکات کە هەوڵ دەدرێت کولتوری تورکیی بپارێزرێت، بۆ نموونە، لە باڵزاڵیەتیی و فراوانخوازیی کولتوریی ئەمەریکایی.

لە ڕاستییدا بە ئەو پەڕی خۆشییەوە باوەش بۆ ئەم جۆرە مرۆڤە کوردە دەگیرێتەوە و هان دەدرێت کە لە ئەو جۆرە چالاکیانەدا بەشدار بێت کە کولتوریی تورکیی تیادا دەپارێزرێت و بەهێز دەکرێت.

بەڵام ئەگەر هەمان مرۆڤ، هەمان کورد، هەوڵ بدات فەرهەنگێکی کوردیی دروست بکات، هەوڵ بدات لە پێناوی پاراستنی کولتوری کوردیدا لە باڵزاڵیەتیی و باڵادەستیی کولتوری عێراق و سووریایی و ئێرانیی و تورکییدا هەندێک هەنگاو بنێت ئەوا ئەو مرۆڤە کوردە خۆی لە قەفەسی تاوانکارییدا دەبینێتەوە و تاوانبار دەکردرێت.

بێگومان ئەم مرۆڤە کوردە بۆی هەیە بە ئەو پەڕی تووانای خۆیەوە ناڕەزایی دژی ئەو هەنگاوانەی دەرهەق ئەو کۆمەڵگا بچووکە تورکیانەی لە بولگاریا و شوێنی تر هەن دەربڕێت و چالاکیی دیپلۆماسیانە بۆ بەرگریکردنیان ئەنجام بدات. ئەگەر ئەو کارە بکات و لە ئەو جۆرە چالاکیانەدا بەشداریی بکات ئەوا هان دەدرێت و هاوکارییش دەکرێت.

بەڵام ئەگەر هەمان مرۆڤی کورد چالاکیی دژی ئەو هەنگاوانە ئەنجام بدات کە دەرهەق نەتەوەکەی خۆی، نەتەوەیکورد، پیادە دەکرێن و ناڕەزایی خۆی دەربڕێت ئەوا سزا دەدرێت و بە تاوانبار لە قەڵەم دەدرێت.

لە بەر ئەوە من دەڵێم: "بەشداریی کردن لە چالاکیی دیپلۆماسیی و سیاسیی و کولتوورییدا لە تورکیا مەرجێکی دەستوورییِ خراوەتە سەر کە ئەویش "بە تورکبوونە".

کوردەکان چاوەڕوانیان لێ دەکردرێت کە زمان و کولتور و وڵات و مێژووی تورک و عەرەب و فارسیان هێندەی دایکی خۆیان خۆش بوێت. کاتێک کوردەکان ئەم کارە بکەن ئەوا "هاونیشتیمانیی باشن و مرۆڤی ڕێک و پێکن". خۆ ئەگەر زمانی کوردیی خۆیانیان خۆش بوێت، ئەگەر کولتور و وڵاتی کوردستانی خۆیان خۆش بوێت، ئەوا دەبن بە "لە یاسا لادەر" و "ڕێگر و چەتە" و "خیانەتکار" ... تاد.

سەبارەت بە ئەو هەموو زیندانیکردنە درێژخایەنانەش هێشتا دەبینین کە کوردەکان بە دڵەوە وەک کورد بەشداریی لە چالاکیی کولتوریی و سیاسیی لە تورکیا دەکەن و مافە نەتەوەیی و دیموکراتیکیەکان بۆ گەلی کوردی خۆیان دەخوازن. ئێمە چاوەڕووان دەکەین کە ئەم پرۆسەیە قووڵتر و بەرفراوانتر و زێدەلایەنتر بێت.

کورد هەن کە بابەتیانە کوردن، واتە لە دایک و باوکێکی کورد لە دایک بوون، بەڵام خۆییانە تورکن و نکۆڵی لە کوردبوونی خۆیان دەکەن. ئەم مرۆڤانە کە دەبینن خوێن لە لوتی مرۆڤێکی تورکی بولگاریی دێت زوو بە زوو بە هەڵەداوان داوا لە ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەورووپا دەکەن بڕیار لە سەر مەسەلەکە بدات. ئەم مرۆڤانە هەوڵ دەدەن کە پەڕلەمانە ئەوروپاییەکان بۆ ئەم مەبەستە بکەونە کار. مەسەلەی تورکی بولگاریی و تورکی تراچیی و تورکی کەرکووک، بە تەواوی زەوقی سیاسیان هەڵ دەستێنێ و دەیانهێنێتە قسە، کەچی لە سەر مەسەلەی کورد، لە سەر نەتەوەکەی خۆیان، بێ دەنگ دەمێننەوە. بۆ نموونە، کاتێک زیاتر لە چل هەزار مرۆڤی کورد لە زیندانەکانی دیاربەرکردا لە سەر ئەوەی کە نەیان دەویست بڵێن "من ڕووسوورم چونکە

تورکم" لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا دەکوژران، ئەوا ئەمانە وا خۆیان نیشان دەدا کە هەرگیز ئاگایان لە ئەم مەسەلەیە نییە و ئەم شتەیان هەر نەبیستووە.

کاتێک ئەم ڕووداوانەیان بیر دەخرێتەوە، وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن: ئەوە کاری ئێمە نییە.

لە کاتی جەنگی ئێران-عێراقدا کە ئێرانییەکان بە ناوچە کوردییەکان دەگەیشتن و پێشمەرگە زیاتر باڵادەست دەبوو و سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا، ئەوا ئەم جۆرە مرۆڤانە ترس و سامیان لێ دەنیشت و دەیانگوت: "باشە چارەنووسی تورکەکانی کەرکووک چی بە سەر دێت؟".

بە دەوڵەتیان دەگوت کە شتێک بکات و هەنگاوی کار هەڵبهێنێت.

بەڵام کوشتنی دە هەزار مرۆڤ کورد بە گازی کیمیاوی ئەم مرۆڤانەی نەدەهێنایە گۆ.

کۆڵۆنیالیستەکان ئەم جۆرە مرۆڤانە بە تەواوی بەکار دەهێنن. ئەم جۆرە خەڵکانە بۆ جڤینە ئینتەرناسیونالییەکان دەنێردرێن و لە ئەوێدا چەندین جار مەسەلەی تورکی بولگاریا، مەسەلەی تورکی تراچیی و تورکی قوبرس لە لایەن ئەم جۆرە خەڵکانەوە بەرز دەکرێتەوە و لێ دەدرێتەوە.

ئەم کارە لە ئەم چەرخەدا تراژیدیایە.

زۆر ئاشکرا و ڕوونە کە تەنها کۆڵۆنیالیستەکان سوود لە ئەم جۆرە خەڵکانە وەردەگرن.

چەند جێگای شەرمە کە هەندێک لە ڕووناکبیر و دیموکراتەکان دژی ئەم دیاردەیە کار ناکەن و بە پێچەوانەوە سوود لە ئەو خاڵە لاوازانەی ئەم خەڵکانە وەردەگرن و دەیقۆزنەوە لە ئەو ڕێگایەوە کە دەڵێن: "بڕووانە ئەم و ئەو کوردن، باس لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان ناکەن، داوای مافەکانی خۆیان ناکەن، لە تورک زیاتر بە تەنگ و بە دەربەست مافەکانی تورکەوە دێن وەک لە مافەکانی خۆیان!".

ئایا ئەم ڕووناکبیر و دیموکراتانە هەمان شت سەبارەت بە ئەو فەلەستینیانە دەڵێن کە چەپڵە بۆ سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لێ دەدەن؟ ئایا هەمان شت دەربارەی ئەو تورکە بولگاریانە دەڵێن کە لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی بولگاریان؟ یاخود ئەو تورکە تراچیانەی بوون بە یۆنانی؟

ڕۆژنامە تورکیەکان و دەسەڵاتدارانی تورک هەموو تورکێکی بولگاریی کە لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی بولگاریادا دەڕۆن و پێی ڕازین بە "خیانەتکار" ناو دەبەن. بە ئەو تورکە تراچیانەی کە بوون بە یۆنانی دەڵێن "جاش" و "خۆفرۆش". ئەو فەلەستینیانەش هەر بە "خیانەتکار" ناو دەبەن و دادەنێن کە هاوکاریی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەکەن.

بەڵام دەوڵەتی تورک و دەستگای ڕاگەیاندن زۆر بە باشیی مامەڵە لەگەڵ ئەو کوردانە دەکەن کە نکۆڵیی لە ناسنامەی خۆیان دەکەن و چەپڵە بۆ ئایدۆلۆژیای دەوڵەت لێ دەدەن و بوون بە تورک. ئەو کەسانەی بە ناو کوردن و بە کردار تورکن. هەڵدان بە شان و باڵای ئەم جۆرە کوردانەدا کۆتایی پێ نایەت.

بەڵام ئەم دوودویەیەتی و دووڕوویە بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە و بۆ هەموو کەسێک ڕوونە و کەوتووەتە ناو پرۆسەی شەنوکەوەوە.

دۆزی ناسنامەی ڕووناکبیرانی کورد

هەر لە ناو ئەم بابەتەدا چێگای خۆیەتی چەند وشەیەکیش سەبارەت بە ڕووناکبیرانی کورد بڵێین.

نووسەرە تورکەکان، چ لە دەرەوەی وڵات و چ لە ناوەوەدا خۆیان بە نووسەری تورک دادەنێن و دەڵێن: "ئێمە نووسەری تورکین".

ئەم نووسەرە تورکانە بە شانازیی و کامەرانییەوە سەبارەت بە تورکیەتیی خۆیان دەدوێن. لە هەر شوێنێک پێویست و ئەرک بێت و بۆ بەگرووپکردنی نووسەران بێت ئەمانی لێ دەبن. بەڵام ئایا داخۆ بە ڕاستیی ئێمە دەتوانین هەمان شت سەبارەت بە نووسەری کورد بڵێین و باس بکەین؟

ئایا بۆچی نووسەرانی کورد بۆیان نەبێت و نەتوانن لە ڕەگەزی خۆیان بدوێن لە کاتێکدا کە هاوئاستە تورکەکانیان بە شانازیی و بە کامەرانییەوە لە تورکبوونی خۆیان دەدوێن؟

دەتوانرێت هەمان شت سەبارەت بە هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەیەکی کوردیی، دەنگبێژێک، ئەکتەرێک یان هەر هونەرمەندێکی تر بگوترێت.

ئایا هەروەها ئەمە جێی داخ نییە؟

نەتەوەیەکگرتووەکان[20] و کورد

ئەو دۆزانەی وەک دۆزی کوردن گرنگترین گیروگرفت و پرسن کە یەکانگیری نەتەوەیەکگرتووەکان دەبنەوە. پاش جەنگی جیهانیی دووەم ئەم ڕێکخراوە نێونەتەوەییە ڕۆڵێکی بڕیاردەرانەی لە پرۆسەی ڕزگاربوون و هەڵوەشاندنەوەی کۆڵۆنییەکاندا هەبوو.

[20] نەتەوەیەکگرتووەکان (یونایتد نەیشنس/ یو ئێن (United Nations/ UN

ئەم ڕێکخراوەیە شانبەشانی گەلانی بەکۆڵۆنیکراو دژی هێزە کۆڵۆنیالەکانی وەک ئینگیلتەرا، فەڕەنسا، بەلجیک، هۆڵەند، پورتوگال و ئیسپانیا وەستا.

بەڵام بە هۆی شێوازی چۆنیەتیی دابەشکردن و لەتکردن و بەشکردنی کوردستانەوە دۆزی کورد نە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم بە کۆمەڵەی نەتەوەکان[21] گەیشت و نە پاش جەنگی جیهانیی دووەم بە نەتەوەیەکگرتووەکان.

ئەو وڵاتانەی بوون بە هۆی دابەشکردن و لوولدان و بەشکردنی کوردستان کە هێزە کۆڵۆنیالەکانی ئینگلتەرا (پاشان عێراق) و فەڕەنسا (پاشان سووریا) و تورکیا و ئێران بوون، بە شێوەیەکی زۆر سیستەماتیک و بە سووریەتیی تەواو و پێ داگرتنەوە ڕێگایان لە دۆزی کورد گرت و نەیانهێشت، نە بە کۆمەڵەی نەتەوەکان بگات و نە بە نەتەوەیەکگرتووەکان.

عێراق و سووریا پاش سەربەخۆییان لە دەست ئینگلتەرا و فەڕەنسا، هەر دوو بە جووتە هێندەی تر بە ئەو مەبەستەوە کە کورد بە نەتەوەیەکگرتووەکان نەگات هەوڵی خۆیانیان فراوانتر کردەوە. ئەو پێوەندیانەی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتدا لە پاش ١٩٦٠ـەکانەوە چێندران و دامەزرێنران بە هیچ شێوەیەک چارەنووسی نەتەوەی کوردیان لە باشووری کوردستاندا بۆ باشتر نەگۆڕی.

سەرباری هەموو شتێک، لە ژێر دەسەڵاتی پارتی بەعس و سەرۆکایەتیی سەددام حوسەیندا چەوساندنەوە، دەستی ئاسنین، بەکۆمەڵکوشتن و نیشتەجێکردنی زۆرەملێ ساڵ بە ساڵ زیاتر و زۆرتر بوون.

بە هۆی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەزار و یەک شێوەی بەکۆمەڵکوشتن و ڕاگوێزان و وێرانکاریی و خیانەت و ڕێگالێگرتنەوە نەتەوەی کورد نەیتوانی ئەو پەردانە هەڵ بداتەوە و ئەو پەرژینە قایمانە بشکێنێت و دەنگی خۆی بە دام و دەستگا نێونەتەوەییەکان بگەیەنێت.

لە مانگی ٢ی ١٩٦٣ دا کودەتایەکی سەربازیی لە لایەن ئەفسەرە بەعسیەکانەوە کرا. حکومەتی عبدولکەریم قاسم ڕووخێندرا. پاش کودەتاکە چەند هەنگاوێکی سەرکوتکارانە دژ بە سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی عێراقیی پیادە کرا. هەنگاوی سەرکوتکارانە دژ بە نەتەوەی کورد هێندەی تر پەرەی ستاند. هەزاران شیوعی ئازاردران و کوژران. تەنها ئەوانە کە خۆیان گەیاندە باشووری کوردستان توانیان خۆیان ڕزگار بکەن. لە ئەم دۆخ و کاتەدا دەوڵەتی سۆڤیەت بۆ چاوترساندنی ڕژێمی عێراق دۆزی کوردی بە نەتەوەیەکگرتووەکان گەیاند.

---

[21] کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم League of Nations) ١٩٢٠/١/١٠ پاش بەستنی کۆنگرەی ئاشتیی بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی جیهانیی یەکەم لە پاریس دامەزرا و ل ١٩٤٦/٤/١٨ کۆتایی هات و لە جێی ئەو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دروست کرا.

دۆزی کورد ڕاستەوخۆ لە لایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە بە نەتەوەیەکگرتووەکان نەگەیەندرا، بەڵکو لە ڕێگای مەنگۆلیاوە بوو، بێگومان بە داخوازیی سۆڤیەت. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ دا کودەتایەکی سەربازیی تر کرایەوە. ئەوانەی کودەتاکەیان کرد بەعسیەکانیان لە سەر کورسی حوکم لا برد. ئەم گرووپە نوێیە دەستیان بە چاککردن و باشکردنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت و شیوعیە عێراقیەکاندا کرد. لە ئەنجامدا یەکیەتی سۆڤیەت داخوازیی مەسەلەی کوردی لە ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان دوور خستەوە و نەیهێشت چیتر ببیستریت. ئیتر دۆزی کورد لە ژێر خاک نرا.

پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، لە ژێر ڕکێفی "کۆمەڵەی نەتەوەکان" دا لە هەوڵی دۆزینەوەی نیشتیمانێک بۆ جوولەکەکان دەست بە گەڕان کرا بوو. لە کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەمدا لە ڕێگای هەوڵ و تەقەڵای توند و شێلگیرانەی "نەتەوەیەکگرتووەکان" ـەوە دەوڵەتێکی جوولەکە لە فەلەستین دامەزرێندرا، بەڵام هیچ کاتێک، چ لە سەردەمی "کۆمەڵەی نەتەوەکان" و چ ئێستا لە ناو "نەتەوەیەکگرتووەکان" دا هەوڵ بە سوورِیی و شێلگیرانە لە پێناوی دۆزینەوەی چارەیەکدا بۆ دۆزی کورد نەدراوە.

لە ئەوەش بترازێت، ئەم داموودەستگایانە وەک کۆمەڵێک ڕێکخراوە ساخ بوونەتەوە کە هانی پیادەکردنی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە لە کوردستاندا بدەن.

شایانی دەرس لێوەرگرتنە، "نەتەوەیەکگرتووەکان" تووانای ئامادەکردنی بڕیاری سەبارەت بە خواروووی ئەفەریقا هەیە، کەچی لە ئاست ئەو هەنگاوە ڕەگەزپەرست و کۆلۆنیالیستیانەدا کە دژی کوردستان دەدرێن، بێ دەنگ دەمێنێتەوە.

ناوەڕۆکی ئەو هەنگاوانەی کە لە ناوچە جیاوازەکاندا دەنرێن و پیادە دەکرێن، بێگومان جیاوازن.

لە خواروووی ئەفەریقادا کارگوزاریەکان بە پلەی ڕەگەزیی دەبەخشرێن. ڕەشپێستەکان خزمەتگوزاریەکی کەمیان چنگ دەکەوێت. لە تورکیا کوردەکان تەنها لە ئەو کاتەدا دەتوانن بە خزمەتگوزاریی شاد بن کە نکۆڵی لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بکەن و ناسنامەی نەتەوەی باڵادەست لە سەر خۆیان دابنێن کە تورکبوونە.

نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەیەک زۆر زیاتر ڕەگەزپەرستییە لە ئەوەی ئیمتیازی تایبەتمەندیەتیی بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی نەتەوەیەکی تر بدرێت.

مۆدێلی ڕەگەزپەرستی تورکیی لە بەرەی یەکەمیانە.

لە ئەم ناوەڕۆکەوە پێویستە سەرنج لە ئەو سیستەمە کۆڵۆنیالیە نێودەوڵەتییە بدەینەوە کە لە کوردستاندا دامەزرێندراوە.

جار بە جار، لە ئێرە و لە ئەوێ، تورکەکانی بولگاریا و کوردەکانی تورکیا دەخرێنە ژێر شەنی باسەوە. ئەم باسە سەبارەت بە ڕووانگای ڕەگەزپەرستیی و پیادەکردنی دووڕوویانەی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا باسێکی گرینگە.

لە ڕاستییدا مەسەلەی تورکەکانی بولگاریا و دۆزی نەتەوەی کورد لە تورکیادا دوو بابەتی فرە لە یەک جیاوازن و بۆ بەراوووردکردن نابن.

ڕاستر بڵێین، دۆزی نەتەوەی کورد پێوەندیی بە ئەو جۆرە پرسیارانەوە نییە. خاڵی سەرەکیی و هۆی سەرەکیی ئەوەیە کە کوردەکان خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نین. دەوڵەتی تورکیا پشتگیریی لە تورکەکانی بولگاریا و قوبرس و یۆنان دەکات. ئەم دەوڵەتە، بۆ ڕێگاگرتن لە پیادەکردنی ئەو خاڵانەی کە خۆی بە نامرۆڤایەتیی و بەربەستکردنی مافەکانی تورک ناویان دەبات پەنا بۆ هێرشی سەربازیی دەبات، بۆ نموونە لە شەڕەکەیدا دژ بە قوبرس.

ئەم دەوڵەتە هەمیشە هەوڵ دەدات سکاڵا و دەنگی تورکەکان بە شوێنگای نێودەوڵەتیی بگەیەنێت. دەوڵەتی تورکیا لە پێوەندییە هاوبەشییە دوولایەنیی و هەمەلایەنییەکاندا ئەم پرسە دەکات بە بناخەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا.

بەڵام پرسی کورد بە شوێنگا و مەنزڵی نێونەتەوەیی ناگات. کێ بیگەیەنێت؟

کوردەکان مرۆڤی بێ دەوڵەتن. لە هەموو دۆخ و هەلێکدا یەکێک لە هەرە مەبەستەکانی سیستەمی کۆڵۆنیی نێودەوڵەتیی ئەوەیە کە نەهێڵدرێت کوردەکان دەوڵەتێکی خۆیان هەبێت.

ئەم هەنگاوەش، زەمینە بۆ دادۆشین و دزینی سامانە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد خۆش دەکات، وەک نەوت و ئاو و کانەکان و هتد.

کە نەهێڵراوە نەتەوەی کورد دەوڵەتێک بۆ خۆی دابمەزرێنێت، گەورەترین هۆکارە بۆ ئەوەی کە گوێیان لێ ناگیرێت و دەنگیان نابیسترێت و بێ پشتیوان ماونەتەوە. تەنها لە ئەم ساڵانەی دووایدا ڕێکخراوە دیموکراتییە جیهانییەکان و پارێزەرانی دیموکراتی هەوڵیان داوە دۆزی کورد بخەنە ناو باسی هەمەلایەنەوە.

با لە سەرەتای مانگی ٣ی ساڵی ١٩٨٨ بڕووانین: بە دەیان هەزار مرۆڤی کورد بە زۆرەملێ لە باشووری کوردستانەوە ڕووەوڕووی باکووری کوردستان بە هۆی بەکارهێنانی گازی کیمیاویەوە ناچار بە کۆچکردن کران.

چەندین بەڵگەی بێ خەوش کە دەیانسەلماند گازی کیمیاوی لە کوردستان بەکارهێنراوە، هەبوون. نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری دا تیپێک بنێرن کە لە بەکارهێنانی گازی کیمیاوی بکۆڵێتەوە، دەوڵەتی عێراق ڕێگای پێ نەدان.

ئەوە بوو تیپەکە وێستیان بڕۆن و ئەو کوردە هەڵهاتووانە ببینن کە لە تورکیا گیرسابوونەوە. ئەم جارەیان تورکیا نەیهێشت کە تیپی ڕێکخراوی نەتەوەکان گرووپێکی پسپۆڕ دابمەزرێنن و کوردە ئاوارەکان ببینن.

هەمان تورکیا لە مانگی ٦ی ١٩٨٨ دا لە کاتێکدا کە تورکەکانی بولگاریا بە زۆر پەسپۆرتیان درابوویە و دەرکرابوون، دەنگی نارەزایی بڵند کرد و داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرد کە زوو بە زوو تیپێکی پسپۆڕی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەو کردارە ناهەمواوە و ئاسەوارەکانی بنێرن، بە تایبەتیی لە سەر منداڵان. لە هەردوو دۆخەکەدا تورکیا دەسەڵات و تایبەتمەندیەتیی "دەوڵەتێکی سەربەخۆی" بە کار دەهێنا.

لە بەر هەموو ئەم هۆیانە سیستەمی کۆڵۆنیی نێودەوڵەتیی لە کوردستان سەرنجی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ئینتەرناسیونالیەکانی تر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت.

با هەروەها لە ئەم ڕاستیانەش بڕوانین.

لە ئەوە پێش باسمان کرد کە دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ کوردە ئاوارە پەناهێندەکانی باشووری کوردستان وەک لە شەڕداگیراو مامەڵەی دەکرد. لە پەناگای تەلەبەندکراو و درکەزێدا هێشتبوونیەوە.

ئەوەیش لە هەموو لایەک ئاشکرایە کە دەوڵەتی تورکیا چەندین کۆسپی ناهەموار و دژواری لە ڕێگای هەموو جۆرە تاکەکەس و کەسایەتیی و نوێنەرێکی دامودەستگا مرۆڤایەتیی و دیموکراتیە نێونەتەوەییەکاندا دروست دەکرد کە دەیانویست لە ئەم پەناگایانە بکۆڵنەوە. دەوڵەتی تورکیا ڕێگای لە زۆریان گرت.

کەچی هەمان دەوڵەت دیپلۆماتە بیانییەکان لە ئەنکارەوە بۆ سنووری بولگاریا دەبات تا تورکە بولگاریە دەرکراوەکان بە چاوی خۆیان ببینن. هەروەها نوێنەرانی دەستگای ڕاگەیاندنیش بە ئەوێ دەگەیەنێت.

بەڵێ، دەوڵەتی تورکیا، دەسەلاتدارانی دەوڵەت، پیاوانی ڕاگەیاندن، پارتە سیاسییەکان و ... تاد هەمیشە بە بەردەوامیی لە سەر ئەو خاڵە لەنگەر دەگرن کە هەمووان ئاگایان لە تورکە بولگارییەکان بێت و شێوازی کارگوزاریی و ژیانگوزاریی تەواو و لە باریان بۆ فەراهەم بکردرێت.

لە هەمانکاتیشدا دەڵێت: بولگاریا پرۆپاگەندەی نابەجێ دژ بە تورکیا دەکات.

سەرانی تورک دەیانەوێت خۆیان لە هەموو جۆرە بەرپەرچدانەوەیەکی دەوڵەتی بولگاریا بپارێزن.

ئایا بۆچی دەوڵەتی تورکیا سڵ لە بەرپەرچدانەوە ناکاتەوە لە کاتێکدا ئاوا خراپ و بە ئەو شێوەیە مامەڵەی کوردەکانی باشوور دەکات؟ چونکە ئاشکرایە تورکیا سەبارەت بە ئەم مەسەلەیە زۆر دڵنیاییە کە هیچ دەوڵەتێک ڕەخنەی لێ ناگرێت.

بە هەر شێوەیەک، ئایا داخۆ جێگای خۆی نییە تورکیا گوێ بە ئەوە بدات کە لە لایەن دامودەستگا نێونەتەوەییەکانەوە، وەک نەتەوەیەکگرتووەکان، سەبارەت بە هەموو ئەو مامەڵە خراپ و بە ئەنقەستەی لەگەڵ پەنابەرە کوردەکاندا دەیکات، ڕەخنەی لێ بگیرێت؟

مامەڵەی خراپ، لە ئەوانە هەوڵ دان بۆ بە کۆمەڵژەهراویکردنی پەناهێندە کوردەکان لە پەناگاکاندا. بۆ نموونە: لە ناوەڕاستی مانگی ٦ی ١٩٨٩ دا تەنها لە یەک ژەمدا لە کەمپی "قیزیل تەپە" پێنج سەد مرۆڤی پەنابەری کورد بە "نان" ژەهرخوارد کران. هەر چۆنییەک بێت، دەسەڵاتدارانی تورک و دەستگای ڕاگەیاندن هەوڵیان دا نکۆڵی لە ئەم کارە و لە ڕاستییەکان بکەن. لە دووایيدا سەلمێندرا کە لە لایەن هەوڵدانێکی دووقۆڵیانەی پۆلیسی نهێنیی دەوڵەتی عێراق و تورکیاوە ئەو نانە بە مەوادی کیمیاوی ژەهراوی کرابوو کە پاشان بە پەناهێندە کوردەکان درابوو. ژەهرەکەیان بە دەرزی تێ کردبوو[22].

تورکیا چەوساندنەوەی کوردەکان وەک ئەرکی سەرشانی خۆی دەبینێت. تەنانەت لە هەرە سەختیی و نیوەڕۆی ژیانیدا هەوڵ بۆ ئەو سەرخستنی چەوساندنەوەیە دەدات. هاوکات بە هەمان شێلگیرییەوە هەوڵ دەدات سەرنجی دەوروبەر بۆ سەر چەوساندنەوەی تورکە بولگارییەکان ڕابکێشێت.

بێگومان کارێکی جەرگبڕە کە مرۆڤ بە زۆرەملێ لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ڕاو بنرێت. ئەمە جێگای گومان و دوودڵی نییە، بەڵام ئایا ئەی سەبارەت بە ڕاگوێزانی ناوخۆیی؟

ئەو تورکانەی لە بولگاریاوە بە تورکیا دەگەن لە لایەن خەڵکانی دەم بە خەندەوە پێشوازییان لێ دەکرێت. ئەو تورکانە پاش گەیشتنیان هەست بە کامەرانیی و هێمنیی دەکەن، بەڵام ئایا چارەنووسی کوردەکان هەمان شتە؟

ئایا چارەنووسی ئەو کوردانە چۆن لێک دەدرێتەوە کە بە زۆری زۆرداریی بۆ ناوچە بیابانەکانی خواروووی عێراق ڕاگوێزراون؟ دەوڵەتی عێراق سیاسەتی کۆڵۆنیالیستیی و ڕەگەزپەرستیی خۆی بە ئەو پەڕی سووریی و تەواویەتیی پێداگرتنەوە پیادە دەکات.

ئایا پێویست نییە ڕێکخراوێکی وەک نەتەوەیەکگرتووەکان بە دەربەست ئەم جۆرە مەسەلانەوە بێت؟

[22] سەرچاوە : گۆڤاری ساڵی ٢٠٠٠، ژمارە ٢٥، ١٩٨٩/٦/١٨ ل ٢٤.

کوردستان هەمان کۆنە کوردستانی جاران نییە

لە ئەم ڕۆژگارانەدا زۆر شت بە پەلە دەگۆڕدرێن. کوردستان لە ناوەندی گۆڕانێکی بە پەلە دایە. بە سیاسەتکردنی بەرفراوان و چڕ لە هەموو ناوچەکانی کوررستاندا پیادە دەکرێت. بە تایبەتیی لە دووای ساڵەکانی ١٩٨٠ەوە کوردەکان دەستیان بە پرسیارکردن سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەیی و مێژوویی خۆیان کردووە. ئایا بۆچی کوردستانێکی تورکیا هەیە؟ بۆچی کوردستانێکی ئێران هەیە؟ بۆچی کوردستانێکی عێراق و سووریا هەیە؟ ... تاد. کەی کوردستان دابەش کرا و لوول درا و بەش کرا؟ سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە بە چ شێوەیەک لە کوردستان پیادە کرا؟ ئایا چ جۆرە خاڵێکی لاوازی کوردەکان بوو بە هۆی پیادەکردن و بە پراکتیککردنی ئەو سیاسەتە؟ سەرئەنجامەکانی پیادەکردنی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە کامانەن؟ ئایا کوردەکان پەنایان بۆ چ جۆرە شێواز و هەنگاوێک لە بەرامبەر بە گژداهاتنەوەی پەرت بکە و زاڵ بە بردووە؟

نەشیاوە گەلێک کۆنترۆڵ و جڵەو بکرێت کە سەرەڕای سیاسەتی نارەوا و درێندە کە لە سەر بناخەی تیرۆری ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەت گیرساوەتەوە هێندە بە پەلە و بە خێرایی بەرەو پێشەوە لە گۆڕانکارییدا بێت.

بە کورتیی دەتوانین بڵێین: کوردستان هەمان کۆنە کوردستان نییە. کوردستان ئەو کوردستانە نەماوە کە لە ژێر زەبروزەنگی سوپا و جەندرمە و پۆلیسدا ژێرپێ بخرێت و بچەوسێنرێتەوە. ئەو کوردستانە نەماوە ئەو وشە داستانیانەی بە گەروودا بکرێت کە تورکەکان چەند مەزنن و کە گوایا "تورکێک هەموو جیهان دەهێنێت".

ئەم ڕۆژانە چاونێری هۆشیاربوونەوەی جەماوەری کوردستانن، چاونێری بەئاگاهاتنەوەی نەتەوەیی نەتەوەی کوردن لە گەرمەی برسیەتیی و نەهاتییدا کە دەربڕین و باسکردنی یەکجار گرانە. هۆشیاربوونەوەی نەتەوەیی شانبەشانی بەئاگاهاتنەوەی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و ڕامیاریی دەڕووات و یارمەتیی دەکرێت.

زانیاریەکانی خەڵکی کورد چیتر توێژیی و سەرەتایی و لێڵ نیین.

ئەم گۆڕانکاریانەی کوردستان کاریان لە سەر ڕووناکبیرانی تورک کردووە. ئەوانیش بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە کورد و کوردستان گۆڕیوە. کارتێکردنی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەت لە سەر تاکەکەس و دامودەستگاکان وردەوردە لە ڕەوینەوەدایە. گۆڕانکاریی لە بۆچوونیشدا، بێگومان هەروا بە ئاسانیی و هەر وا بە کتوپڕیی ڕووی نەدا و لە ماوەیەکی کەمدا ساخ نەبووەوە. مرۆڤ نابێت ئەو کارتێکردنانە لە بیر بکات کە چەندین ساڵ لە گمەدا بوون.

ئەو ڕووداوانەی لە ژێر فەرمانڕەوایی عوسمانییدا لە کوردستان ڕوویان دا، ئەوانەی لە دابەشکردن و لوولدان و بەشکردنی کوردستادا ڕوویان دا چەندین بزووتنەوەی جەماوەریی ڕوون و ئاشکران.

لە باشووری کوردستاندا خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەیی یەکەم جار لە لایەن شێخ مەحمودی بەرزنجی و لە دووایيدا لە لایەن مەلامستەفا بارزانیەوە، لە خۆرهەڵاتی کوردستان سەرهەڵدانەکە لە لایەن سمکۆوە دەستی پێ کرد، ئینجا بانگەواز و هەرەسی کۆماری کوردستان لە مەهاباد. لە باکووری کوردستان بزووتنەوەکانی کۆچگەریی، دەرسیم، شێخ سەعید و ئارارات.

هەموو ئەمانە کارتێکردن و کاریگەریی هەمەلایەنیانەی خۆیان هەیە.

ئێمە هەروەها ڕووداو و بە سەرهاتی گەلێک مەزن لە باکووری کوردستان لە ئەم سی (٣٠) ساڵەی دووایيدا دەبینین. لە ئەوانە کارەساتی "٤٩" سالی ١٩٥٩، کارەساتی "٢٣" ساڵی ١٩٦٣. زۆر پێویستە ڕووداوی ساڵی ١٩٤٣ لە یاد نەکەین کە لە ژێر ناوی "ڕووداوەکەی جەنرالی مەزن م. م." دا ڕووی دا، کە تیایدا ٢٣ مرۆڤی کورد ڕیز کران و بە دەسرێژی گوللە گیانیان لێ ستێندرا.

دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان – تورکیا لە ١٩٦٥ دا ڕووداوێکی گەورەیە. دامەزراندنی (د.د.ک.و[23]) لە مێژووی باکووری کوردستاندا خاڵێی بادانەوەی گرینگە.

گۆڤارەکانی وەک "ئیلەری یوت" کە ١٩٥٨ لە دیاربەکر دەر دەکرا، "دەنگی سیلڤان" کە لە باژێڕی سیلڤان لە ١٩٦٢ دا دەر دەکرا، "دیجلە و فورات" کە لە ١٩٦٣ دا لە ئینستەنبوڵ دەر دەچوو، "یانی ئاکیس" کە لە ١٩٦٦ دا لە ئەنکارا دەر دەچوو، ئەو تاوانباریکردن و گرتن و دادگاییکردنانەی بە دووای ئەم ڕووداوانەدا هاتن، هەموو لە گەیاندن و هۆشیارکردنەوەی هەستی نەتەوایەتییدا ڕۆڵی مەزنیان هەبووە.

نامیلەکەکانی "د.د.ک.و" خزمەتی باشی لە ئاگادارکردنەوەی نەتەوەیی کورددا پێشکەش کرد.

لە ئێرەدا ئەوەیش شایانی باسە کە ناوی ڕۆژنامەیەکیش بە ناوی "سەرهشیار" بهێنین کە لە ١٩٧٠ دا لە "دۆگۆبایەزید[24]" دەر دەچوو.

ناوی ئەو ڕۆژنامەیە بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی کێپەی ناڕەزایی پرۆفیسۆر "حیفزی وەلی وەلیددۆغلۆ".

[23] د.د.ک. و بریتییە لە کۆمەڵەی کولتوریی و شۆڕشگێڕیی خۆرهەڵات و بێشکچی لێیان نزیک بووە.

[24] دۆگۆبایەزید ناوە تورکیەکەیە بۆ شاری سەرهشیار ی کوردستان کە دەسەڵاتدارانی تورک لە ساڵانی ١٩٣٠ بە دواوە لە پەلاماری گۆڕینی ناوە کوردیەکاندا دەستیان پێ کرد. شایانی باسە ئەو گۆڕینانە ناوی مرۆڤیشی دەگرتەوە، نەک هەر شار و شارۆچکە و جۆبار و ڕووبار و چیا و تد.

پرۆفیسۆر "حیفزی وەلی وەلیددۆغلۆ" وتارێکی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی "جمهوریەت" دا بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە ئەو ڕۆژنامەیە ئاگادار بکات، تا ئەوانیش هەنگاوی یاسایی خۆیان دژی دەرچوونی ڕۆژنامەکە بنێن.

ئەو"حیفزی وەلیە" نوسیبووی: "ناوی ڕۆژنامەکە خەڵەتێنەرە، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەک لە ژێر ناوی تورکیادا نەبێت، خیانەتە".

پرۆفیسۆر "حیفزی وەلی وەلیددۆغلۆ" خەڵکی پێشکەوتنخواز و دیموکراتی بە "خیانەتکار" تاوانبار دەکرد. سەرئەنجامی ئەو تاوانبارکردنەی حیفزی وەلی ئەو ڕۆژنامە کورديیە خنکێنرا.

کارێکی ئاسان نەبوو مرۆف لە ئەم کار و کردارەی پرۆفیسۆر "حیفزی وەلی وەلیددۆغلۆ". ێ بگات، چونکە ئەم کابرایە بە دیموکرات و پێشکەوتنخواز ناسرابوو، بە زانیاریدەرێکی دیموکرات و پێشکەوتنخوازی تورک لە قەڵەم دەدرا.

لە ڕاستییدا، نووسین و وتاری ئەم جۆرە پیاوانە و هەنگاونانی یاسایی دژی ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە ئەوەندەی ناوەڕۆکەکەیان زیاتر لە هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی نەتەوەی کورددا ڕۆڵیان هەبووە.

مەسەلەی کورد پەردەی لە سەر سنووورەکانی دیموکراتی تورکیا هەڵ دەماڵی و دەری دەخست کە ڕووناکبیرە تورکەکان لە ڕاستییدا تا چ ڕادەیەک دیموکراتیین. هەموو ئەوانە، ئەم ڕاستیانە و ئەم درۆیانە بوون کە دەروازەیان لە سەر مەسەلەی کورد کردەوە و ئاسۆ و ڕووانگای نەتەوەی کوردیان قوولتر و بەرفراوانتر کرد.

لە ئێرەدا مۆڵەتم بدەن ئەو ڕاستییە ڕوون بکەمەوە کە کارێکی هەڵەیە تەنها لە دید و لە ڕووانگای چینایەتیەوە لە مەسەلەی کورد بڕوانێت، مرۆڤ هەروەها دەبێت لە دید و ڕووانگای نەتەوەییشەوە لێی بڕوانێت.

لە بەر ئەوەی پرۆفیسۆر "حیفزی وەلی وەلیددۆغلۆ" نکۆڵی لە "بوونی" نەتەوەی کورد دەکات، و لە بەر ئەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی ڕەت دەکاتەوە، ئەوا کردوویانە بە وتەبێژ و ڕەوانبێژ کە بە قسەی چەور و فوودراو لە سەر دیموکراتیی دەدوێت.

پرۆفیسۆر "وەلیددۆغلۆ" بێگومان بە دڵنیاییەوە بۆ تورکەکان کەسایەتییەکی بە نرخە، هەروەها نیشتیمانپەروەر و دیموکراتیشە، بەڵام بۆ کوردەکان ئەم پیاوە تەنها دوژمنە بۆیان. ئەم پیاوە ڕەگەزپەرستێکی تورکە. ئەم پیاوە دوژمنی مافە دیموکراسیی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردە، ئەم پیاوە یەکێکە لە هەرە باشترین پارێزەرەکانی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت کە لە سەر بناخەی "درۆ" دامەزرێنراوە. تێڕووانین لە

مەسەلەکان لە ڕووانگای دیدی نەتەوەییەوە پەردە لە سەر ڕاستییەکان و هەڵسەنگاندنە کەسیەکان باشتر هەڵ دەداتەوە.

مەسەلەی نەتەوایەتی وەک کاخەزی گوڵەبەڕۆژە[25] کار دەکات و ڕەنگی خۆی دەگۆڕێت.

کەسانی وەک "حیفزی وەلی وەلیددۆغلۆ" لە پلەیەکدان خۆیان ئەو باوەڕە دەگەیەنن کە دەبێت مرۆڤی کوردی نیشتیمانپەروەریش هەبن کە نیشتیمانی خۆیان خۆش دەوێت. لە ئەم ساڵانەی دووایيدا یەکێک لە هەرە فاکتەرە گرینگەکان لە پشت هۆشیارکردنەوەی گەلی باکووری کوردستاندا بە دڵنیاییەوە ئەم دادگایانەن کە لە ١٩٧١/١/١٢ دا بە دەستی سوپای تورک دەست بێ کران.

بۆ یەکەم جار کوردەکان ناسنامەی کوردبوونی خۆیانیان بە ئاگای تەواو و بە شێلگیریی و سیستەماتیکییەوە لە دادگا تورکیەکاندا دەربڕی. کارتێکردنی هەموو ئەمانە لە سەر گەلی کورد بێ سنوور بوو. هەر لە ناوەڕاستی ١٩٧٠ کانەوە زۆر ڕێکخراوی جیاواز بە بڵاوکەرەوەی جیاوازەوە سەریان هەڵ دەدا کە لە داوێنی (د.د.ک.و) دەکەوتنە خوارەوە. لە ئەوانە ڕزگاریی، ئوزگورلوک یولو، دێڤریمچی دیموکرات و هتد. هەروەها بڵاوکراوە هەبوون کە سەر بە ڕێکخراوی "تێکۆشین" و "کاوە" بوون. "ڕۆژی وڵات" و "ڕۆژی نوێ" ش دوو گۆڤاری شایان باسن.

بڵاوکراوەکانی وەک: کۆمار، ئوزگورلوک یولو، کوردۆ، یونتێم نووسراوە و خوێندنی زۆر بە نرخیان سەبارەت بە مێژووی کورد و زمان و وێژە و بنەمای کۆمەڵایەتی کوردەوە بڵاو دەکردەوە.

مرۆڤ پێویستە "پارتی دیموکراتی کوردستان - تورکیا" و "ڕزگاریکارانی نەتەوەیی کوردستان" فەرامۆش نەکات. ئەم ڕێکخراوانە و بڵاوکراوەکانیان ڕۆڵێکی کاریگەریان لە هۆشیارکردنەوەی گەلی کورد و نووسینەوەی مێژووی کوردستاندا هەبوو. لە ناوەڕاستی ١٩٧٠ کانەوە تێزە کۆڵۆنیالییەکان لە لایەن ڕێکخراوە کوردیەکان پێشخران و بڕیاریان لە سەر درا، لە ڕووانگای هەمان دیتن و بەکارهێنانی هەمان زاراوەوە.

بەڵام چەپە تورکەکان بێجگە لە "ڕزگاریی" وەک بەرەیەک دژ بە ئەم تێزکاریانە بوون.

بزووتنەوە سیاسییە تورکییەکان کە هەمیشە بە پلەیەکی تەواو کراوەوە بەرامبەر بە یەکتر ڕووانگای دژ بە یەکیان هەیە، هەموو دژی ئەم تێزە کوردییە یەکیان گرت و بە هەڵە دەیانسەلماند. هەرچۆنیەک بێت، ئەمانەش ڕۆڵی گرنگیان لە گەشەپێدانی هۆشمەندی نەتەوەیی کورددا هەبوو.

[25] کاخەزی گوڵەبەڕۆژە Litmus papper

"پ.ک.ک پارتیا کەرکەێن کوردستان" کە لە کۆتایی ١٩٧٠ کاندا هاتە دامەزراندن و کودەتا سەربازییەکەی مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٠ و ئەو دۆخە دژوار و نالەبارەی لە زیندانە سەربازییەکانی دیاربەکردا هەبوو، گشتیان کاریگەریی بناخەیی و ڕیشەییان لە بەئاگاهێنانەوەی بیری ناسیونالیستیی کوردیدا هەبوو.

هەروەک "فرانز فانۆن" دەڵێت: "دەتوانرێت وەک 'یەکەم گوللە' لە ئەم دۆخە بڕووانرێت. لە ئێرەدا جێی خۆیەتیی کە هەندێک لە ئەو بڕیارە تێڕامێین کە لە لایەن پارتی کرێکارانی تورکییەوە سەبارەت بە کورد لە سەرەتای ١٩٧٠ کاندا درا.

لە کۆنفەرانسی باڵای دووەمی ئەم پارتەدا بڕیارێک بانگەواز کرا کە بریتیی بوو لە: "نەتەوەی کورد لە بەشی خۆرهەڵاتی تورکیا دەژین". لە بەر ئەم بانگەوازە ئەم پارتە لە لایەن دادگاییکردنێکی دادگای دەستوورییەوە قەدەخە کرا.

پارتی کرێکارانی تورک نەیتوانی لە دادگای دەستووریی بەرگری یاسایانە لە ئەو بڕیارەی خۆی بکات. بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەرامبەر بە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەتی تورک ڕێگای سەرنەواندنی هەڵبژارد. لە بەرئەوە لێکدابڕان و پەرت بوون لە ناو پارتەکەدا بوو بە کارێکی پێویست. هەروەها گرینگە کە ڕۆڵی پارتی کرێکارانی تورک لە ئەو ڕێکخستنانەدا لە یاد نەکرێت کە لە چەندین شارۆچکە و شاری خۆرهەڵاتی تورکیادا بە "خۆپیشاندانی بە کۆمەڵ لە خۆرهەڵاتدا" ناسراوە.

لەگەڵ ڕووداتی کودەتا سەربازییەکەی مانگی ٩ی ١٩٨٠ دا ڕووناکبیران و دیموکرات و ڕیفۆرمیستانی کورد بە کۆمەڵ ڕووەو ئەوروپا کۆچیان کرد. ئەم لایەنانە ڕۆڵی کاریگەریان لە ئاگادارکردنی کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا و دامودەستگا دیموکراسییە جیهانییەکان لە مەڕ دۆز کورد هەبووە.

چۆنایەتیی و چەندایەتیی بڵاوکراوەکانی کوردە کانی دیاسپۆرا لە هەردوو لاوە باشن.

دەستدرێژیکردنەکانی سوپای تورک بۆ سەر باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣ ەوە ڕووداوی گرینگن کە ڕەهەندە نێونەتەوەییەکانی دۆزی کورد نیشان دەدات. جمەی سەربازیی، هەنگاوی بەکۆمەڵکوشتن و نیشتەجێکردنی زۆرەملێ لە ڕێگای کورتەهەنگاوی کۆڵۆنیالیانەوە کە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥ – ١٩٣٨ دا لە باکووری کوردستان پیادە دەکرا، لە لایەن دەوڵەتانی خۆرئاواوە ئاراستە نەکرابوو. ئەم کردارانە پیادە دەکران بێ ئەوەی سەرنجی لایەک بۆ لای ڕووداوەکان ڕابکێشێت، بێ ئەوەی کاردانەوەی لایەنێکی لێ بکەوێتەوە.

گوێ بە ڕای گشتیی خۆرئاوایی نەدەدرا، بەڵام یەکەمین دەستدرێژیکردنی سەربازیانەی دەوڵەتی تورک بۆ سەر باشووری کوردستان لە ١٩٨٣/٥/٢٥ دا دەریخست کە ڕەوشەکە هەمان ڕەوشی ساڵانی نێوان ١٩٢٥ – ١٩٣٨ نییە.

کوردستان لە گۆڕاندایە

هاوتەریبیش لەگەڵ ئەم گۆڕانارییانەدا بەرژەوەندیی و بە دەربەستهاتنی ڕای گشتیی دیموکراتیی جیهانیش لە کوردستاندا بەهێزتر دەبێت و دەردەکەوێت. ئەم سەرنجە لە بەراووردا لەگەڵ ئەو سەرنجەی بۆ دۆزی فەلەستییەکان ڕاکێشراوە، بێگومان زۆر کەمە.

بە هەر شێوەیەک، ئەم سەرنجە هەرە کەمەش زۆر جێگای نرخە لە پەردەهەڵماڵینی ئەو هەنگاوە کۆڵۆنیالیانەی کە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە دەنرێن.

خەباتی ئازادیخوازی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان دژی عێراق، لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا دژی ئێران، هەروەها دژی سیاسەتی دەوڵەتی سووریا دەرهەق هەندێک ڕێکخراو، ئەمانە هەموو کار لە سەر گۆڕانکاریی و پێشکەوتنەکان لە باکووری کوردستان دەکەن.

لە ١٩٦٠ ـەکاندا کوردەکان لە باکوور کەمتر بە دەربەست بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی باشووری کوردستانەوە دەهاتن. سەرکەوتن و ژێرکەوتنەکانی بزووتنەوەکانی باشوور هێندە نەی دەبزواندن. بۆ نموونە، گەنجە کوردەکان زیاتر بە ڕووداوەکانی ئەمەریکای ناوەند و ئەفەریقا و فەلەستینەوە خەریک دەبوون و پێی دەبزووان. لە خەڵکانی گوند و کرێکار و پیشەکار و لاوەکاندا، گوندییەکان لە هەمووان زیاتر بە دەربەست خەباتی باشووری کوردستانەوە دەهاتن.

ئەمڕۆ دۆخەکە جیاوازە.

هەر ڕووداوێک لە هەر بەشێکی کوردستاندا ڕوو بدات بۆ هەموو کوردێکی هەموو پارچەیەکی کوردستان جێگای سەرنج و بەدەربەستەوەهاتنە. هەر یەکە و لە لای خۆیەوە هەول دەدات کە لە ئەو ڕووداوە زیاتر سەرئەنجام بەدەستبهێنێت و لە هەڵپەدایە باشتر لێی تێبگات.

دەستکەوت و سەرکەوتنە سیاسیی و سەربازییەکان لە بەشێکی کوردستاندا دەبێت بە مایەی شادبوونیان، کەوتن و دۆڕانیشیان خەفەتبار و خەمگینیان دەکات.

هەموو ئەمانە لە ڕێگای ئەو بە دەربەستهاتنە مەزنەوە کە کوردەکانی باکوور سەبارەت بە کوردە پەنابەرەکانی باشوور هەیان بوو کە لە دەست گازبارانی کیمیاوی لە باشووری کوردستانەوە کۆچیان دەکرد، بە بەڵگەوە سەلمێندراون.

سەبارەت بە ئەوەش کە دەوڵەتی تورکیا قەدەخەی دەکرد و ڕێگای لێ دەگرتن، بە هەوڵ دان لە ڕێگای ساردکردنەوەی دڵیان یان بەکارهێنانی تیرۆردا، هێشتا بە دەربەستەوەهاتن، هاوکاریی و کۆمەک و قوربانیی دان بەڵگەی ئەوەن کە کوردەکان یەکن و لە "خۆشیی و ناخۆشیی و چارەنووس و ئایندەدا" هاوبەشن.

کە مرۆڤێکی پسپۆڕ یارمەتی شتومەکیی بە هاوڕێکانی دەکات پێی دەگوترێت "دڕێژکردنی دەستی یارمەتیی"، بەڵام کاتێک مرۆڤێکی ئاسایی پاڵپشتیی لە هاوڕێکانی دەکات، دەگوترێت "قوربانیی". کوردەکانی باکوور خاوەنی قوربانین.

کوردەکانی باکوور قوربانیی لە پێناوی کوردەکانی باشووری کوردستاندا دەددەن.

پێشکەوتنی پێوەندیی و هێزەکانی بازاڕ، کاڵبوونەوەی پێوەندییە خێڵەکییەکان، لاوازبوونی دەسەڵاتی شێخایەتیی لە کوردستان، هەموو دەبن بە مایەی بەرەو نەمان ڕۆیشتن و پووکانەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە خەڕەکییەکان.

داخوازییەکانی خەڵک لە مەڕ مافە دیموکراتیی و نەتەوەییەکانەوە بوون بە ئەرکی یەکەم. لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی گەل دەستی بە ڕاوێژ کردووە و خەریکی شەنوکەو کردنیەتی.

زۆربوونی دانیشتووان و بەرهەم، دامەزراندنی خوێندنگا لە گوندەکان، پەرەپێدانی هێڵەکانی ڕێگاوبان و بەرەوپێشچوونی تۆڕەپێوەندییەکان دەبن بە بەهێزکاری بڵاوبوونەوە و لقوپۆپ بە هێزی ڕاگەیاندن دەر دەکەن کە بە شێوەیەکی خێراتر برەو بە ئەم داخوازییانە دەدات.

هەموو ئەوانەی لە پێناوی ئازادیی و دیموکراسییدا خەبات دەکەن ئیتر لە هەر شوێنێکی ئەم گێتیەدا بن لە مرۆڤی کوردەوە نزیکن. نەوەی نوی سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەییان بە گەرمیی و پەلە پرسیار لە خێزان و کەسوکارانیان دەکەن.

بۆ لەناوبردن و پەکخستن و لە کارخستنی ئەم گۆڕانکارییە خێرایانە، یاخود بە لایەنی هەر زۆر کەمەوە بۆ ساردکردنەوە و هێواشکردنەوەیان، ئەوا دەوڵەتانی داگیرکار لە کوردستان لەگەڵ هێزە نەریتیە کوردیەکاندا، چوون بۆ ناو بەرەیەکی هاوپەیمانیی و هاوکارییەوە.

ئەم دەوڵەتانە لە پێناوی هێشتنەوەی بەگیەتیی و خێڵەکایەتیی و زەمینداڕە گەورەکان و شێخایەتیی هەوڵی جیدی و سوور دەدەن.

هەر چۆنییەک بێت، لە هەڕە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە ئەمە کار و پیشەی دەوڵەتی تورک بووە، بەڵام دەوڵەت ئەمڕۆ زیاتر نرخی گرینگایەتیی و بە بایەخیەتیی ئەم هەنگاو و کارانە دەزانێت وەک لە پێشتر.

ئەگەر هێزە کۆنەپەرستەکان تا ئێستا هەبوون و تووانای خۆیان هێشتووەتەوە لە بەرئەوەیە کە کەمالیستەکان ئەوە دەخوازن. کەمالیستەکان دەزانن کە ئەم دامودەستگا نەریتیانە لە ڕێگای هۆشیاربوونەوەی نەتەوەییدا دەبن بە کۆسپ و لە ناو سەنگەری دەوڵەتدا جێ دەگرن.

کاتێک هێزە نهێنییەکانی دەوڵەت دڵی شێخێک یان دەڕەبەگێک یان سەرۆکخێڵێک دەبەنەوە، لە ڕاستییدا دڵی هەزاران خەڵک دەبەنەوە. لە ڕێگای ئەم جۆرە ڕابەر و سەرۆکانەدایە ئەم دەوڵەتانە توانیوویانە باڵزاڵییەتیی خۆیان بە بەردەوامیی لە سەر خەڵک پیادە بکەن.

دەوڵەتی تورک هەروەها لە ناوچەکەدا پەنا دەباتە بەر و پشت دەبەستێت بە بوونە – ناکوردییەکان. نموونەیەکی ڕەچاوکراو عەرەبەکانی تورکیان کە بۆ کۆنترۆڵپێکردنی بزووتنەوەی کوردیی بەکاردەهێنرێن.

پاش جەنگی بەرگریی دەرسیم لە ١٩٣٧- ١٩٣٨، واتە پاش ئەوەی سەرهەڵدانەکان لە باکووری کوردستان کۆژێندرانەوە، دەوڵەتی تورک دوو ئەڵتەرناتیڤی خستە بەردەم چینی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی کورد: یان وەرنە ناو سەنگەری دەوڵەتەوە یان هەروەک شێخ سەعید و سەید ڕەزا ملتان دەپەڕێنین.

چینی دەسەڵاتدارانی کورد، لە ئەوانە سەرۆکە خێڵەکایەتیەکان و شێخەکان و زەمینداڕە گەورەکان چوونە سەنگەری دەوڵەتەوە و لە ئەوێشەوە کران بە دەستگای نهێنیی و پیاوی دەوڵەت. ئەمڕۆ بەشی هەڕە زۆربەی ئەم لایەنانە لەگەڵ هێزە نهێنییەکانی دەوڵەتدا هاوکارین دەکەن.

ئینجا بە خەملاندن و دروستکردنی فۆرمێکی هاوپەیمانیەتیی نزیکتر لەگەڵ ئەم خەڵکانەدا و بەخشینی خەڵات و پاداشتی باشتر پێیان، دەوڵەت بە نیازە هۆشیاربوونەوەی نەتەوەیی کوردی پێ تێکبشکێنێت و بیتوێنێتەوە.

دەوڵەت هەوڵ دەدات دەسەڵات و وزە و تووانا و هەڵپەی ئەم لایەنانە لە ئەو ڕێگایەوە زیاد بکات کە جۆرەها کرێدیتی هەمە چەشنە وەربگرن و پلەوپایەیان بەرز بکاتەوە و بیانکات بە یەکەمین و تاکە فرۆشیار و ساخکارەوەی چەندین شتومەکی سەرەتایی کە لە لایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێن.

دەوڵەت هەروەها خەریکی پارتە سیاسیەکانیشە. دەوڵەت لە جیاتی ئەوەی پەنا ببات بەر پرۆسەی دیموکراتیی، دێت پیاوانی دەستڕۆیشتوو و باڵزاڵ ئاراستە دەکات کە لە جیاتی و لە بریتی ئەم پارتانە کار و هەڵسوکەوت بکەن و بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و ڕای جەماوەر دەیانکات بە سەرۆکی پارتی ناوخۆیی.

لە ڕێگای ئەم جۆرە کارانە دەوڵەت داخوازییە دیموکراتییە ڕەواکانی خەڵک لە ڕەوت دەخات و دەوەستێنێت.

گێرمەوکێشەی ناو پارتی سۆشیالدیموکراتی گەل و ئاکامی کۆنفەرانسی باڵای مانگی ٦ی ١٩٨٩ بە تووندیی بە ئەم خاڵەوە پێوەستە.

نیشانەخۆشەی ئەم پلانەی دەوڵەت ئەوە بوو کە پێوەندییەکانی نێوان پارتەکان و کەسایەتییەکان بپسێنێت، بە تایبەتیی ئەو پەرلەمێنتارانەی کە دەیانویست دەنگی گەل بۆ مافی دیموکراسیی بە شوێنی مەبەست بگات.

دەوڵەت دەیویست لە جیاتی ئەم جۆرە پەرلەمێنتارانە ئەو کەسانەی خۆی بهێنێت تا لەگەڵ ئەو کەسایەتیانەدا کە بە ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەت قاندراون و گۆش کراون پێوەندیی تایبەتیی دروست بکەن و دابڕێژن. ئینجا ئەم هێزە ناوەندیانە لە بریتی نوێنەرایەتیی پارتی سۆشیالدیموکراتی گەل لە هەرێم و باژێڕەکاندا بەکاربهێنێت.

هەروەها شوێنی خۆیەتی کە ناوبراو بە "ئاوێتەبوونی" تورک-ئیسلام لە هەمان چوارچێوەدا سەیر بکرێت.

بە کورتیەکەی دەتوانرێت ئەمانە بگوترێت: نیشانەخۆشەکە تواندنەوەی بزووتنەوەی کوردە لە ڕەهەندە نێونەتەوەییەکانی ئیسلامدا، بەڵام سەبارەت بە هەموو ئەمانەش کوردستان بە بەردەوامیی لە گۆڕاندایە، ئەویش لەبەر ئەو گۆڕانکاریی و هێزە دەینامیکیە ناوخۆییانەی لە پێشەوە لێیان دووابن.

کوردستان هەمان کۆنە کوردستانی جاران نییە.

دۆزی کورد و پرۆژەی گاپ[26]

دەوڵەتی تورکیا وەک ئامرازێک بۆ سیاسەتی تواندنەوە لە پرۆژەی "گ ا پ" دەڕووانێت.

[26] گ ا پ GAP پرۆژەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەناتۆلیا Güneydoğu Anadolu Projesi/ The (Southeastern Anatolia Project). گەورەترین پرۆژەی مێژووی دەوڵەتی تورکیایە لە باکووری کوردستان، بە ناوی پرۆژەی پێشخستنی هەرێمی، بۆ کۆکردنەوەی لقەکانی ئاوی شیرین و بە بەنداوکردنی ناوچەیەکی گەورەی کوردستان. لە سەر ئەم پرۆژە گەورەیە و مێژوو و مەبەستی سیاسیی نووسین زۆرن.

دەوڵەت دەخوازێت پرۆژەیەک لە شێوەی سەرمایەگوزاریی پارە و سامانی بیانییدا بنێرێت یاخود ئارستەی ناوچەی کوردستان بکات ئەویش بە هۆی ڕێگای هەندێک ئاسانکردن و زەمینە خۆشکردنەوە وەک دانانی ڕێژەیەکی کەمتر لە باج لە سەر ئەو لایەنانە، ئینجا هێنانی مەکینە و ئامێر بە ئاسانیی و بێ گیروگرفت لە دەرەوە و تاد.

چاوەڕوانیی دەوڵەت ئەوەیە کە بە هۆی و لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووریدا سیاسەتی تواندنەوەش بۆ خۆی زامن بکات.

دەوڵەت ئاوا بیر دەکاتەوە: لەگەڵ پێشکەوتن و بەهێزبوونی ئاڵوگۆڕ و بازرگانیی و پیشەسازییدا ناوچەی کوردستان یەک جەستەیی بە بەشی خۆرئاوای تورکیاوە پێوەست دەبێت و دەبەسترێتەوە.

پێشکەوتنی ئاڵوگۆڕ و بازرگانیی بۆ زیاتر بەرفراوانکردنی بە کارهێنانی زمانی تورکیی ڕۆڵێکی بنچینەیی و سەرەکیی دەبێت، چونکە خەڵکی ناوچەی خۆرهەڵات بە ناوچەی خۆرئاواوە لە پێوەندیدا دەبن. زمانی تورکیی بە کار دەهێنن. ناچار دەبن زمانی تورکیی بە کار بهێنن.

زمانی تورکیی ماوەیەکە پێش کەوتووە.

بەڵام لە ئەم لاوە وابیر دەکرێتەوە کە زمانی کوردیی هەر زمانێکی سەرەتاییە، کە زمانی کوردیی ئامراز و ستەرەکچەری زمانی نییە تا بتوانێت هاوشانی پێداویستییەکانی پیشەسازیی و ئاڵوگۆڕ و بازرگانیی و کاروباری بانک کردن بڕووات. دەوڵەت وا بیر دەکاتەوە کە لەبەر ئەو هۆیانە زمانی کوردی لە سەرخۆ و بە کاوەخۆ لە بیر دەچێتەوە.

ئەو کاتە تەنانەت پێویست ناکات یاسای قەدەخەکردن و پێچانەوە پیادە بکرێت تا پرۆسەی لە بیرچوونەوە زامن و مستوەگر بگات، چونکە کوردیی وەک زمانێکی سەرەتایی هێڵراوەتەوە و نەهێڵراوە پێش بکەوێت، ئەوا هەر چۆنییەک بێت هەر لە بیر دەبرێتەوە.
بەڵێ، ئەمە داڵغەی دەوڵەتە.
چاوەڕوانیی و پێشبینیی دەوڵەت و حکومەتی تورکیا بێگومان بەدی نایەت.
پێشکەوتنی ئابووریی و ڕەوتی ڕۆیشتنی بە دیموکراتیکردن و بزووتنەوەی نەتەوەیی زیاتر تاو دەدات.
پێشکەوتنی ئابووریی زۆر بە خێرایی دەمودەستگای نەریتیی دەتوێنێتەوە.

تواندنەوەی دامودەستگای نەریتیی ڕێیگا بۆ سەرهەڵدان و لەدایکبوونی مرۆڤی ئازاد خۆش دەکات، مرۆڤێک کە لە پێناوی ئازادیی خۆیدا دەجەنگێت.

لە ئەم ڕووانگایەوە، هاوپێوەندیەکی بنەڕەتیی نزیک لە نێوان سەرهەڵدانی هێزەکانی بازاڕ و قووڵبوونەوە و بەرفراوانبوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی لە ١٩٦٠ـەکاندا هەیە.

پێداگرتن لە ئەوەی گوایا زمانی کوردیی زمانێکی سەرەتاییە و تووانای نییە شانبەشان و یەکئاهەنگیانە لەگەڵ داخوازییەکانی پیشەسازیی و ئاڵوگۆڕ و بازرگانیی و بانک کردن بڕووات، هەڵەیەکی حاشاهەڵنەگرە.

لە هەمانکاتیشدا ڕووانگایەکی ڕەگەزپەرستانیە.

ئەو زمانەوانەی زمانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان وەک عەرەبیی و تورکیی و فارسیی و هەروەها کوردییش خوێندووە، لە ڕێگای نموونەکارییەوە نیشان دراوە کە زمانی کوردیی زمانێکی یەکجار دەوڵەمەندە.

لە قەفەسانی ئاخافتن و نووسینی زمانێک و ئینجا پێداگرتن کە گوایا زمانێکی سەرەتاییە، زیاتر لە دووڕوویی و ساختەچیەتیی و ڕەگەزپەرستیی نەبێت، هیچ بەرهەمێک و کارێکی وێژەیی بە بەرهەم ناهێنێت.

لە لایەکی ترەوە سیاسەتی تواندنەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی "د.د.ک.و" لە ١٩٦٠ـکاندا لە کار خرا.

کارێکی شیاوە بە ئەم شێوەیە ڕوونی بکەینەوە:

ئەو نەتەوانەی دەچەوسێنرێنەوە و دادەدۆشرێن لە یەکێک لە قۆناخەکانی ژیاندا سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆیان بە هۆش خۆیان دێنەوە. ئەم خەڵکانە دەست بە پرسیار دەکەن و لە خۆیان دەپرسن "ئایا داخۆ بۆچی زمانی زگماکی خۆیان نازانن؟"، "ئایا داخۆ بۆچی دەوڵەت هەمیشە لە هەڵپەدایە لە بیریان بباتەوە؟". ئینجا دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەن و دەپرسن: "ئایا بۆچی ئاخافتن و نووسین بە زمانی کوردیی تابو و بەربەستە؟"، "ئایا بۆچی دژ بە کاری دەوڵەتە ئەگەر بە کوردیی بنووسرێت و قسە بکرێت؟".

هەر مرۆڤێک بگات بە قۆناخی ئەم پرسیار لە خۆکردنە ناتوانرێت پێی بگوترێت کە توێندراوەتەوە.

زۆر هۆکار هەن بۆ باشتربوونی ڕەوتی پرسیار و پرسیار لە خۆ کردن:

بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواریی، پەرەسەندنی باش کارکردنی ئامرازەکانی کۆمۆنیکاسیۆن وەک ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، ئامێری تایپ، سینەما، پێشەوەچوونی هێڵی ڕێگاوبان و گواستنەوە، زۆرتر یەکتربینینی خەڵک و هامشۆکردنیان بۆ لای یەکتر لە بازاڕ و کۆگاکاندا و هەروەها گشت جۆرە پێوەندییەکانی دیکە.

هۆی هەرە سەرەکیی بوونی خوێندنگاکانی دەوڵەت، ناردنگای ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و هەروەها پیشەسازیی کۆنترۆڵکراوی سینەما، هەموو ئەمانە بە دڵنیاییەوە بە ئەو مەبەستە دەوڵەت بەڕێوەیان دەبات کە زەمینە بۆ سیاسەتی تواندنەوە خۆش بکات تا بەرفراوانتر و خێراتری بکات.

لە هەمانکاتیشدا، لە بەر گەلێک هۆی جیاوازی تر، لە سەروو هەمووشیەوە لە بەر بەرژەوەندیی و مەبەستی ئایدیۆلۆژیی خۆیان، وا لە خەڵک دەکەن لە ئەو خەباتانە بە ئاگا بن کە لە سەرانسەری جیاندا لە پێناوی ئازادیی و یەکسانیی و دیموکراسییدا دەکرێن.

لە بەر چەندین هۆی جیاواز کێشەکانی ڤیەتنام، ئەمەریکای ناوەندیی، خواروو ئەفەریقا، ئەفغانستان و فەلەستین لە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆن و لە سەر بەرگی هەرە پێشەوەی ڕۆژنامەکاندا نیشان دەدرێن.

باس لە تورکی بولگاریا و تراچی و قوبرس دەکرێت.

باسی کوردەکان ناکرێت و ناویان نابردرێت.

بەڵام هەموو ئەمانە گەلێک شت بە گوێی کورددا دەچرپێنن.

کوردەکان هەموو ئەو شتانە کە دەیانبینن و دەیانبیستن و دەیانخوێننەوە لەگەڵ دۆخی ژیانی خۆیاندا بەراوردی دەکەن.

کوردەکان لە ئەو ناڕەوایەتیی و دووڕوویە بەردەوامە بە ئاگا دەبن کە دەرهەحقیان دەکرێت و لە ئەم ناڕەوایەتیی و دووڕوویە تێدەگەن کە لە لایەن ئەو ڕژێمانەوە دەکرێن کە بەڕێوەیان دەبەن.

لە ئەم پرۆسەیەیەدا ئەو کەسەی کە لە بنەچەی نەتەوایەتیی خۆی بەئاگادێتەوە و ددان بە دروستیەتیی و واقیعی بوونی خۆیدا دەنێت، ئەوا بە ئەو پەڕی تووانا و تاقەتەوە لە بێنەوبەرە نێونەتەوەییەکاندا بەرەو پێشەوە دەچێت.

لە هەمانکاتدا دەستوورەکانی دەوڵەت، وەک: "ئێوە تورکن، ئێوە نەوەی تورکن، ئێوە تورکی ڕاستەقینە و ڕەسەنن"، یان ئەو دروشمە نێگەتیڤانەی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت کە دەڵێت: "ئەو کەسە ڕووسوورە کە دەتوانێت بڵێت 'من تورکم'"، "تورکێک هەموو جیهان دەهێنێت"، "ئەی تورک شاناز بە، کار بکە، خاوەن باوەر بە" ... تاد، هەموو بۆ پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی یارمەتییدەر بوون.

کەوتنە بەر شاڵاوی سیاسەتی تواندنەوە و مانای لە بیرەوەچوونی زمانی زگماکیی کەسێک، مانای دووانەنە بە زمانی نەتەوەی سەردەست و بێئاگابوونە لە بوونی ئەم بابەتانە و ڕازیبوونی سروشتیانەیە بە هەموو شتێک وەک خۆی.

سەرکەوتنی دەستگای بەڕێوەبەرایەتیی کۆڵۆنیالەکان لە ئەم بوارەدا لە ئەو خاڵەدا خۆی ساخ دەکاتەوە کە بریتییە لە ئەوەی نەهێڵرێت دانیشتووانی بندەست تێبگەن و ئاگایان لە ئەو پرۆسەیە بێت کە زمانە زگماکییەکەیان لە بیر دەباتەوە. ئینجا پرۆسەی سیاسەتی تووانەنەوە دەپوکێتەوە و بەرەو وەستان دەچێت ئەگەر تاکەکەس و دانیشتووان سەبارەت بە ئەو ڕووداوانە هۆشیار ببنەوە، ئەگەر پرۆسەی پرسیارلەخۆکردن و تێڕامان چەکەرەی کردبێت.

لە ڕاستییدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەوانەی کە دامەزرێنەری "د.د.ک.و" بوون کە ١٩٦٠ ـەکاندا بە زمانی کوردیی نە دەئاخافتن.

بە پێی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت کوردەکان توێزابوونەوە.

بەڵام کوردەکان سەبارەت بە ڕەگەزی نەتەوەییان هۆشیار بوونەوە و هەستیان کرد لە سەریان پێوویستە لە پرۆسەی خەباتی دیموکراسییدا بەشدار بن. زۆر لە ئەو کەسانە کە زمانی کوردییان لە بیرچووبووەوە یاخود زمانی کوردیان لە بیر برابووەوە، لە دووواییدا خۆیان فێری زمانی کوردیی کردەوە.

ئەو کەسانە بە تەنها فێری ئەوە نەبوون بە کوردیی بدوێن، بەڵکو هەروەها فێری نووسین و خوێندنەوەش بوون.

دووبارە، ژمارەیەکی زۆر لە ئەوانە کە بەرهەمهێنەری ئەو نووسراوە و بڵاوکراوە و گۆڤارانە بوون کە پێشتر لێیان دووابن، بە زمانی زگماکیی خۆیان نە دەدووان، بەڵام لە دۆخەکە بە ئاگا هاتبوونەوە.

لە لایەکی ترەوە ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان هەرچەندە کە تورکییش دەزانن و دەتوانن بە تورکیی بدوێن پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە هەر دەبێت لە دادگاییکردنەکاندا زمانی کوردیی بەکار بهێنرێت.

پوختەی پرۆسەکە بە کورتیی ئەوەیە کە لە ڕووانگا و چوارچێوەی ئەم پێوەندییانەوە لە چاوەڕوانییەکانی دەوڵەت و ڕژێم سەبارەت بە "پرۆژەی باشووری خۆرهەڵات گ.ا.پ" بڕووانرێت.

شێخەکان ئەمە بە دەروێشەکانیان دەڵێن: "ئەوەی گرینگە ئیسلامیەتیی و ئیسلامبوونە، دینداریەتییە، بوونی پێوەندیی و ژیانی هەتاهەتاییە، ناسیونالیزم دژ بە ئیسلامییەتیە".

بە دڵنیاییەوە ئەمە دەنگی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتە، بەڵام لە دەمی شێخەکانەوە دێتە دەرەوە.

ئەمە بەکارهێنانی داموددەستگا ئاینییەکانە لە پێناوی بەهێزکردنی هۆشیاربوونەوەی نەتەوەیی نەتەوەی کورددا.

واتە لە پێناوی وەستاندنی هەستی ناسیونالیستی کورددا هەنگاوی سێکتاریانە پیادە دەکرێن و دەخرێنە گەڕ.

لە سەروو هەموو ئەمانەوە ژمارە و چەندایەتی هێزە نهێنیی و سیخوڕییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکرێن و کۆمەڵێک زیندانی نوێ دامەزرێنراون.

پۆستی سەربازیی و بنکەی سەربازیی و پەرژینی سەربازیی، چ سەبارەت بە ژمارەی ئەندام و چ سە بارەت بە چۆنایەتیی لە چەکدا، لە زیاترکردن و زۆرترکردندان.

هێزی نهێنیی و سیخوڕیی دەوڵەت لە گەرمەی خۆسازکردن و گەورەترکردنی بنەکانیاندان.

تیۆریی "یەکەمین گوللە"

"فرانز فانۆن[27]" ئەو پیاوەیە کە بەشداریی لە خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەیی جەزائیردا کرد. فانۆن ڕەشپێستێکە لە وڵاتی مارتینکۆ کە کۆڵۆنییەکی فەڕانسایە لە دایک بووە و گەورە بووە. ئەم پیاوە پزیشکیی لە پاریس خوێند و لە سەرەتای ١٩٥٠ کانەوە بووە بە پزیشک. لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا وەک کارگوزارێکی گشتیی فەڕەنساوی چوو بۆ جەزائیر. لە جەزائیر بە نهێنیی پێوەندیی بە بەرەی ئازادیخوازی نەتەوەیی جەزائیرەوە کرد و پێوەندییەکانی قووڵ کردەوە.

فراز فانۆن سەبارەت بە نەتەوە بەکۆڵۆنیکراوەکان خاوەن تێزێکی شایانباسە. دەتوانرێت ئەم تیۆرییە شایانتێبینییە بە ئەم شێوەیە ڕوون بکرێتەوە: ڕێکخستنی خەڵک لە نەتەوە بەکۆڵۆنیکراوەکاندا و هاندانیان تا گەیشتنیان بە خاڵی هەڵگرتنی چەک کارێکی یەکجار قورسە بۆ بە ئەنجامگەیاندن، چونکە خەڵک لە ناو ئەم نەتەوانەدا ترسێنراون و دەستەمۆ کراون. مێشکیان پڕ کراوە لە ترس و دوودڵیی.

[27] فرانز فانۆن Frantz Fanon (١٩٦١/١٩٢٥) فەیلەسوفێکی سیاسیی بە پیشە سیکیاتەریست بوو کە لە ڕووانگای مارکسیزمەوە لە کۆڵۆنیالیزم و پۆستکۆڵۆنیالیزمی دەکۆڵی و دەتوێژیەوە. فانۆن پێی وابوو کە زەبروزەنگ دیارترین خەسڵەتی کۆڵۆنیالیزمە و لە بەرئەوە تەقاندنی یەکەمین گوللە، تەنانەت ئەگەر نەشێتێت، دەبێت بە هۆی تێکشکاندنی ئەو ترس و وەحشەتەی داگیرکار لە دڵی داگیرکراودا چاندوویەتیی و بەخێوی دەکات.

ڕژێمی کۆڵۆنیال ئەوە لە نەتەوەی بەکۆڵۆنیکراو چاوەڕووانە کە لە ترسدا بژی و بە هیچ شێوەیەک، بێ لە ئەوەی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە پێی دەگوترێت و فەرمانی پێ دەکرێت، هەڵسوکەوت نەکات.

چەوساندنەوە، دادۆشین، شکاندن و وێژدان ڕووشاندن هەموو لە سەر نەتەوە کۆڵۆنیکراوەکان بوون بە مایەی گەیاندنی زیانی گەورەی دەروونیی و گیانیی. خەڵکان باوەڕیان بە خۆیان نییە. ئەم خەڵکانە لە ئەندامانی خێزانەکانی خۆیان و لە ئەندامانی هۆز و گوند و خزم و کەسوکاریشیان بەشک و گومانن. ئەم خەڵکانە بڕوایان بە پێشەڕۆژ نامێنێت. ڕووانگا و دیدێکی زۆر تەڵخ و لێڵیان لە سەر خۆیان و لە سەر ئەندامانی خێزان و هۆزی گەلیان هەیە، کەچی بە پێچەوانەوە، کۆڵۆنیالیستەکانیان بە لاوە زۆر بە هێز و خاوەن شکۆیە و وای تێ دەڕووانن و وا بڕووا دەکەن کە جەنگان دژ بە کۆڵۆنیالیستەکان خەیاڵ پڵاوە. ئەم خەڵکانە ئەو چارەنووسەیان قبووڵ کردووە کە کۆڵۆنیالیستەکان بە سەریاندا سەپاندوون. سەرئەنجام پاڵی لێ دەدەنەوە و هەموو شتێک بە دەست خودێ دەدەن.

لە وڵاتە کۆڵۆنیکراوەکاندا پیاوانی کۆڵۆنیال دوو شتیان لە خەڵک گەرەکە: یەکەمیان، کۆڵۆنیالەکان دەڵێن: "هەرگیز لە بیرتان نەچێت کە ئێمە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواین. ئەگەر ئێمە نەبین ئەوا ئێوە لە دۆخێکی یەکجار دژواردا دەژین، چونکە ئێوە هەژار و پەککەوتە و دەستەوەستانن کە هیچ لە بارەی تەکنۆلۆژیا و یاسا و مافەکان و بەڕێوەبردنی ئابووریییەوە نازانن.

دووەمیان: لێمان بترسن و بە گوێمان بکەن.

لە دۆخێکی ئاوا گیانیی و کۆمەڵایەتییدا خەڵکە بە کۆڵۆنیکراوەکان دەیانەوێت پێداویستییە دەروونییەکانیان پڕ بکەنەوە و کاردانەوەیان بۆ ئەم زەوتکردنە هەبێت. لە بەر ئەوەیە خەڵکە بە کۆڵۆنیکراوەکان تا ئەو خاڵەش دەڕۆن کە بە سەر پێلاوی کۆڵۆنیالەکاندا بکەون.

لە ژێر دژوارترین دۆخی شکاندن و وێژدان بریندارکردن و بە نزم لێڕووانیندا هێشتا خەڵکانی بە کۆڵۆنیکراو هەر بە بێدەنگیی و گوێڕایەڵیی دەمێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بچووکترین ڕەخنە لە لایەن خزمێک هاوڕێیەک یان هاونیشتیمانییەکەوە دەبێت بە مەسەلەی شەرەف و ڕوودانی بەگژداهاتنەوەی گەورە، چونکە ئەم دۆخە گیانیی و کۆمەڵایەتیانەی خەڵکانی بە کۆڵۆنیکراو هەیانە دەبێت بە هۆکاری بەرهەمهێنانی منداڵی تووڕە و شەڕانیی. لەبەرئەوەی ئەو مرۆڤە هەموو دەستدرێژیی و شکاندن و نزم لێڕووانینێک لە کۆڵۆنیالیستەکان قبووڵ دەکات ئەوا ئەو ڕک و کینە و تووڕەییەی کە هەیەتی بە ناچاریی بە هاونیشتیمانییەکی خۆیی دەڕێژێت.

دەسەڵاتدارانی کۆڵۆنیالیست بە ڕادەیەکی یەکجار بەرفراوان سوود لە ئەم دۆخە دەروونییەی خەڵک وەردەگرن. ئینجا سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە لە سەر بناخەیەکی توندتر و قایمتر دادەمەزرێنن.

کۆڵۆنیالیستەکان هەڵ دەستن بە دروستکردنی کێشەی نوێتر و گەرمتر و ئاژاوەگێڕانی خوێنین.

ئەم کۆڵۆنیالیستانە خۆیان دڵنیا دەکەنەوە کە داموددەستگا و دەسەڵاتدارە نەریتییەکان هەر لە برەودا بن.

لە گوندەکاندا ڕێگا بە هێزی نهێنیی و هێزەکانی دەوڵەت دەدەن کە لە بەر چاوی پیاوەکانیاندا دەست بۆ ژنەکان ببەن. نایانەوێت کەس دەنگی ناڕەزامەندیی بڵند بکات. لە هەمانکاتیشدا فێریان دەکەن و هانیان دەدەن کە "شەرەفی خۆیان بپارێزن"، کە تۆڵە بسەندنەوە، کە بچووکترین کێشە لە ناو خێزان و گوند و هۆزدا تا شەڕی دەستەوئێخە و خوێناوی بگەیەنن.

بەڕێوەبەرایەتیی کۆڵۆنیالیی زیاتر بە دروستکردن و هێنانەکایەی بەرهەمی ئەم جۆرە دۆخە گیانییە دارێژنەرانەیە هەڵ دەستێت، وەک ئازاردان لە بارەگاکانی پۆلیس و بنکەی ڕاگرتن و زیندانەکاندا.

هەموو ئەمانە ئەوە نیشان دەدەن کە کۆمەڵگا کۆڵۆنیکراوەکان خوێنیان لێ دەچۆڕێت.

ئەو کەس و کۆمەڵگایانەی دژی ناڕەوایی و چەوساندنەوە یاخی نابن، ئەنگاوتەن و دڵیان پێکراوە.

فرانز فانۆن ڕوونی دەکاتەوە کە لە ئەم جۆرە دۆخانەدا ڕێکخستنی خەڵک و تاودانیان تا خاڵی هەڵگرتنی چەک و بەگژداچوونەوەی کۆڵۆنیالیستەکان تا بڵێیت گرانە. فرانز فانۆن لە ئەو پێداویستیانە دەکۆڵێتەوە کە ئەو جۆرە کۆسپ و تەگەرانە ڕادەماڵێت، دەستنیشانی پێداویستیی بوونی هەوڵی توند و شێلگیرانە و پڕ هاندان دەکات و بە ئەم شێوەیە بەردەوام دەبێت: دەتوانرێت هەموو ئەم کۆسپانە ڕابماڵرێت و ئەندامی نوێ لە کۆمەڵگادا بهێنرێنە گۆڕەپانەوە. کاتێک ئەم مرۆڤە یەکەم فیشەک بە کۆڵۆنیالەکانەوە دەنێت، لە ڕاستییدا ئەو گوللەیە بە خۆیەوە دەنێت. پاش تەقاندنی ئەو فیشەکە مرۆڤ بندەست دووبارە لە دایک دەبێتەوە.

بە پێی فرانز فانۆن، یەکەمین فیشەک کەسایەتیە کۆیلە و دەستەمۆ و چەوساوە و ترساوەکە دەپێکێت. ئەم مرۆڤە بە تەقاندنی یەکەمین فیشەک دووبارە لە شێوەی مرۆڤێکی ئازا و نەبەرد و لێهاتوودا لە دایک دەبێتەوە و باوەڕی بە خۆیی و خێزان و خزموخوێش و گەلی خۆی دەبێت.

ئەم مرۆڤە ئیتر چیدی خۆی بە کەسێکی بچکۆلە ناپێناسێنێت و هێزە کۆڵۆنیالیستەکانیش وەک بتێکی مەزن و خاوەنشکۆ نابینێت.

ئەم مرۆڤە نوێیە لە ڕووانگایەکی نوێ و تایبەتییەوە دەست بە بینینی بابەتەکان دەکات. ئەم مرۆڤە نوێیە حیسابی هێزی خۆیی و هێزی بەرامبەرەکەی دەکات و بە پێی ئەوە هەڵسوکەوت دەکات.

لە ڕاسییدا زۆر پێویستە وەک کارێکی شەڕفرۆشتن و شەڕخوازیی لە "یەکەمین گوللە" نەڕووانرێت.

"یەکەمین گوللە" بە پێی کات و شوێن مانای جیاواز دەبەخشێت.

لە دۆخی گونجاو و لە باردا بڵاوکراوەیەکیش کە دژی سیستەمی کۆڵۆنیالیی بێت هەر کاری "یەکەمین گوللە" ئەنجام دەدات.

تیرۆری دەوڵەتی تورکیا لە کوردستان

ئەمڕۆ لە کوردستان نەوەیەکی نوێ پێ دەگات. ئەم نەوەیە چاونێری ئەوە بوون کە چۆن بابوباپیریان دەستدرێژییان کراوەتە سەر و لێیان دراوە و ئازار دراون و شکێندراون و کەسایەتیان بریندار کراوە.

ئەم نەوەیە خاوەنی ئەو تاقیکردنەوەیەن کە مام و پوور و کەسوکاری بەسااڵداچوویان لە ژێر ئازاردا کوژراون. ئەم نەوەیە بینیوویانە کە چۆن دایک و خوشکی گەورە و پووریان بە قژ ڕاکێشراون و بۆ بنکەی ڕاگرتن و زیندانەکان مرخێش کراون و لە ئەوێندەرێ لە ناو زیندانداا شکێندراون و دەستیان بۆ براوە و ئازار دراون.

ئەم نەوەیەی ئەمڕۆ لە کوردستان پێ دەگات بیستوویەتیی کە چۆن خەڵکی بە تەمەنی دەوروبەریان وەک باوک و دایکیان، مام و پوور و کەسوکاریان بە "نایاسایی"، "تاوانبار"، "ڕێگر و دز و جەردە" و "خیانەتکار" ناویان براوە و بانگ کراون. ئەم نەوەیە هەموو ئەم شتانەیان بینیووە.

ئەمانە هەموو ئەزموونی ژیانیانە و ڕۆژ بە ڕۆژ بیستوویانە. کارێکی نەشیاوە ئەم لاوانە لە ئەم مەسەلەیە تێڕانەمێنن و لە ماوەیەکی کەمدا لە سەر ئەم شتانە پرسیار نەکەن. کارێکی نەشیاوە هەموو ئەمانە لە یاد بکرێن یاخود لە بیر ببرێنەوە. هەموو ئەم ڕاستیانەش یەک مەبەست دەپێکن: جەنگین لە پێناوی پساندنی کۆت و زنجیردا، لە پێناوی زامنکردنی ئازادییدا، لە پێناوی وەک مرۆڤ ژیاندا، ژیانێکی ڕەوا، جەنگین لە پێناوی ناسنامەی خۆدا.

کۆمەڵگا کۆڵۆنیکراوەکان بریندارن. ئەم کۆمەڵگایانە هەتا بە کۆڵۆنیکراویی بمێننەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بریندەکەیان قووڵتر و بە ئازارتر دەبێت. لە پاشاندا بریندەکە ئەو تەنە کەنەفت دەکات و لە پەلوپۆی دەخات.

باشترین چارەسەری ئەم بریندە خەباتکردنە بۆ ئازاد بوون، لە پێناوی ژیانکردنی ژیاندا وەک مرۆڤ، ژیانێکی ئاسایی، ژیانێک کە هاوئاست و یەکسانیی ژیانی هاومرۆڤەکانی تر بێت.

تەنانەت ئەگەر ئەو خەباتە لە ماوەیەکی کەمدا سەرکەوتوویش نەبێت ئەوا دەبێت بە خاڵی بادانەوە بۆ لەدایکبوونەوەی مرۆڤی نوێ کە خاوەنی ڕووانگا و دیدی خۆی بێت، لە پساندن و شکاندنی کۆت و بەندی کۆیلایەتییدا نوێکار بێت.

ئایا ئەوانەی لە ساڵی ١٩٦٨دا "د.د.ک.و" یان دامەزراند و ئەوانەی لە بە کۆمەڵ دادگاییکردنەکانی ١٩٧١ دا لێیان دەپرسایەوە، هەمان ئەو منداڵە هەژارە نابووتە ورگ ئاوساوە پێست وشکەوەبووە چاوبەقوونداچووە لوت چڵماویانەی ١٩٥٠ کان نەبوون؟

ئەو گەریلایانەی کە لە نێو دۆڵ و گوند و باژێڕەکاندا دەجەنگن، ئایا هەر ئەو منداڵانەی ١٩٦٠ ـەکان نیین کە چاونێر و خاوەنی ئەزموونی ژیانی پڕ دەستدرێژیکردن و ئازاردان بوون لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە کە پێیان دەگوترێت "کۆماندۆ"؟

ئایا ئەو منداڵانە هەموو نەیانبینیووە چۆن باوک و باپیرەیان لەلایەن سەرباز و ژەندرمەی تورکەوە پێیان ڕادەبوێردرا و قەشمەریان پێ دەکردرا؟ کە گوریس بە گەڵوگونیانەوە دەبەستڕا و زۆریان لێ دەکرا لە بەر چاوی ژن و کچ و هەموو خەڵکی ئاواییەکەدا بخولێنەوە و بگەڕێن؟

دەستگای ڕاگەیاندنی تورک و ڕووناکبیرەکانیان بەرامبەر ئەو منداڵە برسیی و هەژار و ورگ ئاوساو و پێستوشکەوەبوو و چاوبەقوونداچوو و لوت چڵماویانەدا سەریان سووڕ ماوە.

ئەم لایەنانە هەرگیز لە وێنەگرتنی ئەم منداڵانە ماندوو نابن.

ڕۆژنامەکان زۆر کەڕەت بۆ پیشاندانی ئەو هەژارییە و بێدەرەتاییەی لە کوردستاندا دروست کراوە لەگەڵ یەکتردا لە بەربەرەکانێدان.

ئەم لایەنانە ئەم ئازار و ئەشکەنجە و هەژارێتیە لە چەندین هەل و بۆنەدا دەخەنە بازاڕاوە. بە ئەو کارانە خەڵات دەبەنەوە.

ئەم هەواڵنێر و ڕۆژنامەوانانە ١٠ – ١٥ ساڵ دووای ئەوە ڕووبەڕووی پرسیاری ئەو منداڵانە دەبنەوە، پرسیاری وەک: "ئێمە کێین؟"، "بۆچی کۆت و زنجیر کراوین؟".

وەڵامی هەوڵ و کۆششی ئەم گەنجانە کە لە پێناوی وەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد و ڕەوادا دەیدەن، بە ئەم جۆرە تاوانبارکردنانە دەدرێتەوە: "نایاساییەکان دووبارە کردوویانەتەوە بە ڕۆژی خۆیان"، "دزەکان دەستیان پێ کردەوە"، "پیلانی نهێنیی، خۆفرۆشان"، "پشتیوانیی دوژمنانمان لە خۆفرۆشەکان ئاشکرا کرد".

ئەم هەواڵنێرانە و داموددەستگاکانیان ناوی ئەم گەنجانە بە دەستگا نهێنیەکانی دەوڵەت و پۆلیس و هێزە سیخوڕییەکان دەگەیەنن. ئەمە لەگەڵ ئەو ڕاستییە بێخەوشەدا ئەو گەریلایانە هەمان ئەو منداڵانەن کە سەبارەت بە ئەو هەموو هەژارِی و بێدەرەتانییەیان ئەمان لە وێنەگرتنیان نەدەکەوتن و چاویان تێر نەدەبوو.

دەستگای ڕاگەیاندنی تورکیی و ڕووناکبیرەکانیان بە بێدەرەتانیی و هەژاریەتیی ئەم منداڵانە واقیان وڕماوە کەچی لە هەمانکاتدا زۆر دژکاریی داخوازییەکانیانن بۆ ئازادیی و یەکسانیی، و لە گەیاندنی ناوی ئەو منداڵانەدا بۆ دەستگاکانی دەوڵەت ڕۆڵی سیخوڕێکیان هەیە.

کورده تاوانبارکراوەکان لە بەکۆمەڵدادگاکردنەکانی ١٩٧١ دا چیان دەگوت؟!

"ئەمڕۆ لە دادگاکانتاندا جێگای ئێمە نابێتەوە. لە ئایێندەدا ژمارەمان هێندە زۆر دەبێت کە تەنانەت لە یاریگاکان و گۆڕەپانی تۆپی پێشدا ناتوانن جێگەمان بکەنەوە. دادگا و زیندانەکان دووبارە پڕ بوون – وا لە هەڵئاوساندندان، بەڵام پرسەکە بە گوند و کێو و پادەشتەکان گەیشتووە و ڕەنگی داوەتەوە".

بەڵێ، کاتی خۆی کوردەکان زۆر بە دڵ بە ئازارییەوە نەیدەویست بزانن کێ دەیانکوژێت و کێ ئازاریان دەدات. ئەمڕۆ هەموو پرۆسەکەیان خستووەتە ژێر شەنوکەوی پرسیارەوە و لە پێناوی مردندا ناجەنگن، بەڵکو لە پێناوی مانەوە و ژیاندا خەبات دەکەن.

کوردستان هەمان کۆنە کوردستانی جاران نییە. نەشیاوە لە ژێر ئایدیۆلۆژیایەکی تۆزلێنیشتوو و کەڕووهەڵهێناوی وەک ئایدیۆلۆژیی دەوڵەتی تورکییدا کۆمەڵگایەک بە ژێردەستەیی بهێڵرێتەوە.کۆمەڵگایەک کە ئاوا بە پەلە و خێرا و بە تووندیی لە گۆڕاندایە.

بناخە گیانیی و مەتریالییەکانی بزووتنەوەی پارتیزانیی

لە پێشەوە باسی پێگەیشتنی نەوەی کوردی نوێ و دید و ڕووانگاکانیانمان کرد.

ئینجا پێویستە مرۆڤ لە بەر ئەم خاڵانە وا باوەڕ نەکات کە ئەو بزووتنەوە پارتیزانییە تەنها هەستی تۆڵەسەندنەوە و کاردانەوەیە دژ بە دادۆشین. من پێم وایە، زیاتر گونجاو و لە بارترە کە وەک کۆتاییەک بۆ کۆڵۆنیالیزم لە ئەو بزووتنەوە پارتیزانییە بڕووانین.

پێویستە لە بزووتنەوەکە تێبگەین و وەک هەوڵێکی شێلگیر و جەسوور بۆ کۆتاییهێنان بە کۆڵۆنیالیزم تێی بڕووانین، کە بناخە و ژێرخانە دژ بە مامەڵەی خراپ و نزم لێرووانیین. هۆشیاربوونەوەی سیاسیی سەبارەت

بە هەنگاوی کۆڵۆنیالیزم و کۆڵۆنیالیستەکان زۆر خۆڕسکیانە دەبێت بە هۆی لە دایکبوونی بزووتنەوەی پارتیزانیی.

بێگومان ئەو چەوساندنەوە و دادۆشینەی پیادە دەکردرێت دەبێت بە ژێرخانی دەروونیی و مەتریالیی ئەو بزووتنەوەیە، بەڵام لە ئێرەدا ئامانج کاردانەوە و وەڵامدانەوەی هەنگاوە چەوسێنەرەکان نیین. ئامانج لابردن و نەهێشتنی سەرانسەری پرۆسە کۆڵۆنیالیەکەیە.

لە ئەمانەش بترازێت، من لە پێشەوەی ئەم خوێندنەدا ئەوەم باس کرد کە کوردستان تەنانەت کۆڵۆنییەکیش نییە و نەتەوەی کوردیش تەنانەت مرۆڤی بەکۆڵۆنیکراویش نیین. هەردووک خاوەنی ناسنامەیەکی نزمترن.

"ماوتسیتۆنگ" دەیگوت: "بیرێک کە لە خەڵک لە دایک بووبێت، بیرێک کە پێوەستی ئۆرگانیکیی بە کۆمەڵانی خەڵکەوە هەبێت، ئەو بیرە چەکێکی بە هێزە. بە هێزترین دەسەڵات ئەو بیرەیە کە لە لایەن خەڵکەوە داهێنرابێت و لە لایەن کۆمەڵانی جەماوەرەوە خۆمالێندراو بێت".

هەروەها دەیگوت: "کارێکی شیاو نییە بیرێکی ئاوا بە تۆپ و گوللە ڕەگکێش بکرێت".

لە ئەم ڕووانگایەوە بۆ نەتەوەیەک زۆر پێوسیتە کە سەبارەت بە داهاتوو و ئایندەی خۆی پرسیار بکات. ئەم پرسیار لە خۆکردنانە هەروەها دەبن بە مایەی بەرزبوونەوەی رادەی هۆشیاریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی.

لە ڕێگای پرسیاری "ئێمە کێین؟" ـەوە زانیاریی دروست لە بارەی مێژوو و کۆمەڵگاوە تەشەنە دەستێنێت و پێش دەکەوێت.

چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر و ئازار و ئەشکەنجە لە سەردەمێکی تایبەتیی گۆڕانە کۆمەڵایەتیی و سیاسیەکاندا دەبن بە هۆی سەرهەڵدان و قوونبوونەوەی پرسیاری "ئێمە کێین؟".

ئەو نەتەوەیەی ئەو پرسیارە دەکات و سەبارەت بە ناسنامە و پێناسەی نەتەوەیی خۆی پرسیار دەکات ئەوا ڕێگایەکی درێژی لە خەباتی ئازادیخوازانەی خۆی بڕیوە.

کارتێکردنە خراپەکانی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی

ئەوەی لە ئێرەدا پێویستە بگوترێت دەتوانرێت بە کارتێکردنە خراپەکانی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی ناو ببردرێت. ئەو ئایدیۆلۆژییە ڕەسمییەی کە هەمیشە لە سەر ئەفسانەی "تورکی مەزن" دامەزرێنراوە، گوایا: "تورکێک

هەموو جیهان دەهێنێت و ڕووسوورییە مرۆڤ تورک بێت و کوردەکان هەمیشە لە لایەن خەڵکی دەرەوە بەڕێوە بردراون و کوردەکان نایاسایی و ناسالار و ڕێگاگر و خیانەتکارن و خاوەنی کەلەپوور نیین".

ئەمانە بێگومان کاریگەریی خراپیان لە سەر ئەو کەسانە هەیە کە هەوڵ دەدەن دژ بە ئەم ئەفسانانە ڕابووەستنەوە.

ئەم شێوازی کارتێکردنە خراپە زیاتر جێی خۆی دەکاتەوە کاتێک کە هەوڵ دەدرێت لە ڕێگای ئازاردان و ئەشکەنجە و سزای قورسەوە ئەم ڕووانگانە بسەپێنرێن.

کارتێکردنە خراپەکانی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی لەگەڵ فاکتەرەکانی تردا دەبن بە مایەی پەیدابوونی زەمینەخۆشە بۆ تێکشکاندن و پساندنی کۆت و زنجیرەکان.

هەموو ئەمانە ئەوە نیشان دەدەن کە کوردستان کۆنە کوردستانی جاران نییە. زۆر گرینگە وڵاتان و ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە کۆڵۆنیی کردووە و لە ناو خۆیاندا بەشیان کردووە، لە ئەم خاڵانە تێبگەن.

هەروەها پێویستە کە ڕێکخراوە جیهانییەکان، ئەو ڕێکخراوانەی کە پارێزگاریی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن و لە سەری هەڵ دەدەنێ، وەک نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆنسوڵی ئەوروپا و پەرلەمانی ئەوروپا و هێلسینکی، لە ئەم خاڵانە بڕووانن و لێیان تێ بگەن.

لە ئەم ڕووانگا و دیدەوە، بە دڵنیاییەوە بە بایەخیەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان زۆر گرینگە، بەڵام ئەم ڕێکخراوەیە وا خۆی نیشان دەدات کە لە ئەم دۆخەی کوردستان بێ ئاگا بێت. بە ئەم شێوەیە لە ڕاستییدا دەکەوێتە ناو ڕەوشێکەوە کە تیایدا پشتگیریی لە پلەیەکی نەتەوەیی دەکات کە زۆر لە پلەی کۆڵۆنییەکان نزمترە و سەری ڕەزامەندیی بۆ دەلەقێنێت. هەر ئەمە لە خۆیدا دەبێت بە هۆیەک بۆ ناچالاکیی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەبێت بە هۆکاری پووکاندنەوەی. پێویستە لە دەلاقەی هەمان ڕووانگاوە لە کۆنفەرانسی ئیسلامیی بڕووانیین.

کۆنفەرانسی ئیسلامیی چالاکیی و کاروبارەکان دژ بە دەوڵەتی ئیسرائیل بەهێز دەکات. ئەم کۆنفەرانسە دەوڵەتی ئیسرائیل بە چەوساندنەوە و زوڵموزۆرلێکردنی فەلەستینییەکان تاوانبار دەکات و بایکۆت لە سەر دەوڵەتی ئیسرائیل دادەنێت. هەروەها دژ بە دەوڵەتی ئیسرائیل داوای بایکۆتی نێونەتەوەیی دەکات. بەڵام وای پێ باشە ئەو دەستە سیاسییە زیر و زۆر قورسە نەبینێت کە لەلایەن دەوڵەتە ئیسلامییەکانی وەک تورکیا، ئێران، عێراق و سووریاوە خراوەتە گەرووی کورد.

سیاسەتێکی لە ئەو جۆرە بە زەحمەت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت کە ژێرخانی خۆی لە سەر دووڕوویەتیی بونیاد ناوە، چونکە دەوڵەتی ئیسرائیلیش ئەو جۆرە سیاسەت و هەڵوێستە بە جددی وەرناگرێت.

ئەگەر ئیسرائیل وەڵام باتەوە و بڵێت: "ئەو مافە بەئەژماردانەی فەلەستینییەکان لە ئیسرائیل پێی شاد بوون، کوردەکان لە عێراق و ئێران و سووریا و تورکیادا هەر نییانە". بۆ نموونە: بوونی کورد لە تورکیادا نکۆڵی لێ کراوە، هەنگاوی بەکۆمەڵکوشتن دژ بە نەتەوەی کورد لە زۆر لە ئەم وڵاتانەدا پیادە کراوە، چەکی کیمیاوی دژ بە نەتەوەی کورد بەکارهێنراوە ... هتد".

ئایا دەوڵەتە ئیسلامییەکان چ جۆرە وەڵامێک دەدەنەوە؟

دووڕوویەتیی ئەم کۆنفەرانسە دەبێت بە هۆکاری کیسەڕەوپی و ناچالاکیی و پووکاندنەوەی خۆی. لە سەروو هەموو ئەمانەیشەوە نابێت لە یاد بکرێت کە کۆمەڵگای کورد خۆی کۆمەڵگایەکی بە ئایین ئیسلامە.

هەندێک ڕێکخراوەی وەک کۆنفەرانسی ئیسلامیی زۆر هەوڵی بە دڵ و سوور دەدەن کە چاویان بە دۆزی کورد نەکەوێت و لە دۆزی کوردەوە دوور بن.

بەڵام تا دێت بە بەردەوامیی گرانتر و گرانتر دەبێت کە بە کەڕوڵاڵیی لە بەردەم ئەم هەنگاوە کۆڵۆنیالیانەدا بمێننەوە کە بە هاوبەشیی لە لایە ئەو دەوڵەتە ئیسلامییانەوە پیادە دەکرێن، چونکە کۆنترادیکت و دووڕوویەتیی لە بیروکردارداا هەر دێنە دەرەوە و هەر دەر دەکەون. ئەم مەسەلانە لێیان کۆڵراوەتەوە و کەوتوونەتە ژێر شەنی پرسیارەوە.

بۆ نموونە، ئەو زیانانەی تورکیا لە باکووری کوردستانی دەدات زۆر زۆر لە ئەوانە گەورەترن کە لەلایەن ئینگلستانەوە لە هیندوستان و وڵاتەکانی تر دەدران. وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەک ئینگیلتەرا لە تووانایاندایە لە ڕێگای دامودەستگای بانکی دراوپی و پێوەندیە بازرگانیی و پیشەسازیەکانەوە کۆڵۆنیەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام وڵاتانی وەکو تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا تەنها دەتوانن کۆنترۆڵی خۆیان بە هۆی شێوازی تیرۆری دەوڵەت و یارمەتی هێزە چەکدارەکان و پۆلیس و جەندرمەوە بەردەوام پێ بدەن.

ئەم دەوڵەتانە، بۆ نموونە، ئێران و عێراق، زۆر بە ئاسانیی دەتوانن چەکی کیمیاوی دژی کورد بە کار بهێنن. ئەم دەوڵەتانە دانیشتوانی کوردستانیش و ژینگە و خودی وڵاتەکەش وێران دەکەن، دارستانەکان دەسووتێنن، خاکەکە نەزۆک دەکەن و شارەکان خاپوور دەکەن. نیشانەخۆشە و ئامانجی ئەم سیاسەتە ئەوەیە کە دیدی خەڵکەکە کوێر بکەنەوە و قەوارەی گیانییان بڕمێنن، کە ناسنامەی نەتەوایەتییان بسڕنەوە و کۆت و پێبەندیان بکەن.

ئامانجی ئەم کارانە ترساندن و ناشتنی تۆوی دوودڵیی و شپرزەبوونە لە ناو بیرە سەرکێشەکاندا، بۆ ئەوەیە کە ئەم خەڵك لە دۆخێکی شلەکیی دەڵەمەیی هزرییدا بهێڵنەوە تا هیچ باوەڕ و متمانەیەکیان بە خۆیان و نەتەوەکەیان و ئایندەیان نەمێنێت.

مەبەستی ئەم سیاسەتە ئەوەیە کە دامودەستگا کولتوریی و کۆمەڵایەتییە کوردییەکان تێک بشکێندرێت، کە تەندروستیەتیی و پلەبەرزیی گیانیی و پرۆسەی بیرکردنەوەیان بڕمێنرێت و لە کار بخرێت. مەبەست کۆیلەکردنیانە بە تەواویی.

مەبەستی ئەم سیاسەتە ئەوەیە کە کاروبار و هەڵسوکەوتە کولتورییەکانی کورد لە ڕەگ و ڕیشەوە دەربکێشرێت و وایان لێ بکەن زمانی زگماکی خۆیان لە بیر بچێتەوە. بە ئەو مەبەستەیە ئەم کارانە دەکردرێن، تا نەتەوەی کورد بگۆڕن و بیکەن بە نەتەوەیەکی ماندوو و خۆبەدەستەوەدەر، بێ هیچ هەستێکی بەرەنگاربوونەوە و بەگژداهاتنەوە. چونکە کاتێک گەلێک ماندوو و خۆبەدەستەوەدەر بێت ناتوانێت داواخوازی مافە دیموکراتیی و نەتەوەییەکانی بێت. نەتەوەیەکی وا، بێ لە گۆڕاپەڵیی و ملکەچیەتیی بۆ خاوەنشکۆکان، ناتوانێت هیچ شتێکی تر بکات.

کۆڵۆنیالیستەکان دەیانەوێت نەتەوە کۆڵۆنیکراوەکان هەمیشە لە ئەو جۆرە دۆخە مێشکیی و هزرییەدا بهێڵنەوە. دروشمی ئەوان ئەمەیە: "ئێمەین کە دەسەڵاتدارین. ئەم ڕاستییە فەرامۆش مەکەن و لێمان بترسن".

ئەمانە سەرەکیترین ڕەهەندەکانی نێوان کۆڵۆنیالیست و کۆڵۆنیکراوەکانە.

کاتێک پێوەندییەکانی نێوان کۆڵۆنیالیستەکان و کۆڵۆنیکراوەکان دەخوێندرێت زۆر گرینگە ئەم ڕەهەندە هزرپی و گیانییە لە بیر نەکرێن. دەبێت سەرنجیان لێ بدرێت. خوێندنی ئەم ڕەهەندە بە لایەنی کەمەوە هێندەی خوێندنی ڕەهەندە ئابووریەکان و فاکتەرە ئابووریەکان پێویستن.

دادۆشین و چەوساندنەوەی ئابووریی تەنها لە دۆخ و ژینگەیەکی دۆڕاو و پەککەوتە و دەستەوەستاندا دەتوانرێت بڕەخسێندرێت.

تورکیا لە هەنگاوی قووڵکردنەوە و بەرفراوانکردنی ڕەگی سیاسەتی "پەرت بکە و زاڵ بە و وێران بکە" دایە. ئەویش لە ئەو ڕێگایەوە کە هێزی "گوندپارێز[28]" وەک وەڵامدانەوەیەک لە ڕووی ئەو چالاکییە بەئەژماردانەی پارتیزانەکانی کورد دادەمەزرێنێت کە دەوڵەت ناتوانێت بیانووەستێنێت و پێشیان پێ بگرێت.

لە ڕێگای "گوندپارێزان" ەوە دەوڵەتی تورکیا ئاژەوە و پشێوەی دەخاتەوە. ئینجا ئەم شەڕ و پشێوییە کە لە ئەنجامی چەندین هۆوە لە کۆمەڵگا کۆڵۆنیکراوەکاندا سەرهەڵ دەدەن، دژ بە پارتیزانەکان و هاوڕێ و خێزان و گوندیان ئاراستە دەکات. بە ئەم شێوەیە دەیەوێت بزووتنەوەی پارتیزانیی کۆنترۆڵ بکات و دەروازەیەک لە سەر شەڕ و ئاژاوە لە ناو کۆمەڵگای کورددا بکاتەوە.

لە ئەم پرۆسەیەدا، سیاسەتی "پەرت بکە و زاڵ بە و وێران بکە" بە شێوەیەکی قووڵتر ڕەوانەی ڕەگ و ڕیشەکانی خوارەوە لە کۆمەڵگادا دەکرێت و بە سووریەتیی و تونديیەوە پیادە دەکرێت.

ئەمە ئەو سیستەمەیە، ئەو شێوازەیە کە ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان، شانبەشانی هیوا و خواستی ئەندامەکانی کە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریان، دژ بە داواکارییەکانی مافە دیموکراتیی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد، دەیهێڵێتەوە و پارێزگاریی لێ دەکات.

ئەم ئاکارەش تەنها ناچالاکیی و پووکاندنەوەی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەسەلمێنێت، هەمان ڕاستیش سەبارەت بە کۆنفەرانسی ئیسلامییش دروستە.

لە ئێرەدا دووپاتکردنەوەی ئەوە بە بەسوود دەزانم کە هەر لە سەرەتای ئەم خوێندنەدا لێی دووام. سیاسەتی "پەرت بکە و زاڵ بە" کە لە کۆڵۆنیە نەریتیەکاندا پیادە دەکرا لە کوردستاندا گۆڕدراوە و کراوە بە سیاسەتی "پەرت بکە و زاڵ بە و وێرا بکە".

ئەوەی کە وێران کراوە و دووچاری بەکۆمەڵکوشتن و تواندنەوە بووە بێگومان ناسنامەی نەتەوەیی کورد و خاکی کوردستانە. ئەوەی مشتی کوشتنی لێ گیراوەتەوە بەها نەتەوەییەکانی گەلی کورد و شێوازی پێکهاتنیەتی.

ئەگەر هەر سەرەڕای تیرۆری دەوڵەت و چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر و ئازار و ئەشکەنجە هێشتا هەر خەڵک هەبن کە ناسنامەی کوردبوون بپارێزن ئەوا ئامانج و نیشانەخۆشەی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەت بریتیی دەبێت لە تواندنەوە و لەناوبردنی ئەو کەسانە.

---

[28] گوندپارێز، لە ڕاستییدا بە تورکیی پێیان دەگوترێت "Türkiye Güvenlik köy korucusu " بە مانای "گوندپارێزانی ئاسایشی تورکیی" کە لە ڕاستییدا ئەو کوردانەی باکوورن کە بوون بە جاش. ئەرکی سەرشانیان شەڕکردنە دژ بە نەتەوەکەی خۆیان. دەوڵەت مووچە و چەک و تەقەمەنییان بۆ دابین دەکات و لە بەرامبەردا مووچەیان پێ دەدات و هەلیان بۆ دەڕەخسێنێت و پلەوپایەیان پێ دەبەخشێت.

دەستدرێژییکردن و خوێنڕێژیی سوپای کۆڵۆنیالیی تورکیا ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەستاندن دایە. دەوڵەت لە هەموو جۆرە شێوازێک و پیادەکردنیان دەڕووانێت. شێوازی وەک: ئابڵووقەدانی گوندەکان، پشکنینی گشت ماڵێک، ئازاردانی گشت دانیشتووان، ڕاوەدوونانی خەڵک، دامەزراندنی هەرێمی ناوچەی زۆرەملێ، گازبارانکردنی بنکەی نیشتەجێ و سەرچاوەی ئاوەکان بە گازی ژەهراوی، دوورخستنەوە و ڕاگوێزانی بەردەوام و تاد.

دەوڵەت پەنا بۆ بەکارهێنانی هەموو ئەم کارانە دەدات.

ئینجا لە سەر چۆنیەتیی هەڵکەوتنی شۆڕ و کات هەندێک لە ئەم هەنگاوانە بە بەردەوامیی و بێ سڵ کردنەوە پیادە دەکرێن.

دەوڵەت سیخوڕی ئاگری بن کا و جاسووس و زانیاری کۆکەرەوە دەخاتە ناو ژنان و گوندیەکانەوە. هەر کاتێک کەسێک بگیرێت و لە پاشاندا ئازاد بکرێت بە بەردەوامیی دەبێت بە جێی سەرنج و تێڕامان. دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستەکان لە ژێر چەندین بیانوودا دەتوانن و لە دەستیان دێت کە ماڵ و سامانی کورد، خاک و خانووبەرەیان، بەرهەم و ئاژەڵ و پەلەوەریان زەوت بکەن و دەستیان بە سەردا بگرن.

ئەو سەربازانەی کە تا بنهەنگڵیان چەک و تەقەمەنییە و دەچنە ناو گوندەکان بۆیان هەیە لە هەر ماڵێک دڵیان بخوازێت دابمەزرێن و لە سەر خۆراک و سامان و ماڵیان بلەوەڕن. ئەو سەربازانە دەتوانن زۆر لە گوندیەکان بکەن برۆن و میوەیان بۆ بچنن و بێستانیان بۆ برنن و شتومەکیان بۆ بهێنن، بۆیان هەیە دەستوور بدەن کە گوندیەکان هەمان کاری سەربازیانەی ئەوان بکەن و بیانکەن بە جاش و چەکیان پێ هەڵبگرن.

ئەگەر لاوێک بووبێت بە گەریلا ئەوا دەتوانن زۆر بۆ خێزانەکەی بهێنن تا بچن بیهێننەوە و بە دەستی خۆیان تەسلیم بە پۆلیس و سوپای بکەن. خۆ ئەگەر خێزانەکەی گوێڕایەڵ نەبن ئەوا سەربازەکان دەتوانن هەموو خێزانەکە لای خۆیان بهێڵنەوە و تووشی سزادان و ئازاردان و لێپرسینەوەیشیان بکەن.

ئەو بڕە پارەیەی بۆ بەئەنجامگەیاندنی گرتنی چواردەور و ئابڵووقەدان و تەنینی ناوەوەی ئەو گوندە پێویست بووە، ئەوا بێ ئەملاوئەولا لە پارەی بە بێگاری ستاندن لە خەڵکی گوندەکە کۆدەکرێتەوە. خەڵکی گوندەکە تەنیا دوو ڕێگەیان دەخرێتە بەر دەست: یان دەبێت دژ بە ئەو هەنگاوانە ببنەوە کە لە هەموو دۆخێکدا سەرئەنجام سەربازەکان ئاگری تفەنگەکانیان لە خەڵکەکە دەکەن و زیان بە هەر چواردەوری خۆیان دەگەیەنن، یاخود خۆیان بە دەستی بێدەنگیی و پاڕانەوە بدەن.

هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایەی دووایی دەبێت بە هۆی ئەوەی ڕێزی خودیی و هەستی دەروونیی تاکەکەس نزم ببێتەوە و مرۆڤایەتیەکەیان لێ ون ببێت.

ترس و شەرم خەسڵەتە مرۆڤایەتییەکان تێک دەشکێنن و دڵی مرۆڤ وردوخاش دەکەن و ناسنامەی کەسایەتیی مرۆڤ لەکەدار دەکەن. دەتواندرێت بگوترێت کە لە هەردوو دۆخەکەدا پۆلیس و سوپا کارەکەی خۆیان بە ئەنجام دەگەیەنن. لە ئەم ڕووانگا و دیدەوە کۆمەڵگا کۆڵۆنیراوەکان بریتین لە کۆمەڵگای لاڵ.

کوردستان کۆڵۆنییش نییە!

هەموو ئەو هەنگاوانە بە یارمەتیی کەسانی پسپۆڕ پیادە دەکرێن، تەنانەت پسپۆڕی بیانییش.

ئەم هەنگاوانە بە هەنگاوی دژ- گەریلا[29] ناو دەبردرێن.

مایەپووچیی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی

دیاریترین سیاسەت دەوڵەتی تورکیا ئەمڕۆ لە کوردستان پیادەی دەکات بریتییە لە تیرۆریزمی دەوڵەتیی. ئەمەش تاکە سیاسەتە تورکیا سەبارەت بە دۆزی کورد هەیبێت. بێ لە تیرۆری دەوڵەت، تورکیا هیچ سیاسەتێکی تری نییە.

دەسەڵاتدارانی تورک بە جۆرە بیر و هزرێک ئاراستە و ڕێنمایی کراون و دەکرێن کە دەڵێت: "با کۆمەڵە هەنگاوێکی وا زۆردارانە پیادە بکەین کە هیچ کەسێک نەتوانێت تەنانەت بە وشەش وشەی "کورد" یان وشەکانی "مافی نەتەوایەتیی کورد" یان "مافە دیموکراتیەکان" لە زاری بترازێت. با جۆرە هەنگاوێکی وا پیادە بکەین کە ئەوانەی باسی دۆزی کورد دەکەن بە تەواوی ئاگادار بن کە نەک هەر خودی خۆیان بەڵکو هەروەها خێزان و خەڵکی گوندەکانیان و هۆزەکانیشیان سزا دەدرێن. بۆ ئەوەی بە تەواوی بترسن و توخنی مەسەلەیەکی ئاوا نەکەون".

[29] دژ- گەریلا Counter-Guerilla ئەوەی تورکیا بە ناوی دژ-گەریلاوە دەیکرد لە ڕاستییدا شەڕی فیزیکیی نەبوو دژ بە هێزی گەریلا، بەڵکو شکاندنی کەسایەتیی کورد بوو لە قووڵایی گوندەکاندا بۆ ناو شارۆچکە و شارەکان و بەهێزکردنی لە لایەن شەڕی تایبەتییەوە. دەوڵەت هیچ کاتێک نەیدەویست شەڕ دژ بە گەریلا بکەوێتە ناو پرۆتۆکۆڵی ڕەسمیی دەوڵەتەوە تا ئیتر زیانەکانیان هێندە زۆر بوو کە شەڕەکە نەدەشاردرایەوە و ناچاربوون ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تایبەتیی بۆ دابمەزرێنن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سەبارەت بە هەموو ئەو ئەشکەنجەدان و بەکۆمەڵکوشتن و دوورخستنەوەی ناوخۆیی و زیندانیکردن و هەژارکردن و نابووتکردنەش هێشتا خوێندن و لێکۆڵینەوە لە ناو کورددا لە بارەی کوردستانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاتر بووندایە. خوێندن لە سەر زمانی کوردیی و کولتوری کوردیی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێت. داواکارییەکانی مافە نەتەوەییەکانی کورد و مافە دیموکراتیەکان لە بەئەژماردیی و تووندێتیاندا زیاتر دەبن. ئەم داواکاریانە بە چەندین جۆر و شێوە دەردەبڕدرێن.

بە دامەزراندنی "د.د.ک.و" سیاسەتی تواندنەوەی کورد لە ڕەوت خرا.

کارکردنی هێزە بازاڕییەکان و بە دیموکراسییکردن پێشکەوتنی ناسیونالیزمی ئازادیخوازی کورد تووندتر و خێراتر دەکات و بڵاوی دەکاتەوە.

سەبارەت بە ئەو هەموو تیرۆرە دەوڵەتییە توند و بەردەوامەش هێشتا کوردەکان بە گشت جۆرێک لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری دەوڵەتییدا هەر سوور و جەسوورن، نەتەوەی کورد لە سەر ڕێگای خەباتی ئازادیخوازانەی خۆیدا ملی ڕێگای گرتووەتە بەر.

ئەمە مانای مایەپووچیی تیرۆری دەوڵەتە، کە مایەپووچیی سیاسەتی دەوڵەت دەگرێتەوە، چونکە ئەم تێکۆشانە وا لە سیاسەتی تیرۆری دەوڵەت دەکات کە نەتوانێت کاری خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت.

لە تورکیادا بێ لە تیرۆری دەوڵەتی شێوازی سیاسەتیی تر نییە.

کاتێک لە ئەم ٨ تا ١٠ ساڵەی دووایدا لە پێشکەوتن و دۆخە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین دەڕووانین دەبینین کە هەموو دەوڵەتەکان سەبارەت بە سیاسەتی لە مەڕ کورد خاوەنی سیاسەتێکی تایبەتیین.

سۆڤیەت و ئەمەریکاش سیاسەتی کوردیان هەیە.

وڵاتەکانی وەک فەڕەنسا، ئەڵمان و ئینگیلتەراش سیاسەتی کوردیان هەیە. هەروەها ئێران و سووریا و دەوڵەتە عەرەبیەکانی تریش سیاسەتی کوردیان هەیە، چونکە نەتەوەی کورد ئێستا هێزێکی دینامیکیە کە کار لە سەر گۆڕانکارییە سەربازیی و ئابووریەکانی خۆرهەڵاتی ناوین دەکات.

هێزێکن کە دەبێت بەریان لێ بگیرێت.

ئەم سیاسەتە بۆ کورد باش بێت یان خراپ، ئەم سیاسەتانە کامیان لەگەڵ بەرژەوەندیی کورد دایە و کامەیان دژین، هەر یەکەیان بابەتێکی تایبەتین و دەبێت بە جودایی بخوێندرێن و لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت.

بەڵام تێبینیکردنی ئەو خاڵەی کە ئێستا کوردەکان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هێزێکی دەینامیکین، هەروەها گرینگە.

ئەوانەی بڕوایان وایە دۆزی کورد بە تیرۆر چارەسەر دەکرێت، دەوڵەتانی وەک تورکیا و عێراقن، ئەوانەش ئەو دەوڵەتانەن کە هەنگاوە کۆڵۆنییەکان لە کوردستان پیادە دەکەن.

دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی پارتیزانیی

ئەو بزووتنەوە پارتیزانییەی کە لەلایەن پ.ک.ک لە نێوان ڕۆژانی ١٤-١٩٨٤/٨/١٥ دا دەستپێشخەریی کرا لە باژێڕەکانی ئیرۆ و شەمدیناندا زۆر رادیکلانە دوو خاڵی گۆڕی.

یەکەمیان: بزووتنەوەکە خۆپی گۆڕی و بە سەر ترس و شەپۆکان و خۆبەدەستەوەداندا زاڵ بوو. بە ئەم شێوەیە خۆپی بۆ هێزێکی سوپایی جەسوور و تۆکمە و بەئاگا گۆڕی.

ئەم پێکهاتە نوێیە جەسووڕە تۆکمە بەئاگایە لە بەردەواميیدا گۆڕا بۆ لایەنێک و کرا بە پێکهاتەیەکی دامودەستگایی و بوو بە دامەزراوەیەک. ئەمڕۆ ئەو بزووتنەوە پارتیزانییە لایەنێکی بە نرخە. گەلی کورد وەک هێزێکی بەرابەرپی کە ڕووبەڕووی سوپا و جەندرمەی تورک بووەتەوە، لە هێزی پ.ک.ک دەڕووانێت.

کارێکی شیاوە بە ئەم چەند نموونانە نیشان بدرێت کە چۆن پارتیزانەکان بە سەر ترس و پەشۆکان و خۆبەدەستەوەداندا زاڵبوون و چۆن ئەم فاکتە لە ڕیالیزمی ژیاندا تیشک دەداتەوە. ئێمە بە بەردەوامیی گوێمان لە تەلەفۆنیۆن و ڕادیۆ دەبێت: "هێزەکانی دەوڵەت لە فلانە شوێن و لە فیسار شوێن ڕووبەڕووی گرووپێکی تیرۆریست بوونەوە. سەربازەکان تێیان خوڕیون کە ئەوان ئابلووقە دراون و ناچارن خۆیان بە دەستەوە بدەن. لە پاشاندا تیرۆریستەکان بە ئاگری تفەنگەکانیان وەڵامی ئەم پێگوتنەیان دایەوە و بە یەکدادان ڕووی دا".[

بە بۆچوونی من ئەمە بنچینەییترین دەرکەوتن و سەلماندنە کە بزووتنەوەی پارتیزانیی بە سەر ترس و پەشۆکان و خۆبەدەستەوەداندا زاڵ بوون، کە پێویستە هێڵ بە ژێر جەسووریەتیی و شێلگیریی ئەم بزووتنەوەیەدا بهێنین، کە بزووتنەوەکە بووە بە لایەنێکی گرینگ.

پاش کودەتاکەی ١٩٨٠/٩/١٢ زیندانییە سیاسییە دەستبەسەرکراو و بەندکراوەکان وەک نارەزاییەک دژ بە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە ڕێگای مانگرتن لە خۆراکیان هەڵبژارد لە پێناوی ئەوەدا وەک مرۆڤ بژین، تا کۆمەڵگا لە ئەو دۆخە فرە دژوارەی زیندانییەکان ئاگادار بکەنەوە کە ناویان لێ نراوە "زیندانی تایبەتیی".

لە یەکانگیربوون لەگەڵ مانگرتووانداا ئەفسەرەکان، چ ئەوانەی لە دەوامدا بوون و چ ئەوانەی تر، ئاوایان بە زیندانییەکان دەگوت: "دەوڵەت و سوپا نان و خۆراکتان پێ دەدەن، بەڵام ئێوە نایخۆن و دەڵێن 'نامانەوێت بیخۆین'. ئایا ئەم ئازایەتییەتان لە کوێوە پێ گەیشتووە؟".

ئەم قسانە بە ڕق و کینە و تووڕەییەوە دەگوتران.

"سوپای تورک و دەوڵەتی تورک نان و خۆراکتان پێ دەدات و ئێوە ناتانەوێت وەریان بگرن. خۆراکەکە وەربگرن، ئیتر دەیخۆن یان نایخۆن ئێمە گوێی پێ نادەین. وەستاندنەوە دژ بە فەرمایشت و دەستوورەکانی سوپا و دەوڵەتی تورک جێگای لێبووردن نییە".

لە ڕاستییدا ئەم ئەفسەرانە هیچ گوێیان بە زیندانیی و دەستبەسەرداگیراوەکان نە دەدا، بەڵام خۆراک و نان پێدانەکانیان هەروەک ئەڵقەیەک لە زنجیری چوارچێوەی دەستووردا ساخ دەکردەوە و دەبینی، گوێڕایەڵیی بەندکراوەکانیان بۆ دەستوورەکانی خۆیان زامن دەکرد.

ئەگەر سوپای تورک نان و خۆراک بە زیندانیی و دەستبەسەرەکان بدات، ئەوا ناچارن وەریان بگرن. پێویستە زۆریان لێ بکرێت تا وەریان بگرن. زیندانیان و دەستبەسەرەکان پێویستە بە گوێی دەستوور و فەرمانەکان بکەن تا سوپا و دەوڵەت "گوێڕایەڵیی" بۆ فەرمانەکانیان زامن بکەن.

هیچ مەسەلەیەک نەبوو کە خۆراکەکە بخورێت یان نا.

لە ئەوانەش بترازێت، ئەگەر ئەمانە پاسەوانی زیندانی سڤیل بوونایە، یاخود بەڕێوەبەر و بانگهێڕی زیندانی سڤیل بوونایە، ئەوا تەنها دەیانگوت: "ئەوەتا، بیبەن!".

زۆر شایانی باس نەدەبوو بۆیان کە زیندانییەکان خۆراکەکەیان وەربگرتایە یان نا. بەڵام دۆخەکە تەواو جیاواز دەبێت کە ئەو دەستوورانە لە لایەن ئۆفیسەرانی ڕەسمیی و نارەسمیی سوپاوە بدرێن.

چۆن ئەندامێکی سوپا دەتوانێت چاوپۆشیی لە ئەوە بکات کە فەرمانەکەی جێبەجێ نەکرێت؟

چۆن زیندانیان و دەستبەسەران سەربێچیی لە جێبەجێکردنی فەرمانێکی ئاوا دەکەن؟

ئەمانە ئەو خاڵانە بوون کە دەوڵەت و سوپا لێیان تێنەدەگەیشتن.

بە ئەم کارە مانگرتووان تەنها سەربێچییان لە یاسا و ڕێساکانی زیندان نەدەکرد، بەڵکو هەروەها بە هێنانەخوارەوەی شانوشەوکەتی سوپا و دەوڵەتی تورکیش تاوانبار دەکران.

کە گەریلاکان بە گوللەباران وەڵامیان بە هاواری سوپا بۆ "خۆتان بە دەستەوە بدەن!" دەدایەوە، و بەشداربوونی تاکی کورد لە بەیەکدادانی چەکداریانەدا و بەرەنگاربوونەوەی سوپا بە ڕۆژ و بە هەفتە بە ئەو پەڕی جەسوورییەوە، پێویستە باشترین و بنچینەییترین بەڵگە بن کە بزووتنەوەی پارتیزانیی خۆی لە قۆناخی گۆڕاندا دەبینێتەوە.

دووەمیان: بزووتنەوەی پارتیزانیی کۆمەڵانی خەڵکی لە ناوچەکەدا گۆڕیوە، لایەنی گیانیی مرۆڤەکانی گۆڕیوە. ئەو خەڵکانەی ترساو و پەشۆکاو و خۆبەدەستەوەدەر بوون و جیاواز لێیان دەڕووانرا و دادەدۆشران، گۆڕدران و بوون بە مرۆڤی ڕاپەڕیو و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن.

بزووتنەوەی پارتیزانیی ڕەنگە لە ماوەیەکی کەمدا ئامانج و داخوازییەکانی خۆی وەدینەهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا گۆڕینی پێکهاتنی دۆخی گیانیی و دەروونیی خەڵکەکە پێشکەوتنێکی یەکجار بە بایەخە. ناکرێت ئەم کارە بچووک بکرێتەوە و بە بچووکییەوە تێی بڕوانرێت، چونکە ئیتر خەڵک لە ئەوە زیاتر کە بە گەرووبیاندا کراوە ژەهرخواردوو ناکرێن، بەڵکو داواکانیان زیاتر دەبێت.

لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا خەڵک هەر لە ئێستاوە دەستیان بە داواکاریی مافی دیموکراسیی و یەکسانیی کردووە و هاوار دەکەن: "دیموکراسیی پێش هەموو شتێک!". نەتەوەی کورد دەستی بە بەراوردکردنی ژیانی خۆی لەگەڵ ئەو نەتەوانەی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان کردووە.

نەتەوەی کورد بەراوردی دۆخەکانی ژیانی خۆیی و ئەوانەی تورک و عەرەب و فارس دەکات و بە بەر یەکیاندا دەگرێت. ئەم بەراوردکردن و بە بەریەککەوتنە هەموو بواڕە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتوریی و سەربازییەکان دەگرێتەوە. کوردەکان بۆیان دەرکەوتووە کە ژیانیان چەندە خراپە و لە چ جۆرە دۆخێکی دژوار و بۆگەن دان.

هەموو ئەمانە بەری ڕەنج و خەبات و هەوڵی بزووتنەوەی پارتیزانیی جەسوور و تۆکمە و هۆشمەندن. مرۆڤ پێویستە ئەو فێرکردنە ئایدیۆلۆژیی و سیاسیانەش لە بیر نەکات کە لە هەمانکاتدا بە ئەنجام دەگەیەنرێن. ئەم فێرکردنانە ڕۆڵی زۆر بایەخیان پێشکەش بە ئەم گۆڕانانە کردووە کە پێشتر لێیان دووابن.

پێش ٢٠ تا ٣٠ ساڵێک لە ئەمەوبەر لە دیاربەکر و بەدلیس و ئەم جۆرە شارانەدا کاتێک کە باس لە سەر مەسەلەی مافە دیموکراتیی و نەتەوەییەکانی کورد بوو، کوردە دێهاتییەکان دەیانگوت: "قوربان ئێمە هەموو موسڵمانیین. ئێمە براین. چ قەیدی ناکات ئەگەر بە کوردییش قسە نەکرێت. دەوڵەت ناخوازێت ئەم مافانە بە کورد بدات و هەر ناشیان دات، چونکە ئێمەی کورد زۆر بێهێز و لاوازین و دەوڵەتیش زۆر بە هێز و بە دەسەڵاتە. ئەگەر ئێمە داوای ئەم مافانە بکەین ئەوا لە ناو دەبردرێین و دەمانسڕنەوە. با دەوڵەت ڕێگاوبانەکانمان بۆ چاک بکات و خوێندنگامان بۆ دابمەزرێنێت و ئاومان بۆ ڕابکێشێت، ئەوانە بەسن".

ئەگەر تۆش لە وەڵامدا بتگوتایە: "لە بەرئەوەی کە دەوڵەت بە ڕێگا و شێوازی ئاشتیی مافە ڕەواکانی کورد نادات ئەوا هەڵگیرساندنی خەبات کارێکی پێویستە، چونکە مافی مرۆڤ بۆ خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی خۆی یەکێک لە هەرە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤە، و مافە بنچینەییەکانی مرۆڤیش شایستەی تێکۆشان و لە پێناویاندا جەنگینە".

لە وەڵامدا کاردانەوەی کوردە دێهاتییەکان زۆر لە هی پێشوو تووندتر دەبوو: "قوربان، مرۆڤ پێویستە خاوەنی دەوڵەتێک بێت و دەوڵەتێکی هەبێت تا بە گژ دەوڵەتێکی تردا بچێتەوە، ئێمە خەڵکی هەژار و نابووتین، بەڵام دەوڵەتی تورک گەورەیە و خاوەن دەسەڵاتە. خاوەنی سوپایەکی گەورەیە. خاوەنی فڕۆکەی هێرش و تانک و تۆپ و تفەنگە. هەموو شتێکی تریشی هەیە، هێزی پۆلیس، زیندان، وێستگا، بارەگا، خوێندنگا، کاخەز، ئێستگای ڕادیۆ و ...هتد. ئایا ئێمە چیمان هەیە؟ ئێمە خاوەنی هیچ نیین. خەباتێک لە ئەو دۆخەدا هەڵ ناکات. باشترین کار بێدەنگبوون و دانیشتنە".

خۆئەگەر هەر سەبارەت بە مافە نەتەوایەتیی و دیموکراسییەکانی کورد زۆرت بۆ بهێنانایە، ئەوە دەیانگوت: "مەسەلەی ئێمە هەر ئەوەندەیە کە زۆر ڕەوایە، بەڵام هێزمان نییە، هاوڕێ و دۆست و پشتمان نییە".

ئینجا ئەمە ئەو دۆخە ڕۆحی و دەروونییەیە کە تێکۆشانی بزووتنەوەی پارتیزانیی کوشتی و لە گڵی نا. هەروەها دەستی بە پرۆسەیەک بۆ خاپوورکردنی ئاسەوارەکانی ئەو دۆخە کرد. ئەو پارتیزانانەی کە خۆیان بە دەست هێزە سیخوڕیەکانی دەوڵەتەوە نادەن و دەجەنگن و لە خەباتی بەرەنگاربوونەوەدا گیان دەبەخشن، ڕۆڵێکی یەکجار گرینگیان لە دروستکردنی دۆخێکدا هەبووە کە خەڵک باوەڕیان بە خۆیاندا بێتەوە و بڕووا بە خۆیان و بە گوند و نەتەوەکەیان بکەن. خەڵک بڕووا دەکەن کە گەریلاکان ئەو تێکۆشانەیان بە کاری گران و بە خۆ بە قوربانیدان بەرپا کردووە. ئەم خەڵکانە هێزی گەریلا لە بەرامبەر هێزە سیخوڕیی و دەوڵەتیەکاندا دەبینەوە.

بڕووا و باوەڕی خەڵک بە ئەو تێکۆشەرانە پەرە دەستێنێت و بە هەست و نەستەوە بە "خوێندکارەکان" و بە "ڕۆڵەکانیان" ناویان دەبەن. ئەمە ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەکردن و زۆربوون و بڵاوبوونەوەدایە.

نیشانەکانی تر لە گۆڕانی پێکهاتنە ڕۆحی و دەروونییەکانی خەڵکدا ئەو فاکتەرەیە کە خەڵکەکە خاوەن لە جەستەی ئەو گەریلایانە دەردەکەون کە سوپا و سیخوڕەکانی دەوڵەت گیانیان لێ دەستێنن. خەڵک لە ناشتن و سپاردنی ئەو تەرمانەدا بە شانازییەوە بەشداریی دەکەن و هاوڕێ و دەراوسێ و خزم و کەسوکار سەردانی خێزانی ئەم گەریلایانە دەکەن و یارمەتیی و پشتگیریی خۆیان پێشکەش دەکەن. ئەم کارە زۆر جار لە چەندین هەفتەدا هەر بەردەوام دەبێت.

پێش دەستپێکردنی تێکۆشانی بزووتنەوەی پارتیزانیی ڕێکخراو خەڵک لە داواکردن و خواستنەوەی جەستەی گیانبەختکردووانیان دەترسان. خەڵک دەستەمۆ و خۆبەدەستەوەبەر کرابوون و لە ئەشکەنجەکردن دەترسان. خەڵک دەیانویست پێیان نەگووترێت: "مادام تۆ باوکی ئەو خۆفرۆشەیت، ئەو یاخیبووەیت، ئەوا تۆش تاوانباریت".

خەڵکەکە هەروەها دەترسان کە خۆیشیان دووچاری هەمان ئازاردان و ئەشکەنجە و شکاندن و جۆرەکانی دیکەی سزادان ببن و ئەو کارە دزێوانەیان دەرهەق بکرێت کە تەنانەت بیرکردنەوەش لێیان ئەستەم و گرانە.

لە بەرئەوە خەڵک لە ڕۆڵەکانی خۆیانیان نەدەپرسیەوە و هەواڵیان نەدەپرسین. جەستەکانیان هەر لە ئەو دەشت و کێوە دەمایەوە. لە پاشاندا هێزە سیخوڕییەکان جەستەکانیان کۆ دەکردنەوە و چاڵیان هەڵ دەکەن و هەر ئاوا فڕێیان دەدانە ناوی.

خۆی لە ڕاستییدا سوپا و هێزە سیخوڕیەکانی تر بە هیچ شێوەیەک نەیاندەویست خەڵک داوای جەستە و تەرمی ڕۆڵەکانیان بکەنەوە. بە هۆی ئەم ترساندنەوە کارێکی وایان دەکرد خەڵک وا بیر بکاتەوە کە گوایا ئەو کەسانە "مشتێک خیانەتکارن" کە هیچ پێوەندییەکیان بە گەلەوە نییە و تەنانەت تەرم و لاشەکانیشیان لە لایەن خەڵکەوە ناویسترێن.

پروپاگەندەیان بە ئەم شێوەیە دەکرد: "کەسانی لاسار و نایاسایی پشتگیریی و هاریکاریی خەڵکیان دەست ناکەوێت. خەڵک لە سەنگەری دەوڵەت دایە. کەس داوای تەرمەکانیشیان ناکاتەوە".

لە ئەم ساڵانەی دووایدا دۆخەکە گۆڕا. ئێستا خەڵکەکە داوای تەرم و جەستەی گیانبەختکردووانیان لە سوپا و لە هێزە سیخوڕییەکانی دەوڵەت دەکەنەوە. لە بەڕووداهاتنەوەی بە تاوانبارکردنی وەک "نایاسایی" و "خیانەتکاران" دا خێزانەکان ڕۆڵە و خزم و کەسوکاری گیانبەختکردووی خۆیان بە "نیشتیمانپەروەر" ناو دەبەن. ئەگەر جەستەکانیان دەست بکەوێتەوە ئەوا دەیانبەنەوە بۆ زێدی خۆیان بۆ ناشتن و بۆ سپاردنێکی ڕێکوپێک و نایابی شایستە.

ئەو جۆرە ڕووداوانە ئێستا لە کوردستاندا ڕۆژانە دەبینرێن.

کاتێک کە گوندپارێزێک دەکوژرێت هێندە خەڵک کۆنابنەوە کە بتووانن لاشەکەی بۆ گۆڕستان ببەن. کەس بۆ دڵخۆشییدانەوە و سەرەخۆشییلێکردن ناچێت بۆ ماڵی. کەچی سپاردنی تەرمی گەریلایەک دەبێت بە هۆی ڕەشاوەرێکی گەورە. کۆتایی بە ژمارەی ئەو خەڵکانە هەر نایەت کە بۆ پشتگیرییکردن و سەرەخۆشییلێکردن بۆ سەردانیان دەچن.

ئەوانەی کە لە جەنگی بەرەنگاربوونەوەدا گیانیان بەخت دەکەن پێیان دەگوترێت: شەهید!

لە فیلمی "یۆڵ" ی "یەڵماز گونەی" دا سیەنێکی ڕاوی تیادایە. لە ئەوێدا شەڕێک لە نێوان قاچاخچی و جەندرمەدا دروست دەبێت. ژمارەیەکی زۆر قاچاخچی دەکوژرێن. جەستەی قاچاخچییەکان لە ناو گالیسکەی تراکتۆرێکدا بۆ گوندێک دەگوێزرێنەوە. سەرۆکی جەندرمەکان خەڵکی گوندەکە کۆ دەکاتەوە و لێیان دەپرسێت: "ئایا لە ئێرەدا کەسێک هەیە ئێوە بیناسنەوە؟ با هەر یەکێکتان ئەو کەسە دەستنیشان بکات کە دەیناسێتەوە".

بەڵام کەس نالێت "من ئەو کەسە دەناسمەوە".

هەموویان وا خۆیان نیشان دەدەن کە کەس لە ناویاندا ناناسنەوە. هەموویان دەڵین "ئێمە پێشتر ئەو سەروچاوانەمان هەر نەبینیووە".

لە ڕاستییدا هەموو ئەوانەی خەریکی قاچاخچیەتی بوون و لە لایەن جەندرمەکانەوە کوژرا بوون، گشتییان خەڵکی ئەو گوندەن و کەسوکار و دانیشتووانی ئەوێندەرێن، بەڵام هەموویان وا بە پێویستی دەزانن بە ئەو شێوەیە هەڵس و کەوت بکەن و خۆیان بە خاوەنیان نەکەن، نەکا پرژەی تاوانی ئەوان بەر ئەمانیش بکەوێت. لە ترسی ئەوەی پێیان نەگوترێت "تۆ ناسیاوی قاچاخچییەکەیت، لە بەرئەوە تۆش قاچاخچیت".

کۆڵۆنیالیزم ئا بە ئەو شێوەیە خەڵک بەرامبەر بە خۆیان و ناسنامەی خۆیان نامۆ دەکات.

کاتێک نەتەوەی کورد داوای تەرمی گەریلاکان دەکەنەوە و ناویان بە "شەهید" دەبەن و لە گوند و شارەکاندا گۆڕستانی تایبەتیی شەهیدانیان بۆ هەڵ دەبەستن، ئەوە یەکێکە لە هەرە گۆڕانکاریی و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی ئەم ساڵانەی دووایی.

بە ئەو پەڕی دڵنیاییەوە دەوڵەتی تورک بە پشتگیریی گەلیی بۆ گەریلاکان بە تەواویی تووڕە و بەلەسە دەبێت، لەبەرئەوە ئەمڕۆ دەوڵەت لە گەرمەی گۆڕینی تاکتیکەکانیدایە.

دەوڵەتی تورک بە دووای ئەوانەدا زیاتر دەگەڕێت کە پشتگیریی گەریلاکانی پ.ک.ک دەکەن، وەک لە گەریلاکان خۆیان، ئەوانەی کە خۆراک و ئاویان پێ دەدەن و جێگایان دەکەنەوە. زۆر پێویستە ئەم خەڵکانە لە گەریلاکان دوور بخرێنەوە.

زۆر جار دەوڵەت سەدان و بگرە هەزارانیش لە خەڵک دەگرێت و دەستبەسەریان دەکات و بە کۆمەڵ ئەشکەنجەیان دەدات. هەروەها لە ڕێگای دانانی سیخوڕ و ئاژاوەچییەوە و ئەوانەوە کە دەوڵەت بە خۆتاوانبارکار و زانیاریی کۆکەرەوە ناویان دەبات، بە مەبەستی تێکدان دەترنجێنێتە ناو ڕیزەکانی پ.ک.ک.

لە ڕێگای ئەم کارەوە دەوڵەت لە ناو دانیشتووانە گوندیەکان و دووکانداران و ... تاد هەوڵی کاڵکردنەوە و نەهێشتنی دەسەڵات و شکاندنی شکۆی گەریلاکان دەکات.لە ئەمانەش بترازێت، گوندییەکان دووچاری چەندین شێوەی ئازاردان و ترساندن دەکاتەوە. خەڵک بە کۆمەڵ دەئاخنێتە ناو بنکەی ڕاگرتن و زیندانەوە.

دەوڵەت پەنا بۆ بەر کاری یەکجار شەرمئاوەر و نامرۆڤانە دەبات، وەک فشارهێنان بۆ ئەو کوردانە کە پیسایی خۆیان و خەڵکی تر بخۆن.

هەرە مەبەستی ئەم هەنگاوە زۆر خوێڕیانە ئەوەیە کە باری دەروونیی و هزریی خەڵک بڕووخێنن و خەڵک بخەنە ناو دۆخی ترس و پەشۆکاوییەوە، هەروەها بە مەبەستی خەفەکردن و خنکاندنی هێزی وێستە و خواستیان بۆ بەرگریی و بەگژداهاتنەوە.

دەوڵەت گوندپارێزەکان وەک هێزێکی مەکینەی ئازاردان بە کار دەهێنێت. ئەم جاشی گوندانە لە ڕازیکردنی جەماوەری پ.ک.ک. و لایەنگران و دووکانداراندا دەسەڵاتێکی زۆر بەرفراوانیان هەیە.

ئەم جاشانە، بێ لە مووچە و مانگانەکانیان، بەرامبەر بە کوشتن و قەڵاچووکردنی نیشتیمانپەروەرانی کورد خەڵاتێکی دارایی گەورەیان چنگ دەکەوێت یاخود بێ دەبەخشرێت، ئەویش بە پێی پلە و پایەی ئەو کوژراوانەی لە ڕێکخراوەی پ.ک.ک دان.

ئەو جاشانە دەسەڵاتیان بێ دراوە کە خانوو و ماڵی ئەو کەسانە بسووتێنن کە گومانی پ.ک.ک بوونیان لێ دەکرێت، یاخود گومانی جەماوەریەتی ئەوان و لایەنگریەتییان لێ دەکرێت. ئەمانە بێ لە وێرانکردنی سامان و کوشتن و لەناوبردنی مەڕومااڵت و پەلەوەریان، هەروەها کچی گەنج و تازەپێگەیشتوویش دەفڕێنن.

لە ئەمانەش بترازێت، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەم گوندپارێزانە هەموو لە ڕاستییدا تاوانباری زیندانی سڤیلن و ئەو زیندانیانەن کە پێشتر هەڵهاتوو و ڕاکردوون. ئینجا لە لایەن دەوڵەتەوە پێیان گوتراوە کە ئەگەر بێت و دژ بە پ.ک.ک شەڕ بکەن ئەوا ئازاد دەکرێن و هەموو سزاکان لە سەر دۆسیەی هەڵهاتن و ڕاکردنیان لا دەچێت و فایلەکانیان یان دادەخرێت یاخود بۆ هەتاهەتا دەپێچرێنەوە و تووڕ دەدرێن.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم هەنگاوانە هێشتا چالاکییە پارتیزانییەکان بە بەردەوامیی لە فراوانبوون و قووڵبوونەوە و تووندیەتییدایە.

پێشتر باسم کرد کە چالاکییە پارتیزانییەکان بە تەواوی شێوازی پێکهاتنی ڕۆحیی و دەروونیی نەتەوەکەیان گۆڕیوە. ئەم کارانە هەروەها شێوازی پێکهاتنی "هزریی" نەتەوەش دەگۆڕێت.

تووانای نەتەوەی کورد بۆ بەراووردکردنی جیاوازییەکانی دۆخی خۆی لەگەڵ دۆخی ژیانی نەتەوەکانی دەراوسێیدا ڕۆژ بە ڕۆژ لە تەشەنەسەندن دایە. بۆ نموونە، کوردەکان تووانیان دۆخی ژیانی خۆیان بە بەری هەمان ژیانی تورکە بولگارییەکاندا بگرن کە لە زنجیرەی تەلەڤیزیۆنیی "بێلێنا" دا لە مانگی ٦ی ١٩٨٩ دا نیشان درا. ئەم کوردانە هەموو بە چاوی خۆیان ئەو تراژیدیا مەزن و ناهەمواریان دەبینی کە لە زیندانەکانی دیاربەکردا پاش کودەتاکەی ١٩٨٠/٩/١٢ دا بە سەریاندا هات.

زنجیرەی تەلەڤیزیۆنیی "بێلێنا" بە ئەوە دەستی پێکرد کە پۆلیسێکی بولگاریی کارتی ناسنامە لە مامۆستایەکی بە ڕەگەز تورک دەسەنێت و ئینجا پۆلیسەکانی تر لە مامۆستاکە دەپرسن: "کوا کارتی ناسنامەکەت؟"، بەڵام زەوتکردنی کارتێکی ناسنامە یان چەندین کارتی ناسنامە لە دانیشتووانی گوندێک لە کوردستاندا کارێکە بە بەردەوامیی ڕوو دەدات.

لە زنجیرەکانی"بێلێنا"دا کاتێک کەسێکی بە ڕەگەز تورک لە زیندان دایە کۆمەڵێک مشک دەبینێت لە ناو بۆریەکانەوە دێنە دەرەوە، ئەوا یەکسەر فێی لێ دێت و دەمرێت.

لە زیندانی دیاربەکر زیندانیانی کورد بە زۆر مشکیان دەرخوارد دەدرا.

با ئەو زیندانیە کوردانە وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە پاش ئەو هەموو ئەزموونە تاڵەی زیندان، پاش ئازادکردنیان، گشتیان هەموو ددانەکانیان دەرهێنرا.

لە زنجیرەکانی"بێلێنا"دا ئۆفیسەر و پۆلیسە نهێنییەکان هەموو بە بەردەوامیی هاوار دەکەن "یەکیەتی"، "یەکیەتی"، "یەکیەتی"، بەڵام هەموو لایەک دەزانێت کە "یەکیەتی و پێکەوەبوون" یەکێک بوون لە هەرە دروشمە بنچینەییەکانی کودەتاکەی ١٩٨٠/٩/١٢ لە تورکیا.

"یەکیەتی و پێکەوەبوون" نەک هەر بە تەنها یەکێکە لە هەرە دروشمە بنچینەییەکانی کودەتاکەی ١٩٨٠/٩/١٢، بەڵکو هەروەها گرینگترین و بنچینەییترین دروشمی دووا یەکی هەموو ڕژێمەکانی تورکیایە لە هەرە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە.

زنجیرەکانی"بێلێنا" نیشانی دەدا کە تورکە بولگارییەکان بە دزیەوە خۆیان خەتەنە دەکرد.

لە پاش کودەتاکەی ١٩٨٠/٩/١٢ هەوڵی بێ پایان لە لایەن دەوڵەتەوە دەدرا تا ئەرمەنییەکان لە شوێنێک کە پێی دەگوترێت "زیندانی تایبەتی" بە زۆر خەتەنە بکرێن.

زنجیرەکانی"بێلێنا" نیشانی دەدا کە سەربازە بولگارییەکان و هێزی پۆلیس بە بەردەوامیی بۆردومانی گوندە تورکەکان ڕێک دەخەن.

بۆردوومانکردنی گوند و دەوروپشتی گوندەکان و پشکنینی بە کۆمەڵ لە گوندەکاندا ئەو کارانەن کە هەموو ڕۆژێک لە کوردستاندا ڕوو دەدەن و دێنە کردن.

لە کاتی ئەم هێرشانەدا بۆ سەر گوندەکان و دەوروپشتیان لە کوردستان، کوردەکان بە زۆری زۆرداریی پیسایی مرۆڤیان دەرخوارد دەدرێت.

زنجیرەکانی"بێلێنا" ئاماژە بە ئەوەش دەکات کە بولگارییەکان ماڵی تورک بۆ خۆیان دەبەن. لە کوردستان سەرباز و جەندرمە و تیپی تایبەتیی کۆماندۆ و جاشی گوندەکان هەر بە هەوەس و زەوقی خۆیان ماڵ و سامانی کورد زەوت دەکەن.

هەمیشە باس دەکرێت گوایا ناوی تورکەکان دەگۆڕدرێن بۆ ناوی بولگاریی.

قەدەخەکردنی ناوی کوردیی بۆ کۆرپەی تازە لەدایکبوو و سەپاندنی ناوی تورکیی بە سەریاندا و سڕینەوەی ناوە کوردییەکان بریتیین لە ڕەهەندی زۆر بناخەیی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت.

لە زنجیرەکانی"بێلێنا"دا دەگوترێت گوایا تورکەکان ناتوانن بە ئاشکرا خوداپەرستی بکەن و بە نهێنییەوە کاروباری ئایینی ئیسلام جێبەجێ دەکەن.

ئایا زۆردارکاریی و ناڕەواییەتیی کودەتا سەربازییەکەی ١٩٨٠/٩/١٢ جێی لە بیرچوونەوە و پشتگوێخستنە کە بە زۆر و بە پاڵ هاونیشتیمانە عەلەویەکانیان دەخستە ناو مزگەوتەکانی سوننەکانەوە؟

لە ئەم زنجیرە تەلەڤیزیۆنییەدا، ئەم خاڵانەی خوارەوەش هەروەها پەنجەیان تێوەژەنراوە:

ئەو تورکانەی بە ناوی بولگاریی ڕاگیرا دەبن هەڵی بەئەژماردیان بۆ دەڕەخسێندرێت. لە ئێرەدا مەبەست ئەوەیە کە پێش ئەوەی ئەم تورکانە ببن بە هاوماف و هاوێەکسانی بولگارییەکان، دەبێت نکۆڵی لە ناسنامەی تورکبوونی خۆیان بکەن.

ئەم کارە لە ڕاستییدا خاڵی هەرە چەقی ڕێبازی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەتی تورکە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد. ئەم کارە خاڵی هەرە چەقی دیموکراسیەتیی "تایبەتیی" تورکە و تێگەیشتنی تورکە لە "یەکسانیەتیی".

مرۆڤە کوردەکانیش ئەم ڕاستیانەیان بۆ دەرکەوتووە:

کاتێک قسەوباس لە سەر تورکەکانی بولگاریا بێت ئەوا پیاوانی دەوڵەتی تورک، سیاسەتمەداران، ڕاگەیاندنی تورکیی، پارتە سیاسییە تورکەکان، سەندیکا تورکیەکان، کۆمەڵەی پارێزەرانی تورک ... تاد تاد هەموو هەڵ دەدەنێ و خۆیانی تێ هەڵ دەقورتێنن.

خۆ کاتێک قسەوباس لە سەر مەسەلەی کورد بێت ئەوا نە کەس هیچ دەبیستێت و نە کەس هیچ دەبینێت.

بە ئەم شێوەیە، بزووتنەوەی پارتیزانی کوردیی نەک هەر چۆنیەتیی پێکهاتنی ڕۆحیی و دەروونیی کوردی گۆڕیوە، بەڵکو هەروەها چۆنیەتیی پێکهاتنی "هزر" یشیانی بە ئاستێکی فراوان گۆڕیوە و تووانای بەراووردکردن و جیاکردنەوەی جیاوازییەکانی بۆ ئەو ڕووداوانەی لە کات و شوێنی جیاوازدا ڕوو دەدەن، پێش خستووە.

ئەم بە هۆشهاتنەوە ڕۆحیی و هزریی و دەروونییەی نەتەوەی کورد بە دڵنیاییەوە کاریگەریی چاک لە سەر ڕووانگا و ئاکاری "نوێنەرەکانیان" لە ئەنکارا دادەنێت. هەندێک لە ئەندامە بە ڕەگەز کوردەکانی پارلەمانی تورکیی هەموو هەوڵێک دەدەن تا هێزێکی دەربڕین بە داواکارییە دیموکراتیی و نەتەوەییەکانی خەڵک بدەن.

ئەو پارتە سیاسیانەش کە گوێ بە دەنگی جەماوەر نادەن و گوێڕایەڵی فەرمایشتەکانی میت و سوپان، زیاتر کەشف دەبن. هەروەک پارتی سۆشیالدیموکرات و پارتی ڕێگای ڕاست و پارتی نیشتیمانی دایک[30] کە لە سەر حوکمە لە نیوەڕێگای خنکاندنی ئەو دەنگانەدان کە لە ئاستی هەرە شانە سەرەتاییەکانەوە دێنە دەرەوە و داوای گۆڕانکاریی دەکەن. ئەم پارتانە لە بواری خنکاندنی ئەو جۆرە دەنگانەدا خاوەن ئەزموونی گەلێک باشن.

هەنگاوکارە کۆڵۆنیالیەکان و ڕووناکبیرانی تورک

لە ئێرەدا پێویستە کە هەروەها بە کورتیی ئاکار و هەڵسوکەوتی ڕووناکبیرە تورکەکانیش باس بکەین.

جەنگی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی جەزائیر خوێناویترین وێنەی جەنگی ئازادیخوازانەیە لە جیهاندا، بەڵام لە ماوەی ئەم جەنگەدا بیر و ئاکار و هەڵسوکەوتی ڕووناکبیرە فەرەنسییەکان بۆ مرۆڤایەتیی جێگای شایان و نرخن.

جەنگی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی جەزائیر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤ و ١٩٦٠ ڕوویدا. لە ئەم جەنگەدا کەرتێکی باش لە ڕووناکبیرانی فەرەنسیی چوونە سەنگەری جەنگی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی جەزائیرەوە.

[30] پارتی سۆشیالدیموکرات SHP و پارتی ڕێگای ڕاستDYP و پارتی نیشتیمانی دایک ANAP

ڕووناکبیرە فەرەنسیەکان بە تاڵییەوە کردار و ڕووانگا و سیاسەتی کۆڵۆنیالیی دەوڵەتی خۆیانیان تاوانبار دەکرد. ئەم تاوابارکردنە پاش کردار و ڕووانگاکانی "فرانز فانۆن" قووڵتر و بەرفراوانتر بوون و ئاشکرا بوون.

پێشەکیەکەی ژان پۆڵ سارتەر لە کتێبەکەی فرانز فانۆن دا بە ناوی "مەرگەموتەکانی سەر زەمین"، مێشکی خەڵکی فەرەنسای هەژاند و ئاوەژوو کرد.

بێگومان زۆر پێویستە وا لێک نەدرێتەوە کە ئەم ڕووانگانە ڕووانگای سەرتاسەریی خەڵکی فەرەنسا بوون، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی بە هێز بوو. سەرەڕای ئەوەیش کە بە ئەژماریی بەربڵاو نەبوو، بەڵام چەق ئۆپۆزیسیۆنێی چالاک و بە دەنگ بوو.

بۆ نموونە: لە زانکۆ فەرەنسییەکاندا جڤینی ڕێکخراو ساز دەکرا.

لە فەرەنسا ڕێکخراوە بە ئەو ئامانجەوە دامەزرێنران کە پاڵپشتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی جەزائیر بکەن، ئەگەرچی دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوانە و بەشداریکاران دووچاری فشارێکی یەکجار بە زەبر بوون، ئەگەرچی لە زانکۆکانیش تور دەدران و دەر دەکران، بەڵام ڕێکخراوەکان هەر دامەزرێنران.

لە ناو هەرەوەزکارانی ئەم ڕێکخراوانەدا گەلێکیان ئەندامانی فێرکردن بوون.

پرۆفیسۆر هەبوون دەیانگووت: "لە جیاتی ئەوەی لە وڵاتێکدا پرۆفیسۆر بم کە هەنگاوی کۆڵۆنیال لە جەزائیردا پیادە دەکات و هەر وەک سەگی هار بکوژن و مرۆڤ بەر دەستڕێژی گوللە دەدەن، ئەوا من دەست لە کار دەکێشمەوە".

ڕاگەیاندنی فەرەنسیی بە بەردەوامیی هەواڵ و زانیاریی بڵاو دەکردەوە کە لە خزمەتی خەباتی ئازادیخوازانەی جەزائیردا بوو. ئەم دەستگای ڕاگەیاندنانە ڕژێمەکەی خۆیان تاوانبار دەکرد. ئاماژەیان بە ناڕەوایوونی دەسەڵاتی فەرەنسیی لە جەزائیردا دەکرد.

لە ناو هەندێک لە پارتە سیاسییەکانی فەرەنسادا هەروەها ڕووانگای لە ئەم بابەتانە هەبوون.

لە خۆپیشاندان و چاوپێکەوتن و جڤین و کۆنفەرانس و خڕبوونەوەی گشتییدا کە بە بەردەوامیی ساز دەکران، ڕەخنە لە سیاسەتی کۆڵۆنیالیانەی ڕژێمی فەرەنسا لە جەزائیردا دەگیرا.

گەلێک دکتۆر و ئەندازیار و تەکنیککار و مامۆستا و ... هتد بوون بە هاوپشتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی جەزائیر.

لە کاتی جەنگی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی جەزائیردا ئاکار و هەڵسوکەوتی کڵێساکانی فەڕەنسا هەروەها شەرەفمەندانە و بە ویژدانانە بوون. بە ئاشکرا و بە نهێنیی گەلێک کڵێسا و پەرستگای مەسیحیی دەستی یارمەتییان بۆ بزووتنەوەکە دەهێنایە پێشەوە.

ئاکاری باش و پۆزەتیڤ دەرهەق بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی جەزائیر تەنها خەسڵەتی فەڕەنسییەکان نییە. خەڵکی ئیسرائیل لە ئەم بوارەدا هەروەها نموونەیەکی ترن. داگیرکردنی خواروویی لوبنان و هێرش بردن بۆ سەر ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە لایەن ئیسرائیلەوە لە ناو هەندێک تۆێژی جەماوەری ئیسرائیلدا گەلێک بڵێسەی بە گژداهاتنەوەی توند و قایمی بەرپا کرد.

گەلێک خۆپیشاندانی گەورە لە شارەکانی وەک ئورشەلیم و تەلئەبیبدا دژی بڕیاری داگیرکردنی لوبنان کران.

شەرەفمەندایەتییەکی مەزنە بۆ مرۆڤایەتی کە هاونیشتیمانیی ئیسرائیلی هەن ڕەخنە لە دەسەڵاتی خۆیان دەگرن، کە دەتوانن ڕەخنە لە سیاسەتی داگیرکارانەی ڕژێمەکەیان بگرن، کە پارێزگارێی لە ڕووانگا و کرداری ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین دەکەن.

ئەمە هەروەها بۆ خودی دەوڵەتی ئیسرائیل خۆی کرێدیتێکە کە ئەم خەڵکانە بە خیانەتکار دانانێت و تووشی سزادان و ئازاردان و ئەشکەنجەدانیان ناکات و نایانخزێنێتە ناو زیندانەوە.

ئەمڕۆ، دووبارە، خەباتێکی بە بایەخ لە نێوان هێزەکانی ئیسرائیل و ئەو فەلەستینیانەدا هەیە کە لە ناوچە داگیرکراوە عەرەبییەکاندا دەژین کە غەزا و کەرتی خۆرئاوان.

چەندین ئیسرائیلییش دووبارە ڕەخنە لە ئەو سیاسەتانەی ڕژێمەکەیان دەگرن کە دەرهەق بە فەلەستینییەکان پیادەیان دەکات. لە هەمان کاتیشدا ئاکار و ڕەووشتی دۆستایەتی و تێگەیشتن بەرامبەر بە فەلەستینییەکان دەردەبڕن.

لە پێناوی ئەم مەبەستەدا خۆپیشاندان دەکرێن و ڕێکخراوە دادەمەزرێنرێن.

ئەوە واقیعێکی بێ بێنەوبەرە و ئاشکرایە کە زانکۆ تورکیەکان تا چ ڕادەیەک لە ئەم جۆرە ئاکار و هەڵسوکەوتانەوە دوورن.

زانکۆ تورکیەکان بە پلەی یەکەم و لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو دامودەستگایانەدان کە پارێزەر و پروپاگەندەچی و پیادەکاری ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەتی تورکن کە لە سەر بناخەی درۆ و دەلەسە بەندە.

زانکۆ تورکیەکان سەبارەت بە دۆزی کورد وەک دامودەستگایەکی فێرکردن و زانستیی بەڕێوە ناچن.

ئەم زانکۆیانە تەنها وەک لقێکی ڕێکخراوی نهێنی نەتەوەیی تورک بەڕێوە دەچن.

بە ئاشکرا دیارە کە لێتوێژینەوە لە سەر دۆزی کورد نەبووە بە کاری زانکۆ تورکیەکان یان کاری ئەوان نییە.

هەر کەسێک کارێکی لە ئەو بابەتە بخاتە سەر ئەستۆی خۆی ئەوا لە زانکۆ وەدەردەنرێت.

ئەوەی زانکۆ تورکیەکان پێیانەوە خەریکن بریتیین لە بەشداربیکردن و پروپاگەندەکردن بۆ ئەو خوێندنانە کە پێ دادەگرن گوایا کوردەکان لە ڕاستییدا تورکن و زمانێکی کوردیی بوونی نییە.

هەمان شت دەتوانرێت سەبارەت بە ڕۆژنامەکان و ڕەگەیاندنە تورکیەکان و پارتە سیاسییە تورکیەکان بگووترێت. کاتێک دێتە سەر مەسەلەی کورد ئەم لایەنانەش هەر وەک لقێک لە ڕێکخراوی نهێنیی نەتەوەیی تورک کار دەکەن. بۆ نموونە، کاتێک قوتابخانەکانی دێهاتەکان وەک بنکەیەکی ئازاردان و ئەشکەنجەدان بە کار دەهێنرێن ئەوا دەستگای ڕاگەیاندنی تورک دەبێت بە گوێی مس تێکراو و هیچ لە بارەیانەوە باس ناکات.

بە هیچ شێوەیەک باسی ئەو ڕاستییە ناکردرێت کە هەموو گوندییەکان بە منداڵ و پیاو و ژن و گەنج و پیریانەوە دەئاخنرێنە ناو قوتابخانەی گوندەکانەوە و ئازار دەدرێن.

بەڵام ئەگەر هێرشێک بۆ سەر یەکێک لە ئەم خوێندنگایانە بکرێت کە بنکەی ئازاردانن و وەک زیندان بە کار دەهێنرێن، ئەگەر یەکێکیان بسووتێندرێت، ئەوا ڕاگەیاندنی تورکیی دەیکەن بە ڕۆژی خۆیان و لە هەرە سەرەوەی ڕۆژنامەکان و مانشێستەکاندا دەنووسن کە "پ.ک.ک قوتابخانەیەکی سووتاندووە".

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە تورکیا لە ناو هەمان ئەو داموەدەستگایانەدا دامەزرێنراون. بۆ نموونە، کۆمەڵەی خوێندنگای زانستی سیاسیی بۆ مرۆڤ لە زانکۆی ئەنقەرە و کۆمەڵەی خزمەتگوزاریی گشتیی مافی مرۆڤ لە تورکیا و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ئەوانەن.

ئەم دەستگایانە سەبارەت بە مافی مرۆڤایەتیی نەتەوەی کورد بە هیچ شێوەیەک جیاوازییان لەگەڵ زانکۆ تورکیەکان و پارتە سیاسییە تورکیەکان و ڕاگەیاندنی تورکییدا نییە.

لە دەرەوەی ئەم داموەدەستگا ڕەسمیانەدا، هەروەها ئەو کۆمەڵانەی مافی مرۆڤ کە لەلایەن ڕووناکبیرانی تورکەوە دامەزرێنراون تا ئێستا لە ئەم بوارەدا دەستپێشخەرییان نەکردووە.

ئەم کۆمەڵانەش وا خۆیان نیشان دەدەن کە هەرگیز دۆزێکی وایان نەبیستووە.

ئەمانە هەر زۆر لە خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کوردەوە دوورن. ئەم ڕووناکبیرە تورکانە هەر زۆر بە زەوقەوە چەپڵە بۆ سیاسەتی دەوڵەتی تورک و سیاسەتی ڕەگەزپەرست و کۆڵۆنیالیستی ڕژێم لێ دەدەن.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە تورکیا گوێڕایەڵیی خۆیان بۆ نرخاندنەکانی دەوڵەت سەبارەت بە ئەم مەسەلانە بە بەرفراوانیی و قوولییەوە دەردەبڕن. ئەم لایەنانە بە شێوەیەک بیر دەکەنەوە و هەڵسوکەوت دەکەن هەر وەک لە وڵاتێکدا بژین کە دۆزی کوردی تیادا نەبێت.

ئەم لایەنانە تەنها تەڵیزمێکیش لە ئەو خەمخۆرییە و بەدەربەستهاتنەوەیە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد نیشان نادەن کە بۆ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین یان تورکەکانی بولگاریا هەیانە.

بە ئاشکرا ڕوون کراوەتەوە، هەر کەسێک لێکۆڵینەوە سەبارەت بە نەتەوەی کورد بخاتە ژێر شەنی پرسیارەوە یاخود هەر کەسێک خاوەنی پێچەوانەی ئەو جۆرە بیر و ئاراستەیە بێت، ئەوا ڕاپێچ دەکرێت بۆ سەر سەکۆی دادگا و زیندانیی دەکرێت.

بە پێی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەتی تورک دووانەن لە سەر ئەم جۆرە بابەتانە، واتە مەسەلەی کورد و دۆزی کوردستان، تاوانە.

ئەم تاوانەش بچووک نییە، بەڵکو تاوانی مەزنە.

بەڵام ئەم جۆرە فشار و زۆربۆهێنانە زۆر دژکار و دژبەری لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوە ی زانستیانەیە. ئەم جۆرە زۆربۆهێنانە، ئەم جۆرە هەڕەشە و گوڕەشانە هەروەها ئەوە دەستنیشان دەکات کە دۆخێکی لەبار بۆ لێتوێژینەوەی زانستیانە لە تورکیادا نییە.

ئەگەر مرۆڤێک بتوانێت پەرە بە بۆچوون و تێڕووانینێک بدات و کەسێکی تر بتوانێت و بۆی هەبێت ڕەخنەی لێ بگرێت بێ ئەوەی ترسی سزادان و زیندانیکردنی هەبێت ئەوا دۆخێک بۆ لێتوێژینەوەی زانستیانە دەڕەخسێت، دەنا ئەو دۆخە زانستییە لە ئارادا نابێت.

ئەگەر هەموو شێوازەکانی دەوڵەت لە خزمەتی تۆدا بێت تا وا لە خەڵک بکەیت کە هەمان بۆچوونی تۆ پیادە بکەن، هەروەها ئەگەر تۆ بتوانیت هەموو ئەو کەسانە کە ڕەخنەت لێ دەگرن سزا بدەیت و زیندانیان بکەیت، ئەوا ئەو بۆچوونانەی تۆ هیچ نرخ و بەهایەکیان نابێت.

گۆڕینەوەی بۆچوون و تێڕووانین ئاوا نییە.

ناوی ئەم پرۆسەیە بریتیە لە "تیرۆری دەوڵەت" دژ بە بیرکردنەوە و هزرمەندیی.

ئەم کارە هەر وەک ئەوە وایە گۆڵچییەک بە ئەستوونی گۆڵەکەوە ببەسترێتەوە و ئینجا گۆڵی لێ بکرێت.

خەسڵەت و هەڵسوکەوتی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەتی تورک هەمیشە بە ئەم شێوەیە بووە، لە بەرئەوە جێگای نرخ و باوەڕ نییە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا باش وایە ئەم بابەتانەی خوارەوە کۆدی هەڵسوکەوتی لەبار و دەربڕینی ڕووانگا و بۆچوون و بیروباوەڕ بێت.

ئەگەر زەوی بخولێتەوە و ئێمە بتوانین ئەم خولاندنەوەیە بە بەڵگەوە و بە فاکت بسەلمێنین و لە هەمانکاتیشدا ئایدیۆلۆژییەکی ڕەسمیی هەبێت و دەربڕین و پێناسەی ئەم خولخواردنە ڕەت بکاتەوە و بۆ نموونە بڵێت: "پێداگرتن لە سەر خولخواردنی زەوی خیانەتە. ئەم بۆچوونە هاوکار و یارمەتیدەری دوژمنانە. سووربوون لە سەر ئەوەی کە زەوی دەخولێتەوە دژایەتیکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەییمانە. ئەوانەی دەڵێن "زەوی دەخولێتەوە" ئەوانە خۆشگوزەرانیی و پێشکەوتنی نەتەوەییمان ناخوازن و ئەم جۆرە کەس و دامودەستگایانە بە تونديیەوە سزا دەدەین. سەری ئەو کەسانە پان دەکرێتەوە کە دەڵێن "زەوی دەخولێتەوە".

ئایا لە ئەم کاتەدا ئەم کەسانە چی بکەن و چۆن هەڵسوکەوت بکەن کە دەیانەوێت سەبارەت بە کۆمەڵگا و میژوو بخوێنن؟!

ئەمە بناخەی بنچینەیی لێکۆڵینەوەی زانستییانەیە.

ئەڵتەرناتیڤی زیاتر نییە. یان ئەوەتا بانگەوازی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەت گوێ ناگرێت و ئەو خاڵانە لە بەر چاو ناگرێت و دەڵێت "زەوی نابزووێت" یاخود ئەم ڕاستیانە دەسەلمێنن و دەگوترێت کە "زەوی خول دەخوات" و ڕێگا بۆ سەرئەنجامەکان پاک دەکرێتەوە.

چونکە پێداگرتن لە سەر سوڕانەوەی زەوی شتێک نییە کە لە سەر چەندایەتیی نادروست و هەڵبەستراو کەڵەکە بکرێت، بەڵکو درکاندنی ڕاستییەکە کە مرۆڤ بە ئامادەییەوە دەتوانێت بە بەڵگەی بەرجەستە و دیارەوە بیسەلمێنێت.

لە ڕێگای ئەڵتەرناتیڤی یەکەمەوە مرۆڤ ناتوانێت هیچ لێتوێژینەوەیەکی زانستیانە بەئەنجام بگەیەنێت.

زاناکان دەبێت بۆیان هەبێت ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت بگرن.

زانا کۆمەڵایەتییەکان ناتوانن هیچ ڕێز و ستایشێک بەدەستبهێنن تا لە تووانایاندا نەبێت ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت بگرن.

ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان بە هەڵدانەوەی پەردە لە سەریان و بە ڕەخنەگرتن لە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت دەست پێ دەکات.

بە وەستاندن لە ژێر چەتری ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت و ڕکێفی پاراستنی ئەودا هیچ شیاوییەک بۆ پەردەهەڵماڵین لە سەر ڕاستییەکان لە بەردەستدا نابێت.

باشترین سەرئەنجام کە بە ئەم شێوازە زامن بکرێت، ئەمەیە: تەنها دووبارە لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی.

ژیانی ناو ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی لەگەڵ شارستانیەتیی ئێستادا ناگونجێت.

شارستانیەتیی ئێستا بریتییە لە ئازادیی ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی دەرەکیی و ناوەکیی دەوڵەت بە بێ بوونی فشار و ترسی مرخێشکردن بۆ دادگا و فڕێدان بۆ ناو کونجی زیندان.

ئەمە بناخەی سەرەکیی شارستانییەتی خۆرئاوایە.

تەنها بە ئەم شێوەیە دەتوانرێت مافە مرۆڤایەتییەکان و ئازادییە بنەڕەتییەکان زامن بکرێت.

زانینی زانستیانە تەنها لە کەشوهەوا و دۆخێکی ژینگەیی ئاوادا پێش دەخرێت.

ئەم دۆخە زانستییە بریتی دەبێت لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگایەک کە نەبەستراوە و وابەستە بە ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەتەوە نییە.

چەوت بە کارهێنانی دادگای هەرەبااڵ وەک ئامرازێکی تیرۆری دەوڵەتیی لە تورکیا

بەرگریی د. ئیسماعیل بێشکچی لە لێژنەی لێپرسینەوەدا ١٩٩٠/٤/١٨

بۆ: دادگای ئاسایشی دەوڵەت. ژمارە: ٢، ئەستەنبوڵ، ژمارە ١٩٩٠/١٤٣

بەڕێزان!

من لە سەر ئەو کتێبەم بە ناوی "کوردستان: کۆڵۆنییەی نێودەوڵەتیی" کە لە دەستگای چاپەمەنیی ئالانچیلیک لە ئەستەنبوڵ لە مانگی ٢ی ساڵی ١٩٩٠ دا چاپ کراوە، تاوانبار کراوم. لە ئەم دادگایەدا مافی خۆم بۆ بەرگریکردن لە خۆم بە کار دەهێنم. لە ئێرەدا دەخوازم ئەم چەند خاڵە بخەمە بەر دەست:

یەک: ئەمە یەکەم جار نییە لە سەر نووسینەکانم سەبارەت بە ڕەتی زانستیی و دۆزی کورد پەلم بۆ سەر سەکۆی دادگا ڕاکێشرابێت. هەر لە ساڵی ١٩٦٧ ـەوە من لە گەلێک دادگاییکردندا خۆمم دیوەتەوە و چەندین جار لێمپرسراوەتەوە و لێمپێچراوەتەوە.

لە ئەم هەموو دادگایانەدا بناخەی تۆمەتبارکردنەکان نەگۆڕاون.

لە کۆتایی ١٩٦٠ ـەوە هەمان تۆمەتباراکردن بە هەمان تەرمینۆلۆژیی و لە هەمان چوارچێوە و فۆرمی کۆن و سواو دا دووبارە و سێبارە لێ دەدرێتەوە:

"هاونیشتیمانیانی تورکیا بە تورک ناو دەبرێن، هیچ جۆرە نەتەوەیەکی تر بێ لە تورک لە تورکیادا ناژی. هەبوونی جۆرێک نەتەوەی تر و زمانێکی جیاوازی تر لە تورکیا قبوڵ ناکرێت. هەموو هاونیشتیمانییەکی تورکیا تورکە. بێ دەستنیشانکردنی زمان و ڕەگەز و ئایین و توخم و بناوانی نەتەوەیی هەموو کەسیک تورکە. شیرازەی بناخەیی لە دەستوورنامەی تورکیادا ئەوەیە کە هەموو کەسێک تورکە. ئەوەندەی مەسەلەکە پێوەندیی بە ئازادییە سەرەتاییەکان و ئازادییە بنچینەییەکانەوە هەبێت و هەروەها هەڵی سیاسیی، ئەوا هەموو تورکێک یەکسانە. تاوانێکی ڕەسمییە ئەگەر کەسێک بڵێت 'بێ لە تورک هەروەها نەتەوەی دیکەش هەیە، بێ لە زمانی تورکیی زمانێکی تریش هەیە، بێ لە کولتوریی تورکیی کولتورێکی تر لە تورکیادا هەیە'."

دەوڵەتی تورک و ئایدیۆلۆژیای ڕەسمییەکەی نکۆڵیی لە هەبوونی ئاشکرای نەتەوەی کورد و زمانی کوردیی دەکەن. نەتەوەی کورد وەک گرووپێکی تورک تێیان دەڕووانرێت و زمانی کوردییش وەک دیالێکتێکی تورکیی.

بە ئەم کارە لە ڕێگای ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەتەوە نکۆڵیی لە ڕیالیزمی کۆمەڵناسیی و ڕاستەقینەی بێ خەوش دەکرێت.

وا نیشان دەدرێت کە ئەمانە لە هەبووندا نەبن.

ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی سزادان دەکات بە کاری پێویست. لە ژێر سزادانی زیندانییکردندا ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت هەوڵ دەدات دەم نەیەتە گۆ و خوێندن و لێکۆڵینەوەی فاکتەکان نەکرێت.

ئاماژەی ڕێگای زیندان بۆ ئەو کەسانە دەکردرێت کە لە ڕێگای ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت لا دەدەن.

هەروەها بۆ ئەوانەی کە دەخوازن بە ئازادیی و بابەتیانە لە فاکتەکان بڕوانن و ئەوانەی کە دەخوازن سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دۆزەکاندا میتۆدۆلۆژیی زانستییانە پیادە بکەن.

ئەم زۆرداربیە لە سەر ئازادیی بیرکردنەوە پێشکەوتنی زانستیانە کرمۆڵ دەکات.

ئەم فشارە تووانای بیرکردنەوە لە پەلوپۆ دەخات. هێزی هۆکارپرسین و پرسیارکردن کەنەفت دەکات و وا لە دڵ و مێشک دەکات کاری خۆیان نەکەن.

ئەم پێوەندیانەی نێوان ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی و زانست لە ئەم ساڵانەی دووایدا زۆر زیاتر دەبینرێن.

من لە سەرەوە ئاماژەم بە ئەوە کرد کە تاوانبارکردنم لە لایەن پارێزەرە گشتییە سوپایی و سڤیلیەکانەوە کە دژ بە نووسینەکانی من بڕیاریان لە سەر داوە، تا ئێستا نەگۆڕاوە.

هەمان تاوانبارکردن بە هەمان شێوازی میتۆدۆلۆژیی، کەم یان زیاتر بە بەردەوامیی دووپات بوونەتەوە و گوتراونەتەوە.

ئەمە هەر بە ئەم شێوەیە، لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا کە گۆڕانکاریی زۆر بە بایەخ لە نووسینەکانمدا ڕوویان داوە. لە هەرە نموونەی نووسینەکانمدا، لە تێگەیشتنمدا سەبارەت بە بابەتی باسەکان و لە وەرگرتن و هەرەسکردنی نێوپێوەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

بۆ نموونە: نووسینەکانم کە لە ساڵی ١٩٩٠ دا بڵاو کراونەتەوە و ئیستا بابەتی بە تاوانبارکردنی منن، هەمان نووسین نین کە لە ١٩٦٧ دا بڵاوم کردوونەتەوە.

بە دڵنیاییەوە نووسینەکانم لە ١٩٩٠ دا ڕوونتر و ڕاستترن.

هەستکردن و تیشکی دەربڕینی نێوپێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان زۆر ئاشکراتر و زەقترن و زۆر زیاتر جێگای ڕەزامەندیمن.

لە نووسینە نوێیەکانمدا زۆر ڕوون دیارە ئەو دۆخە پشتگوێ خراوە و ئەو کۆت و بەندەی تیادا شکێنراوە کە بیرکردنەوە و هۆکارپرسین لە پەلوپۆ دەخات و دەبێت بە مایەی کۆیلەیەتی و زمانگۆنەکردن.

ئەمە گرینگترین ئەو لایەنەی پرۆسەکەیە کە بە ئەمڕۆ گەیشتووە.

دوو: لە ئێرەدا، لە ئەم کاتەدا کە لە بەردەم پارێزەری گشتیی دام، بڕووا دەکەم پێویستە هەندێک لە سەر چەمکی یاسا و ڕێسا دەمەتەقێ بکەین. من لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا یەک ناگرمەوە کە لە هۆنینەوەکانی پارێزەری گشتییدا دەردەبڕدرێن، چونکە ئەو بۆچوونانە دەربڕینی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیین. ئەم بۆچوونانە لە سەر درۆ و نکۆڵیکردن کەڵەکە کراون.

هەروەها ئەوەیش هەڵەیە کە من هەر تەنها لەبەرئەوەی بە هەمان شێوەی پارێزەری گشتیی بیر ناکەمەوە و لەگەڵ بۆچوونەکانی پارێزەری گشتییدا کە لە سەرەوە هەوڵم داوە کاکڵەیان بکەم، یەک ناگرمەوە، تاوانبار کراوم.

من بەرامبەر بە ئەم بۆچوونانە ڕەخنە دەگرم و بڕووام وایە هیچ پاکانە و هیچ هۆیەک لە بەردەستتدا نیین بۆ لێپرسینەوە و تاوانبار کردنم.

دەستووری تورکیی، یاسای سزادانی تورکیی، پارتە سیاسییە یاساییە حکومییەکان، یاسای سەربازیی، ئەو یاسایەی پارێزگاریی لە زمانی دایک دەکات ... تاد وا پێ دادەگرن کە هەر کەسێک لە تورکیادا بژی تورکە و تابو و قەدەخە دەخەنە سەر ئەو دەربڕینانەی کە دەڵێت: "بێ لە تورک نەتەوەی تر و زمان و کولتوری تر لە تورکیا هەن".

ڕەنگە ئەم یاسایانە زۆر بە باشیی کاری خۆیان بکەن، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز ڕەوا نابن.

ئەو یاسا و دەستوورانەی نکۆڵیی لە بوونی نەتەوەی کورد و زمان و کولتوری کوردیی دەکەن بە هیچ شێوەیەک بەرەودار نیین و ناجن، جا با ئیتر لە لایەن پێنج جەنڕاڵەوە یاخود لە لایەن ٤٥٠ پەرلەمێنتارەوە ئامادە کرابن.

لە زانست و فەلسەفەی یاسای مرۆڤدا ڕەوایەتییەکی بەرەودار زۆر زیاتر لە بەیاسایەتییکردن گرینگترە.

دانیشتووانی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەندا لە ٣٠ میلیۆن مرۆڤ پترە. ئەوە ٤ هەزار ساڵە نەتەوەی کورد لە سەر ئەم خاکە دەژی، کە کوردستان وڵاتی خۆیانە.

ئەمە لە کاتێکدا کە شاڵاوە تورکییەکان بۆ سەر خۆراسان و بۆ سەر ئێران و کوردستان و عێراق و سووریا و ئەناتۆڵیا و ئینجا نیشتەجێبوونی تورک لە ئەم ناوچانەدا لە نیوەی دووەمی سەدەی دەیەمەوە دەستی پێ کردووە.

هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی ئەم نەتەوەیە، بۆ سڕینەوەی زمان و کولتوری ئەم نەتەوەیە، کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ لە ناوبردن و سڕینەوەی زمان و کولتوری کوردیی لە سەر پەڕەی مێژوو و لە سەر ڕووی زەمین، بریتییە لە ئاکاری بەڕێبەرێتیەکی ئاوڵێڵ نەکەر.

بە هیچ شێوەیەک شیاو نیە ئاوەزی جەماوەری خەڵک پرۆسەیەکی ئاوا قبوڵ بکات.

لە ئەمەش بترازێت، لە ناوبردنی نەتەوەی کورد، سڕینەوەی زمان و کولتوری کوردیی لە سەر پەڕەی مێژوو و لە سەر ڕووی زەمین، نابێت بە سەرچاوەی کامەرانیی و شانازیی بۆ ئەوانەی بە ئەم کارە هەڵ دەستن.

نەتەوەی تورک نایەوێت ببێت بە ئامراز و بە پەنجەی کاری پرۆسەیەکی ئاوا بەڕێبەرێی.

ڕەواش نابێت نەتەوەی تورک بە نەتەوەیەک بناسرێت کە کارێکی ئاوا بەڕێبەرێانەی بەئەنجام گەیاندبێت.

لە ئەم ڕووانگایەوە سەبارەت بە مافی نەتەوەیی کورد، ئەوا ڕەواییەتیی ماف و بە یاساییەتیی ماف هەر زۆر لە یەکەوە دوورن.

ئەم بەین و ناکۆکییە لە ئەم ڕۆژانەی ئێستادا بە شێوازێکی زۆر خێرا لە گۆڕانکارییدا خۆی بەیان دەکات.

جەماوەری خەڵک زۆر بە زانیاریتربوون لە بارەیانەوە.

خەبات لە پێناوی ئازادییدا شانبەشانی خەباتی کۆمەڵایەتیی و بزووتنەوە سیاسییەکانی تر، وەک مافی مرۆڤایەتیی، یەکسانیەتیی گەلان، مافی گەلان بۆ بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆیان، ڕۆژ بە ڕۆژ بە هێزتر دەبن.

ئەم گۆڕانکارییانەی جیهان بە دڵنیاییەوە کار لە سەر گەلی کوردیش دەکەن.

لە ئەم ساڵانەی دووایيدا کۆمەڵگای کوردستان پێی ناوەتە قۆناخی بە پراکتیکردنی هیواوە.

ئەم قۆناخە وای لە خەڵکی کورد کردووە بۆیان دەر بکەوێت کە نەتەوەی کورد بە جۆرێک کۆیلەیە کە لە ئەم جیهانە بەرینەدا نموونەی نییە.

ئەو دۆخەی کە هێزە کۆڵۆنیالیستەکان و هاوکاریکارە تورک و فارس و عەرەبەکانیان گونجاندوویانە و پەسەندیان کردووە، کۆیلەیەتییە. هاوتای ئەم کۆیلەیەتییە لە جیهاندا نییە.

نەتەوەیەک کە ناسنامەکەی تابویە، نەتەوەیەک کە بۆی نییە و ناتوانرێت خاکە چوار هەزار ساڵییەکەی بە ناوی خۆیەوە بانگ بکرێت، نەتەوەیەک کە زیاتر لە ٣٠ میلیۆن مرۆڤی ویژدان بریندار کراوە، نەتەوەیەک کە تا پلەی زراوچوونەر لێی وەڕیون و سەروگوێلاکی کوتراوەتەوە، نەتەوەیەک کە بە دەستی خۆی دەستی دەبڕدرێت.

نەتەوەی کورد نەک هەر تەنها هەستی بە ئەم واقیعە کردووە، نەک هەر بە تەنها لە ئەو کەسایەتییە نزمە کە هەیەتی بە ئاگا بووە، نەک هەر تەنها دەستی بە دەرکپێکردنی ئەم ڕاستیانە کردووە، بەڵکو هەروەها سەبارەت بە ئەو کۆمەڵگا ناساخە و بە ئەو کۆیلەیەتییە کە تیایدایە، دەستی بە شەرم لەخۆکردن کردووە.

زۆر پێویستە لە پێناوی ژیانی مەردانەدا ڕێگای جیاواز بپشکێندرێت.

زۆر پێویستە بۆ مستەوەگەرکردنی ژیان لە ناو کۆمەڵگای نەتەوەکاندا، وەک هاوڕێی یەکسان و هاوماف، ڕێگای جیاواز بپشکێندرێت و بدۆزرێتەوە.

خەباتی ئەمڕۆی گەلی کورد بۆ ئەم مەبەستەیە.

لە ڕێگای ئەم خەباتەوەیە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە نزیکەوە لە نەتەوەی کورد دەگەن و دەزانن. کۆمەڵگای دیموکراتیی جیهانیی زۆر بە نزیکییەوە لە دووای خەڵکی کوردەوە دەڕووات کە لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادیی و دیموکراسیی و یەکسانییە و هەوڵ دەدات پشتگیریی بکات.

هەروەها هەمان پشتگیریی لە ئەو خەباتە سەبارەت بە دیدی جەماوەری ڕیفۆرمخواز و دیموکراسیخوازیی تورکەوە راستە.

سێ: لە بەر ئەمانە پێویستە سەر لە نوێ لە ئەم مەسەلانە بڕووانیین و بابەتێکی زۆر گرینگ بخوێنین.

نەتەوەیەک کە زیاتر لە ٣٠ میلیۆن مرۆڤە، نەتەوەیەک کە ٤ هەزار ساڵە لە سەر ئەم خاکە دەژی، ئایا بۆچی بە دەستی خۆی دەستی دەبڕدرێت؟ ئایا بۆچی تا ئەو پلە ترسناکە لێی دەوەڕێت و سەروگوێلاکی دادەکوترێتەوە؟

ئایا چۆن ئەم نەتەوەیە بە ئەوە ڕازی بووە؟ ئایا چۆن ئەم نەتەوەیە وا دەستەمۆ کراوە کە ئاوا لە ناو خاکی خۆیدا بە ئەم جۆرە کۆیلەیەتییە ڕازی بێت؟

بێومان زۆر پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدۆزینەوە.

با ئەو فاکتە لە یاد نەکەین کە تورکەکان لە خولی دووەمی سەدەی دەیەمینەوە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هاتن. تورکەکان وا هەر هەزار ساڵێکە لە سەر ئەم خاکە دەژین. ئەم تورکانە هەر چۆنییەک بێت توانیوویانە پەلاماری خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم خاکە بدەن و زیاتر لە سنووری باوەڕکردن ڕۆح و جەستەی بشکێنن. ئەو خەڵکانەی کە زیاتر لە ٤ هەزار ساڵە لە سەر ئەم خاکە دەژین.

لە کاتێکدا کە دەوڵەتانی سەربەخۆ و خاوەن سیادەت هەن کە ژمارەی دانیشتووانیان دە هەزار کەسێکن، ئایا چۆن نەتەوەیەکی کوردی ٣٠ میلیۆن مرۆڤیی وای لێ کرا کە بە ژیانێکی خاوەن هیچ و ڕووتەوەبوو، بێ هیچ بەهایەک، ڕازی بێت؟ ئایا چۆن کوردەکان بە ئەوە ڕازی بوون؟

بێگومان پێویستە بە شێوەیەکی لە سەرخۆو ڕێکوپێک و هێمن و پشوودرێژانە لە سەر ئەم پرسیارانە بخوێنین.

ئەمڕۆ تورکیا خاوەنی کوردستانێکی خۆیەتی، عێراق خاوەنی کوردستانێکی خۆیەتی، ئێران خاوەنی کوردستانێکی خۆیەتی، سووریا خاوەنی کوردستانێکە، بەڵام کوردەکان خۆیان خوەنی کوردستانێک نیین. لە بەر چی؟

هەروەها کورد لە چەندین کۆماری یەکیەتی سۆڤیەتییشدا هەن.

کورد لە ئەرمینیا هەیە. کورد هەروەها لە جۆرجیا، لە کیرخیز، کازاخستان، ترکمانستان و ئەو گوندانەی شاخەکانی پامییریش هەن. بۆچی؟

ئایا کوردەکان چۆن بە ئەوێندەری گەیشتوون؟

ئایا هۆیەکان لە پشت دوورخستنەوەی کوردەکان و نیشتەجێکردنی زۆرەملێیان چیین و کامانەن؟

ئایا بۆچی سیاسەتی "پەرت بکە و زاڵ بە" لە سەر نەتەوەی کورد پیادە کراوە؟

نەتەوەیەک کە دەبێت بە نیشانەخۆشەی سیاسەتی "پەرت بکە و زاڵ بە" بە دڵنیاییەوە خاوەنی لاوازیەتی بەئەژمارد دەبێت. ئایا لاوازییەکانی نەتەوەی کورد کامانەن؟

پێویستە زۆر بە وردیی خوێندنێکی ڕەخنەگرانە لە سەر گشت ئەم لایەنانە بکرێت.

ڕێگای زانستێکی باوەڕ پێکراو و تۆکمە بێگومان لە میتۆدی زانستیانەوە هەڵ دەهێنجێندرێت.

لە ئەم ڕووانگایەوە ئەو ڕەخنانەی لە ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەت، و هەروەها لە ڕوونکردنەوە ڕەسمییە ناپەسەندەکان، دەگیرێن، شایانی باسن.

بەرژەوەندییە دەوڵەتییەکان لە ئەو ڕێگایەوە خزمەت دەکرێن کە دۆخی لە بار و گونجاو بۆ پێشخستنی زانست فەراهەم بکرێن، نەک بە ڕێگاگرتن لە لێکۆڵینەوەی زانستیی و داسەپاندنی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی لە سەر خەڵک.

چوار: ئازادیی ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی ناوەکیی و دەرەکیی دەوڵەتێک بۆ شکۆی دەوڵەت و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان سوودبەخشە. ئەم ڕاستییە چ سەبارەت بە هەنگاوە کورتخایان و چ درێژخایانەکانیش ڕاستە. لە ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەدا نموونەیەکی سوودبەخش هەیە. با لە دۆزی ئەرمینیا بڕوانین.

بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە دید و بۆچوونەکانی تورک و ئەرمەن هەر زۆر لە یەک دوورن. بە پێی ئەرمەنییەکان، بەڕێوەبەرایەتیی عوسمانیی لە ساڵانی ١٩١٥ و دووایيدا شاڵاوی بەرفراوان و توند و تیژی لە بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنییەکاندا پیادە کردووە. لە کاتی ئەم بەکۆمەڵکوشتنانەدا یەک و نیو میلیۆن ئەرمەنیی لە ناوبردراون.

تێڕووانینی تورکیا بە تەواوی بە پێچەوانەوەیە.

نەک هەر باس لە کوشتن و بڕینی ئەرمەنییەکان ناکرێت، بەڵکو تەنانەت دەشگوترێت کە ئەرمەنییەکان لە پشتەوە خەنجەریان لە سوپای عوسمانیی داوە. لە کاتی شەڕەکەدا تورک و ئەرمەن دژ بە یەکتر بە شەڕ هاتوون. لە ئەو پرۆسەیەدا کارەساتی تاڵ و دژوار سەبارەت بە هەردوولا ڕووی داوە.

لە ئێرەدا بە ڕوونیی دیارە ئەو ڕوونکردنەوانەی لە لایەن تورک و ئەرمەنییەکانەوە دەخرێنە بەر دەست زۆر لێک جیاوازن و کۆنترادیکتی یەکترن. لە ئەم ١٧ – ١٨ ساڵەی دووایيدا ئەم شتانە ڕوویان داوە:

ئەرمەنییەکان ئەم مەسەلەیە بۆ گشت داموودەستگا نێونەتەوەییەکان و پەرلەمانە نێونەتەوەییەکان بە ئەو دیدەوە دەبەن کە بڕیاردانێک سەبارەت بە ئەو کۆمەڵکوشتنانەی ڕوویان داوە، وەدەستبهێنن.

داموودەستگا نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافەکانی مرۆڤ بە شادییەوە گفتوگۆ لە سەر مەسەلەکە دەکەن. ئارەزوومەندییەکی مەزن لە لایەن ڕێکخراوە هەواڵنێرییە جیهانییەکان و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانیانەوە بۆ دۆزی ئەرمینیا هەیە. داڕشتنە ئەرمینیەکان سەبارەت بە ئەو ڕووداوانە زیاتر و زیاتر دەبن بە جێی ڕەزامەندیی لایەنەکان.

گفتوگۆ و دەمەتەقێکانی کۆنگرێسی ئەمەریکا و پەرلەمانی ئەوروپا لە سەر ئەم مەسەلەیە دەنگدانەوە و کارتێکردنی گەورەوگرانیان لە سەر دامودەستگاکانی ڕاگەیاندن و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی تورکیی هەیە.

ئەم گفتوگۆ و دەمەتەقێیانە کاریگەریی یەکجار گەورەیان لە سەر کۆمەڵێک ڕێکخراوە و دامی جیاواز هەیە، وەک: زانکۆ تورکیەکان، سەندیکا تورکیەکان، پارتە سیاسییە تورکیەکان، ڕێکخراوە دادگاییە تورکییەکان، و هەروەها ڕێکخراوەی سەندیکای پارێزەران و بەڕێوەبەرایەتییە کارگوزارییە ئایینییەکان و یانە وەرزشییە تورکییەکان.

ئایا لە ئەم بار و دۆخانەدا سیاسەتی دەوڵەت بەرامبەر بە ڕاگەیاندن چی دەبێت؟

ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی هەموو متمانەیەکی خۆی ون دەکات کاتێک دەوڵەت هاندانی تەواو بۆ پاڵپشتی بڵاوکردنەوەی بکات و هاوکاتیش ڕێگا لە هەموو جۆرە ڕەخنەیەک بگرێت.

پێشکەشکردنی هاندانی بێسنوور و زیاد لە پێویست بۆ پرۆپاگەندەی بۆچوونەکانی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت و لە ئەملاشەوە تەوەلاکردنی ڕووانگا ڕەخنەییەکان لە ژێر سزای زیندانیکردندا.

بە تەواوی ئاشکرایە کە هەنگاوێکی وا هەرگیز باوەڕپێکراو نییە.

ناکرێت جێی باوەڕ بێت، چونکە ئەقڵانی نییە.

دەوڵەتی تورکیا ئەم ڕووانگا و بۆچوونانەی خۆی بە زۆری زۆرداریی دادەسەپێنێت. کاتێک پرسیار لە چۆنیەتیی ئەم ڕووانگایانە بکرێت یاخود هەڵوێست دژیان وەربگیرێت، ئەوا زیندان چاوەڕێیە.

بەکارهێنانی پرۆفیسۆرەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بۆ دووپاتکردنەوە و جووینەوەی ڕووانگا ڕەسمییەکان، بە باشیی نیشانی دەدات کە تا چ ڕادەیەک ئەم پرۆفیسۆرانە لە بیرکردنەوەی ئاوەزیانە و ئاقڵانە و بیری زانستیانەوە دوورن، و تا چ ڕادەیەکیش زۆرتر لە پێویست، بوون بە ئەڵقەلەگوێی دەسەڵاتداران.

هاندانی ڕووانگا ڕەسمییەکان و خەفەکردنی ڕووانگا دژکارەکان بە هەڕەشەی لە زیندان هاویشتن، لە ڕووانگای تریشەوە، هیچ جۆرە ڕێزێک بۆ دەوڵەت پەیدا ناکات. ڕێز بۆ دەوڵەت تەنها لە ئەو هەنگاوەوە لە دایک دەبێت کە دەوڵەت هەمان ئازادیی بە دەربڕینی ڕووانگا دژکارەکان، هەروەک ڕووانگا ڕەسمییەکانی دەوڵەت خۆی، بدات.

ئەمەش نەک تەنها لە ڕێگای بەرژەوەندییە نەتەوەییە فرە ئایینداییەکانەوە بکرێت، بەڵکو هەروەها لە ڕێگای بەرژەوەندییە ئێستایی و داهاتووە نزیکەکانیشەوە.

پێنج: دیدێکی تر هەیە کە بە بەرفراوانییەوە لە لایەن زانکۆ تورکیەکان و نووسەرە تورکیەکان و پارتە سیاسییە تورکیەکان و ڕاگەیاندنی تورکییەوە جێی ڕەزامەندییە، و کە هەروەها لە بواری وتار و نووسیندا نیشان دراوە. بە پێی ئەم دیدە لە تورکیادا هەموو کەسێک یەکسانە. هیچ کەسێک جیاواز هەڵسوکەوتی لەگەڵدا ناکرێت لە بەر جیاوازیی زمان و کولتوری. هەموو کەسێک دەتوانێت لە خزمەتگوزاریی گشتییدا بە هەرە دووا پلەکان بگات. هەل لە کەس زەوت ناکرێت، بۆ نموونە: هەموو کەسێک بۆی هەیە ببێت بە ئەندامی پەرلەمان، یان وەزیرێکی دەوڵەت، قایمقام، دادوەر، پارێزەری گشتیی، پرۆفیسۆر، بازرگان و ... هتد. تەنها یەک تۆزقاڵیش تابو و لێکجوداوازیی و هەڵاواردن نییە.

دەتوانین ئەو خاڵە گفتوگۆیانەی وەک کۆڵەکەی پشتگیریکردنی ئەو دیدە دەگوترێن بە ئەم شێوەیە کۆیان بکەینەوە:

"... نە لە ڕابردوو و نە لە ئێستادا هەڵاواردن و جیاوازکاریی لە سەر بناخەی ڕەگەزیی نەتەوەیی لە بەڕێوەبەرایەتییە تورکیەکاندا نەبووە. دەست بە ڕووی هیچ کەسێکدا بۆ بەشداریکردن لە پەرلەمان یاخود بۆ گەیشتنی بە بەرزترین پلەی کار لە وڵاتدا لە سەر بناخەی ڕەگەزی نەتەوەیی کورد نەنراوە."[31].

"... کوردەکان لە هیچ جۆرە مافێک بێ بەش نەکراون. کەس ڕێگای هەلی لێ نەگیراوە لە گەیشتن بە پلەوپایەی بەرز لە سەر ئەو بناخەیەی کە ئەندامی کەمایەتییەکی بچووک بێت"[32].

"... نە لە سەردەمی عوسمانیی و نە لە کاتی کۆماریدا کوردەکان وەک کەمایەتیەک نەبینراون. هاونیشتیمانیانی خاوەن ڕەگەزی کوردیی هەمیشە بۆ گەیشتن بە پلەوپایەی بەرز لە کەرتە تایبەتیی و گشییەکاندا هاوهەل بوون"[33].

"کوردەکان و تورکەکان سەدان ساڵە تێکەڵ بە یەکتر بووە بێ ئەوەی تووشی هیچ کۆسپێک بووبن. هاونیشتیمانیانی خاوەن ڕەگەزی کوردیی هەمیشە بۆی هەبووە بگات بە هەرە تڕۆپکی هەموو جۆرە پایەیەک چ لە سوپا و بیروکراسیی سڤیلدا، چ لە بازرگانیی و ئاڵوگۆڕکردن و سیاسەتکارییدا، ئەمڕۆ لە بەڕێوەبەرایەتی

[31] سەرچاوە: پرۆفیسۆر مومتاز سۆیاڵ، جیابوونەوەخوازیی، میللیەت ١٩٩٠/٣/١٤

[32] سەرچاوە: پرۆفیسۆر مومتاز سۆیاڵ، وتارێک لە کۆنفەرانسی کۆپنهاگن لە سەر مافی کەمایەتییەکان لە خواروووی خۆرهەڵاتی ئەورووپادا ١٩٩٠/٤/١ – ٣/٣٠ میللیەت

[33] سەرچاوە: پرۆفیسۆر دۆغۆ ئیرگیل، مەسەلەی خۆرهڵات، میللیەت ١٩٩٠/٣/٢٣

پارتی نیشتیمانی دایک دا نەک هەر وەزیرێک، بەڵکو چەندین وەزیری تری تیادایە کە بە ڕەگەز کوردن. نوێنەرانی بە ڕەگەزکورد سەر بە چەندین پارت و ڕێکخراوەی هەمەجۆرن. هەروەها نوێنەری بەڕەگەزکورد لە ناوەندە گەورەکانی ئەستەنبوڵ و ئەنکارەدا هەن"[34].

"جیاوازیی لە نێوان هاونیشتیمانیانی خۆرهەڵات و ناوچەکانی تردا نییە. لەبەر ئەوەی لە سەر دەنگدان لەنگەر دەگرێت ئەوا سیستەمی دیموکراسی میوەی بەری ڕەنجی خۆی دەچنێتەوە. کورد و تورک هاوچارەنووسن. هەردوو پێکەوە باجی وڵاتێکی هەژار دەدەن. کەس لەگەڵ هاوواڵاتییەکی خۆرهەڵاتدا وەک هاونیشتیمانییەکی پلە دوو مامەڵە ناکات. هەڵاواردن لە نێوان کورد و تورکدا نییە"[35].

"... کۆمەڵگای تورکیی کۆمەڵگایەکی ڕەگەزپەرست نییە. هەموو کەسێک وەک ئەندامێکی خۆی وەردەگرێت کە بڵێت 'من تورکم'. ئەمەش هەر ئەو شێوازەیە کە دەستوور پێناسەی دەکات. ئەتاتورک نەیگوتوە 'ئەو کەسە ڕووسوورە کە تورکە'، بەڵکو گوتوبەتی 'ئەو کەسە ڕووسوورە کە دەڵێت من تورکم'. ئەوە ڕەگەزپەرستیەتیی نییە. هەموو کەسێک، لاز، جۆرجی، چەرکەس یان کورد بێت، یاخود هەر جۆرە ڕەگەزێکی نەتەوەیی تری هەبێت ئەوا لە پێشینەکەیدا تورکە. تورکیا کوورەیە. خەڵکان هەن لە ناوماندا خاوەن جۆرێکی ترن لە زمانی دایک. شیاوە مرۆڤ چاوی بە کەسێکی کۆچەری کرێتیی بکەوێت و نەزانێت. هۆیەک نییە مرۆڤ دەست بە ڕوویانەوە بنێت.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا تورکی بە ڕەگەز کورد بوون بە سەلەشکری سوپا، وەزیر، نوێنەر، جێگری سەرۆک کۆمار و تەنانەت سەرۆک کۆماریش بە ڕادەیەکی زیاتر و بەربڵاوتر لە ڕێژەی سەدییان بۆ ژمارەی دانیشتووان. هەڵاواردن بە هیچ جۆرێک نییە. ئەمە ڕاستییەکەیە، کەچی ریشمان بووە بە تووشی یاخیبوونێکی نهێنییەوە لە خواروی خۆرهەڵاتدا.

لە تورکیادا کەمایەتیی موسڵمان نییە. زمان تورکییە. پێویستە هەموو کەسێک ئەو زمانە فێر ببێت. خوێندنی سەرەتایی زۆرەملێیە. ئەگەر کەسانێک هەبن زمانی تورکیی نەزانن ئەوا یان خەتای ماموستاکانە یان خەتای خوێندکارەکان خۆیانە"[36].

هەموو ئەم کەسانە ئەوە دەست نیشان دەکەن کە گوایا مرۆڤ بە " ڕەگەز کورد" لەگەڵ تورکدا یەکسانە. دەڵێن ئەوانەی بە ڕەگەزی نەتەوەیی کوردن دەتوانن لە دەسەڵات و بەتووانایيدا بە پلە و پایەی بەرز بگەن،

[34] سەرچاوە: لۆغی موچۆ، کامەیە دۆز؟ جمهوریەت ١٩٩٠/٣/٢٨

[35] سەرچاوە: نازلی ئیلچاخ، کۆبوونەوەیەکی هەواڵنێرێی لە کۆشکدا. گۆڤاری تەرجومان ١٩٩١/٤/٨

[36] سەرچاوە: ئیحسان سەبری. گونل، ١٩٩٠/٤/١٠

بەڵام ئەم کەسانە بە چاوێکی نابینا و گوێیەکی مستێکراوەوە ئاوەڕ لە دۆخە بنچینەییەکانی ئەم "یەکسانیەتیە" دەدەنەوە.

ئەم جۆرە یەکسانیەتیە بێگومان لە سەر مەرج و مەرجکاریی هەڵچنراوە، کە مەرجێکی هەرە بنچینەییە.

بەڵێ، مرۆڤێکی بە ڕەگەز کورد کە نکۆڵیی لە ڕەگەزیی خۆی دەکات، کە باز بە سەر کوردبوونیدا دەدات و دەبێت بە تورک دەتوانێت هەر کارێک بکات کە دڵی بخوازێت.

"کوردێک" کە نکۆڵی لە ناسنامەی خۆی و نەتەوەکەی دەکات دەتوانێت ببێت بە هەر شتێک کە دەیەوێت، تەنانەت ئەگەر ئەو شتە نوێنەری دەوڵەتی تورک، وەزیر، قایمقام، دادوەر، سەرلەشکر، پرۆفیسۆر و تاد بێت.

گومان لە ئەم ڕاستییەدا نییە.

بەڵام ئەمە یەکسانییەتی نییە.

ئەمە کۆیلەیەتییە، تووندنەوەیە، سازکردنی خۆهەڵخەڵەتاندنە، کەمکردنەوەی بەهای نەتەوەیی لایەنێکی دیکەیە، رابووواردنە بە خەڵک.

بە پێی زانکۆ تورکیەکان و پرۆفیسۆرە تورکەکان و ڕاگەیاندنی تورکیی و دیپلۆماتی تورکیی و نووسەری تورکیی، ئەم کارە "یەکسانیەتییە".

کەسێک ناتوانێت پێ لە ئەوە دابگرێت کە مرۆڤێکی کۆیلە کە دەبێت نکۆڵی لە ناسنامەی خۆی بکات یەکسانە بە ئەو کەسەی ئەم بە زۆرلێکراویی دەبێت لاسایی بکاتەوە. دیموکراسیی و پرینسیپی یەکسانیەتیی کە هەرە مەرجە بنەڕەتییەکانی "دیموکراسیی" ن، بێگومان جیهانیین، بەڵام ئەو ڕووانگانەی لە سەرەوە دەربڕدراون تەنها بریتیین لە "یەکسانییەتی بە پێی تورکەکان" و "دیموکراسیی بە پێی تورکەکان".

وا پێ دادەگیرێت کە گوایا ئەو کەسانەیش کە بە "ڕەسەن" کوردن هەروەها "نمایندەی هەڵبژێردراو" بن.

سەبارەت بە ئەمە مرۆڤ دەبێت لە ئەم ڕاستییانە بە ئاگا بێت: ئەم "نمایندەی هەڵبژێردراوانە" وەک کوردێک بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا ناکەن. ئەمانە هەڵنەبژێردراون لە بەرئەوەی کە کوردن. کوردەکان ئەو خەڵکانەن کە لە تورکیا ناسنامەی نەتەوەییان لێ زەوت کراوە. هەر کەسێک بۆ بە کوردبوون داوایەکی بە ڕەوای هەبێت، بۆ نموونە وەک منداڵێک کە لە دایکوباوکێکی کورد لە دایک دەبێت، ئۆتۆماتیکیی ناسنامەی تورکی پێ دەدرێت. سادەترین ماف کە "بەکوردبوون" بێت، نکۆڵی لێ دەکرێت.

لە هەڵسەنگاندنی ئەم نکۆڵی لێکردن و لە پرۆسەی ئەم بە تورککردنەدا کە دەگوترێت: "هەموو تورکەکان لە ڕەگەز و ئایین و زماندا بێ جیاوازکاریی یەکسانن"، یەکسانیەتی ناگەیەنێت.

بە بێگومانییەوە ئەمە یەکسانیەتیەکی بێ نموونەیە. یەکسانیەتیەکی ئایدیۆلۆژییە. ئەوە دەگەیەنێت کە کوردەکان "ئەوانەی بە ڕەسەن کوردن" تورکن. چونکە ئەمە داواکارێی و پێویستیەکی دەستوور و یاسا و ڕێساکانی تڕە.

هیچ ڕوونکردنەوەیەکی تر ناخوات.

هەر کەسێک هەر زوو بە زوو لەگەڵ لە دایکبوونیدا کرا بە تورک، "تەنها" ئەو کاتە سروشتیی دەبێت کە بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکات و ببێت بە خزمەتگوزاری دەوڵەتیی. ئەم کارە لەگەڵ داواکارییە یاسایی و بەڕێوەبەرییەتیەکاندا کە مرۆڤێک "بە زۆر!" بە تورک کراوە، دۆخێکە بە بێگومانییەوە دۆخێکی لە بار و گونجاو نییە بۆ دامەزراندنی ئەو مرۆڤە لە کەرتیی خزمەتگوزاریی دەوڵەتییدا.

بێ لە ئەو خاڵانەی سەرەوە، هەروەها ئەم مرۆڤە بە تورک کراوە ناچار دەکرێت بانگەوازی نەبوونایەتیی نەتەوەیی کوردیش بکات، ئینجا بانگەواز بکات تورکە و هەروەها بە بیر و بە هەڵسوکەوت و بە ئاکار، بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو و ئاوەڵە، تورکبوونەکەیشی بسەلمێنێت.

ئەو کەسانەی بانگەوازی ناسنامەی خۆیان دەکەن، واتا ناسنامەی کوردبوونیان، ئەوانەی بانگەوازی هەبوونی نەتەوەیی کورد دەکەن، هەرگیز بەرپرسیاریەتیەکیان پێ ناسپێردرێت. خۆ ئەوە بوون بە وەزیر و نمایندەی دەوڵەت هەر جێگای باس و بیرلێکردنەوەیش نییە. ئەو کەسانە بۆیان نییە و تەنانەت ناتوانن ببن بە کەناس و پاککەرەوەی بینا و باڵەخانەکانیش. ئەو کەسانە تەنها دەتوانن ببن بە یەک شت: تاوانبار و سزادراو.

بێنەوبەرە ڕوو دەدات گوایا لە حکومەتی ئێستادا هەندێک وەزیر هەن کە بە ڕەسەن "کوردن". ئەمە بێگومان وایە و ڕاستییەکە. ئەم چەند مرۆڤە تەنها پاش نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی کوردیی خۆیان و بانگەوازی ڕازیبوون بە پێکەوەلکاندنیان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا بە ئەو پلەوپایەیە گەیشتوون.

ئەوەش بە تەواوەتی لە ئەو ڕاستییەدا سەلمێندراوە، بۆ نموونە: هەر زوو بە زوو نادادییەک لە سەر تورکە بولگارییەکان، تورکە تچاریەکان، تورکە قوبرسیەکان، تورکە ئازەریەکان و هتد، پەیدا دەبێت، ئەوا ئەم بە ڕەسەن کوردە "تورکانە" هەڵیدەدەنێ و پارێزگارییان لێ دەکەن.

ئەم "تورکانە" دەبن بە دەمڕاستی دانیشتووانە تورکەکان.

ئەم "تورکانەن" کە هەوڵ دەدەن گیروگرفتی ئەم دانیشتووانە تورکانە بە سەکۆی نێوەتەوەیی بگەیەنن و ببن بە پارێزەری مافەکانیان.

کەچی ئەم "تورکانە" بەرامبەر بە دڕندەترین زوڵم و زۆر لە سەر نەتەوەی خۆیان لە ناو کوردستاندا بێدەنگ دەمێننەوە. بە دوو چاوی قووچاو و گوێی داخراوەوە لە ئەو هەنگاوە ستامەکاریانە دەڕوانن کە دژی کورد لە کوردستاندا پیادە دەکرێن.

لە ١٩٨٠ کاندا زیاتر لە چل (٤٠) مرۆڤی لاوی کورد لە ژێر ئازاردا گیانیان دەرکێشرا تەنها لەبەرئەوەی ئامادە نەبوون بڵێن "من تورکم لەبەر ئەوە بەختەوەرم". لەبەرئەوەی ئەو لاوانە پارێزەری ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بوون، لەبەرئەوەی گۆرانی نەتەوەیی تورکیان نەدەچڕی، لە بەرئەوەی رازی نەبوون بە ئایدیۆلۆژیای کەمالیستیی گۆش بکرێن.

وەزیرە بە "ڕەسەن" کوردەکان تۆزقاڵێکیش بە پێویستیان نەزانی خۆ لە ئەم کارە دڕندەییە، خۆ لە ئەم بەکۆمەڵکوشتنە هەڵبقورتێنن.

گازی کیمیاویی لە باشووری کوردستان بە سیستەماتیکیی و بەربڵاویی بە کار هێنرا، کوردەکان بە بەرفراوانیی دووچاری بەکۆمەڵکوشتن و بنبڕکردن بوون، هەزاران مرۆڤ کوژران، دەیان هەزار بریندار و کەنەفت کەوتن، سەدان هەزار بە شپرزەیی و ئازارەوە زۆریان بۆ هات داوای پەنابەریی لە تورکیا بکەن. ئەم خەڵکانە خرانە ناو مۆڵگای داخراوی بە درکەزێ تەنراوەوە و وەک لە جەنگدا گیراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکردرا. پلەی پەنابەرییان هەر پێ نەدرا.

زۆر بە دڵنیاییەوە ئەو وەزیرە بە "ڕەسەن کوردانە" لە سەر ئەمانەش هیچیان نەگوت.

کاتێک کە ئەمە ڕاستیەکەیە، پێداگرتنی ئەم پرۆفیسۆر و ڕۆژنامە و نووسەرانە کە دەڵێن 'لە تورکیادا هەموو کەس یەکسانە'، هەموو کەسێک دەتوانێت ببێت بە وەزیر و نمایندەی دەوڵەت، تەنیا ئەو مانایە دەبەخشن کە ئەمان پەنجەمۆری ئەو پێکەوەلکاندنە زۆرەملێیە دەکەن کە لە سەر کوردەکان لە تورکیادا ئەنجام دراوە.

کاتێک لە ڕاستییدا ئاوا واتای چەمکی یەکسانیەتی هێندە هێنراوەتە خوارەوە ئەوا "قاووقریشکی هەموو کەس یەکسانە" نیشانی دەدات تا چ ڕادەیەک ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت پرۆسەی بیرکردنەوەی سەربەخۆ و ئاوەزیی ئیفلیج کردووە، و تا چ ڕادەیەک شیرزاەی بیرکردنەوەی تێک داوە.

لە کاتێکدا کە نایەکسانیەتیەکی هێندە زەق هەیە، لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای کورد بە دەستێکی بە یاسا و ڕێسای هێندە ئاسنیین کۆنترۆڵ دەکرێت، کەچی دەگوترێت کە: "جیاوازیی لە نێوان کورد و تورکدا نییە".

هەموو ئەمانە لە پێناوی خزمەتکردنی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەتدا ئەوە دەردەخات کە نەک تەنها مێشکی ئەو جۆرە خەڵکانە بەڵکو تەنانەت دڵیشیان سڕیووە.

ئەم هەموو ناڕاستییانە لە لایەن ئەوانەوە دەگوترێت کە وانەی سۆسیۆلۆژیی و زانستی سیاسیی و یاسا دەڵێتەوە. ئەمە بابەتێکی دیکەیە کە دەبێت لێی بتوێژرێتەوە.

هەروەها ئەوەش نیشان دەدات کە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی تا چ ڕادەیەک خوێندن وەک ئامرازێک بۆ خۆی بە کار دەهێنێت، کە تا چ ڕادەیەک هەوڵ دەدات ڕووخسار و شێوەی پیاوانی زانست بخولقێنێت.

ئەم جۆرە پیاوانەی زانست کە بە سوورییەوە لە خزمەت ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دان، کە ڕەخنەی لێ ناگرن، کە هەمیشە بە ڕاست و دروست و زانستیەتیی پێناسەی دەکەن، شایانی ڕێزلێگرتن نین.

بێ نەبوونی ئازادیی بۆ ڕەخنەگرتن لە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی، زانیاریی پەرە ناستێنێت، زانست پێش ناکەوێت.

شەش: دووڕوویەتیی پرۆفیسۆر و ڕۆژنامەکان و نووسەرانی تورک زۆر ئاسان بە دید دەکرێت. ئەم لایەنانە کاتێک باس لە سەر مافی تورکەبولگەرییەکان و پارێزگارییکردن لە بوونی دانیشتووانی تورک لە بولگاریا بێت، بە هەزار شێواز ناپەیڤن.

ئەم لایەنانە زۆر بە تونديی بەرەنگاری پرۆپاگەندەی دەوڵەتی بولگاریا دەبوونەوە کە دەیگوت: "لە بولگاریا ڕەگەزێکی نەتەوەیی نییە ناوی تورک بێت. ئەمانە بولگارین کە بە زۆر لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانییدا بە تورک کراون. هەموو ئەوانەی کە لە بولگاریا دەژین بولگارین. هەموو هاونیشتیمانییەکی بولگاریی بێ جیاکاریی لە توخم و ڕەگەز و ئایین و زماندا یەکسانن".

وەڵامی ئەم لایەنانەی تورکیا ئەوەبوو کە دەیانگوت: ئەم ئاخافتنانەی بولگاریا هاونموونەی ڕەگەزپەرستیی و ئیمپریالییستین و چەمکی سەردەمی بە سەرچوون.

ئەمانە زۆر بە ڕەقییەوە مامەڵەیان لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی بولگاریادا دەکرد لە نکۆلیکردنیدا لە مافی تورکەکان و لە سیاسەتی بینینی هەموو کەسدا وەک بولگاریی.

لە بولگاریاش هەروەها، ئەوانەی دەستبەرداری ناسنامەی تورکیی خۆیان دەبوون دەیانتوانی پلە و پایەی بەرز لە ناو دەسەڵاتی حوکمەت و پارتەکاندا بگرن، بەڵام ئەمە هاومافیەتیی و یەکسانیەتیی تورک و بولگار ناسەلمێنێت.

سیاسەتی بولگاریا کە ئاماژەی هاوئاهەنگیی لەگەڵ یاسا و ڕێسا و بڕیارنامە نێونەتەوەییەکاندا دەکات. لە ڕاستییدا بە تەواویی دژکاریانە.

نایەکسانیی تورک و بولگاریی بۆ پیاوانی دەوڵەتی تورک بووە بە خاڵی بنچینەیی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە پێوەندیی نێوان تورک و کورد دەڵێن "یەکسانیەتیی" کە زۆر دوواکەوتووتر و قەڵبتر و ناشگەڕێتەوە بۆ هەر چەند ساڵێک لە ئەوەبەر، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ حەفتا (٧٠) ساڵی ڕەبەق.

دەڵێن: "لە درێژایی مێژوودا تورکەکان لە بەر جیاوازیی ڕەگەزیی هەرگیز مامەڵەی خراپیان لەگەڵ کەسێکدا نەکردووە ".

ئەمەیە ڕەگەزپەرستیی ڕاستەقینە.

ڕەگەزپەرستیی بریتیە لە: نکۆڵیکردن لە ئەو مافانە بۆ نەتەوەی تر کە کەسێك بۆ نەتەوەی خۆیی و خەڵکی خۆیی دەخوازێت.

لە سەروو ئەمانەیشەوە، ئەم ڕەگەزپەرستییە لە تورکیادا زۆر بە باشیی بە سیستەم کراوە. بۆ نموونە: ڕژێمی بولگاریا دەتوانێت لە سیاسەتی خۆی سەبارەت بە تورکەکان با بداتەوە. لە تورکیا ئەو نەبەزیی و جیدیەتیە پێویستە بوونی نییە کە تەنانەت لە گۆڕانکاریی ئەو سیاسەتە هەر بشڕووانرێت.

ڕەگەزپەرستیی لە ناوچە نیشتەجێیەکان و چێشتخانە و شوێنگای سەرگەرمکردن و بای باڵیخۆدان و خوێندنگا و ڕۆخی کەنارەکانی دەریا هەمیشە لە فۆرمی جیاوازدا نابێت.

مۆدێلی ڕەگەزپەرستیی تورک بە ئەم شێوەیە خۆی ساخ دەکاتەوە: زیاد لە پێویست بە نزم زانین و بە کەم تێڕوانیین و بە کەم بینین لە زمان و کولتوریی کوردیی یان لە ڕاستییدا لە هەر شتێک کە کوردیی بێت. بە گشتیی هەموو جۆرە پێکهاتنێک لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد. داسەپاندنی زمانی تورکیی لە سەر گەلی کورد، هەروەها داسەپاندنی کولتوری تورکیی و ناسنامەی نەتەوەی تورک لە سەری. لە ئەم بوارەدا تیرۆری دەوڵەتیی وەک باشترین چەکی دەستوەشێنەر بە کار دەهێنرێت.

لە تورکیادا پرۆفیسۆر و نووسەر و دیپلۆماتەکان لە لایەکەوە بە توندیی خۆیان بە پیادەکردنی ڕەگەزپەرستییەوە خەریک دەکەن و لە لایەکی تریشەوە خۆیان بە نووسین و بڵاوکردنەوەی جۆری پروپاگەندەوە مەژغوڵ دەکەن، وەک: "تورک ڕەگەزپەرستی پیادە ناکات".

پێمان دەڵێن: "بە هەموو کەسێک ڕازیی دەبین کە بڵێت من تورکم".

بەڵام ئەمە خاڵەکە نییە.

خاڵەکە لە ئەوێوە پێ هەڵ دەگرێت کە کەسێک دەڵێت "من کوردم".

لە ئەو ساتەوەختەدایە کە تیرۆری دەوڵەتیی لە پێناوی ئەوەدا دەخرێتە کار کە بە زۆرەملێ "ڕووخساری تورک" بە کوردەکان بدرێت.

ئەم ڕەگەزپەرستی و دوودیویەتییە تەنها تایبەت بە ئەم پرۆفیسۆر و نووسەرانە نییە. ئەم کارە بووە بە کەرەکتاری هەموو زانکۆ تورکییەکان و بەشێکی هەرە زۆربەی ڕاگەیاندنی تورکیی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەموو یەکێک لە پارتە سیاسییەکانی تورک، سەندیکا تورکیەکان، دامودەستگا دادوەرییە تورکییەکان وەک ڕێکخراوەی پارێزەران، بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینیی، هەروەها یانە تورکییە وەرزشیەکان، هەموویان خاوەن و هاوبیری ئەم ڕێبازەن. لە سەروو ئەمەیشەوە، زۆر دادوەر بە مەبەستی پارێزگاریی لە مافەکانی مرۆڤ گەلێک وتاری ڕەخنەگرانەیان دژ بە سیاسەتی بولگاریا دەرهەق بە تورکەکان نوسیووە. سەرۆکەکانی دادگای داخوازیی لە سالۆڕۆژی بیرەوەریی دادوەرییدا، سەرۆکەکانی دادگای ڕاوێژ لە ئاهەنگی سالۆڕۆژی دامەزراندنیدا، دژ بە سیاسەتی تواندنەوە لە بولگاریا بە دەم هاتوون و داوا لە بەشداریکارانی یاسایی نێونەتەوەیی دەکەن کە فشار بۆ سەر دەوڵەتی بولگاریا بهێنێت.

دووڕوویی و دوودیویەتیی ئەم دادوەرانە کە کەسانی وەک من تاوانبار دەکەن لە بەرئەوەی دەڵێم: "کوردەکان بە خراپیی دەچەوسێندرێنەوە و دووچاری تیرۆری دەوڵەتیی کراون و بە زۆرەملێ دەتوێندرێنەوە" بە تەواوەتی دەکەوێتە ڕوو. پیادەکردنی دووڕوویەتیی لە لایەن ئەم دادوەرانەوە بە ئاشکرا بنچینەی سیستەمی دادوەریی لە تورکیادا بۆش و کرمخواردوو دەکات.

حەوت: تێڕوانینی لە ڕووداوەکان بە دووڕوویی و دوودیویەتییەوە لە ئێرەدا کۆتایی پێ نایەت، با لە ئەم وتار و دروشمانە بڕوانین. لە ئەم ڕۆژگارانەدا کە مرۆڤ پێداگرتنی ئاوا دەبیستێت:

"مافەکانی دەوڵەتی تورکیا لە دەستنیشانکردنی ڕووانگای خۆی لە مەترسیدایە لە بەر مەسەلەی کورد. ئایا چۆن تورکیا زاتی ئەوە دەکات لە پارێزگاریی مافەکانی تورکی بولگاریا بێتە دەنگ؟ بەڵێ، ئەو زات و بوێرییە لە

ئەو فاکتەوە پێ هەڵ دەگرێت کە تورکیا لە بەر جیاوازیی ڕەگەزی نەتەوەیی هەرگیزاوهەرگیز هەنگاوی هەڵاواردنی دژ بە هیچ کەسێک پیادە نەکردووە. هیچ کەسێک بۆ خۆکاندیدکردن بۆ پەرلەمان ڕێگای لێ نەگیراوە، یاخود بۆ گەیشتنی بە مەزنترین پلەی ڕەسمیی لە تورکیادا لەبەرئەوەی بە ڕەگەز کوردە. ئەمە بە تەواوی پێچەوانەی ئەوەیە کە تورکی بولگاریا دووچاری بوون. بەڵێ لە تورکیا گیروگرفت هەن، بە تایبەتیی لە سەر بەکارهێنانی زمانی زگماکیی لایەنێک، بێگومان دەرفەت بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوەچوون هەیە. بەڵام ئەم گیروگرفتانە لە سەرچاوەی هەڵاواردن و جیاوازکاریی و جوداتێڕووانینەوە لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتیی سەریان هەڵ نەداوە و هێندە گەورە نیین کە نەتوانرێت بە تۆزێک مەزەندەی ئەقڵ و تێگەیشتن چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

لە بەر ئەوە بە هاوتێڕووانیین و چووانی دۆخی هاونیشتیمانیانی بە ڕەگەز کورد لە تورکیادا لەگەل دۆخی ئەو تورکانەی لە قوبرس فڕێ دەدرێنە دەرەوە بریتییە لە دروشمێک بۆ دروستکردنی جیاوازخوازییەکی ناپێویست لە تورکیادا، یاخود هەوڵێک بۆ خستنی تورک بۆ ژێر سایە و سێبەری دەسەڵاتی قوبرس یاخود جۆرێکە لە بنپێخستنی مافی ڕەوامان"[37].

ئا لێرەدا مێشکێک هەیە کە دەبێت تێی بڕووانرێت و لێی بکۆڵرێتەوە. لە ئێرەدا دۆخی کورد لە تورکیا لەگەل دۆخی تورکی قوبرس بەراوورد کراوە. ئەوەش ڕوون کراوەتەوە کە گویا کوردەکان لە دۆخێکی لە بارتر و باشتردا دەژین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێوەندیی نێوان کورد و تورک لە ناو دۆخێکی دیموکراتییدا گەشە دەکات و پێوەندیی تورک-یۆنانییەکان لە دۆخێکی نادیموکراتییدا.

ئەم مێشکە هەر بە تەنها تاییبەت بە پرۆفیسۆر مومتاز سۆیسال نییە و بەس. ئەم مێشکە هەروەها مێشکی نووسەرانی تورک و دەستگای ڕاگەیاندنی تورکییە. ئەم مێشکە لە بەردەواميیدا دەبێت بە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت.

لە بەرئەوە پێویستە و دەبێت لە نزیکترەوە تێی بڕووانرێت:

A. بیست (٢٠) ساڵ زیاترە کۆمەڵێک هەنگاوی ستەمکاریی خەست و بەربڵاوی دژ بە خەڵک لە کوردستان دەکرێت. تیرۆری دەوڵەت وەک بیروباوەڕێکی سیاسیی پیادە دەکرێت.

چەندین جۆر لە هێزی نهێنیی تورکیی ناوبراو بە کۆماندۆ، جەندرمە، هێزی تایبەتیی و دەستوەشێنەر بە بەردەوامیی بۆردومانی گوندەکان دەکەن و ئەو ناوچانە شانە دەکەن و دەپشکنن. هەموو گوندییەکان لە شوێنێک کۆ دەکرێنەوە. منداڵان و ژنان لە لایەک کۆدەکرێنەوە و لاوانیش

[37] سەرچاوە: Ref: Prof. Momtaz Soysal, Seperatism, Milliyt 14.M.1990

لە لایەکی تردەوە. پیاوەکان ڕووت دەکرێنەوە و لە بەر چاوی ژنان و منداڵاندا دەخرێنە ژێر فشاری ئازار و ئەشکەنجەوە، پەتێک بە گەڵوگونیانەوە دەبەسترێت و بە دەست ژنێکی دەدەن. ئینجا زۆریان لێ دەکرێت بە ناو گوندەکەدا بگەڕێن.

بە دڵنیاییەوە ئەم کارە نزمکردنەوە و شکاندنی مرۆڤە و پ.ک.ک گوتەنی "تاقیکردنەوەیەکی لە مرۆڤایەتی خستنە".

مرۆڤ دەپرسێت، ئایا داخۆ تورکەکانی قوبرس هیچ کارێکی ئاوایان بە سەردا هێناوە؟

ئایا پێش داگیرکردنی قوبرس لە ساڵی ١٩٧٤، یاخود پێش ١٩٦٤ یان تەنانەت پێش ساڵی ١٩٥٨ یش هیچ شتێکی ئاوا ڕووی داوە؟

ئایا ئیدی چۆن کەسێک دەتوانێت پێ دابگرێت کە پێوەندیی تورک-کورد لە دۆخێکی دیموکراسییدا گەشە دەکات و پێوەندیی تورک-یۆنانیش لە دۆخیی دژ بە دیموکراتییدا؟

B. ئەمڕۆ لە کوردستان خەڵک زۆر بە ئاسانیی بە دەستی هێزە نهێنییە تورکەکان دەکوژرێت.

بە پێ هیچ جۆرە پێویستییەک بۆ بوونی دادگا، یاخود تەنانەت لێپرسینەوەیش. هەندێک جار دەوڵەت خەڵک بۆ تۆڵەکردنەوە دەکوژێت و هەندێک جاریش لە پێناوی ترساندنی دانیشتووان و بۆ زراوبردن و لە فریشک خستنیان.

خۆ هەندێک جار سەرکردە سوپاییەکان بە ساکارییەوە دەڵێن: "ئیجازە بە کەللەسەر".

ئامرمەفرەزەیەک کە ئێستا ڕاگیراوە، لە گوندێکی سەر بە ناوچەی یاکسەکۆفا نزیک بە سنوورەکانی ئێران فەرماندەی بارەگایەک بووبوو. ئەم پیاوە ئاوا قسەی کردبوو: "... لە نامەیەکدا بۆ بەڕێز کومهور کەسکین کە لە هەکاری نوێنەری سۆشیالدیموکراتەکانە، ڕەزا پارلاکی ئامرمەفرەزە کە بۆ ٩ مانگ لە نێوان ١٩٨٧- ١٩٨٨ فەرماندەی بارەگا بووبوو، دەڵێت: لە لایەن فەرماندەی کەرتی هەشتەوە نرخ لە سەر کەللەی ئەو کەسانە دانراوە کە ماڵەکانیان چۆڵ کرابوو. ئامرکەرتێک، زەهید ئینجین، بە سەربازەکانی خۆی گوتبوو کە کەللەسەری بۆ بهێننەوە تا مەرەخەسییان پێ بدات. ڕەزا پەرلاکی ئامرمەفرەزە هەروەها دەڵێت: جەندرمەیەک بە ناوی نوری کۆڤاک دوو کەسی لە گوندی گوڤینا کوشت و لە بەرامبەردا ١٥ ڕۆژ مەرەخەسیی پێ بەخشرا"[38].

[38] Ref. Gunes 14.4.1990

کەسوکاری کوژراوەکان هاوار و داد و شکایەتیان بە گوێی هیچ دەسەڵاتدارێک ناگات. بە هیچ شێوەیەک لێپرسینەوە و پرسیارکردن لە ئەو کەسانە نییە کە بڕیارێکی وا بۆ کوشتنی خەڵک دەردەکەن یاخود لە بکوژەکانیان.
ئەم چاونێرییە کە لەلایەن فایەق کەندانی[39] پلە سێ خەتەوە کراوە شایانی تێبینیی و بایەخە.
کاتێک دۆخەکە هێندە زەق و ئاشکرایە چۆن کەسێك دەتوانێت دۆخی دانیشتووانی تورک لە یۆنان لەگەڵ دۆخی کوردەکان لە کوردستان لێکبچووینێت و بەراوورد بکات؟
من دەپرسم ئایا داخۆ یۆنانیەکان بە کەیفی خۆیان و هەر لە خۆیانەوە تورکەکانی بولگاریا بە بێ هیچ پرسیارکردنێک دەکوژن؟

C. ئەوانەی پێیان دەڵێن هێزی ئاساییشی دەوڵەتی تورکیا زۆر جاران خۆیان دەکەن بە گەریلا و کۆمەڵکوشتن ساز دەکەن. بەکۆمەڵکوشتنی ٢٨ کەس لە ١٩٩٠/١/٢١ دا لە گوندی ساتێ[40] تەنها یەکێک لە نموونەکانە. کوردێکی فشار بۆهێنراو گێڕایەوە کە: "من هیچم نەبوو بیدرکێنم، دارکاریان کردم و خستیانمە سەر تەلەڤیزیۆن"[41].

جاروبار جاشەکان لەلایەن دەوڵەتەوە هان دەدرێن و فێر دەکرێن کە بە جلوبەرگ و کالای گەریلاوە خۆیان دەربخەن و بکەونە کوشتن و بڕینی خێزانە نیشتیمانەروەرەکان تا کرێدیێ گەریلاکان بشکێنن.

کوشتنی سێ (٣) مرۆڤ کە دووانیان ساوا بوون لە کۆتایی مانگی ١٩٩٠/٣ دا لە هەکاری نموونەیەکە لە ئەم کارە. ئەم کارە لە ڕاگەیاندنی تورکیدا بە گەورەیی لە یەکەم لاپەڕەدا بڵاوکرایەوە لە ژێر ناونیشانی: "پ.ک.ک ساوا کوژ!"[42].

لە پاشاندا دەرکەوت کە وا نەبوو، چونکە ئەم مرۆڤکوژیی و ساواکوژییە لەلایەن جاشی گوندەکانەوە بەردەوامیی پێ درا.

ئایا هیچ سیاسەتێک هەیە کە ڕووداوی بە ئەم شێوەیە لە نێوان یۆنانیەکان و تورکەکانی بولگاریادا دروست بکات؟!

---

[39] فایەق کەندانی بە پیشە پارێزەر بوو و بانگ کرابوو بۆ تەواوکردنی خزمەتی سەربازییەکەی. Ref: 2000 e Dogru, Nr. 4/21 JAN 90

[40] وەکو زۆرینەی ناوی گوند و شار و ڕووبار و چیاو تاد تورکەکان ناوی گوندی "ساتێ" یان گۆڕیوە بۆ "ئیکیکا".

[41] Ref: 2000 e Dogru Nr. 13.25 March 1990. P24

[42] Ref: 2000 e Dogru No.14, 1 April 1990

D. چەوساندنەوە لە کوردستان بە کەشکەڵانی فەلەک گەیشتووە. لە کاتێکدا کە گوندەکان بۆمبارانن دەکرێن و پیاوانی بە سااڵداچوو و لاوان بە لادیواردا ڕادەگیرێن و هەڵدەسپێردرێن. لە ئەم بەری دیوارەکەشەوە منداڵان و ژنان ڕیز دەکرێن. ئینجا بە بەرچاوی منداڵەکانەوە باوک و باپیرانیان ڕووت دەکرێنەوە. هەزار و یەک جار ئازار دەدرێن. باپیرەکان بە ڕیش بەکێش دەکرێن و بۆ سەر زەوی فڕێ دەدرێن و بە لەقەوە دەچنە جەستەیان.

ئەم کارانە هەموو لە لایەن هێزی نهێنییەوە پیادە دەکرێن.

ئەو منداڵانەی لە ڕووداوەکەدا دەگریەن و دەقیژێنن و زراویان دەچێت و دەتۆقن بە زرمەی کوتان بە قۆناخەتفەنگ هۆشیان بە بەرياندا دەهێننەوە. بە سەر ژنەکاندا دەنەڕێنن کە دەمی "زۆڵەکانیان" دابخەن. ئینجا ژنەکان بە قژ دەگیرێن و بە سەر زەویەکەدا ڕادەکێشرێن و دەیانبەن و دەیانهێنن. لە بەر چاوی پیاوەکاندا کە دەست و پێیان بەستراوە ژنەکان ئازار دەدرێن و لێیان دەدرێت.
ئەمە هەمووی سیاسەتی دەوڵەتە.
ئەمە بە بەربڵاوی و بە بەرفراوانییەوە ڕوو دەدات و بە ئاسانی دەتوانرێت لە هەموو شوێنێک ببینرێت.
دۆخەکە ئاوا بە ئەم شێوەیە ناهەموار و جەرگبڕە.

E. سەبارەت بە ئەم هەموو ڕووداوانە پرۆفیسۆر مومتاز سۆیسااڵ هیچ تووشی نارەحەتیی نابێت کە پێ دادەگرێت گوایا پێوەندیی تورک-کورد لە دۆخێکی دیموکراتییدا گەشە دەکات و پێوەندیی تورک-یۆنانیش لە دۆخێکی نا-دیموکراتییدا. هەر لە بەرئەوەی هاونیشتیمانیی تورکی "بە ڕەسەن کورد" کە ناسنامەی نەتەوەیی لێ زەوت کراوە و بە تورک کراوە و ناسنامەی دروست و ڕاستەقینەی نکۆڵی لێ کراوە، دەشێت بۆ ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرێت.

خۆ ئەگەر چەند گۆرانییەکی کوردیی بچڕن، ئەوا بە غاز دەکوڵێنرێن.

لە ڕاستییدا تورکەکان پێش ١٩٧٤، پێش ١٩٦٤ و تەنانەت پێش ١٩٥٨ یش وەک تورک، نەک یۆنانی، بۆ پەرلەمانی قوبرس هەڵ بژێردراون. جێگری سەرۆک کۆماریش هەر تورک بوو. تورِدان و جیاکردنەوەی تورک هەرگیز لە قوبرس نەبووە و ڕووی نەداوە.

پێویستە ئەوە بهێنینەوە یادی ئەم پرۆفیسۆرانە کە کورد لە تورکیا وەک کورد بەشداریی لە پەرلەماندا ناکەن و وەک "کورد" یش بۆ ئەندامی ناو پەرلەمان هەڵنابژێردرێن. لە ڕاستییدا هەر کە لە دایک دەبن وەک تورک ناویان تۆمار دەکرێت.

لە کوردستان "هاوماڤیەتی" تەنها پاش زەوتکردنی مافە زگماکییەکان دەست پێ دەکات، بەڵام تەنانەت "ئەمەش" بەس ناکات، بەڵکو دەبێت بە ئاشکرا واز لە ناسنامەی کوردیەتییان بهێنن. هەروەها دەبێت بڵێن کە "ئێمە تورکین"، بەلام دەبێت بە شێوەیەکیش دەست لە ناسنامەی کوردبوونیان هەڵبگرن کە بازنە تایبەتییەکانی دەوڵەت بە دروست و بە تەواوی بقەبڵێنن.

بە بێگومانییەوە ئەمە هاوماڤیەتی نییە، چونکە چەمکی هاوماڤیەتی کە دینگە و کۆڵەکەی سەرەکیی دیموکراسیە و بۆ دیموکراسیی پێوەرێکی گشتییە، هەرگیز نابێت مەرجکاریی بۆ دابنرێت.

کاتێک ئەم پرۆفیسۆرانە لە ئەو دووڕوویییەیان ئاگادار دەکرێنەوە کە سەبارەت بە نووسین و پرسیارەکانیان دەرهەق بە تورکەکانی قوبرس و بولگاریا هەیانە، هیچ وەڵامێکیان نییە.

ئەم پرۆفیسۆرانە ناخوازن هیچ ببینن و خوازیاری نەبیستنی ئەو جۆرە پرسیارانەن، چونکە ئەو کاتە تۆ پێیان دەڵێیت ٢x٢=٤

بەڵام لایەنە دەسەڵاتدارەکان دەیانەوێت تۆ بڵێیت: ٢x٢=٥

ئا لە ئەوێدایە کە پرۆفیسۆرەکان دەخوازن دەوڵەت مەمنوون و ڕازیی بکەن. بێگومان پیاوانی پرۆفیسۆر دەزانن کە ٢x٢=٤، بەڵام هیچ خۆیان ماندوو ناکەن و هەوڵ نادەن تا دەسەڵاتدارەکان تێبگەیەنن و باوەڕیان پێ بهێنن.

لە جیاتی ئەوە، دێن و دەڵێن: با ٢x٢ یەکسان بێت بە ٥، بەڵام با بە شێوەیەک ئەم هاوکێشەیە ڕوون بکەینەوە کە کۆمەڵگای تورک و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە زەحمەتەوە بۆیان قوت نەدرێت.

با بێین و بڵێین ٢x٢=٥، با ئاوا بە ئەو شێوەیە و لە سەر ئەو ئاواز و هاوکێشەیە بخوێنین.

بەڵام با بە شێوەیەک بڵێین پێنج (٥) کە لە چوار (٤) بچێت.

سەبارەت بە ئەم هەموو هەنگاوە تابو و پەردە جیاوازکارانە ئەگەر هەندێک نوێنەری پەرلەمان هەبن بڵێن: ئێمە کوردین، یان هەر هەندێک سەرنج لە مەسەلەی کورد بدەن، یاخود پارێزگاریی لە بەکارهێنانی زمانی کوردیی بکەن، ئەوا لێژنەی پارتە سیاسییەکان دەخرێتە ژێر یاسای سزادانەوە.

بۆ نموونە: لێژنەی سزادان و لێپرسینەوەی سۆشیالدیموکرات لە ئەم چەند ساڵەی دووایيدا چوار جار کۆبوونەتەوە. ڕۆژەڤی هەموو ئەم کۆبوونەوانە بە مەبەستی سزادان و دەرکردنی ئەو جۆرە نوێنەرانە بووە. حەوت نوێنەر لە پارتی سۆشیالدیموکراتدا وەدەرنران لە بەر ئەوەی لە کۆنفەرانسی

پاریس دا بەشدار بوون کە لە سەر "مەسەلەی کورد" و "مافی مرۆڤایەتیی کورد" و "ناسانمەی کولتوریی" لە ١٤-١٥/١٠/١٩٨٩دا بەسترا بوو.

پێش ئەمەش نوێنەرێکی پارتی سۆشیالدیموکرات لە بۆنەیەکی بەیەکگەیشتنی دووقۆڵیانەی پەرلەمانیی نێوان کۆمەڵگای تورک و ئەوروپیدا لە بەر ئەوەی وتارێکی لە سەر دۆخی دژواری کورد خوێندبووەوە، دەر کرا بوو.

هەروەها مرۆڤ دەتوانێت هەوڵدانی سوور و توند بە مەبەستی لێستاندنەوەی مافی تایبەتیی پەرلەمانیی لە ئەو نوێنەرانە ببینێت بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت بە پێی یاسا سزایان بدات. من دەپرسم، ئایا هیچ کەسێک هیچ جۆرە هەوڵێکی بۆ لێستاندنەوەی مافی تایبەتیی پەرلەمانیی بۆ سەپاندنی سزادانی یاسایی داوە لەبەرئەوەی "تورک" بن یاخود لەبەرئەوەی گوتبێتیان "تورکن"؟

F. منداڵانی تورکە قوبرسیەکان هەموو ساڵێک دێن بۆ تورکیا بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگ و یادڕۆژی ٢٣ی مانگی ٤ کە سەبارەت بە ڕۆژی منداڵانە. ئەو کەسانەی کە ئەو ڕۆژانەیان بە منداڵانی جیهان پێشکەش کردووە، ئەوانەی کە دەڵێن "ئێمە منداڵانمان خۆش دەوێت" هەر ئەو کەسانەن کە قۆناخەتفەنگ دژ بە منداڵانی کورد بە کار دەهێنن.

ئەم کەسانە هەموو شتێک لە پێناوی ترساندنی منداڵانی کورددا دەکەن تا خۆیان لە ئەوە دڵنیا بکەن کە منداڵانی کورد لە ترس و لەرز و پەشۆکاندندا گەورە بین. ئەم منداڵانە باوک و دایک و باپیرە و برا و خوشکی گەورەیان هەموو دەستلێوەشێنراو و ئازاردراون.

G. هێزی ئاسایشی تورکیی لە ژێر ناوی پشکنیندا شتومەکی سەرەکیی خەڵک پیس دەکەن و تف و خۆڵ لە ناو گۆزە و دیزەکانیان دەکەن. کون لە بەرمیلی ئاو و تەرخون و دیزەی ڕۆن و تێگری هەموو شلەمەنییەکی تری سەرەکیی دەکەن.

پێخەفەکانیان پڕ لە کون دەکرێن و لۆکەکەی ناویان بە هەموو لایەکدا باڵ پێ دەگرن و بڵاو دەکەنەوە. تاید و سابوون دەکرێتە ناو ڕۆن و کەرە و شەکر و خوێ و ئاردیانەوە. هەموو ئەم شتومەکە سەرەکیی و بنچینەییانەن تێکوپێک دەدرێن و تێکەڵاو بە یەک دەکرێن و دەشێوێنرێن.

هەموو ئامراز و هەنگاوێک لە پێناوی قارسکردن و تووڕەکردن و تێکدانی باری دەروونیی خەڵکەکەدا بە کار دەهێنرێت.

لە ئەم پرۆسەیەدا ئەم خەڵکانە هەروەها ڕووتیش دەکرێنەوە. زێڕ و زیو و خشڵیان دەدزرێت.

هێزی دەسەڵاتی دەوڵەت لە پێناوی ئەنجامدانی ئەم مەبەستەدا بە کار دەهێنرێت. تیرۆرێکی دەوڵەتیی توند و زیر و ڕەق دژ بە خەڵکی کوردستان پیادە دەکرێت.
زۆر بۆ خێزانەکان دەهێنرێت گوندەکانیان بە جێ بهێڵن و بار بکەن بڕۆن. هەموو ئەمانە سیاسەتی دەوڵەتن.
من پرسیار دەکەم، ئایا چ یەکێک لە ئەم هەنگاوانە دژ بە تورکی قوبرس بە کار هێناوە؟
ئایا چۆن تورکی قوبرس لەگەڵ کوردەکانی تورکیا بەراوورد دەکرێن؟
ئایا ئەم بەراووردکردنە خزمەت بە چ مەبەستێک دەکات؟

H. کوردستان بە دەستووری فرەیاسایی دەوڵەت و فەرمانی حەز و هەوەسی تاکەکەس و ئارەزووی کەسیەتییەوە بەڕێوە دەبردرێت، دەسەڵاتدارە مولکیەکان و بەڕێوەبەرایەتییە ناوچەییە سڤیلییەکان، تەنانەت ئەوانەیشیان کە دەوڵەت خۆی دایمەزراندوون هیچ دەسەڵاتێیان نییە. لە ناوچەکان و ویلایەتەکاندا "سوپا" دەسەڵاتە، کۆماندۆکان یاسا و ڕێسا دەردەکەن و دەستوور دەدەن.

ئایا ئەگەر مرۆڤ لە پێوەندییە کۆنەکان و ئێستاییەکانی تورک-یۆنان بڕووانێت هیچ جۆرە لێکچوون و هاووێنەییەک لەگەڵ پێوەندیی تورک-کورددا بە دید دەکات؟

I. تیرۆری دەوڵەتیی لە ناو کوردستاندا بەربڵاو و توندوتیژە.

زۆر بۆ خەڵک دەهێنرێت تا پیسایی مرۆڤ بخۆن. لە ڕێگای ئەم شێواز و ڕێگایانەوە دەوڵەت دەخوازێت خەڵک گوێڕایەڵ و ئەڵقەلەگوێ بێت.

ئایا هیچ جۆرە بێیاسایی و بێڕەووشتیی و هەنگاوی ئاوا لە ئەم جۆرە وا نامرۆڤانە دژ بە تورکەکانی قوبرس کراوە؟

ئایا لە قوبرس هیچ مێشک و کولتورێکی ئاوای لێیە کە ڕێگا بە ئەم جۆرە ئاکارانە بدات؟

لە کوردستان خەڵک لە سەر زەوقی تاکەکەس لە ژێر ناو و بە بیناوی گەریلای پ.ک.ک بوونەوە دەکوژرێن. کاتێک خزم وکەسوکاریان شکات بکەن ئەوا جەستەکانیان تا ڕادەی نەناسینەوە دەسووتێندرێن بۆ ئەوەی هیچ ئاسەوارێکی بەڵگەییان پێوە نەمێنێت.

ئایا چاونێڕیی کارێکی ئاوا هەرگیز لە قوبرس کراوە؟

ئەی ئایا کەواتە ئەم بەراوورد لە پێناوی چییدا دەکردرێت؟

ئایا چۆن و بە چ شێوەیەک مرۆڤ بە ئەو خاڵی باوەڕە دەگات کە پێوەندییەکانی نێوان تورک-کورد لە دۆخێکی دیموکراسییدا پەرە دەستێنێت و پێوەندیی تورک-یۆنانیش لە دۆخێکی نا-دیموکراتییدا؟

J. ئەو چەکانەی ئەمڕۆ ناتوانرێت دژ بە هیچ کەسێک لە جیهاندا بە کار بهێنرێن ئەوا زۆر بە ئاسانیی و بێ هیچ سڵەمینەوەیەک دژ بە خەڵکی کورد بە کار دەهێنرێن. دەوڵەتی ئەمەریکا نەیتووانی گازی گیمیاویی لە ڤییەتنام بە کار بهێنێت.

ئیسرائیل ناتوانێت ئەو جۆرە چەکانە دژ بە فەلەستینییەکان بخاتە کار. زۆر بە دڵنیاییەوە، کەس هەر بیری لە بەکارهێنانی گازی کیمیاویی دژ بە تورکی قوبرس نەکردووەتەوە.

نە لە ئەفغانستان و نە لە هیچ سوچێکی ئەم جیهانەدا کەس تێبینیی بەکارهێنانی چەک و گازی کیمیاویی نەکردووە.

سەرباقی هەموو ئەمانە، لە کوردستاندا گەلێک جار و لە گەلێک شوێن ئەم چەکانە دووبارە بە کار هێنراونەتەوە.

کاتێک ئەوە ڕاستییەکە، ئایا چۆن دەتوانرێت پێ دابگیرێت و بگوترێت کە پێوەندیی تورک-کورد لە دۆخێکی دیموکراتییدا پەرە دەستێنێت؟

K. سەرباقی بەکارهێنانی گازی کیمیاویی و زۆرکردن لە خەڵک کە پیسایی بخۆن، خەڵکی کورد هەروەها دووچاری ڕاگوێزانیش کراون.

ڕاگوێزانی ناوەکیی و ڕازگوێزانی دەرەکیی هەنگاوی سیاسەتی دەوڵەتە.

هەموو جۆرە نارەحەتکردن و بێزارکردن و وەڕسکردنێک پیادە دەکرێن تا وا لە خەڵکی کورد بکرێت گوند و شارۆچکە و شارەکانیان بەجێبهێڵن و بار بکەن.

خۆ ئەگەر، سەرەڕای هەموو ئەو کردار و ئاکارانە خەڵکەکە هێشتا هەر دەستبەرداری گوند و ناوچەکانیان نەبن و ڕازی نەبن بار بکەن، ئەوا بە زۆرەملێ و بە شەق بە پێی دەستوور و یاسای دەوڵەت ڕادەگوێزرێن.

ئایا چ یەکێک لە ئەم هەنگاوانە لە قوبرس پیادە کراوە؟

ئایا لە پێوەندیی تورک-یۆناندا لە قوبرس هیچ جۆرێک لە نیشتەجێکردنی زۆرەملێ هەبووە؟

L. دووکاندارەکان لە شارەکانی باتمان و جەزیرە و نیسەیبین لە ١٩٩٠/٤/٣ دا دووکانەکانی خۆیان داخست و لە دەربڕینی ناڕەزاییدا دژ بە تیرۆری دەوڵەتی لە بەردەمی دووکانەکانی خۆیاندا دانیشتن. لەگەڵ هەموو ئەو داواکاریی و چاوسوورکردنەوەی دەوڵەتی تورک دەیکرد، ئەم دووکاندارانە دووکانەکانی خۆیانیان نەکردەوە. پاش ئەوە هێزی تایبەتیی سەر بە هێزی ئاسایشی سوپای تورک بانگ کران بۆ ئەوەی بە پیک دەڕابە و قوفڵ و دەرگا و پەنجەرەکان بشکێنن. بە ئەم شێوەیە هەوڵیان دا بە زۆر دووکان بە دووکاندارەکان بکەنەوە.

ئایا تیرۆری دەوڵەتیی لە ئەمە خراپتر هەیە؟

M. کوردستان کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتییە. کوردستان دابەش کراو و لوول درا و بەشک کرا بۆ کۆمەڵێک دەوڵەتی نوێی تازە دروستکراو ئەویش لە ئەنجامی هاوکاریی لە نێوان هێزە کۆڵۆنیالیە ئینگلیز و فەرەنسییەکان و تورکە کەمالیستەکان و پاشایەتییە ئێرانیی و عەرەبیەکاندا. سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە بە بێگومانییەوە سیاسەتێکی کۆڵۆنیالیستیانەیە، بەڵام ئەوەی بەش کراو و لوول درا کوردستان بوو.

بە مەبەستی سڕینەوەی هەموو جێێ و ئاسەوارێکی لە مێژوودا و لە سەر ڕووی زەمین نەتەوەی کورد دابەش کرا و لوول درا و پێچرایەوە.

کوردستان تەنانەت کۆڵۆنییش نییە. نەتەوەی کورد تەنانەت نەتەوەیەکی بەکۆڵینیکراویش نییە.

کورد و کوردستان نەتەوە و وڵاتێکن کە ناسنامەیان لێ زەوت کراوە.

کورد نەتەوەیەکە لە ڕادە بە دەر بە بچووکییەوە لێی دەڕووانرێت و زۆری لێ دەکردرێت خیانەت لە خۆی بکات تا بە بێناسنامەیی و بێتایبەتمەندیی بمێنێتەوە.

ئەم کارەش گۆڤاری "سەرخۆبوون[43]" گوتەنی بریتییە لە "نەتەوەیەکی لە مرۆڤایەتیی خراو".

لە ئەم خاڵی تێڕووانینەوە مرۆڤ نابێت کوردستان لەگەڵ وڵاتە کۆڵۆنیکراوە نەریتییەکاندا بەراوورد بکات.

[43] سەرخۆبوون ڕۆژنامەیەک بوو لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی باکووردا لایەنگرانی پ.ک.ک دەریان دەکرد.

بۆ نموونە، جیاوازیەکی یەکجار زۆر لە نێوان چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی هیندوستان لە لایەن ئینگیلتەراوە لەگەڵ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کوردستان لە لایەن تورکیاوە، هەیە.

نموونەیەکی تر: لە کاتی دامەزراندن و دانانی پارێزگاری ناوچەیەک یاخود دامەزراندنی ئەفسەرێکی پلەبەرزدا ئینگلیزەکان ئەو کەسانەیان پێشخستووە کە سەبارەت بە زمان و کولتوری ئەو هەرێمە خاوەنی زانست و بەهرە بوون.

زۆر بە ئاشکرایی‌یەوە، زانینی زمانی کوردیی و زانست سەبارەت بە کولتوری کوردیی شتێک نیین کە لە کاتی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دەوڵەتییدا لە بەر چاو بگیرێت، چونکە هەوڵێکی زۆر هەمەلایەنە لە پێناوی سڕینەوەی ناو و زمان و کولتور و هەموو ئاسەوارێکی نەتەوەی کورد لە سەر لاپەڕەی مێژوو دەدرێت.

ئەمەیش هەروەها مانای بچووککردنەوەی پلەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی نەتەوەی کوردە.

ئەم بەراوورد ساکار و سەرپێیە لەگەڵ هیندوستاندا دەری دەخات کە دۆخی دژواری کورد تا چ ڕادەیەک جیاوازە.

بە بێگومانییەوە خۆ ئەوە سەبارەت بە پێوەندیی تورک-یۆنان لە قوبرس هاوتەریبی هەر نابێت.

N. تورکی قوبرس لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە پشتگیریان لێ دەکرێت. دەوڵەتی تورکیا گەرانتی مافە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیەکانی تورکی قوبرس دەکات بە یاسایی لە سەر کاخەز و هەروەها لە ڕیئالیشدا.

مافەکانی تورکی قوبرس هەروەها لە لایەن ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتییەوە گەرانتی کراون. هەر کاتێک جۆرێک ناخونەک لە مافەکانی تورکی قوبرس بدرێت ئەوا دەوڵەتی تورکیا لە ڕێگای ئامرازی دیپلۆماسییەوە بە سووریەتییەوە ڕەتی دەکاتەوە و دژی دەوەستێتەوە. خۆئەگەر پێویستیش بکات ئەوا پەنا بۆ بەکارهێنانی ڕێگا و هێزی سوپایی دەبات.

ئەم ڕاستییە سەبارەت بە دانیشتووانە تورکەکانی تریش لە وڵاتانی تردا ڕاستە.

هەر زوو بە زوو دەوڵەتی تورکیا سەبارەت بە مافی تورکە تاریچیەکانی یۆنان یاخود بولگاریا هەست بە بوونی مافخواردنێک بکات یەکسەر لە ڕێگای دیپلۆماسییەوە ناڕەزایی دەردەبڕێت.

تورکیا داوای پیادەکردنێکی ڕەواتری مافەکانی دانیشتووانە تورکەکان لە ئەم وڵاتانەدا دەکات.

وەزارەتی کاروباری دەرەکی تورکیا خۆی لە کارەکان هەڵ دەقورتێنێت و بەراوورد و بەراووردکاریی دەکات.

دیپلۆماتکارەکانی تورکیا لە پێوەندییە دوولایەنیی و هەمەلایەنیەکانیاندا لەگەڵ دەوڵەتانی تر داوا لە دیپلۆماتکارە بێگانەکان دەکەن کە ئەو دەستبەسەرداگرتنانە مەحکوم و تاوانبار بکەن کە لە سەر مافەکانی دانیشتووانە تورکیەکان دانراون.

دەوڵەتی تورکیا ئەو مەسەلەیە بە ئاستی نێونەتەوەیی دەگەیەنێت و دڵنیا دەکات کە چالاک بن و سەبارەت بە ئەو مەسەلانە دەست بە کار و کاردانەوە بکەن.

بە دڵنیاییەوە دۆخەکە سەبارەت بە مەسەلەی کورد بە ئەم شێوەیە نییە.

دانیشتووانی نەتەوەی کورد بە نزیکەی سی (٣٠) میلیۆن مرۆڤ دەگات لە خۆرهەڵاتی ناوەندا، بەڵام نەتەوەیەکە لە سەرئەنجامی هێزە هاوکارەکان و یەکبووەکانەوە لە نێوان تورکە کەمالیستەکان و هێزە کۆڵۆنیالە ئەنگلۆفەڕەنسییەکان و پادشایەتیی فارس و عەرەبەکانەوە دابەش کراوە و لوول دراوە و بەش کراوە.

سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە کە لە سەر نەتەوەی کورد پیادە کراوە گەلێک هەل بۆ ئەم دەوڵەتە هاوکاریکارانە دەڕەخسێنێت.

نەتەوەی کورد مافی ڕەوای خۆیی لە واتای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا لێ زەوت کراوە. لەبەرئەوە هیچ دەوڵەتێک نییە دژ بە ئەم دەوڵەتە چەوسێنەرەوانە نارەزایی خۆی دەربڕێت کاتێک کە دەستدرێژیی بۆ سەر مافە بنچینەییەکانی کورد دەکەن. هیچ دەوڵەتێک ئەو دەستدرێژیی و چەوساندنەوانە بە بیر ئەم دەوڵەتانەدا ناهێنێتەوە کە دەرهەق مافە دیموکراتیەکانی نەتەوەی کورد دەیکەن.

ئەم دەوڵەتانە کە کورد دەچەوسێننەوە گوێ بە ئەو نارەزاییانە نادەن کە ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەریان دەبڕن، چونکە ئەم ڕێکخراوانە وەک "ڕەسمیی" حیسابیان بۆ ناکردرێت.

ساڵی ١٩٨٨ گازی کیمیاویی دژ بە کوردەکان لە باشووری کوردستان لە کات و شوێنی جیاوازدا بەکارهێنرا. تەنیا لە شاری هەڵەبجەدا بە یەکێک لە ئەو هێرشە بە کۆمەڵکوژیانە پێنج هەزار مرۆڤ مردن. هەزاران مرۆڤ بریندار بوون و کەمئەندام کران. لە مانگی ٨ی ١٩٨٨ دا گازی کیمیاویی بە شێوەیەکی بەرفراوان و بەربڵاوتر بە کار هێنرا. لەکاتی ئەم بەکۆمەڵکوشتنانەدا لە

ناوچەی بەهدینان هەزاران مرۆڤ بریندار و کەمئەندام کران. سەدان هەزار کەس ناچار بە کۆچکردن کران و ناچارمان زێدی ڕەسەنی خۆیان بەجێ بهێڵن و ڕوو لە وڵاتانێک بکەن کە نەیاری کوردن. خانووبان سووتێنرا، ماڵیان شێوێندرا، گوندەکانیان لەگەڵ زەویدا تەخت کرا و پردەکان تەقێندرانەوە و دارستانەکان سووتێندران و مەڕ و ماڵاتیان سەر بڕدرا.

لە ئاکامی تیرۆری دەوڵەتی عێراق لە کوردستان سەدان هەزار کەس لە دانیشتووانی کوردستان بۆ بیابانی عەرەبستان لە باشووری عێرق ڕاگوێزران.

سیاسەتی دەوڵەتی عێراق بۆ خاپوورکردنی کوردستان گەیشتە ترۆپکی تەواو بوون[44].

ئایا هەرگیز کارەساتێکی ئاوا لە قوبرس ڕووی داوە؟

ئایا لە قوبرسدا ئەم جۆرە مێشک و بیرەی لێیە کە ڕێگا بە ئەو جۆرە لە هەنگاوی کۆمەڵکوژیی بدات؟

ئەم هەنگاوی بەکۆمەڵکوشتنانەی کورد پاش بۆمبارانی هیرۆشیما و ناکازاکی لە ١٩٤٠ـەکاندا گەورەترینن کە تا ئێستا ڕوویان دابێت.

بەڵام بەکۆمەڵکوشتنی کوردەکان هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی لە جیهاندا دروست نەکرد کە ببێت بە جێی داخ.

ئەو بەکۆمەڵکوشتنانە تاوانبار نەکران کە دەوڵەتی عێراق دژ بە نەتەوەی کورد پیادەی دەکردن.

ڕژێمی سەددام حوسەینی عێراق بە تەواوەتی لە بێباکیی و پشووی خۆی دایە.

لە ڕاستییدا لە بەر ئەوەیە کە سوور دەزانێت هیچ ناڕەزاییەکی کۆنکرێتی توندی دژ ناکرێت، ئەوا زۆر بە چاوسوورییەوە پەنا بۆ بەر بەکارهێنانی هەنگاوی بەکۆمەڵکوشتن دەبات.

بەکۆمەڵکوشتنەکەی شاری هەڵەبجە لە ١٩٨٨/٣/١٦ دا ڕووی دا. لە ١٩٨٨/٣/٢٠ دا کۆبوونەوەی کۆنفەرانسی باڵای ئیسلامیی لە وڵاتی کوێت بەسترا. ئەم کۆنفەرانسە هەموو شتێکی

[44] سەرچاوە: لە هەڵەبجەوە بەرەو کامپی پەناهێندەکان. ڕاپۆرتی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ، لقی ئەستەنبوڵ، ئازاری ١٩٩٠.

لە پێناوی خەفەکردنی هەموو جۆرە نووزەیەکدا کرد کە سەبارەت بە ئەو کۆمەڵکوشتنانە بوو کە لە هەڵەبجە ئەنجام دران.

بەشداریکارانی ئەم کۆنفەرانسە ئیسلامییە بولگاریایان لە سەر گۆڕینی ناوی تورکەکاندا بۆ بولگاریی تاوانبار کرد. هەروەها دەوڵەتی ئیسرائیلیان لە سەر چەوساندنەوەی فەلەستینییەکان تاوانبار کرد. هەر بە ئەو شێوەیەش دەوڵەتی یۆنانی قوبرسیان بە ئەوە تاوانبار کرد کە ناخوازێت ددان بە ڕەسمیبوونی دەوڵەتە تورکیەکەی باکووری قوبرسدا بنێت.

بوونی دەوڵەتی سۆڤیەتیشی لە ئەفغانستان تاوانبار کرد.

بەڵام بچووکترین ناڕەزایی دژی بە ئەو بەکۆمەڵکوشتنانە دەرنەبڕدرا کە دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بە گەلی کورد کردی.

یەک دانە سەرۆک لە ئەو ٤٢ دەوڵەتە ئیسلامییانە بە پێویستی نەزانی مەسەلەی ئەو بەکۆمەڵکوشتنەی کورد بڵند بکات و لێی بدوێت.

ئا لە بەر ئەوەیە کە ڕژێمی سەددام حوسەینی دەوڵەتی عێراق بە کاوەخۆ و بە پشووی تەواوەوە دەتوانێت و دەیەوێت کاری بەکۆمەڵکوشتن دژ بە گەلی کورد ئەنجام بدات.

دەوڵەتێک نییە کە هاوار و نالە و فەغانی کورد بە ئاست و مێزی نێونەتەوەیی بگەیەنێت.

من هەوڵم داوە نموونە بۆ ئەو تیرۆرە دەوڵەتیانە بهێنمەوە کە دژ بە کورد دەکردرێن.

زۆر پێویستە تیرۆری دەوڵەتی تەنها وەک چەوساندنەوەیەکی فیزیکیی نەبینرێت. تیرۆری دەوڵەت نابێت بە تەنها وەک دەستدرێژییەک لە پێناوی ئازاردانی خوێناوی و شکاندنی ویژدان و سووککردن و بچووککردنەوە و بە "نامرۆڤکردندا" ببینرێت. ئەوە پێویستە کە ئەو هزرەی لە پشت ئەم چەوساندنەوە و دەستدرێژیکردن و تیرۆر و ئازاردانەوە فیزیکیەدایە پشتگوێ نەخرێت و بە لاچاو تێی نەڕووانرێت.

من هەروەها بڕووام وایە کە پێویستە بە تووندی و ڕەخنەگرانەوە لە ئەو "هزرە" بڕووانرێت. ڕەهەندە بنچینەییەکانی ئەم هزرە بریتین لە "مۆدەی تورکیی بۆ چەمکە زانستییەکان" و "مۆدەی تورکیی بۆ دیموکراسیی" و "مۆدەی تورکیی بۆ یەکسانیەتیی" و "مۆدەی ناسیونالیزمی تورک" و "مۆدەی نیشتیمانیەتیی تورک" و "مۆدەی ئازادیی و سەربەستیی دەستگای بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی تورکیی".

بە پێی مۆدەی لێکۆڵینەوەی زانستی تورک درۆکردن نانی شێوە.

نیشتیمانیەتی مانای چی؟ "نیشتیمانییەتی" بۆ تورکەکان ئەو مانایە دەبەخشێت کە مرۆڤ بە چاوێکی قووچاوەوە لە ڕاستییە زەقەکان و بەڵگە خەوشهەڵنەگرەکان بڕووانێت.

ئەم کردارە بە ئەوە پێداویست کراوە کە پێی دەگوترێت "بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان".

بێگومان دیموکراسیی بۆ تورکەکان زۆر پێویستە.

سەرە تورکییەکان دەڵێن: "دیموکراسیی شێوازێکە لە ژیان کە تورکەکان هەرگیز ناتوان پشتگوێ بخەن"، بەڵام لە ئەم "دیموکراسییەدا"شوێنێکی گەورە بۆ ئازاردان و کوشتن و بڕینی دژبەرەکان هەیە.

ئایا بە چ شێوەیەکی تر "نیشتیمانپەروەرەکان" ڕێگا نیشانی "خیانەتکارەکان" بدەن یاخود ڕێگا نیشانی ئەوانە بدەن کە "نیشتیمانپەروەر" نین؟

بێگومان نیشتیمانپەروەریەتیی پێویستە.

بەڵام مەرجی بناخەیی ئەم "نیشتیمانپەروەرییەتیە" ئەوەیە کە خاکی نەتەوەیەکی تر هێندە خۆشەویست بێت تا ئەو ڕادەیەی کە بە تفەنگ و تۆپ کۆنترۆڵی ڕۆڵە ڕەسەنەکانی ئەو خاکە بکرێت. خۆ ئەگەر پێویستیش کرا ئەوە لە خاکی خۆیشیاندا ڕابگوێزرێن.

بێگومان ناسیونالیزم شتێکە کە تورکەکان بێ ئەو هەڵ ناکەن. بەڵام ئەوەیش پێویستە کە تورکەکان هەموو ناسنامەیەکی نەتەوەیی نەتەوەکانی تر زەوت بکەن و خەسڵەت و ئاکاری نەتەوەیی تورکیان بە زۆری زۆردارییی بە سەردا بسەپێنن و وایان لێ بکەن کە جیاوازیەکیان لەگەڵ تورکەکاندا نەبێت.

ئەگەر ڕووداوێک ڕوو بدات یاخود هەواڵێک سەبارەت بە ڕووداوێک بڵاو ببێتەوە کە وا بڕووا بکرێت دژ بە بەرژەوەندیی تورکە، ئیدی گرینگ نییە چەند بە بایەخ و گرینگ بێت، ئەوا ئەو ڕووداوە یاخود ئەو هەواڵە پێویستە خەفە بکرێت. ئەم کارە یەکێکە لە هەرە ئەرکە لێپرسراویەتییە مەزنەکانی دەستگای ڕاگەیاندنی تورک.

ئەم هزرە، ئەم جۆرە چەمکە زانستییە، ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە دیموکراسیی، ئەم چەشنە ناسیونالیزمە و ئەم ڕووانگا نیشتیمانپەروەرییە لە پشت تیرۆری دەوڵەت و ئازاردان و چەوساندنەوەدا خۆی مەڵاس داوە.
هەموو ئەمانەن کە ئازاردان و چەوساندنەوە و نادادیی ڕەوا دەکەن.
ئەمە ئەو هزرەیە کە لە پشت ئازاردان و چەوساندنەوە و نادادپەروەریی ڕێکخراو و سیستەماتیکەوەیە.
پارێزەری ئەم ئازاردان و نادادیە خاوەنی هەمان هزرە لە ناو تورکیا و لە کوردستانیش.

لە سەرئەنجامدا بە یارمەتیی و هاوکاریی زانکۆکان و ڕاگەیاندنی تورکیی و پارتە سیاسییە تورکییەکان و دادگای تورک پرۆپاگەندە بۆ تیرۆری دەوڵەتی تورک لە کوردستاندا دەکرێت و قووڵ دەکرێتەوە.

- یەکێک لە برگەکان کە لە دەستگای ڕاگەیاندنی تورکییدا هۆنراوەتەوە ئەوەیە کە دەڵێت: "هاوبەشیەتیی لە خۆشیی و ناخۆشیی نەتەوەییدا".

بە پێی ئەم دروشمە وا پێ دادەگیرێت کە یەکیەتیەکی یەکجەستەیی لە نێوان هەموو هاونیشتیمانیاندا سەبارەت بە خۆشیی و ناخۆشیی و شانازیی و هەوڵ و کۆششەوە هەیە.

یەکەم: ئاماژە کراوە کە هەموو کەسێک لە تورکیادا تورکە و دووایش پێ دادەگیرێت کە هەموو تورکەکان سەبارەت بە خۆشیی و ناخۆشیی و شانازیی و هەوڵ و کۆششەوە هاوهەستن.

لە ڕاستییدا، جا هەر چۆن پێ دادەگیرێت با بگیرێت، دۆخەکە بە هیچ جۆرێک بە ئەو شێوەیە نییە.

دەتوانرێت ڕاستییەکان لە هەموو شوێنێک ببینرێت و لە نزیکەی حەفتا ساڵی ڕابردوویشدا هەر بە ئەم شێوەیە بووە. هەر کاتێک هەنگاوێکی چەوساندنەوە دژ بە تورک لە بولگاریا، قوبرس، یۆنان یان ئەرمینیا بنرێت، ئەوا تورکیا چرکەیەک کات بە فیڕۆ نادات و هەموو جیهان لە مەسەلەکە تێدەگەیەنێت و هەموو لایەک بانگ دەکات کە ئەو ئازارە هەست پێ بکەن کە ئەم دەیچێژێت.

داوا لە هەموو نەتەوەکان دەکات ئەو هەنگاوانە مەحکوم بکەن، کە هەنگاو بۆ نەهێشتنی ئەو چەوساندنەوەیە بدەن و کە پاڵپشتی ئەو شێوازانە بکەن کە ئەم چەوساندنەوەیە ڕادەگرێت.

بۆ نموونە، دەوڵەتی تورکیا دەیخواست هەموو لایەک پاڵپشتیی بکەن کاتێک قوبرسی داگیر کرد. داوای پاڵپشتیکردنی مالّیی و گیانیی دەکرد. هەموو لایەک پێویست بوو دووپاتیان بکردایەتەوە کە کێشەی تورک لە قوبرس چەند ڕەوایە.

هەر کاتێک شێوازێکی چەوساندنەوە لە بولگاریا دژ بە تورکەکان هەبێت ئەوا دەوڵەتی تورکیا بەزمێک ساز دەکات و داوا لە هەموو لایەک دەکات بولگاریا تاوانبار بکرێت.

داوایان لێ دەکات هەمووان لە سەر سەکۆی نێونەتەوەیی ڕووبی بکەنەوە کە تورکیا چەند ڕاستە و هەوڵ بدرێت دەوڵەتی بولگاریا بگۆڕدرێت.

بەڵام ئەگەر هەر تاکەکەسێکی کورد لە باژێڕی سێرت یان لە هەکاری یارمەتی کوردێک بدات کە دژ بە دەوڵەتی عێراق دەجەنگێت، با بڵێین تۆزێک دەرمان ڕەوانە بکات، ئەوا ئەم کوردە یەکسەر بێ ماتەڵبوون دەستگیر دەکرێت و ئازار دەدرێت و ڕەوانەی دەیجون دەکرێت.

دەوڵەتی تورکیا هەموو جۆرە یارمەتیەک بە دەوڵەتی عێراق دەکات تا بە سەر کوردەکاندا سەربکەوێت.

دەڵێن عێراق پێویستە هاوکاریی بکرێت.

ئا ئەمەیە لە ئێرەدا کراوە بە "هاوبەشیەتیی لە خۆشیی و ناخۆشیی و شانازیی و هەوڵ و کۆششدا".

ئەم دۆخە بە ئاشکرا لە مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتی دەوڵەتی تورکیادا لە ناو ئەو پەناهێندە کوردانەی لە دەستی عێراق هەڵهاتوون و ئەو تورکانەی لە بولگاریاوە بۆ تورکیا دەنێردرێن، دەبینرێت.

لە مانگی ٨ی ١٩٨٨ دا لە سەرئەنجامی بەکارهێنانی گازی کیمیاییدا بە بەربڵاویی نزیکەی سەد هەزار مرۆڤی کورد ناچار کران وڵاتەکەیان بەجێبهێڵن و وەک پەنابەر ڕوو لە تورکیا بکەن.

لە سەرەتادا تورکیا نەیدەخواست وەک پەنابەر جێگایان بۆ بکاتەوە و لە ڕاستیشدا هەندێکیانی دەستبەست کرد و تەسلیم بە دەوڵەتی عێراقی کردنەوە.

لە دووایيدا لە بەر کۆمەڵێک هۆ تورکیا ناچار بوو ڕێگا بە کوردە ئاوارەکان بدات و بهێڵێت لە تورکیا بمێنن لە پەنایەکدا بن، بەڵام لە دووایيدا ڕازی نەبوو وەک پەناهێندەی ڕەسمیی قبوڵیان بکات و تەنانەت دەستی بە ئەوە کرد وەک دیل و لە شەڕداگیراو مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. پاشان هەموویانی خستە ناو مۆڵگای تایبەتییەوە کە چواردەوریان بە درکەزێ تەنرا بوو.

بێگومان مامەڵە و هەڵسوکەوتی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ ئەو تورکانەدا لە بورلگاریاوە دێن بۆ تورکیا بە هیچ شێوەیەک بە ئەم جۆرە نییە.

تورکەکانی بولگاریا وەک "برای ڕەگەزیی" بەخێرهاتنیان دەکرا و هەموو جۆرە یارمەتییەکی ماڵیی و گیانییان پێشکەش دەکرا.

ئەوانەی خزم و کەسوکاریان هەبوو کۆمەک و هاوکاریی لە ئەوانەوە دەست دەکەوت. ئینجا بۆ ئەوەی بتوانن بە تەواویی و ڕەوانیی لە خۆیان بدوێن و دۆخەکە ڕوون بکەنەوە ئەوا دەستگاکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامەکانی دەوڵەت لە خزمەتیاندا بوو.

مامەڵەکردنی کوردەکان بە کوردیی بە کورتیی ئاوا بوو: "چ کوردێک بکوژیت و چ بەرازێک".

کوردەکانی عێراق نە هەر تەنها بۆیان نەبوو لەگەڵ خزم و کەسوکارەکانی خۆیان یەکبگرنەوە و تێکەڵاو بن، بەڵکو هەروەها هەموو ڕێگایەک لە خزم و کەسوکارەکانی باکووری کوردستانیشیان دەگیرا تا یارمەتیان نەدەن و هاوکارییان نەکەن.

دەوڵەتی تورکیی شتی لە ئەم بابەتانە دەگوت: "دکتۆرەکانمان لێتوێژینەوەی پێویستیان کردووە و بە ئەو سەرئەنجامە گەیشتوون کە گازی کیمیاویی بەکارنەهێنراوە".

لە کاتێکدا کە گازی کیمیاویی بە بەربڵاوی بەکارهێنرابوو.

بە ئەم شێوەیە دەوڵەتی تورکیا پەردەی بە سەر کارە بەکۆمەڵکوشتنەکانی دەوڵەتی عێراقدا دەدا و لە ڕێگای حەڵاڵکردنی کوشتنی کوردەوە پارێزگاریی لە عێراق دەکرد.

دەوڵەتی تورکیا هەروەها ڕێگای لە گرووپە تایبەتییەکانی ڕێکخراوەی نەتەوەییەکگرتووەکان دەگرت کە بێن و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی تایبەتیی خۆیان لەسەر ئەو کوردانە بکەن کە عێراق گازبارانی کردبوون.

ڕێگا بە ئەو ئەو گرووپە نەدرا سەردان بکەن، چ بۆ پەناگا کۆنترۆڵکراوەکانی ناو تورکیا و چ بۆ ناو ئەوانەی عێراق.

بە پێچەوانەی ئەمەوە، بۆ لێتوێژینەوە لە بەسەرهاتی تورکەبولگارییەکان هەمان دەوڵەتی تورک داوەتی گرووپی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکانی دەکرد بۆ ناو تورکیا.

ئایا ئەمە بریتییە لە هاوبەشیەتی لە خۆشی و ناخۆشی و شانازی و هەوڵ و کۆششدا؟

دەستگاکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی تورکیا تەنانەت بڵاوی دەکردەوە کە ئەو بەکۆمەڵکوشتنانەی دەوڵەتی عێراق هاوئاهەنگیانە لەگەڵ "بەرژەوەندییە هەرە بنچینەییەکانی نەتەوەیی تورکدا یەک دەگرێتەوە".

لە ئەمەش بترازێت، ژەهرخۆرکردنی پەنابەرە کوردەکان لە سەرئەنجامی سیخوڕیی عێراقییەکان و پۆلیسی نهێنیی تورکیاوە ئەنجام درا.

ئەو ژەهرەی خرایە ناو خۆراکی پەناهێندە کوردەکانەوە بە هەزارانی ژەهراوی کرد.

دەوڵەتی تورک و ڕۆژنامە تورکییەکان و هێزە سەربازیی و نهێنییەکانی تورکیا بەرامبەر بە ئەم کردارە بەکۆمەڵکوشتنانەی دژی نەتەوەی کورد دەکرا ، هەموو لە خۆشیاندا شاگەشکە بوون.

بەڵام کوردە هۆشیارەکانی باکووری کوردستان زۆر خەمگین و دڵ بە خورپە بوون. کوردەکانی باکوور ناتوانن و بۆیان نییە یارمەتیی خزم و کەسوکارەکانیان بدەن.

بچووکترین پێداویستیی پەنابەرە کوردەکان فەراهەم نەدەکرا.

دەوڵەتی تورکیا پلەی پەنابەریی بە ئەم پەنابەرە کوردانە هەر نەبەخشیی و یارمەتیدانی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوەی UNHCR[45] و کۆمەڵێک دەوڵەتی ڕەت کردەوە.

دەوڵەتی تورکیا بە ئەم لایەنانە دەڵێت: "پارەکەمان بە کاش پێ بدەن، ئێمە خۆمان بە سەر دەستکورت و نەدارە پەنابەرەکاندا بڵاوی دەکەینەوە". ئینجا لە بەرئەوەی ئەم دەوڵەتانە کە خوازیاری کۆمەککردن و هاوکارییکردنن بەڵام کە باوەڕ بە تورکیا ناکەن و متمانەیان پێی نییە، ڕازی نابن پارەکە بە کاش بە تورکیا بدەن.

[45] UNHCR ڕێکخراوەی لێژنەی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی پەنابەران

ئەم دەوڵەتانە بە تەواوی لە ئەو باوەڕەدان کە ئەو پارانەی بە تورکیا دەدرێت دەوڵەتی تورکیا هەرگیز بە پەنابەرەکانی نادات و بە دەستیان ناگەیەنێت.

ئەو یارمەتیدانانەی بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی شارەکانی ڤارکۆ و لاس و وان نێردران هەرگیز بە دەست خەڵک نەگەیشتن. دەوڵەتی تورکیا هەموو ئەو یارمەتیدانانەی بۆ خۆی لادا و لە شوێنی جیاواز و بە مەبەستی جیاواز بۆ خۆی خەرج کرد.

دەوڵەتی تورکیا لە لایەکەوە بچووکترین پێداویستیی ئەم پەناهێندە کوردانە پڕ ناکاتەوە و لە لایەکی تریشەوە ناهێڵێت خزم و کەسوکارەکانیان یارمەتیان بدەن و ئەوجا کۆمەک و یارمەتیی دەروەیشیان لێ قەدەخە دەکات. کەچی ئەم دەوڵەتە لە هەمانکاتدا هەرگیز لە دووپاتگوتنەوەی هاواری "بارگرانیی پەنابەران"ماندوو نابێت.

بێگومان "هاوبەشیەتیی لە خۆشی و ناخۆشیی و شانازیی و هەوڵ و کۆششدا" هەرگیز بە ئەم شێوەیە نییە. ئەم دروشمە بە مەبەستی ئایدیۆلۆژیی خراوەتە گەڕ. ئەم دروشمە هیچ کرێدیت و جێ باوەڕییەکی نییە.

مرخێشکردنی ئەو خەڵکانەی کە بڕوایان بە ئەم دروشمە نییە بۆ سەر مێزی دادگا هیچ دەستکەوتێکی لێ ناکەوێتەوە.

P. ئەوەش کە لە ئێرەدا پێویستە هەڵوێستەی لە سەر بکرێت مەسەلەی "هەستی نەتەوایەتییە".

داواکردنی ئازادیی بۆ کوردەکان و داواکردنی یەکسانیەتیی لە نێوان کورد و تورکدا مۆری پروپاگەندەی بۆ لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتیی تورک لێ دەدرێت.

داوای لابردنی یاسای تابو و تابوکاریی لە سەر زمان و کولتوری کوردیی بە زیانگەیاندن بە هەستی نەتەوایەتیی تورک دادەنرێت.

بە پێچەوانەوە، ئەم کارانە هەستی نەتەوایەتیی تورک توندتر و بەهێزتر دەکەن، چونکە داواکردنی بیری هاوچەرخ و قسەکردن لە پێناوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکاندا دەبێت بە مایەی بەهێزکردن و توندکردنی هەستی نەتەوایەتیی کۆمەڵگا.

بۆ نموونە، لە ئەڵمانیا بزووتنەوەیەک لە دەورووپشتی دروشمی "تورکەکان ون بن!" هەیە.

ئەمە، لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵاتیش، دەبێت بە هۆی ڕووشاندن و بریندارکردنی هەستی تورک.

بەڵام ئایا چۆن داواکردنی یەکسانیی و سەربەستیی بۆ نەتەوەی کورد دەبێت بە هۆی بریندارکردنی هەستی نەتەوایەتیی تورک؟

ئەو بە سیخوڕ تۆمەتباریەی خراونەتە پاڵ ١٥ دیپلۆماتکاری تورک و ئەو داوایەی لە دەوڵەتی تورک کرا کە بیانباتەوە بۆ تورکیا و ئەو مەسەلەیەش کە دەبێت ئەوە بکرێت بە کەیسێک و بە دادگای تاوانسازیی لە دادگای ئەڵمانیا بدرێت، هەروەها ئازاری هەستی نەتەوایەتیی تورک دەدات.

بەڵام ئایا بۆچی و چۆن داواکردنی ئازادیی بۆ نەتەوەی کورد ئازاری هەستی نەتەوایەتیی تورک دەدات؟

هەندێک ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی وەک UNHCR و هەندێک لە دەوڵەتانی جیهان دەخوازن هاوکاریی پەنابەرە کوردەکان لە تورکیا بکەن. ئەم لایەنانە دەخوازن کە یارمەتیی و هاوکاریی گیانیی و ماڵیی بە ئەم پەنابەرە کوردانە بدەن، بەڵام لە بەرئەوەی دەوڵەتی تورکیا پلەی پەنابەریەتییان پێ نابەخشێت ئەوا ئەم یارمەتیی و هاوکارییانە لە پراکتیکدا پیادە ناکرێن.

کاتێک دەوڵەتی تورکیا دەڵێت: "پارەکانتان بە ڕێکخراوە باوەڕپێکراوە تورکەکان بدەن، ئەوان بە شێوەی دادوەرانە و بە ڕێکوپێکیی پارەکان بە سەر پەنابەرەکاندا بڵاو دەکەنەوە"، ئەوا ئەم دەوڵەت و ڕێکخراوانە باوەڕ بە دەوڵەتی تورکیا ناکەن و قسەکەی بە هەند وەرناگرن. دیارە، هەروەها ئەمەش دەبێت بە مایەی ئازاردانی هەستی نەتەوایەتیی تورک.

بەڵام ئەو کەسانەی کە داوای ئازادیی بۆ نەتەوەی کورد دەکەن و لە پێناوی هێنانەدی یەکسانیی لە نێوان تورک و کورددا کار دەکەن، هەرگیز ئازاری هەستی نەتەوایەتیی تورک نادەن.

لە ئەم ڕووانگایەوە دەردەکەوێت کە ئەم هۆنینەوانەی دەوڵەتی تورکیا جێی باوەڕپێکردن نیین.

ئەم هۆنینەوانەی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەتی تورکیا لە شوێنی فرە هەڵە و خراپدا بە دووای دۆزینەوەی فاکتەردا دەگەڕێت کە ئازاری هەستی نەتەوایەتیی تورک دەدەن.

دەوڵەتی تورکیا لە تووانایدا نییە بە کار و کردار لە ئەو شوێن و کاتانەدا هەستێت کە وەڵام و کرداری ڕێک و ڕەوان پێویستە.

بۆ نموونە، کاتێک تورکەکان لە ئەڵمانیا وەدەردەنرێن و دەکرێن بە باسی گاڵتەجاڕی و قۆشمەکاریی، ئایا دەوڵەتی تورکیا چی بۆ کرا؟ ئایا توانی هەستی ڕووشاوی نەتەوایەتیی تورک ساڕێژ بکات؟

ئەمە ئەو سەرئەنجامە بێ بێنەوبەرەیەیە کە دەریدەخات دەوڵەتی تورکیا لە شوێنی هەڵەدا بە دووای ئەو فاکتەرانەدا دەگەڕێت کە ئازاری هەستی نەتەوایەتیی تورک دەدەن.

شارستانیەتیی بریتییە لە ئازادیی ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی ناوەکیی و دەرەکیی بێ ئەوەی مرۆڤ لە مەترسی دادگاکردن و لێپرسینەوەدا بێت.

با ئەم خاڵانەش ڕوون بکەمەوە:

A. لە نووسینەکانمدا هەوڵم داوە ڕەخنە لە زانکۆ و پرۆفیسۆرە تورکەکان بگرم. کۆششم کردووە ئاماژە بە ئەوە بکەم کە ئەم لایەنانە پەنا بۆ بەر ڕەهەندە هزرڤی و ئاوەزییەکان نابەن و سەبارەت بە کێشەی کورد میتۆدی زانستییانە پیادە ناکەن.

ئەم لایەنانە بە شێوەیەک هەڵسوکەوت دەکەن هەروەک لقێک لە دەستگای ڕێکخراوەی نەێنیی تورک بن.

من لە بەر ئەم هەوڵ و کۆششانەم بۆ پێش دادگا مرخێش کراوم. دادگاییکردنی من ئەو مانایە دەبەخشێت کە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت دەخوازن ڕێگا لە هەموو جۆرە گفتوگۆ و ئاخافتنێکی بەهزر و ئاوەزییانە بگرن و نەیهێڵن.

ڕاستییەکی ئاشکرایە کە زانستی فاکتەرڤی و زانیاریی زانستییەکان لە ژێر هەڕەشە و گوڕەشە و فشار و قامچی پۆلیس و پارێزەرە گشتییەکاندا ناتوانن بەرەوپێشەوە بڕۆن و لە سەر ژیان بەردەوام بن.

لە لایەکی تردوە من ناچارم بڕووا بکەم کە هەروەها دەرهەق بە پرۆفیسۆران و زانکۆ تورکییەکان ناڕەواییەتیی ساز دەکرێن.

زانکۆ تورکییەکان و پرۆفیسۆرەکان پێویستە تووانایان بێ بدرێت و ئازادیی ئەکادیمییان بێ ببەخشرێت تا بتوانن بە پێی ئەو ئامرازانە ڕووانگاکانی خۆیان بخەنە بەر دەست.

پێویستە ئەم لایەنانە پێدویستییان بە دەستی پاراستنی پۆلیس نەبێت. ئەو ڕووانگایانەی کە لە لایەن زانکۆ تورکییەکان و پرۆفیسۆرەکانەوە دەگوترێن و تەنها بە هۆی هاوکاریی و یارمەتیی پۆلیسەوە دەتوانرێت بە شوێنی خۆیان بگەیەندرێن و لە لای ئەوانەوە پارێزگارییان لێ دەکرێت، ئەو مانایە دەبەخشێت کە ئەم لایەنانە بێ تووانان و خاوەنی ئازادیی ئەکادیمیی نیین کە بتوانن بە هۆیانەوە بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕن و ڕوون بکەنەوە.

ئەم ڕاستییە دەریدەخات کە گەورەترین نادادیی بەرامبەر بە ئەم لایەنانە دەکردرێت.

پرۆفیسۆرەکان پێویستە لە ڕەوشێکدا بن کە تیایدا بتوانن وەلام بە ئەو ڕەخنانە بدەنەوە کە لێیان دەگیرێن. ڕەوایە و جێی خۆیەتی بتوانن و ئازادیی ئەکادیمییان پێ بدرێت بۆ ئەوەی بەرگری لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن.

B. من هەروەها هەوڵم داوە ڕەخنە لە ڕۆژنامەگەریەتیی تورکیش بگرم. ڕۆژنامەکانی تورکیش هەواڵی بابەتییانە سەبارەت بە کوردستان بڵاو ناکەنەوە.

هەموو تیسکێک لە هەواڵەکان کە بڵاو دەکرێنەوە کاڵایەکن بە ئەو باڵایە بڕدراون کە "لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەیی تورکدا هاوتەریب برۆن".

ئەم ڕاستییە هەروەها هەواڵنێر و ڕۆژنامەکانیش دەکات بە بیر و بە لقێکی بەڕێوەبەریی لە ڕێکخراوەی نهێنیی نەتەوەیی تورک.

ئەم دادگاییکردنەی ئێستا هەر خۆی خوازیاری نەهێشتن و بنبڕکردنی ئەم جۆرە ڕەخنانەیە.

ڕۆژنامەی تورک و هەواڵنێرە تورکەکان دەبێت پێداویستییان بە پارێزگاریی پۆلیس و پارێزەرە گشتییەکان نەبێت.

ئەم لایەنانە دەبێت خۆیان بتوانن پارێزگاریی لە ڕووانگا و لە کردارەکانیان بکەن.

C. شارستانییەتیی تەنها بریتیی نییە لە دروستکردنی پرد و مزگەوت و بورج و گەرماوی گشتیی.

شارستانییەتیی بریتییە لە لە ئازادیی ڕەخەگرتن لە سیاسەتی ناوەکیی و دەرەکیی دەوڵەت و ئەو سیستەمی "بەها" یانەی کە لە لایەن دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیای ڕەسمییەوە بەرگریان لێ دەکرێت.

شارستانییەتیی بریتییە لە بوونی تووانای ڕەخنەگرتن بە ئازادیی، بێ هیچ جۆرە ترس و سڵەمینەوە و هەڕەشەیەک یاخود جۆری تر لە سەرکوتکردن و سەرپانکردنەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەوە.

ئەمە بناخەی ئەو ژێرخانەیە کە پێی دەڵێن "شارستانییەتیی خۆرئاوا". ئەم شارستانییە هزرێکە کە پرۆسەی گەشەکردن و پەرەپێدان بە گەڕ دەخات و کۆمەڵێک سەرئەنجامی دەبێت کە دەتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت.

D. تورکیا ناتوانێت لە ئەو ڕێگایەوە خۆی بە جیهان بناسێنێت کە بڵێت ئێمە مزگەوتێکمان دروست کرد، فەرشێکمان چنی، قورئانمان نووسیەوە یاخود کۆکراوەکانی حەزرەتی سولەیمان بە جیهاندا بگەڕێنین. ئەوەی تورکیا بتوانێت بە جیهانی دەرەوەی بناسێنێت ئەمانە نیین، بەڵکو ئەو بابەتانەن کە لە پێشەوە لێیان دووابن.

پرۆفیسۆرەکان بە ئەو هەموو ناو و پلەوپایە زل و سەرنجڕاکێشانەیانەوە بە بەردەوامیی پێمان دەڵێن کە تا چ ڕادەیەکی بڵند شارستانییەتیی تورک ڕێز لە ژنان دەگرێت، چۆن بە گەرمییەوە لە ئامێزی خۆیان دەنێت. نووسینەکانی من هەمیشە سەبارەت بە ئەو ڕووداوانەن کە لە کوردستاندا بە بەردەوامیی ڕوو دەدەن. لە کوردستاندا، ژنان لە بەر چاو و بەر دەمی پیاوانی دەست و لاق بەستراودا ئازار دەدرێن. جلکوبەرگ لە بەری ژناندا دادەکەندرێن و بە ڕووتیی بە ئەو ناوەدا بە پرچیان ڕادەکێشرێن و هەزارویەک دەستدرێژییان لە سەر دەکرێت.

ئەمە، لە ئەم ئان و ساتەدا دۆخە ڕاستەقینەکەیە لە کوردستان، نەک ئەوەی کە پرۆفیسۆرە ناو زل و پلە فرە سەرنجڕاکێشەکان کە لە لایەن دەوڵەتەوە قورمیشکراون و بە کار خراون، بە جیهانی دەڵێن، گوایا تورک ڕێز لە ژن دەگرێت و بەرز دەیننرخێنێت.

ئەوەی هێزی نهێنیی پاراستنی تورکیا دژ بە ژنانی کوردستان دەیکات وەک بەخشینەوەی حەڵوایە لە چاو ئەو خراپەکارییانەدا کە دەکرێن.

نکۆڵیکردن لە ئەم کارانە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە یەک تۆزقاڵیش لە ئەم دۆخە ڕاستەقینەیە ناگۆڕێت.

ئێوە ناتوانن یەک دانە کەس باوەڕ پێ بهێنن کە ئێوە میراتگری شارستانییەکی پێشکەوتوو و بە هونەرن کاتێک کە پرۆفیسۆرە ناو زل و پلەبەرزەکان بە خەڵاتی ڕەووشتیی و ماڵیی بۆ ئەوە هان دەدەن کە بە ئارەزووی خۆیان قسە بکەن و کتێبەکانی خۆیان زیاتر و زیاتر لە چاپ بدەن و بڵاو بکەنەوە. لە هەمانکاتدا ئەو کەسانە بۆ ناو کونجی زیندان فڕێ دەدەن کە بەرامبەر بە ئەو کارانە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەیان هەبێت و لە چەپ و ڕاستەوە دەیانچەوسێننەوە.

شارستانییەتیی بریتییە لە ئازادیی، لە تووانابوون بۆ ڕەخنەگرتن لە ڕووانگا و بۆچوونی ئەو پرۆفیسۆرانە و ڕەخنەگرتن و ڕێگاگرتن لە ئەو ئازاردان و ئەشکەنجەدانەی ژنانی کورد کە لە لایەن هێزی پاراستنی نهێنیی تورکیاوە دەکرێن.

شارستانییەتی ئەو تووانا و ئیمکانیەتەیە کە بێ هیچ جۆرە ترسێک و بێ ئەوەی دەرگای کونجی زیندان خرابێتە سەر پشت، ئەم ڕەخنانە بگیرێن و بخرێنە بەر دەست.

شارستانییەتی لەگەڵ چاونووقاندندا بەرامبەر بە ئازار و ستەم بەراوورد ناکردرێت.

لە هەر شوێنێک ئازادیی سیاسیی و خەڵکی بەهەست هەبن ئازاری لێ نابێت.

ئەمەیە ڕێگای کۆتاییهێنان بە ئازار دان.

دامەزراوەکانی دەوڵەتی تورکیا شانازیی بە ئەوەوە دەکەن کە تا چ ڕادەیەک منداڵیان خۆش دەوێت، کە تورکیا یەکەم دەوڵەتە لە جیهاندا "ڕۆژی منداڵ" وەک پشوویەکی ڕەسمیی بە منداڵان بدات. هەموو ساڵێک لە ٤/٢٣ دا لە سەرانسەری جیهانەوە منداڵان داوەت دەکەن، یەک دانە هەفتەی ڕەبەق هاوار دەکەن "ئێمە منداڵانمان خۆش دەوێت"، "ئێمە منداڵان بەرز دەنرخێنین"، "ئێمە تاکەلایەن و یەکەمین لایەنین کە ڕۆژی منداڵان وەک پشووی ڕەسمیی بە منداڵان ببەخشین".
بە هەر شێوەیەک بێت، ڕاستییەکان لە کوردستان ئا بە ئەم جۆرەیە:
لە بەر چاوی منداڵان باپیرە و نەنک و باوک و دایک و خوشک و برا و خزم و کەسوکار لێیان دەدرێت و ئازار دەدرێن.
ئەم کارانە هەر زۆر زووزوو دووپات دەکرێنەوە.
ئەمانە ڕووداوی یەکجارەکیی و ڕێککەوت نیین.

دەوڵەتی تورکیا تەنها بە یەک شێوە دەتوانێت پارێزگاریی لە خۆی بکات، تەنها بە: نکۆڵیکردنێکی زەق.

ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیا بە جیهان دەناسێنێت بە ئەوە ناکرێت کە تورکیا داوەتنامە بۆ منداڵانێکی جیهان دەنێرێت و بۆ ئاهەنگی ٤/٢٣ داوەتیان دەکات. ئەوەی ناوی تورکیا دەزڕێنێت ئەو ئازارانەیە کە لە ناو کوردستانی دوواکەوتووخراودا لە سەر گیانی منداڵانی کورد هەوێن دەکەن.

ئەو هەوڵانەن کە بە قۆناخەتفەنگ بۆ بێدەنگکردنی منداڵانی کورد دەدرێن لە کاتێکدا کە دایکوباوکیان لە بەردەمیاندا لێیان دەدرێت و ئازاریان پێ دەگەیەندرێت.

تورکیا بە خۆی و کوردستانی کۆڵۆنییەوە بێگومان ناتوانێت لە ناو پۆلی نەتەوە دیموکراتییەکاندا بێت.

که تورکیا کۆڵۆنیەکی هەیە و بە داری زۆریّ کوردستانێکی کۆڵۆنی بەڕێوە دەبات و سیاسەتێک پیادە دەکات کە لە درێندەیەتییدا بێ هاوتایە، ئەوا لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵاتیش پێی ئاشنا بوون و لەگەڵ بەسەرچوونی هەر ڕۆژێکدا پتر لێی تێدەگەن و قووڵتر دەبێتەوە.

لە ناو ئەم دۆخ و هەلومەرجانەدا تورکیا لە کۆمەڵگای ئەوروپایی خۆی بە تڕۆکردن دەدات چونکە لە هەموو فۆرمێکدا لە سەر ئەو سیاسەتەی لە کوردستانی کۆڵۆنییدا پیادەی دەکات تاواتبار دەکرێت.


سەبارەت بە ئەم مەسەلەیە سەری تورکیا بەرز نییە و دەستەکانی خوێناوین.

شەرموشکۆی دەوڵەتی تورکیا گەلێکن.

تاکە ڕێگایەک بۆ پاراستنی ئەو تۆزە ڕووەی کە پێوەی ماوە، تەنها ڕێگایەک بۆ خۆدەربازکردن لە پرسیارلێکردن و لێپرسینەوە، بریتییە لە ئەوەی هەوڵ بدات، زۆر بە وریاییەوە، لە هەموو جۆرێن و دیدارێکی نێونەتەوەیی دوور بکەوێتەوە.

بەڕێزان!
لە ئەم کاتەدا، لە ئەم دادگاییکردنەدا نامەوێت زیاتر بڵێم.

لەگەڵ ڕێزدا
ئیسمایل بێشکچی



تورکیا بە خۆی و کوردستانی کۆڵۆنیەوە بێگومان ناتوانێت بچێتە پۆلی نەتەوە دیموکراتیەکانەوە.

کە تورکیا کۆڵۆنیەکی هەیە و وڵاتێکی کۆڵۆنی بەزۆر بەرپرسیارێتیەک پیادەکات کە لە درندەیەتیدا بێهاوتایە، لە دەرەوە و ناوەوەی وڵاتیش پێی ناشاێردن و لەگەڵ ڕۆشنتی هەموو ڕۆژێکدا پتر قوڵدەبێتەوە.

لەڕێز ئەم دۆخ و هەڵ و مەرجانەدا تورکیا خۆی بەترۆکردن دەدات لە کۆمەڵگای ئەورپی، چونکە لە هەموو فۆرمێکدا تاوانبارەکرێت لەسەر ئەو ڕامیارێتیەی لە کوردستانی کۆڵۆنیدا پیادەی دەکات.

سەبارەت بەم مەسەلەیە سەری تورکیا پەرز نییە و دەستەکانی خوێناوین.

شەرم و شکۆی دەوڵەتی تورکیا گەلێکن.

تاکە ڕێگەیەک بۆ پاراستنی ئەو تۆزە ڕووەی کە ماوەتی، تەنها ڕێگەیەک بۆ خۆدەربازکردن لە پرسیارکردن و لێپرسینەوە، بریتیە لەوەی کە هەوڵبدات، زۆر بە وورداییەوە، لە هەموو جۆرێ و چاوێنکەوتنێکی نێونەتەوەیی دوورکەوێتەوە.

بەڕێزان!

لەم کاتەدا، لەم دادگاکردنەمدا ئەز ناخوازم پتر بێزم.

لەگەڵ ڕێزدا

ئیسمایل بەشکچی

İsmail Beşikçi
Sinanlılar Cezaevi, c-13
Bayrampaşa, Istanbul
18/April/1990